لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە

# ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە

نوسینی
فاتیح سەنگاوی

1432 ك -2011 ز

ناوی کتێب: لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە :
ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە.
بابـــــەت : بیــــــروباوەڕ
نووســـــەر : فاتــح سەنگاوی
دیزاییـــــن : جمعه فـــــاتح
بــــــەرگ : جمعــــه فــاتح
تیــــــراژ : 1000
نــــــرخ :
ژمارەی سپاردن:
چـــــاپ : چـــاپی یەکەم

مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى
فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ
مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

الأعراف /180

# دووەم پێشەكی

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله صلى الله عليه وسلم وعلى آله وصحبه ومن والاه**

**بەناوی خوای پایەدار ، خوای بێ هاوتا و بێ وێنە ، خاوەنی هەموو تەواوییەك ، تەواوییەك كە شایستەی بەخۆیەتی و جیایە لە دروستكراوەكانی...**

**ئەم كتێبەی بەردەستتان بەسەرهاتێكی تایبەتی هەیە ، بەسەرهاتێك لە ساڵی1996ەوە بە دەست پێ دەكات و لە 2011 كۆتایی دێت ، ئەم كتێبە سەرەتا بابەتی موحازەرەیك بوو ، دواتر بووە رەشنوسی كتێبێك لە 4-9-1996 و پاشان لە 18-12-1999 جارێكیتر نوسرایەوە و هەندێ زیادەی خرایە سەر و لە نێوانی ئەم بەروار و مێژووەش دا بڕیاربوو بكەوێتە نێو ریزبەندی پرۆژەی سەد كتێبی كوردی كتێبخانەی رۆشنبیرەوە ، بەلاّم بەهۆی سست بونی ئەم پرۆژەیە و چاوەڕوانی بۆ ماوەیەك و پاشان سەرقاڵی تایبەتی من ، تایپ و دیزایین و چاپكردنی دواكەوت ، ئەگینا ئەم بابەتە دەستەخوشكی كتێبی (لێكۆڵینەوەی سەبارەت بەچەمكی بیدعە...) بوو كە لە ساڵی 1999 بەچاپ گەیشت ، پاش زیاتر لە 10ساڵ و بۆ تەواوكردنی ئەم بەرهەمە**

کەوتمەوە خۆ و لە رەمەزانی ئەم ساڵدا هەرچۆنێك بوو پێیدا چومەوە و ئامادەم کردەوە...

بابەتی ئەم کتێبە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا نەهاتووە ، ئەم بابەتە بەسروشتی خۆی کەمتر گۆڕانکاریی لەخۆ دەگرێ ، مەگەر مرۆڤەکە بۆچونی بگۆڕێ یان قەناعەتی بە بۆچونەکان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت ، هیچ یەك لەو دووەش بەشێوەیەکی ریشەیی لای من روی نەداوە.

ئەم کتێبە راڤە و لێکدانەوەی ناوەکانی خوای گەورە نییە ، کە هەندێ نمونەی دەبینرێ لە کتێبخانەکاندا ، زیاتر بابەتێکی زانستیی زانستی بیروباوەڕ و عەقیدەیە کە لە مێژە مشت و مڕ وگفتوگۆی لەسەر کراوە ، گەیاندنی زانیارییە نەك جۆشدانی هەست و بزواندنی نەست ، هەرچەندە خاڵیش نییە لەو بابەتە ، زیاتر هەوڵ دانە بۆ تێگەیشتن لە مەنهەج و بەرنامەی دروست و تەواو بۆ تێگەیشتنی بابەتێکی هەستیار کە زۆرجار تۆمەت و تاوانبارکردنی ئەوانی تری لێ کەوتووەتەوە وەك لەوەی راڤەی چەند ناوێك بێت.

بابەتەکان بە ئەمانەتەوە نوسراون و پشت ئەستورن بە سەرچاوە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ سود بینین لە سەرچاوەکان کەمتر رەچاوی هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستیی کراوە ، بۆ نمونە ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە و بۆچونەکان دراونەتە پاڵ خاوەنەکانیان ، لە هەندێ شوێندا بە ئەندازەی زۆر سود لەسەرچاوەیەك وەرگیراوە ، بەڵام چەند دێڕمان لەم کتێب و چەندمان لەوی تر وەرگرتووە ، ئایا خستومانەتە نێو کەوانەوە یان نا ئەم جۆرە کارە بە وردەکارییەوە نەکراوە ، چونکە

مەبەستی سەرەکی تێگەیشتنە لە بابەتەکە و گەیاندنی زانیارییەکانە وەك لە هەر مەبەستێکی تر ، مێژووی نوسینی ئەم بابەتە و ئەزمونی نوسەریش رۆڵی هەبووە لەم مەدا..

پاش ئەوەی بریارمدا ئەم نوسراوە ئامادەی چاپ بکەم و بلاوی بکەمەوە، لەکاتی پێداچونەوەدا هەندێ زیادکرنم ئەنجام داوە و کەمێك گۆڕانکاریم کردووە ، یەکێك لەو زیادکردنانە خستنە رووی بۆچونی چەن کەسێکە لەوانە دکتۆر یوسف قەرزاوی و هەندێ تێڕوانینی نوێی کە پێشتر ئاماژەم پێ نەدابوو.

لە خستنە رووی بۆچونە جیاوازەکاندا هەوڵم داوە زانستیانە و بە ویژدانەوە قسەیان لەسەر بکەم ، لە زۆربەی جێگەکاندا خۆم لە دەربڕینی یەکلا کەرەوە و رەها و قەتعی پاراستووە ، لەو رەخنانەش ئاڕاستەی بۆچونێك کراوە وەك ئەوەی هەیە و باوە خستومەتەڕوو لەگەڵ ئەوەشدا بوارم هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی دەکرێ ئەو تێڕوانینانە وەها نەبن یان توێژینەوەی تریان بوێ ... بەتایبەت زۆرجار ئەو رەخنانە لە لایەن نەیارەکانەوە ئاراستەکراوە نەك ئەوەی هەموو بۆچونەکەی ئەوان بەردەستی ئێمە بێت و تاووتوێمان کردبێ.

لەڕووی زمانیشەوە زۆرجار هەندێ دەربڕینم بە عەرەبی بەکارهێناوە چ لەبەر ئەوەی چەمکێکی تایبەتییە و پێویستە بناسرێ یا جێگرەوە کوردییەکەیم بەدڵ نەبووە و نەخەملیوە، بەلام لە پاڵ ئەوەشدا کوردییەکەیم نوسیوە یان هەندێ جار دوو دەربڕینی کوردیم بەکارهێناوە بۆی ، هەندێ جاریش ئاڵوگۆڕم کردون و کوردی و عەرەبی یان یەکێکیانم

بەكارهێناوە بەپێی شوێنەكەی ، بەشێ لە هۆكاری ئەم یاریی كردنە بە وشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمەی كورد لە زانستی زاراوە و بەكوردی كردنی زاراوە زانستییەكاندا زۆر نەدار و هەژاریین لە بوارە جیاوازەكانی زانستدا كەبواری زانستە ئیسلامییەكانیش بەشێكە لێی... هەربۆیە پرۆسەی وەرگێڕانی كتێب و نوسینی بابەت یەكێك لە سودەكانی لەدایك بونی زاراوە و چەمكی نوێیە لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا ، كە خوازیارم یەك دوو وشەیەكیش لەم بەرهەمەدا ببینرێتەوە...

ماوەتەوە بڵێم هەندێ لە بابەتەكانی ئەم كتێبە كەسێك زیاتر سودی لێ دەبینێ كە پێشینەیەكی هەبێت سەبارەت بە بیروباوەڕی ئیسلامی و كورتەیەك سەبارەت بەو مێژووە ، بەتایبەت لە بواری سەلەف و خەلەف و دەستە و گروپە ئیسلامییەكاندا...

لە كۆتاییدا هیوادارم بەم كارەم خزمەتێكم پێشكەش كردبێ و توانیبێتم چەند بوارێكی گرنگی ئەم بابەتەم رون بكەمەوە... دڵنیاشم هیچ كارێك بێ كەم و كوڕیی نییە ... بە گەرمییەوە پێشوازی لە سەرنج و پێشنیارەكانتان دەكەین و بۆچونە بەهێز و بەڵگەدارەكان بەهەند وەردەگرین.

**فاتیح سەنگاوی _ چەمچەماڵ**

2011 /9/4

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لااله الا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ أل عمران / 102

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ النساء /1

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (70) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ الاحزاب / 70-71

ناوو سیفاتەکانی خوای میهرەبان(جل جلالە) یەکێکە لەو بابەتانەی لەقەڵەم ڕەوی بەرهەست و بینراوەکان بەدەرە و دەچێتە خانەی قسەکردن لەئەو دیوی سروشت و پەیوەستە بابەتە نهێنی وغەیبییەکان... قسەکردنیش لە ئاوا بابەتێك هەروا سوك و سانا نییە، بەو پێیەی قسەیە سەبارەت بە خوا... خواش لە پەنهانەکانە ... ناوو سیفەتەکانی خوای گەورەش پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە...

خـــۆ ئەگـــەر بونـــەوەر شـــوێنەوار و کاریگـــەری دەســـەڵات و ڕەنگدانەوەی ناوەجوان و سیفاتە بەرزەکانی پەروەردگاربێت و دەروازەی ئاشنابونمان بێت بە خوای گەورە لەهەندێ ڕووەوە، وەك کاریگەری و شوێنکاری دروستکار بەسەر دروست کراوەکانیەوە ئەوا لەلایەکی ترەوە ، قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە لەدەلاقەی وەحی ونیگای خواییەوە باشترین وسازترین ڕێگەیە... هەروەك لەقورئان و ڕونکردنەوەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەو مەسەلەیە بەڕوونی دیارە، سەرەنجام مرۆڤیش دەتوانێ بەهۆی ئەو ژیرییەی خوا پێ بەخشیوە و ئەو بونەوەرەی خوا بەدیهێنەرێتی ، بەوەحی یەك کەخوا ناردویەتی ... کورتە و پوختەی ئەو مەسەلەیەی لەلا گەڵاڵە ببێت ، هەر چەندە ناتوانێ بگاتە هەندێ حەقیقەت و واتای دەرك نەکراو بەهۆی سنورداری توانا جۆراو جۆرەکانی و دانەبەزینی هەندێ بەرنامە لە کۆمپیوتەری مێشکیدا...

لەلایەکی ترەوە ڕابونی ئیسلامی لەڕێی چین وتوێژە کاریگەرەکانیەوە لەهەوڵی پێداچونەوە و خوێندنەوە و بنیاتنانەوە دایە و کاری لە بێژنگ دانی خڵتە و پڵتە و کۆزەرەکانی مێژووی درێژی موسڵمانانی لەئەستۆ گرتوە و دەیەوێ بەرە و ئاسۆیەکی ڕون و گەش هەنگا و هەڵگرێ و ڕووی سپی ئەم بەرنامە خواییەی ئیسلام بۆ موسوڵمانان خۆیان وسەرجەم مرۆڤایەتی زیاتر بەدەرخا ...

لەدیوێکی تریشەوە چەندەها خاڵی لاواز و کۆمەڵە ئیشکالاتێك بەدی دەکرێ و گەرەکە دڵسۆزان و خەمخۆرانی لەخەمی دابن وهەوڵی جدی بۆ چارەسەرکردن و رونبونەوەیان، ئەمە جگە لەوەی هەندێ

مەسـەلەش هەیـە پێویسـتی بەتەجروبـە و ئـەزمونی درێـژتر هەیـە و زەمـەن کەفیلە بەڕاستکردنەوەی ....

دیـارە لـەبواری تیـۆری (نظـري) دا کـارێکی بـاش کـراوە و دەکـرێ وچەندەش بکرێ هەرکەمە بەبەراورد لەگەڵ ئیسلام وحاڵی موسوڵمانان و حاڵـەتی ئیسـلامیدا .. ئەوەشـی لێـرەدا گرنگـە ڕوانینـە بـۆ ئـەو نوسـراوانە بەچـــاوێکی تیـــژ و وردبینانـــــە و رەخنەگرانـــــە و بـــــە هەســـــتێکی هەڵسەنگێنەرانەی دروستەوە ...

ئـەم نوسـراوەی بەردەسـتتان هەوڵێکـە لـە بـواری بیروبـاوەڕدا و دەیەوێ ئەم بابەتە بە زمانی شیرینی کوردی پێشکەش بەخوێنەرانی کورد و کتێبخانەی کوردی بکات ، کە تاوەکو ئێستا* بەپێی زانیاری من ، وەکو پێویست بابەتێکی چڕ و پڕو دەوڵەمەندی وا لەبەردەستا نیە ، هەرچـەندە خـاڵیش نیـە لـە کۆمەڵـە کتێـب ونوسـراوێکی بـە پێـز کـە لـە خزمـەتی ئـەم بوارەدایە ...

دیــارە ئێمــەش بانگەشــەی ئــەو چــڕ و پڕییــە ناکــەین ... بــەڵام بەهەوڵێکی بەسودی دەزانین (انشاءالله) کە خزمەت بەبواری خۆی بکات و مەڵۆیــەکی تــر بێــت لەســەر خەرمانــەی کتێبــی کــوردی ئیســلامی لەکوردستاندا ....

* ئەم قسـەیە دەگەڕێتـەوە بۆ زیـاتر لـە دەسـاڵ، دواتـر هەنـدێ کتێـب لـەو بارەیـەوە بـە چاپ گەیشـتن، بـەڵام زیـاتر سـەبارەت بـە راڤـەکردنی ناوەکـانی خـوای گـەورە بـون، وەك لـە رونکردنـەوەی نـاوو سـیفەتەکان وەکـو بابـەتێکی عەقیـدی لـە بـواری بیروبـاوەڕدا، یـا ئـەوەی بە(توحید الأسماء والصفات) ناسراوە.

نوسـراوەکە هەڵدانێکـە وپێـك هـاتوە لـە کۆکردنـەوە و نوسـین و وەرگێـڕان و ئەوەنـدەی دەسـتمان پێـی گەیشـتبێ و بەسـودمان بینیبـێ کەمتەرخـەمیمان لێـی نـەکردوە... هـەوڵمان داوە بـەرەنجامی مەسـەلەکان بەدیارخـەین وەك لـەقولْ بونەوەیـە زیـاد کـە نـاکرێ لـەم کتێبـەدا جێـی ببێتـەوە، بۆ تـەحقیقی فـەرمودەکان و ئـەو قەولانـەی هێناومـانن پشـتمان بەسەرچاوەی لێ وەرگیرا و بەستوە نەك سەرچاوە ئەسڵی.

وەکو ناوەڕۆکیش -کە دواتـر دێینەسـەری- لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوم بۆچـون و ڕایـە دروسـت و تـەواوەکان بخەمـە ڕوو، بـە پێـی بـوار و گونجـان بەڵگە لەسەر دروستیان بهێنم ... هەندێ بۆچونیش وەکو هەیـە ونوسـراوە هێناومە ، بەبێ هەڵسەنگاندن ولەسەرنوسینی ، چون لـەئاوەها شـوێنێکدا جێگـەی نابێتـەوە ... دەکـرێ کەسـانی توێـژەریش خۆیـان بـە دواداچـونی زیاتر بکەن...

داواکارم خوای بەبەزەیی، لەهەڵە و ناتەواویەکانم ببورێ و ئێوەش لەپاڕانەوەی چاکەی خۆتان بێبەشم نەکەن ...

**فاتح سەنگاوی _ چەمچەماڵ**

2000 /1/11

# سەرەتایەك سەبارەت بەناو و سیفاتەکانی خوای گەورە

باوەڕ بەخوا یەکەم پایەیە لەپایەکانی باوەڕ و گرنگترین و سەرەکیترین بەشیەتی ، بەو پێیەی پایەکانی تری باوەڕی لەسەر بنیاتنراوە و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەهەمان کاتدا بەسەیرکردن وتێڕوانینێکی ووردی قورئان ئەوە بەدەردەکەوێت کە هەموو باس و بابەتەکانی پەیوەست و گرێ دراون بە باوەڕ بەخواوە و لەم بازنەیە دەرناچن ، هەروەها ناوەڕۆکی قورئان بە شێوەیەکی گشتی لێدوانە دەربارەی خودا و چۆنێتی ناسینی ئەو لە ڕووی خود(ذات) و سیفات و کردار(أفعال)ەکانی یەوە ، لەهەمان کاتدا بانگەشەی خەڵکی دەکات بۆ پەرستنی ئەو خوایە و واز هێنان و دور کەوتنەوە لەپەرستراوەکانی تر و فەرماندان بەگوێڕایەڵی کردن و نەهی کردن لە سەرپێچی کردنی ئەو... لە لایەکی ترەوە قورئان باس لە سەرەنجام و پاشەڕۆژی باوەڕداران ئەو هەموو بەخششە خواییەی دەکات کە چاوەڕێیانە، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا باسی بێ باوەڕان و سەرەنجامی ناهەمواریانە ... سەرەڕای باسکردنی پەیوەندی کۆمەڵگە بەشەریعەت و بەها ڕەوشتی یەکان و دانانی چەندەها بنەمای گشتی تر کە لە قورئانەوە هەڵگۆستراوە .... یان لەفەرمودەکانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەڵهێنجراون .

بەمەش دا دەردەکەوێت بابەتەکانی ناو قورئان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەباوەڕ بەخواوە هەیە ... باسکردنی خوای گەورەش چ

وەك ناوەكانی یان سیفەتەكانی (10062) جار لەقورئاندا هاتوە ....هەر بۆیە دەتوانین بڵێین باوەڕ بەخوا وەكو ڕیشە و ڕەگی دارە و باس وبابەتەكانی تریش وەكو چڵە پۆپەكانێتی و هەركەسێكیش باوەڕ بەخوای بەپێی داواكراو لەدڵ و دەرونیدا جێگیر بوو ئەوا گەورەترین بەشی دەبێت لە ئیسلام دا[1].

گرنگی هەر زانستێكیش پەیوەستە بە گرنگی ئەو بابەتەی تاوو توێیی دەكات، جا بەو پێیەی قسەكردن لە سەر خوای گەورە گرنگترین شتێكە سەبارەت بە مرۆڤ، چونكە لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ مانا و واتای بونی خۆی دەزانێت و لە حەقیقەتی بونی خۆیی و ئەم بونەوەرە تێ دەگات... هەر بۆیە باس و خواسی خوای گەورە بەنرخترین باسێكە كە مرۆڤ پێویستە ئاشنای بێت... بەمەش تاوتوێكردنی ئەم بابەتە گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت و هەیە.

لە ئیمان بەخواش دا باوەڕ بەناو و سیفاتەكانی یەكێكە لە پایەكانی باوەڕ بەخوا و بەشێكە لە یەكتاپەرستی، كە ئەویش بریتییە لە یەكتاپەرستی لە ناو و سیفاتەكانی خوادا.

بەدەربڕینێكی تر زانیاری و باوەڕبون بەناو و سیفاتەكانی خوا یەكێكە لەدوو بناغەكەی یەكتاپەرستی ، ئەو یەكتاپەرستی یەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێ) هێناویانە: بەشێكیان پەیوەندی هەیە بە زانست و باوەڕ (العلم والإعتقاد) ەوە و ئەوی تریان لەویست و مەبەست(الإرادة والقصد)دایە، كە یەكەمیان بەیەكتاپەرستی

---

[1] بڕوانە : 1.العقیدة في الله ، د. عمر الأشقر .

زانستی(التوحید العلمي) و دوەمیان بە یەکتاپەرستی مەبەست و ویست(التوحید القصدي والإرادي) ناودەبرێت ، لەبەر پەیوەست بونی یەکەم بە هەواڵ و ناسینەوە (الأخبار والمعرفة) و دوەمیشیان بەمەست و ویستەوە (القصد و الإرادة) ، کە جۆری یەکەمیان لەیەکتاپەرستی لەسەر داننان و ئیقرار کردنی ناوو سیفەتە تەواو و جوانەکانی خوای گەورە و بە دورگرتنی لە پێچواندن و پاك ڕاگرتنی لە نەنگی و ناتەواوی ڕاوەستاوە .

هەربۆیە زانیاری بوون بەناو و سیفاتەکانی خوا و ئاشنا بون پێیان ڕێگەی ناسینێتی[1] ، لەوێشەوە ئەتوانن زیاتر شارەزای بن و وەك خۆی بیناسن و تام و چێژی لە ئیمانەکەیانوەربگرن... بەتایبەتیش دوای ڕامان و بیرکردنەوە لەو دەقانەی بەئاشکرا باسی ناو و سیفات و ئەفعالەکانی خوای گەورە و شوێنکەوتەیان لە بونەوەر و ناخی مرۆڤ دا دەکەن ، ئەگینا زاتی خوای گەورە خۆی پەنهانە و مرۆڤ ناتوانێت لەژیانی دونیایدا بیبینێت.

خوای گەورە لەقورئاندا خۆیمان پێ دەناسێنێ و روونی دەکاتەوە کە هەمیشە زیندوو ڕاگرە و کاروباری دروستکراوەکان ڕادەگرێ و خەو وەنەوس وخەوەنوچکە نایباتەوە و ئاسمانەکان و زەوی تەنها ئەو ڕایگرتون وکەسیش بەبێ ڕوخسەتی ئەو توانای تکای نی یە هەر خۆشیەتی شارەزایە بەدواڕۆژ وئێستەی دونیایان ... هەروەکو لە ئایەتی کورسی سورەتی (بقرة) دا دەفەرموێ ﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا

---

[1] اسماء الله وصفاته في معتقد أهل السنة والجماعة د. عمر الأشقر.

بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ بقره/255 .

هەروەها خوای گەورە ڕونی دەکاتەوە کە خۆی زانیارە بەجیهانی ئاشکرا و نادیار وبەبەزەیی وبەخشندە و بیٚ پەڵە و دڵنیا کەر و بەسەرڕاگەیشتوو زاڵ و بالاٚ دەست و خاوەنی گەورەییە ... هەروەك دەفەرمویٚ ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (23) هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ الحشر/23-24 .

لەم بارەیەوە سەدان ئایەت و فەرمودە تر بەدی دەکریٚ، کە هەر یەکەیان باسن لە ناو یان سیفەتێکی خوای گەورە و لە ڕێگەیانەوە شارەزای ناسینی خوا و ناوو سیفاتەکانی دەبینن ...

لێرەشەوە هەڵەیی ئەوانەمان بۆ دەردەکەوێت کەنەرێی(نفي) ناو و سیفات و ئەفعالەکانی خوا یان بەشێکیان کردوە لە ژێر هەر پاساوو بەڵگەیەکدا بێت... بەمە کارەشیان فراوانترین دەرگایان بەڕوی ناسینی خوای گەورە دا داخستوە...

ئامانجی شەریعەتی ئیسلام چاکسازی کردنی مرۆڤە و ڕێگەی ئەو چاکسازییەش گرتنە بەری ڕێگەی عبودیەتە بۆ خوای تاك و تەنها، کلیلی کردنەوەی دەرگای دڵەکان لەلایەن پێغەمبەرانەوە (سەلامی خوایان لیٚ بیٚ ) ئایەتەکانی خوای گەورە بووە، واتا قورئانیەکانیش جەخت لەسەر باسکردنی خوا و سیفات و کارەکانی ئەو دەکەنەوە ،باس لە کاریگەریی

ئەو سیفەتانە و رەنگ دانەوەی لەم گەردون و بونەوەرەدا دەكەن، لە بەر ئەوەش زۆر ئاماژەی رون و ئاشكرا هەیە بۆ رامان لە گەردون و بونەوەر ، تا زیاتر ئاشنای ناوو سیفات و دەسەلاتی خوای گەورە ببین...

ئەم جۆرە باسانەش بەردەوام كاریگەرییان بووە لەخرۆشانی دەرون وبزوانی دڵ و هۆش ولابردنی چڵك چەپەڵی دەرونی مرۆڤ وخاوێن كردنەوەی دا ... هەربۆیە قورئان باس لە ترس و بیمی ئیمانداران و لەخواترسان دەكا و دواتر زەمینە خۆش دەكا بۆ ئارامی و دڵ نەرم بونیان بەیادی خوا بەتایبەت كاتێ گوێبیستی قورئانی پیرۆز دەبن: هەروەك دەفەرموێ ﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴾ الزمر/23 .

لێرەشەوە زانیاری و تێگەیشتن لە ناو و سیفاتەكانی خوای میهرەبان مایەی پاراستنە لە هەڵخلیسكان و كردنەوەی دەرگای هیوا و ئومێد و پارێزراوبونە لەبێ ئاگایی وتەوەزەلی ، هەربۆیە مرۆڤ كاتێ دەیەوێ تاوان وگوناه بكات ئا لەو كاتەدا بیری دەكەوێتەوە خوادەیبینێ و لەپێش چاویەتی و دواتریش دەچێتەوە بەردەمی بەمە لەهەڵە و تاوانەكانی دەگەڕێتەوە، یا كاتێك توشی تاوان و خراپەكاری یەك دەبێت، دەزانێت بەخشندەیی خوا زۆر فراوانە، خوای گەورە لێبوردە و لێخۆشبووە، هەر بۆیە لەتاوان بەردەوام نابێت وتیایدا ڕۆناچێت بەڵكو دەگەڕێتەوە لای پەروەردگارە بەخشندەكەی ولەدەرگای ئەو دەدا ، چونكە بەلێبوردەیی وبەخشندەیی ناسیوەتی .

مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا ڕوبەڕوی چەندەها گیروگرفت وتوشهات دەبێت ... لەوکاتانەدا هەڵەشەیی وتێك چون دادی نادات بەڵکو پەنا ئەبات بۆخوا و بەدڵێکی شاد و ڕازی بونەوە، چونکە دەزانیٚ ئەو پەنای پەنادارانە و هێزی لەبن نەهاتوە ....

(إبن القيم) ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ هەروەکو د.عومەر ئەلئەشقەر بۆمان باسدەکات لە (مفتاح دارالسعاده) دا هاتوە کەهەریەکیٚ لەسیفاتەکانی خوای گەورە پەرستنێکی تایبەتی هەیە و پێویستی داواکاریەکانی ئەو سیفاتەن ... ئاشنابونی مرۆڤ بەوەی کە بە تەنها خوای گەورە خۆی سود و زیان و بەخشین و گرتن و دروستکردن و ڕۆزی و ژیانی مرۆڤی بەدەستە ... جۆرێك لە تەوەکول وپشت پێبەستنی لەناخەوە بۆ دروست دەکات کە لە ڕوکاردا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

شارزا بون و قەناعەت هێنانمان بەوەی خوای گەورە بیسەر و بینەر و عالیمە ئەوە پێویست دەکات مرۆڤ باوەڕی هەبێت بەوەی خوای گەورە بچوکترین شتی لەئاسمان و زەوی دا لیٚ وون نی یە و هەموو نهێنی و ئاشکرایەکی ئەزانیٚ و ئاگادارە بەوەی لەناخدا هەیە، هەموو ئەمانەش کاریگەری دەبێت لەپاراستنی زمان و ئەندام و تەنانەت خورپەکانی دڵی لە هەر شتێك کە خوای گەورە پێی ڕازی نیە... سەرەنجامیش وای لیٚ دیٚ بە پێی پێخۆش بون و ڕەزامەندی خوا بجوڵێتەوە و خۆپارێزی و شەرم لەتاوانی لەناخ دا بۆ دروست ببیٚ و خۆی لەحەرام کراو و ناشایستەکان بپارێزی...

هەروەك ڕوونە باوەڕ(الايمان) بەزانیاری و کردەوەی چاك (العلم والعمل الصالح) زیاد دەكات ، مرۆڤ تاوەکو زانیاری سەبارەت بە ناسینی خوای گەورە زۆر تر بێت، بەو ئەندازەیە باوەڕی زیاد دەكات، لە هەمان كاتدا بەئەندازەی وەڵام دانەوەی بۆ فەرمانەكانی خوای بە میهر باوەڕی زیاددەكات، بەرەو هەڵكشان دەچێت، بە پێچەوانەوەشەوە هەر ڕاستە، بەكەمی زانیاری و كار و كردەوە، باوەڕ و ئیمان كزو لاواز و كەم دەبێت ، هەروەك پەروەردگاری بێ هاوتا دەفەرموێ ﴿ وَإِذَا مَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آَمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (124) وَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَى رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا وَهُمْ كَافِرُونَ ﴾ التوبة/124-125 .

كەواتە باوەڕداران تەصدیقی ئایەتە دابەزیوەكان دەكەن ، ناوەڕۆك و تەشریعات و ڕێنماییەكانی پیادە دەكەن، عەزمی تەواویان هەیە بۆ گوێڕایەڵی ، ئەمەش مایەی زیادبونی ئیمان وباوەڕیانە ، بەڵام دووڕووەكان ئەوا لە بەرامبەردا كوفر و بێ باوەڕییان زیاتر دەبێت، لە جیاتی گوێڕایەڵی ناخیان بە بیستنی ئەو ئایەتانە لێخن تر دەبێت، لە بەرەنجامی بەدرۆ دانان وپشت هەڵكردنیان لەداواكاری یە خواییەكان...

جا گومانی تێدا نییە گەورەترین شتێك كە دەقەكان هێناویانە و ڕونیان كردوەتەوە ناو و سیفاتەكانی خوایە و هەر كەسەش تێیان بگات و باوەڕی پێیان هەبێت و كار بەناوەڕۆكەكانیان بكات ئەوا رادەی ئیمانەكەی روو لە هەڵكشان و زیاد بونە و ئەتوانێ لەم ڕێگەیەوە عبودیەتی خۆی بۆ خوا بە ئەنجام بگەیەنێ ...

پێویستە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە بەپیرۆز و گەورە ڕابگیرێت وپلە وپایەیان بزانرێت، چونکە هەموو ئەو ناو و سیفاتانە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەو ، بۆ تێگەیشتنی ئەو گەورەیییەش پێویستیمان بە سەرنج دانی قورئان و گەردون و بونەوەر هەیە...

لەبەر ئەوەشە خوای گەورە داوامان لێ دەکات بەو ناوانە بپاڕێینەوە هەروەك دەفەرموێت ﴿ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ الأعراف/180 ، بەم پێیەش خوای گەورە خاوەنی چەندەها ناوی جوانە و داواکراشی کردووە بەو ناوانە لێی بپاڕێینەوە...

لێرەدا ڕستەی (فادعوه بها) پێ ی بپاڕێنەوە، دووشت دەگرێتەوە:

1. پاڕانەوەی داواکردن(دعاء المسألة).
2. پاڕانەوەی پەرستن(دعاء العبادة).

پاڕانەوەی داواکردن(دعاء المسألة): ئەوەیە لە پێش داواکاریەکەتدا بەناوێك لە ناوەکانی خوا کە گونجاوە لەگەڵ ئەو بارەدا بپاڕێتەوە بۆ نمونە بڵێ ی :

یاغفور اغفرلي ... یارحیم ارحمني ... یاحفیظ احفظني ...

پاڕانەوەی پەرستن (دعاء العبادة)ش : ئەوەیە خوای گەورە بپەرستی بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ناوانە ... بۆ نمونە : هەڵسان بە تۆبە و گەڕانەوە بە پێیەی یەکێك لەناوەکانی خوا لێ خۆش بوو(تواب)ە و یادی خوا کردن بەزمان چونکە خوای گەورە بیسەر(سمیع)ە و پەرستش کردن بە ئەندامەکانت چونکە خوای گەورە بینەر(بصیر)ە ، خۆپاراستن لە تاوان

و خراپــە کــاریی لــە نهێنــی وپەنهانــدا، چــونکە پــەروەدگار وردبــین و شارەزا(لَطيف خَبِير) [1].

(إبن القيم) یش لەهەمان ئایەت دا دەفەرموێ"پارانەوە بەم ناوانە، پاڕانەوەی داواکردن وسوپاس و ستایش کردن و پەرستن دەگرێتەوە ، خوای گەورە بەندەکانی بانگ دەکات بۆ ئەوەی بیناسن بەهۆی ناو و سیفاتەکانیەوە تاوەکو بەو باوانە ستایشی بکەن وبەشی خۆیانی پێ لەعبودیەت وەربگرن" هەروەك لە(تهذيب في مدارج السالكين) دا هاتوە دەفەرموێ:"والدعاء بها يتناول دعاء المسألة ، ودعاء الثناء ودعاء التعبد وهو سبحانهُ يدعو عِبادهُ الى أن يعرفوا بأسمائهِ وصفاتهِ ويثنوا عليهِ بها ويأخذوا بحظهم من عبوديتها".

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی شارەزابون بەم زانستە بە نرخترین کارە، بەو پێیەی پەیوەستە بەخودی پەروەردگارەوە ، ناسین و زانیاری سەبارەت بە خوای گەورە ئەوەندەی لە توانای مرۆڤ دایە... بەڕێزترین زانست وزانیارییە .. هەروەکو(ابن العربي) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ:"شرف العلم بشرف المعلوم والبارى أشرف المعلومات ، فالعلم بأسمائهِ أشرف العلوم".

ئەوەی ئامـاژەی پێ درا تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بواری مەعنەوی و سودی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە بۆ مرۆڤ و سود لێ

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە :

1. سەرچاوەی پێشو
2. القواعد المثلى في صفات الله وأسمائه الحسنى ، محمد صالح العثمين
3. تهذيب مدارج السالكين ، عبدالمنعم الصالح العلي العزي.

بینینی کە دەکرێت دواتر وەك نمونە چەند ناوێ وەرگرین و تیشك بخەینە سەریان ... بەڵام گرنگی لایەنی زانستی ئەم بابەتە لەوەدایە کە بابەتی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە هەر لە مێژەوە جیاوازی و ناکۆکی و مشتومڕی لەسەر هەبوە و لەسەر ئەو بناغەیەش چەندەها دەستە و کۆمەڵی جیا جیا دروست بوە ، بەتایبەتیش دوای تێکەڵ بونی موسوڵمانان بەنەتەوە و ئاین و بیروباوەڕەکانی دیکە و وەرگێڕانی زۆرێك لەکتێبە فەلسەفیەکانی ئەو گەلانە ، ئەمەش پێویست بونی ڕوونکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەی هێنایە ئاراوە بەشێوەیەکی زانستی و بەو شێوەیەی پێویستە لەم جۆرە باسانەدا ڕەچاو بکرێت ... هەرچەندە وا دەزانم گونجاو نییە ئەو کتێبانەی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا نوسراون و ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە مێژووییەن ، ئێستا زیندو بکرێنەوە و بابەتەکانیان بکرێتە گرفتێکی هەنوکەیی و خەڵکی پێوە سەرقاڵ بکرێ ، بەڵام دەرخستنی بیروچونی ڕاست و دروست و شەرعی پێویست و واجبە، بەتایبەت بۆ کەسانێکی پسپۆڕی بواری عەقیدە و فیکری ئیسلامی، ئەوانە پێویستە ڕێنیشان دەر بن و ڕۆڵیان هەبێت لەبانگەواز و بانگەشەی ئیسلامیدا و داکۆکی کار بن لە ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامی... تاوەکو خۆیان بەر چاو ڕۆشن بن و خەڵکی تریش بەهەڵە دا نەبەن بە تایبەت لە بابەت گەلێکی وادا کە پەیوەندی دارە بە خودی خواوە(ذات الله) و لەبازنەی باوەڕ بەخوا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام هەندێ وردەکاریی و مشتومڕی فەلسەفی بابەتی بواری گشتی و خەڵکی نییە بەگشتی.

لەلایەکی ترەوە جیهانی ئەمڕۆی موسوڵمانانیش خالّی نیە لەشوێنەواری فیکری ئەو دەستە لادەرانەی کەلەم بوارەدا بەهەڵەدا چون و نەیان پێکاوە... بگرە هەندێ لەوانەش ئەمڕۆ بونیان هەیە لە ژێر ناوو نازناوی تردا و پەیڕەو کەریان بۆ دروست دەبێت ، ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار بەمەبەست و بەپێی نەخشە و هەندێجاریش بە ناهۆشیارانە، هەندێ لەو مەسەلە بەسەرچوانە دەوروژێنن و ڕۆڵەی موسوڵمانانی پێوە سەرقاڵ دەکەن و گرفتێکی بێ پاساو زیندو دەکەنەوە و جەنگی لابەلا لێرە و لەوێ هەڵ دەگیرسێنن، سەرەنجامیش موسوڵمانان هیچ بەرەنجامێکی بەرهەم دارییان بۆ بەدی نایەت، تەنها پەراوێز بون و بێ ئاگان بون نەبێت لەو جیهانەی تێیدا دەژین، بگرە لە خواناسییەك کە هەمیشە پاڵنەری گەشە و پێشکەوتن و پەرەسەندن بووە بۆ موسوڵمانا ئەگەر ژیرانە هەڵسوکەوتیان کردبێت...

# چۆن ئاشنای ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە دەبین

مرۆڤ وەك دروست كراوێكی خوای گەورە، چەندە شارەزا و بەتوانا بێت هێشتا تواناكانی سنوردارە و پەی بە هەموو شتێك نابات... ناتوانێت جیهانی پەنهانی و غەیبی راستەقینەی ئەو دیو سروشت و سەروو تواناكانی خۆی كەشف بكا یا بیدۆزێتەوە... ئەمەش شتێكی ئاساییە، من زۆر جار تواناكانی مرۆڤ بە تایبەت لە رووی فیكری و فەلسەفییەوە دەچوێنم لابە هاردی كۆمپیوتەرێك، ئەگەر لە هاردی كۆمپیوتەرێكدا بەرنامەیەك لادانەبەزیبێت، چەندە هەوڵ بدرێت ناتوانرێت كارەكانی ئەو بەرنامەیە ئەنجام بدرێت... ئەگەر بەرنامەی وۆرد لە كۆمپیوتەردا نەبێت ناتوانین بنوسین، ئەگەر بەرنامەی پرینتی تابیعەیەك دانەبەزیبێت ناتوانیت پرینت بكەین و وەرەقە رابكێشین، با پلاكەكانیش رەبت بكەین ، وە هەروەها... لە مێشك و ژیری و تواناكانی مرۆڤیشدا هەندێ بەرنامە دانەبەزیوە، هەر بۆیە ناتوانێت هەندێ شت بخوێنێتەوە، لە نمونەی هەربون و هەر مان، كۆتایی و ناكۆتا... دیارە زاتی خوا و هەندێ لە سیفەتەكانیشی لەو بازنە و بوارەدان...

بۆ یارمەتی دان و بەهەڵەدا نەچون لەتێڕوانینداسەبارەت بە بونەوەر و ژیان و ئامانج لەدروست بون(لەكوێ و بۆچی و بۆ كوێ)، ڕێگەی سروشی خوایی(وحی) لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە بۆ مرۆڤ فەراهم كراوە، تاوەكو بەشێك لەو نهێنیانەی بۆ ئاشكرا بكات ، كە ناتوانرێ بە

تەنها لە ڕێگەی ژێرییەوە دەستەبەر بکرێ و پەییان پێ ببرێت... ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە جیهانی غەیب و پەنهانەوە ، نەك جیهانی دیار و بەرهەست، هەموو ئەمەش لە پێناو یارمەتی دانی مرۆڤ و پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوی وکەم وکورتیانەی لە تواناکانیدا هەیە ..

ڕێگەی ناسینی خوای گەورە و ناو و سیفاتەکانی لەم دوو سەرچاوەیەوە بەدەست دێن :

یەکەم : بیرکردنەوە و ڕامان لەم بونەوەرە و ئەوەی تیایەتی ، ئەو ئەندازەگیریی ووردەکاریی و هاوسەنگییەی لە یاساکانیدا هەیە، کەشف کردنی ئەمەش پشت دەبەستێ بەژیری مرۆڤ و ئامرازە پێشکەوتوەکانی کەلەم ڕێگەیەوە بەشێك لەناسینی خوا دروست دەبێت و مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت ئەوەی ئەم بونەوەرە ڕازاوە و دلڕفێن و زەبەلاح و چڕوپڕەی دروست کردوە دەبێت خودێکی زانا و توانا و دانا و بیسەر و بینەر و بەهێز بێت... هەر بۆیە دەبینین قورئان هاندانێکی زۆری تێدایە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیر بکاتەوە و تێ ڕامێنێ لەخودی مرۆڤەوە بیگرە تازەوی و ئاسمانەکان و هەمو شتەکانی دەور و پشتمان بەگیاندار و بێ گیان... لە وردیلەوە و گەردیلوە تا ئاسمان و کەهکەشان... تاوەکو هەموو ئەمانە مایەی ناسینی خوا و ئامۆژگاری بێت بۆ مرۆڤ.

بەڵام ئەمە تاکە ڕێگە نی یە و ئەوانەشی تەنها لەم ڕێگەیەوە بەخوا و ناو و سیفاتەکانی ئاشنابون ، نەیانتوانیوە بە دەرەنجامێکی دڵنیاکەر بگەن و ناسینیان بۆ ئەو هێزە ناتەواوو کەم و کورت بووە، جێگیر و بەردەوام نەبون لەسەر ئەوباوەڕە و بە ژیری و عەقڵیی خۆیان مامەڵەیان

لە گەڵ ئەو هێزەدا کردووە ، کە زۆربەی جار نەیانزانیوە چییە و چی دەوێت، بێ بەش بوون لە بەروبوم و بەرهەمی ناسینێکی تەواو کە لەڕێگەی سروشی خواییەوە دێتەدی، لەلایەکی ترەوە هەندێ لەناو و سیفاتی خوای گەورە دەرککردن وناسینیان لە توانای ژیری مرۆڤدا نییە ، جا بۆیە بە تەنها پشت بەستن بەم ڕێگەیە مرۆڤ توشی گومان و هەڵتریزان و خلیسکان دەکات و لە ڕێگای ڕاست ودروست لای دەدات، لێرەوە خوای گەورە ڕێگەی دووەمی پێ نیشان داوین تاوەکو لە هەڵە و مەترسییەکانی ئەو ڕێگەیە بە دوور بین، کەئەویش ڕێگەی سروش و وەحیی خواییە.

دووەم : وەحیی، ڕێنماییەکانی سروش(وحی) سەرنجمان رادەکێشێ بۆ ڕێگەی یەکەم، لە هەمان کاتدا هاتنی وەحی بۆ پڕکردنەوەی کەم و کورتی و ناتەواویەکانییەتی لەو بارەیەوە، دەقە شەرعیەکانیش خۆیان لەخۆیاندا هاندەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیری بەکاربهێنێ لەناسینی خوادا... ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هیچ ناکۆکی و ناتەباییەك نییە لەنێوان وەحیی و ژیریدا ، بەڵکو بەڵگەی وەحیی خۆی لەخۆی دا هاندەریی ژیرییە بۆ تێڕامان...

بەڵام بێگومان لەباسێکی ئاوەها پەنهان و(غیبی) دا ناچارین پەنا بۆ وەحیی بەرین ، پێویستە ژیری مرۆڤ لەم جۆرە بابەتانەدا مل کەچی بڕیار و دەرەنجامەکانی وەحیی خوایی بێت ئەگینا بە مەڕەدی ئەو فەیلەسوفانە دەچێت کەلەمێژوی کۆندا توشی هەڵە و هەڵەشەیی یەکجار گەورەبون لە دۆزینەوە و وەسف کردنی خوای میهرەباندا.

خۆ ئەگەر مرۆڤ هەندێ لایەنی سیفاتەکانی وەکو (خلق ، قدرة ، علم ، حیاة ، احیاء، اماتة .... هتد) لەم ڕێگەیەوە بزانێ ئەوا زۆرێك لەسیفاتەکانی تری وەك(مجیء، نزول) و سیفاتە کردار(فعل)یەکان نازانێ... کەواتە پێویستە مرۆڤ لێردا بگەڕێتەوە لای وەحی خوایی تا ئەو ناو و سیفاتان بۆخوای گەورە بسەلمێنێ لەهەمان کاتدا هەندێ لە سیفاتەکانی خوای گەورە پەیوەستن بەخودی خوای گەورەوە جا هەر وکو چۆن ناتوانین لەچۆنێتی خود (ذات)ی خوای گەورە بکۆڵینەوە و تێبگەین بەهەمان شێوەش تێگەیشتن لە چۆنێتی سیفاتەکانی وەهایە .

کەواتە بۆ سەلماندن و ناسینی تەواوی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە پشت دەبەسترێ بەهەردوو سەرچاوەی قورئان و سوننەتەوە چونکە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە (توقیف) [1]ین و کەس مافی زیاد و کەم کردنیانی نیە، لەگەڵ پشت بەستن بە ژیری ساغ و پەراوێز نەخستنی لەڕویەکی ترەوە، قسەکردن لەناو و سیفاتەکانی پەیوەستە بەخوای گەورەوە و خوای گەورەش نهێنی و پەنهان(غیب)ە و کەس نەیبینیوە و لە ڕێگەی هەواڵی ڕاست گۆوە کە سروش(وحی)ە فەرمانمان پێکراوە باوەڕی پێبهێنن ، قسەکردن لەم ناو و سیفاتانە بەبێ زانیاری قسەکردنە لەشتێك کە مرۆڤ زانیاری پێ نیە و بەڵگە پشتگیری ناکات کەئەمەش خۆی لەخۆی دا تاوان و گوناهە و بەر پرسیارێتی تێدایە

---

[1] واتە دەبێت تەنها بەوەندە ئیکتیفا بکرێت کە لەو دوو سەرچاوەدا هاتوە جگە لەوانەش بەناو و سیفاتی خوایان دانانرێن.

،خوای بە تواناش دەفەرمویٚ ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴾ الأسراء/36 .

خۆ ئاشکراشە مرۆڤ دەسەوەسانە لە زانینی چۆنێتی خوای گەورە و هەندیٚ لەو ناو و سیفاتانە هەروەکو خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿يَعْلَمُ مابَيْنَ أيديهِم وَماخَلْفَهُم وَلايُحِيطونَ بِهِ عِلْماً﴾ طه/100.

گومانی تێدا نیە کەس وەکو خوای بەرز و بالاٚ بەخۆی شارەزا نیە و کەسیش وەکو پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە ناناسیٚ هەر بۆیە پێویستە بۆ تویژینەوەی ئەم باسە پشت ئەستوربین بەسەرچاوەی قورئان و سوننەی ڕاست و دروست و سود وەرگرتن لەڕاڤە و تێگەیشتنی زانا و پێشینە چاکەکانمان، بۆ ڕاڤەکردنی زیاتری ئەو ناو و سیفاتانە پاش دڵنیابون و سەلماندیان، گەردون و بونەور و مرۆڤ گەورەترین ئاوێنەیە و شایەنی تێڕامان ولە سەر وەستانە (فَهَلْ مِنْ مُدَّكِر)؟.

پێم خۆشە لێرەدا ئامارژە بەوە بدەم کە ئەم باس و وتوێژە بۆ کەسانێکە باوەڕ و ئیمانیان دامەزراوە بە خوای گەورە و لەو رووەوە گومان و دوو دڵییان نییە ، ئەگینا ئەگەر کەسێك باوەڕی نەبێت و لە خوای خۆی بە شك بێت ئەوا ئەم جۆرە باسە بۆ ئەو سودێکی نییە، ئەو جۆرە کەسانە ئەبێت لە ئەلف و بێی خواناسییەوە دەست پیٚ بکەن پاشتر نۆرەی ئەم بابەتانە دێت...

# ناساندنێك بە یەكتاپەرستی لە ناوو سیفاتەكاندا

**بەپێی دەقەكانی قورئان مرۆڤی موسوڵمان بڕوای وایە خوای پەروەردگار خاوەنی چەند ناوێكە و ئەو ناوانە بەرزترین وتەواوترین ناون و داوا كراوە مرۆڤ بەو ناوانە لە خوا بپاڕێتەوە و بانگی بكات، هەروەك هیچ ناوێكی دیكەی لێ نەنێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ الأعراف/180 ، هەروەها پێغەمبەری خواش(ﷺ) لەبارەیانەوە دەفەرموێ " انَّ لله تسعة و تسعونَ إسماً مائةٍ الا واحداً مَن أحصاها دَخَلَ الجنة، إنهُ وتر يُحِب الوتر "[1]**

**لەهەمان كاتدا باوەڕی هەیە بەوەی خوای دەسەڵاتدار و بەخشندە خاوەنی هەمو سیفەتێكی بەرز و چاك و پەسەندە و سوپاسی پێویستیش تەنها شایستەی ئەوە ﴿ ولهُ الحَمد في السموات والأرض... ﴾ الروم/88، لەهەمو سیفەتێكی ناتەواو و خراپ بەری یە و هەتا بڵێی پاك و بێگەردە ، ئاسمانەكان و زەوی و هەمو شتێ پاك و بێگەردی بۆ ئەو دەردەبڕن هەروەك دەفەرموێ ﴿ تُسَبحُ لَهُ السَموات السَبع والأرض وَمَن فيهِنَوانِ مِن شيء الاسَبَحَ بِحَمدهِ ﴾ الإسراء/44 ، وە بڕوای وایە سیفەتە بەرز و پەسەندەكانی خوای گەورە دیاری كراو نین و بێ سنورن و خوای گەورە هەمو شتێك**

---

[1] **رواهُ الشيخان .**

دەزانیٚ و هیچ شتێکی لیٚ وون نییە هەروەك دەفەرمویٚ ﴿ اِنَ الله لایَخفی عَلَیهِ شيء في الأرض وَلا في السَماء ﴾آل عمران/3.

ئەو خوایە توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکیٚ و ئەوەی بیەویٚ دەیکا ، چونکه ﴿ فَعالٌ لِما یُرید ﴾ ه، البروج/16و هەموو شتێك لە ژێر قەڵەم رەوی و دەسەلاٚتی ئەودایە ﴿ اِنَ الله على کُل شيٍْ قَدیر﴾ ه، البقرة/20 ،هەمو شتێك دەبیسیٚ ودەبینیٚ چونکه ﴿ وهو السَمیع البَصیر ﴾ ه ، شوری/11، ژیان و زیندەگی لەخۆیەوەیە و ژیان دەبەخشێت چونکه ئەو ﴿الحي القَیوم﴾ ه، البقرة/255 ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گۆیایە و قسەی وی بیٚ هاوتایە لەڕاستی و ڕێکی وپێکیدا ، هەروەك خۆی فەرمویەتی:﴿وَتَمَتْ کَلِمَةُ صِدقاً وعدلاً... ﴾ الأنعام/115.

ئەو خوایە بیٚ هاوەڵە و ئەوپەڕی بەزەیی و لیٚ بوردن و بەخشندەیی هەیە هەروەك دەفەرمویٚ ﴿ وَکانَ الله غَفوراً رَحیماً ﴾ أحزاب/59 ، وە ﴿ الرَّحمان الرَّحیم ﴾ه، الفاتحة/2. لەگەڵ ئەوەش دا زۆر بەهێز و گەردن کەچکەرەو زاڵ و تۆڵە سێنە هەروەك دەفەرمویٚ :﴿هوَالله الواحد القَهار﴾ الزمر/4 ، ﴿ اِنَّ الله عَزیز ذو أنتقام ﴾ أبراهیم/47 .

خوایەکە لە دادگەری وکاربەجێیدا وێنەی نیە ، چونکه ﴿ أحکم الحاکمین ﴾ التین/8، و ﴿ العَزیزُ الحَکیم ﴾ أل عمران/12، و﴿ علیم حکیم ﴾ النور/18 ، و چەندەها ناوو ئاوەڵناوو سیفاتی تری هەیە...[*].

باوەڕ بە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە واتە: بڕوا هێنان بەو ناو و سیفاتانەی خوای گەورە بەو شێوەیەی خۆی وەسفی خۆیی پیٚ کردوە

---

[*] خودا جل جلاله ، علی باپیر ، بەدەستکارییەوە.

**یاخود لە لایەن پێغەمبەر (ﷺ) بەو شێوەیە وەسف کراوە ... لەناوە جوان وسیفەتە بەرزەکانی ، بێ ئەوەی چۆنێتیەکەی بزانرێ (بلا تکییف)[1]، یاخود وێنە و نمونەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێ (بلا تمثیل)[2]، یا خود بشێوێنرێ (بلا تحریف)[3] و یا لە ناو و ناوەرۆکەکەی خاڵی بکرێتەوە (بلا تعطیل)[4].**

---

[1] تکییف: واتە دانانی چۆنێتیەکی دیاری کراو بۆ ئەو سیفاتانە، وەکو چۆنێتی بەرزی (فوقیە)ی خوای گەورە.

[2] تمثیل: واتە چواندنی سیفاتەکانی خوای گەورە بە سیفاتی دروستکراوەکانی واتە : هاو وێنە دانان بۆ نمونە دابەزین–نزول– ی خوای گەورە بۆ ئاسمانی یەکەم و چواندنی بە دابەزینی بەندەکانی (پەنا بە خوا) .

[3] تحریف، لادان وشێواندن ، تأویلیشی بۆ بەکاردێ، بەڵام تەئویل واتای دروستیشی هەیە کە بە واتای راڤە و تەفسیر دێت، واتە لادان و شێواندنی واتای ڕوکار (ظاهر)ی ئایەت و فەرمودەکان بۆ مانایەکی تری نا دروست بۆ ئەمەش ئاماژە دەدرێت بە نمونەی لێکدانەوەی (أستوی) بە (أستولی) ... واتە بوترێ (أستوی) مانای (أستولی) یە

[4] تعطیل : خاڵی کردنەوەی ناو و ناوەڕۆکی ناوەکە لە کارخستن واتە ، نکوڵی ناوەڕۆکی ئەو سیفات و وەسفانە بکرێ بە هەموو شێوەیەك ، خوای گەورە بەبونێکی داماڵراو لەهەر سیفاتێك وەسف بکرێ ، ئەم بۆ چونە دەدرێتە پاڵ(جهم بن صفوان) ... لەم میانەیەش دا چەمکی (تفویض)یش بەکاردێ کە جیاوازە لە(تعطیل) کەئەمەش بریتییە لە لێك نەدانەوەی واتای سیفەتەکان بەو شێوەیەی لەزمانی عەرەبیش دا هاتوە .. بۆ نمونە بوترێ (إستوی) ڕاڤە ناکرێ چونکە سەرئەکێشێ بۆ (تعطیل)، هەروەها (تشبیە)مانای(تمثیل) ی هەیە ،بەڵام بەوە جیا دەکرێتەوە کە(تمثیل) یەکسانیە لەو لێك چوانەدا بەڵام (تشبیە) لێك چواندنە لەزۆربەی سیفاتەکاندا نەك لەهەمو ڕویەکەوە بۆ نمونە (سمیع وبصیر) ی خوای گەورە بەدروستکراوەکانی بچوێنرێ (تَعالی اللە عَن ذلك علواً كبيراً)، پێ دەچێت دەربڕین بە (تمثیل )گونجاوترە لەم جۆرە باسانەدا وەك لە(تشبیە) چونکە گونجاو و سازترە لەگەڵ دەقە قورئانی یەکەدا ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شيْ﴾ شوری/11 ، بەڵام (تفویض) لە سەر وەستانی زیاتری ـــ

له هه‌مان كاتدا خوای گه‌وره هاوشێوه‌ی نییه ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾، له له زات و ناو و سیفات و ئه‌فعاله‌كانیدا، له هه‌موو كه‌م و كورتییه‌ك به دووره، خاوه‌نی هه‌موو ته‌واوییه‌كه... بۆچونی ته‌واویش لای ئیبنو ته‌یمییه(كه به بۆچونی سه‌له‌ف ناو ده‌بات) له نێوان ته‌عتیل و ته‌مسیلدایه، به‌و پێیه‌ی زات و سیفاته‌كانی خوای گه‌وره ناچوێنن به سیفاتی دروستكراوه‌كانی، له هه‌مان كاتدا ئه‌و وه‌سفانه‌ش نه‌فی ناكه‌ن كه خوای گه‌وره وه‌سفیی خۆیی پێ كردووه، پێغه‌مبه‌ری خوا درودی خوای له سه‌ر وه‌سفی خوای پێ كردووه، به‌م شێوه‌یه ناچن ناو و سیفاته‌كانی خوا له ناوه‌رۆك خاڵی بكه‌نه‌وه یا واتاكانی بشێوێنن...[1].

ئه‌م ڕێگه‌یه‌ش بۆ ناسینی ناووسیفاته‌كانی خوای گه‌وره، سه‌لماندنیانه به‌بێ چواندن ، پاك و بێگه‌رد ڕاگرتنیانه بێ ئه‌وه‌ی خاڵی بكرێنه‌وه له واتا و ناوه‌رۆكه‌كانیان ، هه‌روه‌ك خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شيء وَهوَ السَميع البَصير﴾ بڕگه‌ی یه‌كه‌میان ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شيء

---

ـــ ده‌وێت به‌و پێیه‌ی به‌شێك له زانا ئه‌و بۆ چونه‌یان له هه‌ندێ باردا ئیختیار كردووه، لێره‌دا ئێمه له‌م باره‌یه‌وه بێ ده‌نگی هه‌ڵ ده‌بژێرین، چونكه ئه‌وه توێژینه‌وه‌یه‌كی تایبه‌تی ده‌وێت ، له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌م بۆچونه دژه به‌وه‌ی تاوه‌كو به بۆچونی سه‌له‌ف ئێسته ناسراوه...

بۆ ئه‌م بابه‌تانه بڕوانه:

1- إعلام السنة المنشورة لاعتقاد الطائفة الناجية المنصورة، حافظ الحكمي.

2- العقيدة في الصفحات لمن أراد الجنات- أبوبكر الحنبلي.

3- القواعد المثلى – للعثيمين.

4- معالم الهدى إلى فهم الاسلام مروان القيسي.

هه‌روه‌ها ئه‌م بابه‌تانه له موسوعة الأسماء والصفات دا به‌درێژی باسكراوه.

[1] موسوعة الأسماء والصفات ، مجموعة من الكتاب، ج1، ص374.

﴿ هیچ شتێك له وێنەی ئەو نیه ، پێ چواندن قبول ناکا ، بڕگەی دوەمی ﴿ وَهوَ السَميع البَصير ﴾ یش پێچەوانەی تەعتیلکردنی ناوو سیفەتەکانە.

لەقورئانی پیرۆزیشدا بە دوو ڕێگە باس لە ناوو سیفەتەکان کراوە، ئیسپات و نەفی، شێوازی یەکەم بەدرێژی باسی لێکراوە ،بەلاّم ڕێگەی دووەم بەکورتی باسی کراوە... هەر دووکیشیان باسن لە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە، نمونەی ئەو ئایەتانەی بە ئیسپاتکردن باسیان لە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە کردووە، ئەم ئایەتانەن ﴿ قُل هوالله أحد الله الصمد ﴾ ﴿وَهو العَليم الحَكيم﴾ ﴿وَهوَ العَليم القَدير﴾ ﴿وَهوَ السَميع البَصير﴾ ﴿وَهوَ الغَفور الوَدود﴾ ﴿ذوالعَرش المَجيد، فَعال لما يُريد﴾ ﴿وَهوَ ألأول ولأخَر والظاهِروالباطِن وَهوَ بِكُل شيٍْ عَليم...﴾ .

بەلاّم نەفی کردن هەندێ سیفات کە شایستەی بە خوای گەورە نییە، بەشێوەیەکی کورت(مجمل) باسکراوە .. بە شێوەی ڕەفزکردنی پێ چواندن و دوورخستنەوەی کەم وکورتی و نەنگی باسیان هاتووە هەروەك لەم ئایەتە و هاوشێوەکانیدا هاتووە ﴿ لَم يَلد وَلَم يولَد وَلَم يَكُن لَهُ كُفُواً أَحَدْ ﴾ ، ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شيْ...﴾ ﴿...لَم يَتَخذ وَلَداً وَلَمْ يَكُنء لَهُ شَريك في المُلك﴾... نەفی کردنی ئەم سیفاتانە خۆی لە خۆیدا واتاکانی تەواوی و کەمالی خوا دەگەیەنن[1]... دیار جێگیر کردنی سیفات بۆ خوای گەورە و نەفی کردنی هەندێکیتر لێی بەرەنجامەکەی دانان(إثبات)ی سیفاتە بۆی...

دەرەنجامی هەمو ئەوانەی ئاماژەی پێ درا ئەوەیە مرۆڤی باوەڕدار بڕوای هەبێت کە خوای گەورە هەموو سیفەتێکی جوان وتەواوی هەیە و

[1] تەماشای (الرسالة التدمرية) ی إبن تيمية بکە .

لەهەمو کەم وکوڕی و نەنگیەك بەدورە و ئەو سیفەتانەش تەنها شایستەی خوای گەورەن، هیچ یەکێ لەو سیفاتانە هاوشێوەی سیفاتی مەخلوقەکان نییە .. هیچ جۆرە لێك چونێك لەنێوان خوای گەورە و دروست کراوەکانیدا نیە و هەر بۆیەش مرۆۋ دەسەوەستانە لەچۆنێتی زانینی ئەو سیفاتانە ، لەگەڵ جێگیرکردن و داننان بەو ناوو سیفاتانە هەروەکو لەقورئان و فەرمودە سەحیح و دروستەکاندا هاتوون .

کۆتای ئەم باسە بە فەرمودەیەك دەهێنین کە(ترمذي) لە ئوبەی کوڕی کەعب دەیگێڕێتەوە ، ئوبەی دەفەرموێ کاتێك هاوبەش پەیداکەران (دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی خواکانیانی دەکرد) بەپێغەمبەریان ووت باسی خواکەتمان بۆ بکە، خوای گەورەش سورەتی (الإخلاص)ی داگرت ﴿قُل هو الله أحد الله الصمد ........ الخ﴾[1] ، دیارە(صمد) ئەو زاتەیە کە بێ نیازە لەوانیتر و کەسی لێ نابێ و لەکەس نەبوە، چونکە هەرشتێك لەدایك بێت دەبێت بمرێ (هەرشتێك)یش بمرێ میراتی لێ دەگیرێ ، خوای گەورەش نەئەمرێ و نەمیرات لێ دەگیرێ هیچ هاو وێنە و شێوەی نیە ....

پێغەمبەری خوداش (ﷺ) سورەتی (اخلاص) بەسێ یەکی قورئان داناوە ، ئەمەش لەخۆڕانیە ، بەڵکو پەیوەستە بەوەی ئەم سورەتە واتایەکی زۆری (یەکتاپەرستی) تێداکۆبۆتەوە ، خوا بە دوور دەگرێ لەوەی هیچ کەم وکوڕییەکی هەبێ، لە هەمان کاتدا ناوەڕۆکی زۆر لە

---

[1] أخرجه الترمذي في التفسير (.:402/401) باب (من سورة الإخلاص ر3364) له کتێبی(اعلام السنة المنشورة....)

سیفاتەكانی خوای تێدا كۆ بووەتەوە، هەروەك لە (الأحد) ، (الصمد) و بڕگەی ﴿ لم يلد ولم يُلد ولم يكن لهُ كفواً أحد ﴾ دا بەدەردەكەوێ چونكە[1]:

– (الأحد) ئەو كەسەیە تاك و تەنها و بێ هاوەڵە و بێ وێنە و هاوتا یە و هاوشێوەی نیە ، ئەم ناوە بەڵگەیە لەسەرئەوەی كە هیچ شتێك نی یە لەخوای گەورە بچێت لە هیچ ڕویەكەوە (ليس كمثله شيء).

– (الصمد) گەورەیەكی ئەوتۆیە كە لەهەمو كاروبارێكدا بەتەواوەتی پشتی پێ دەبەسترێت و نیاز و مەبەستەكان تەنها بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە، جا هەر وەكو ناوی (الأحد) هەموو ئاوەڵناوێكی كەم وشكست و ناتەواوییەك لەخوای دلۆڤان دوور دەخاتەوە .... (الصمد)یش هەموو ئاوەڵناوێكی تەواوو پڕاو پڕ دەداتە پاڵ خوای گەورە و میهرەبان﴿ لم يلد ويولد ولم يكن لهُ كفواً أحد﴾ بەتەواوەتی ئەوە دەچەسپێنێ كە ئەو(ذات)ە بێ هاوتایە و لە هیچ كەسێك نەبوە و كەسی لێ نەبووە و نابێت .

---

[1] سەیری چەند وانەیەك لەعەقیدە (بیروباوەڕ) بكە .

# ناوەكانى خواى گەورە و چەند نمونەيەك لە ( قورئان وسوننەت ) دا

بە پێی دەقەكانی قورئان و فەرمودە سەحیحەكانی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوە سەلماوە خوای گەورە كۆمەڵێك ناوی جوانی هەیە كە لەو پەڕی تەواوی و بیٚ كەم وكوڕی دان ، لەم بارەیەوە قورئان لەچەندین شوێن دا ئەو ڕاستی یە دەسەلمێنی ، هەروەك دەفەرمویٚ ﴿ ولله الأسماء الحُسنى فأدعوهُ بهُ بِها وذروا الذينيُلحِدونض في أسمائهِ﴾ الأعراف/180، ﴿قُل أدعوا الله أو أدعوا الرحمن أياماً تدعوا فلهُ تدعوا الأسماء الحسنى﴾ أسراء/110 .

ئەم ڕاستیەش لەفەرمودەكانی پێغەمبەردا(ﷺ) بەدەردەكەوێت و جەختی لە سەر دەكرێتەوە ، لە یەكێك لەو فەرمودانەدا ئاماژە بەبونی (99) ناو كراوە كە بە ژماردنیان مرۆڤی ئیماندار دەچێتە بەهەشتەوە ، هەروەك دەفەرمویٚ " اِن لله تسعة وتسعين أسماً مائةً اِلا واحداً مَنْ أحصاها دَخَلَ الجَنة وهو وتر يُحب الوتر " . [1]

ئەمە جگە لەوەی هەندیٚ ناوی خوای گەورە هەیە خوای گەورە خۆی دەیزانیٚ و بەنهێنی هێڵراوەتەوە ، هەروەك لەبەشێكی فەرمودەكەیدا هاتوە "... أسألك اللهم بكل إسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك

[1] متفق عليه عن ابي هريرة .

أو علمته أحداً من خلقك أو أستأثرت به ِ في علم الغيب عندك أن تجعل القرآن ربيع قلبي ....." .[1]

ئەم فەرمودەیە ئاماژەیە بۆ ناوەکانی خوا چ ئەوەی لە قورئاندا هاتووە، یان بە تایبەتی بە هەندێ کەس فێرکراون و زانیارییان هەیە سەبارەت بەو ناوانە یاخود خوای گەورە هەندێکی بە نهێنی هێشتووەتەوە.

بەڵگەی تر زۆرن لەسەرئەوەی خوای گەورە ناوی هەیە، بەلاَم لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو ناوانە دەکەین بەپێی قورئان و فەمودەکانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) .

ئەگەر سەیری قورئان بکەین بەدەگمەن ڕێ دەکەوێ ، ناوەکانی خوای گەورەی تێدا نەهاتبێت ، ئەمەش چەند نمونەیەکی ئەو ئایەتانەیە کە بەشێك لە ناوەکانی خوای گەورەی تێدا باسکراوە:

﴿ اِنَّ الله كانَ عَلياً كَبيراً ﴾ النساء/34، ﴿ اِنَّ الله كانَ لَطيفاً خَبيراً ﴾ الأحزاب/34، ﴿ اِنَّ الله كانَ عَليماً قَديراً ﴾ فاطر/44، ﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا ً﴾ النساء/58 ، ﴿اِنَّ الله كانَ عَزيزاً حَكيما ﴾ نساء/56، ﴿ اِنَّ الله كانَ غَفوراً رَحيماً ﴾ النساء/23، ﴿ اِنهُ بِهِم رؤوف رَحيم ﴾ التوبة/117، ﴿ والله غَني الحَليم﴾ البقرة/263، ﴿ اِنهُ حَميدٌ مَجيد ﴾ هود/73، ﴿ اِنَّ رَّبي على كُل شيءٍ حَفيظ﴾هود/57 ، ﴿ اِنَّ رَّبي قَريبٌ مُجيب ﴾ هود/61 ، ﴿ اِنَّ الله كانَ عَلَيكُم رَقيباً﴾ النساء/1، ﴿ وكَفى بالله وَكيلا﴾ نساء/81، ﴿ وَكَفى بِاللهِ حَسيباً ﴾ نساء/6.

[1] رواهُ أحمد والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم وصححهُ الشيخ ناصر الدين الألباني .

نمونەی ئەم ئایەتانە یەکجار زۆرە و ناتوانین لێرەدا بیانهێنین خۆ ئەگەر سەیری فەرمودەکانی پێغەمبەری پێشەوا(ﷺ) بکەین بەهەمان ، کە هەندیٚ لەوانە لە چەند زیکر و پاڕانەوەدا هاتوە:

- " لا اله الا الله العَظيم الحَليم لا اله الا الله رَّب العَرش العظيم لا اله الا الله رَّب السموات والأرض ورَّب العَرش الكَريم " [1]

- " اللهم عالم الغَيب والشَهادة فاطر السموات والأرض رَّبَ كُل شيء ومَليكهُ..." [2]

- " اللهم رَّبَ السموات السبع ورّب العَرش العَظيم رّبنا وَرَّبَ كُل شيء خالق الحَبُ والنوى منزل التوراة والأنجيل والقرآن أعوذ بِكَ مِن شَر كُل ذي شر أنت آخذ بناصيتهِ أنت الأول فَليسَ قَبلَكَ شيء وأنت الأآخر فَلَيسَ بَعدَكَ شيء وأنت الظاهر فَلَيسَ فَوقك شيء وأنت الباطن فَلَيس دونكَ شيء " [3]

- " اللهم اِني اسألك بِأني أشهد أنكَ أنت اللهُ لا اله الا أنت الأحد الصَمَد الذي لَم يَلد ولَم يولَد ولَم يَكُن لهُ كفواً أحد" [4]

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەیە خوای گەورە ناوی هەیە و قورئان و فەرمودەش زۆر گرنگی پیٚ دەدەن و لە زۆر ئایەت و فەرمودەدا سیاق و ناوکۆی جیاوازدا باسیان دەکرێت ، ئەمە بۆ خۆی مانای گرنگی دان و جێگەی تێڕامانە.

---

[1] متفق عليهِ .

[2] رواهُ الترمذى وقال حديث حسن صحيح .

[3] رواهُ مسلم والترمذي .

[4] أخرجهُ الترمذي وقال هذا حديث حسن غريب .

## ژمارەی ناوەكانی خـــوا (جل جلاله)

لە فەرمودەیەكی سەحیح دا هاتووە ناوەكانی خوای گەورە و بە میهر بریتییە لە (99) ناو، لەو بارەیەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی " اِن لله تسعةً وتسعينَ اسماً مائةً اِلا واحداً مَنْ أحصاها دَخَلَ الجَنة " هەروەها لە فەرمودەیەكی تردا دەفەرمویٚ " وهو وتر يُحب الوتر " [1]

لەم بارەیەوە هەندیٚ لەزانایان ناوەكانی خوای گەورەیان لە(99) ناودا كورت هەڵهێناوە و ئەم فەرمودەیەشیان كردوەتە بەڵگە لەوانەش (ابن حزم) ئاماژەش بەوە دەكریٚ كە لە دەربڕینی فەرمودەكەدا جەخت كراوەتەوە لەسەر ئەوەی سەدە تەنها یەك نەبێت (مائة الا واحدا) ، واتە نەوەد و نۆ ناوە، بەلاٚم زۆرینەی زاناكان بە پشت بەستن بە چەندین بەڵگەی تر ناوەكانی خوای گەورە لەو نەوەد و نۆیەدا كورت هەڵ نایەنن.

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمویٚ (زۆرینەی زانایان بۆچونیان وایە كە ناوە جوانەكانی خوا لەو ژمارەیەدا ك نابنەوە ، بەڵكو لەوە زیاترن، نەوەویش یەك دەنگی زانایان لەو بارەیەوە نەقلٚ دەكات)[2].

یەكێك لەو بەڵگانەی پشتگیری ئەم ڕایەیان دەكات فەرمودەكەی (ابن مسعود)ە كە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی دەكات و(ابن حبان) یش بە (صحيح) ی داناوە كە تیایدا هاتوە ".... أسألك بِكُل اسم هو لَكَ سَميتَ بهِ نَفسَك أو أنزلتهُ فى كتابك أو علمتهُ أحداً مِن خلقك أو أستأثرت بهِ في علم

---

[1] رواهُ البخاري ومسلم .

[2] أسماء الله وصفاتهِ ، عمر سليمان الأشقر .

الغیب عندك...." لەم فەرمودەیەوە بۆمان دەردەکەوێ ناوەکانی خودا سێ بەشن :-

یەکەم / ئەوانەی خوا لە قورئاندا دایگرتوون بە شارەزابون لە قورئان و پشکنینی دەتوانرێ دەربهێنرێ و دیاری بکرێ.

دووەم / هەندێ لەو ناوانە خوای گەورە بە تایبەتی بە هەندێ کەسی وتووەو و هەموو کەس ئاشنای نین، کە ئەگونجێ هەندێ لە(فریشتەکان و پێغەمبەران...)بگرێتەوە .

سێ یەم / هەندێ لەو ناوانەی لای خۆی هێشتوەتەوە و بەنهێنی ماونەتەوە .. هیچ یەکێ لەدروست کراوەکانی لێ ئاگادار نەکردوەتەوە .

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی ناوەکان لە (99) زیاترن بە تایبەتیش هەندێ ناوانە هیچ کەس ناتوانێ بیانزانێ یا تایبەت بووە بەهەندێ لەدروست کراوەکانییەوە .

هەر لەم ڕوانگەیەوە (ابن القیم) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوەکانی خوای گەورە ناژمێررێت و ناچنە ژێر ژمارەیەکی دیاری کراوەوە ، خۆ ئەگەر لێرەدا بوترێ ئەگەر ناوەکانی خوا ئەوەندە زۆرن و لە ژمارە نایەن ، ئەی کورت هێنان و کۆکردنەوەی ناوەکانی خوا لە(99)دا چی دەگەیەنێت؟ بەتایبەتی بەشێوەیەکی (حصر)ی هاتووە ؟

لە وەڵامدا دەوترێت ئەو زانایانەی دەڵێن ناوەکان لە (99) زیاترن دوو قسەیان هەیە :-

یەکەم: ئەو ناوانەی بەژماردنیان مرۆڤ دەچێتە بەهەشتەوە چەند ناوێکی دیاریکراون و بلاّوبونەتەوە لەناو ناوە زۆرەکانی تردا ... بەو پێیەشی

پێغەمبەر (ﷺ) دیاری نەکردون و فەرمودەی (صحیح)یشی لەسەر نەهاتوە ، مرۆڤ ئەو پاداشتەی دەست ناکەوێ ئەگەر هەموو ئەو ناوانە لەبەر نەکات کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون .

(ابن العربي) دەفەرموێت: (ئەو ناوە ژمێراوانە لەناو ناوە گشتییەکاندا شارراونەتەوە بۆ ئەوەی بە هەموویان لەخوا بپاڕێنەوە و لەو ڕێگەیەشەوە ئەو ژمارەیە بپێکین کە وادەیان پێدراوە )[1]، لێرەوە (ابن العربي) ئەو ڕایەی هەیە کە ئەو ناوانە دیاری نەکراون وەکو سەعاتی گیرابونی پاڕانەوە لە(جمعة) و شەوی (ليلة القدر) لە ڕەمەزاندا بۆ ئەوەی مرۆڤ لە گەڕانیدا پاداشتی زیاتر لەوەی دەستگیر ببێت (ابن حجر العسقلاني) هەمان ئەم ڕاو بۆ چونە لە (فخر الرازي) دەگێڕێتەوە .

دووەم/ ڕای دوەمی زانایان ئەوەیە مەبەست لەو ژمارە یە و ژماردنی تەنها(99) ناوە لە کۆی گشت ناوەکان، جا هەرکەسێ ئەو ناوانە لەبەر بکات ئەوە شایەنی ئەو پاداشتە دەبێت(99) دیاریکراو نین ... واتە تەنها ژماردنی (99) ناو لەکۆی گشت ناوەکان بەسە.

دوای ئەوەی عمر الأشقر ئەم ڕایانەی پێشوو دەخاتە روو ، دواتر بۆچونی خۆی لەم بارەیەوە روون دەکاتەوە کە ئەمە کورتەکەیەتی :-

ئەو ناوانەی لەقورئان و سوننەتدا هاتوون (99) ناون و هەرئەوەندەش دەتوانرێت بژمێررێ (بەڕای ئەو) بۆ ئەوەی دژبون ڕونەدات بەڵام ئەو ناوانەی کە هەندێ لە دروستکراوەکان پێی دەزانن یا هەر نهێنین ، ئەوە زیاترە لەم (99) یە، دیارە من وا نازانم ئەم بۆچونەی تەواو بێت

---

[1] سەرچاوەی پێشوو

چونکە زۆر کەس دەتوانێت زیاتر لە نەوەد و نۆ ناو بژمێررێت، ئەمش بە ڕامان لە کیتاب و سوننە پێکەوە. بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایەشی پشت دەبەستیٚ بە :–

یەکەم : بەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ: خوا نەوەد و نۆ ناوی هەیە زیاتریش سنورداری دەکات دەفەرمویٚ سەد یەك کەم .. هەروەها دەفەرمویٚ خوا تاکە وتاکی خۆش دەویٚ .

دووەم: ئەوانەی زیاد لە(99) یان ژماردوە ئەو زیادەیەیان بەئاسانی لیٚ وەرناگیریٚ چونکە هەندیٚ لەو ناوانە لە قورئان وسوننەتدا دا نین هەندیٚ لەوانەشی لەو دوو سەرچاوەدا هەن یەك دەنگی نییە لە سەر ئەوەی ئەوانە ناو بن هەندێکیشی بەلێوەرگرتن(اشتقاق) لە کردارەکانی خوای گەورەوە وەرگیراون ، ئەوانەشی پابەند بوون بەو بەند و ڕێسایانەی لە ڕۆشناییاندا ناوەکانی خوا دیاری دەکرێن بەزەحمەت نەبێت نەیان توانیوە (99) بژمێرن *.

بەلاٚم تاوەکو ئێستە بە تیٚ ڕامانێکی سەرپێیی ئێمە بۆچونی یەکەمی زانایان کە لەدوو ڕادا خۆی دەبینێتەوە بەهێزترە ... ئەمە جگە لەوەی یەکێکی وەك خاوەنی کتێبی(معالم التوحيد) تەنها لەقورئاندا(169) ناوی ژماردوە بێجگە لەو ناوانەی لەسوننەتدا هاتوون ... سەلماندنی بۆچونەکەی بەڕێز (د.عمر الأشقر) لێکۆڵینەوەی زیاتری

* نازانم بەپێی ئەم قسەیەی خۆی بێت، دکتۆر توشی دژبون (تناقض) دەکات چونکە بەڕەچاوکردنی ئەو ئەو زەوابیتانەش کە خۆی ئاماژەی پێدەکات توانیویەتی(110) ناو بژمێریٚ باهەندێکیشیان جێگای قسەبن ... چونکە لە سوننەتدا هەر وەك خۆی ئاماژەی پێکردوە ، زیاتر لەوەش هەیە .

دەویٚ تاوەكو بتوانرێت بە تەواوی ساغ بكرێتەوە ، خۆ هەندیٚ لەزانایان ئاماژە بۆئەوە دەكەن .. كاتیٚ كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ (انَّ لله تسعه وتسعون اسماً ... )مانای ئەوە نی یە جگە لەم (99)یە هیچ ناوێكی تری نیە ... بەڵكو بەڵگەیە لەسەربونی (99) ناو نەك تەنها هەر ئەو (99)ناوە هەبێت و بەس ، هەرچەندە ئەوەشی لیٚ دەخوێنرێتەوە كە ژماردنی(99)ناو تایبەتمەندی خۆی هەیە[1].

سەبارەت بە دیاریكردنەكەش ئەگەر ئەو فەرمودانەی كە ناوەكانیان باس كردووە ڕاست (صحیح) بونایە ، ئەوا كارەكە ئاسان دەبو ژماردنەكەش بەئاسانی بەدەست دەهات ، بەلاٚم فەرمودەناسان ئەو فەرمودانەیان بە لاواز (ضعیف) داناوە ... لەڕوی ڕچە (سند) و كرۆك ودەق ( متن ) ی فەرمودەكەوە كە یەكێك لەو فەرمودانە ئەوەیە كە ئیمامی (ترمذی) و(ابن ماجة) دەیگێڕنەوە لە (أبوهریرة) خوا لێیان ڕازی بێت كە فەرمویەتی پێغەمبەری نازدار(ﷺ) فەرمویەتی " ان لله تعالى تسعة وتسعين اسماً من أحصاها دَخَلَ الجنة)[2]، (هو الله الذي لااله الا هو الرحمن الرحیم ، الملك القدوس السلام المؤمن ..... الخ " .

ئەم فەرمودەیە هەرچەندە لاوازە .. بەلاٚم مەشهور و بلاٚوە لە لای خەڵكی چونكە ترمذي (35.7) وابن حبان (2384) و حاكم(16.1) والبیهقی(27.10) و البغوي(32.5) هێناویانە بەلاٚم حافظ لە (فتح) دا

---

[1] جگە لە سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ئەم سەرچاوانەش: معالم التوحيد، مروان القيسي، العقيدة في الله، عمر الأشقر، العقائد، الامام البنا، قواعد المثلى، شیخ صالح العثیمین، چەن وانەیەك لە بیروباوەڕ.

[2] بەدەربڕینێكی تۆزیٚ جیا لەمەش هاتوە .

(215/11) دەفـەرموێ (ان علـة الحـديث هـيَ الاخـتلاف فيـهِ واحتمـال التدليس والإدراج) کە هەر یەکە لە (تدليس)[3] و (أدراج)[4] یش نیشانەی لاوازی ئەو فەرمودەیەن وابن حەزمیش لە 31/8 ئەم فەرمودەیەی بەلاواز داناوە و وە(ابـن تيميـة)ش لـە (مجمـوع الفتـاوى) (482/22) هـەمان ڕای هەیە و لە (382/379/6) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو زیادەیەی (ترمذي) ڕیوایەتی کردوە و ناوەکانی تێدا باسکراو ژمێردراوە، لەلای ئەوانەی کە شارەزان بەو فەرمودەیە وای دانانێن بەشێك بێت لـە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ)،بەڵکو (ترمذي) لە هەندێ مامۆستایانی خۆی لەخەڵکی شام ئەمەی

---

[3] تدليس: لەزمان دابە مانای شاردنەوەی نەنگی (عیب)ە دێت، وەفەرمودەی(مدلس)یش ئەو فەرمودەیەیە کە هەندێ شتی وای تیادا شاراوەتەوە کە پێویستن بۆ ڕونی وڕاست (صحة)ی ئەو فەرمودەیە وەك ئەوەی (ڕاوی) ناوی ئەو کەسانە نەبات کە فەرمودەکەی لێگێڕاوەتەوە، یا وادەری بېڕێ کە لە یەکێکی بیستوە بەمەرجێ ئەوکەسە فەرمودەی پێ نەوتوە ، جا هەر کەسێ لە(ڕچەی) فەرمودەکە شتێ لاببا یا وەسفێکی مامۆستاکەی بشارێتەوە و بەناوێکی تر بیناسێنێ ئەوا(تدليس) دەکات .. زانایانیش (تدليس) یان بە هاوەڵی درۆ (كذب) ناو زەد کردوە ، ئەگەر لەحاڵەتێکدا ئەو کەسە کە (تدليس)ە کەی کردوە مەبەستی شاردنەوەی نەبێت بەڵکو بۆ نمونە (مامۆستاکەی) ناوی تریشی هەبێت یان جۆرێك بێت لە (معاريض) و دوو مانا بدا بەدەستەوە ، یان ئەو کەسە خۆی جێ متمانە(ثقة) بێت و مەبەستی شاردنەوە و لێ تێك دان نەبێت ..

[4] ادراج: ادرج، بەمانای کردنە ناودێت لەلای فەرمودە ناسان، وە بریتییە لەو فەمودەیەی لە ڕچە (سند) یا (متن) دا ووشە یا ڕستەیەکی هاتبێتتە ناو بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی حوکمێك یان ڕاڤەکردنی ...هتد، بە دوور بزانرێ و نەگونجێ ئەو ڕستەیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویێتی ، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاوی یان زانایانی پسپۆرەوە دەناسرێتەوە ، بڕوانە( دراسة في مصطلح الحديث)ی ابراهيم النعمة و کتێبی هاو شێوەی .

وەرگرتووە و باسیکردووە، هەروەها لەهەندێ ڕێگە(طرق)ی ئەم فەرمودەدا وەکو ڕاڤەکردن هاتوە ، بەمەش دا دەردەکەوێت ئەو زیادەیەی (ترمذي) لە (وەلیدی کوڕی موسلم و شوعەیبەوە ) لە (أبي حمزة) ەوە ڕیوایەتیان کردوە ڕچەکەی دروست و ڕاست(صحيح) نییە ، ئەو فەرمودەیەش کە (ابن ماجە) ڕیوایەتی کردوەو (99) ناویشی هێناوە لە فەرمودەکەی (ترمذی) لاواز ترە.

ئەوەی باسمان کرد (مروان القيسی) لە (معالم التوحيد) دا هێناویەتی و(عثيمين) یش لە (قواعد المثلی)ە کەیدا قسەیەکی نزیك لەمە دەکات .. (عمر الأشقر) یش لە(أسماء الله وصفاته)یدا ئەم بابەتەی زیاتر ڕون کردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەنێوان ڕیوایەتەکەی (ابن ماجة ) و (ترمذی) دا جیاوازی هەیە چ لەڕووی هێنان(سیاق) و ڕیزکردنی ناوەکانەوە چ لەڕوی کەم و زیادی یەوە بگرە لەنێوان فەرمودەی (ترمذي) خۆیشی دا هەیە، بە ڕیوایەتە جیاوازەکانیەوە د...

هەرچەندە لە (تحفة الذاكرين)ی ئیمامی شەوکانی دا ئاماژە بەوە دەکات کە (حاکم و ابن حبان) بە(صحيح) یان داناوە و (نووي) یش بەلایەوە (حسن)ە... خۆیشی ئاماژە بەچەند ڕێگەیەکی لاوازی فەرمودەکە دەکات[1]، ئەشتوانین بڵێین یەکێکی تر لە بەڵگە لاوازەکانی ئەو فەرمودەیە ئەوەیە کە هەندێ ناوی تێدا نیە کە بەدەقی قورئان وسوننە بەناو دانراون وەکو (رَّب ، خَلاق ، قريب) لەبەرامبەر ئەمەشەدا هەندێ ناو دەهێنێ کە

---

[1] سەیری (تحفة الذاكرين) ی ئیمامی شەوکانی بکە .... ل 54

لــە نــاو قورئــان وســوننەتدا نــەهاتون وەكــو (صــبور، محصــي، رشــید ، باقی....) هەروەكو، عمر الأشقر تێبینی كردوه .

لاوازی ئــەو فەرمودانــەی ناوەكانیــان باســكردووە، پــاڵی بــە زانایانـەوە نـاوە هەستن بەكۆكردنـەوەی ناوەكـانی خـوای گـەورە لـەقورئان وسـوننەتدا كـە هەنـدێكیان زیـاد لـە(150) نـاوی ژمـاردوە و هەنـدێكی تریشـیان نـەیتوانیوە بیگەیەنێتـە (99) نـاو ، هەنـدێكی تریشـیان ئامـاژە بـەوە دەكـات زۆرتـرین ژمارەیـەك كـە ئـەو چـاوی پێكـەوتبێت و زانایـان بەناوی خوا یان داناوە (290) ناوە و هەموشیان پێكەوە ڕیزدەكات ، ئەمە جگە لەوەی هەندێ ئاماژە بەوە دەكات كە (1000) تا (4000) ناو هەیە بەڵام هەروەكو (ابن حجر) دەفەرموێ ئەمە تەنها دەعوایەكە و پێویستی بە بەڵگە هەیە . *

* سەیری (أسماء الله وصفاته) بكە .

# نەوەد و نۆ ناو لە ناوەكانی خوا

تائێستا ئەوە بەدەركەوت ئەو فەرمودانەی(99) ناوەكە دیاری دەكەن ، پلەكەیان لاوازە ، هەر لەبەر ئەمەش بوە زانایان خۆیان گەڕاون بەدوای دیاریكردنی ئەو ناوانەدا ، جا ئێمەش لەم باسەدا (99) ناو دیاری دەكەین لەكۆی ئەو ناوانەی كە هاتوە ، چونكە بەفەرمودەی دروست (صحیح) ئەوە چەسپاوە كە هەركەسێ (99) ناو بژمێرێ پاداشتی بەهەشتە ، ئێمەش لێرەدا مانای (أحصاها) لێك دەدەینەوە لەبەر ڕۆشنایی وتەی زانایاندا ، دواتر ناوەكان بەپێی بەڵگە پیشان دەدەین و پێشچاوی خوێنەرانی دەخەین ،لەسەر (من أحصاها) ئیمامی (خطابي) دەفەرموێ ئەم ووشەیە چەند مانایەك هەڵدەگرێ :-

یەكەم/ بژمێررێن و بەو ناوانە لە خوا بپارێیتەوە ، بەم پێ یەش پەیمان پێدراو دەگات بە پاداشتی خۆی ، ئیمامی (بوخاری) یش ئەم ڕاڤەیەی پەسەند كردوە چونكە (الاحصاء)ی بە (حفظ)لێك داوەتەوە ، ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەكی ترەوە ڕیوایەتێكی تر هەیە ، دەڵێ (من حفظها) .

دووەم/ ماف بەو ناوانە بدرێت و كار بە ناوەرۆكەكانیان بكرێت بەو ئەندازەیەی بۆ مرۆۋ دروستە ، بەوەی تەعبیریان لێ بكرێ وپابەندییان پێوە دەر ببڕێ ، كاتێ دەوترێ خوا ڕۆزی دەر(رزاق)ە دڵ و دەرونمان بەم ڕەزاقییەتەی خوا ئارامش وەربگرێ ... هەروەها بە پێی ناوەڕۆكی ئەو ناوانە بڕوانینە خوای گەورە و لەو ناوانە تێ بگەین.

سـێهەم/ زانینـی مانـا و مەبەسـتەکانی ، هەنـدێکیش دەڵـێن (أحصـاها) بـەمانای کـارپێ کردنـە بـۆ نمونـە : خـوا کـە (الحکـیم)ە، ئـەویش وەکـو بەندەیەکی خوای گەورە دانایانە ڕەفتار بکات و گوێڕایەڵی ئەو (حکیم)ە بێت لەگشت فەرمان و شتەکانیدا.

وا پێدەچێ ئەم ڕاڤانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ژماردنێکی ڕووت ناگونجێ مرۆڤ بگەیەنێتە بەهەشت بۆیە پەنا براوەتە بەر ئەم ڕاڤەیە ، سەرەڕای ڕەچاوکردنی ڕاڤەی تری وەك مانای ﴿ فأدعوهُ بِها ﴾ ... هتد .

(ابن بطـال) دەفـەرموێ : ڕێگـەی کـارکردن پێیـان بـەوە دەبێـت کـە :- ئـەوەی دەشـێت مـرۆڤ چـاویان لێبکـات و ئیقتـدایان پێـوە بکـات وەکـو: (الـرحیم، الکـریم ... هتـد ) ئـەوا بـا خـۆی لەسـەر ڕابهێنێـت و ڕەفتارەکـانی پێ بڕازێنێتەوە ، ئەوانەش کە تایبەتن بەخۆیەوە (الجبار، العظیم، القهار) ئەوا لە سەر بەندەیە دانی پێدانێ و مل کەچ بێت بۆی و لەڕەفتاریدا ڕەنگ نەداتـەوە، ئەوانەشـی مانـای وادە خۆشـی و بـەڵێن پێدان(وعـد) ی تێدایـە ئـەوا دڵـی پـێ خـۆش کـات و ئارەزومەنـدی دەسـت کـەوتنی بێـت وەکـو( شکور، غفور، عفو، رؤوف... ، ئەو ناوانەی مانـای هەڕەشـە(وعید)ی لـەخۆ گرتوە لە ئاستیا وەستان هەڵوێستە دەکرێت و تـرس وبـیم دەیگـرێ وەکـو (عزیـزٌ ذوأنتقـام، شـدید العقـاب، سـریع الحسـاب)* ، کەواتـە واتـای فەرمودەکـەی پێشـوتریش ئـەوە نیـە کـە هەرکەسـێك تـەنها ئـەو (99) یـە بـژمێرێت یـان لەبـەریان بکـات ئـیتر دەچـێتە بەهەشـتەوە بـەڵکو دەبێـت بیانزانێـت و لـە واتاکانیـان بگـات و بـاوەڕی دامـەزراوی پێیـان هـەبێت ،

* تەماشای (العقیدة في الله ) د. عمر الأشقر ..... بکە .

هەروەها ئەو ئەرکانە بەجێ بێنێت کە لە ڕوانگەی ئەو ناوە بەرزانەوە دەکەوێتە سەر ئەستۆی مرۆڤ لە ڕووی کاروباری ڕۆژانەی دنیا و دوا ڕۆژییەوە، لەهەموو بوارەکانەدا وە بەو ناوە داوای پێویستی یەکانی لەخوای بەخشندە بکات و پێیان بپارێتەوە و سەرجەم کار و ڕەفتارەکانی لەچوار چێوەی حوکمی ئەو پەروەردگارە گەورەیەدا بێت ، ئەگینا ژماردنی ناوەکانی تەنها ئامارکردنێکی ئاسایی پێدەبڕێت .[1]

تاوەکو ژماردنی ناوەکانی خوای گەورە بەو پێیە بێت باسمان کرد و مەبەستی زیاتری خۆی بداتە دەستەوە ، ئەوا تێڕامان لە گەردون و بونەوەر وردەکاریی و یاساکانی و سودێکی باشی دەبێت و ڕەنگدانەوەی بەشێکی زۆری ئەو ناوانەی تێدا بەرجەستە دەبێت، هەروەکو ڕازی دەفەرموێ ( انما السبیل الی معرفته بمعرفة أفعالهِ فکل من کان وقوفهُ علی أسرار حکمتهِ فِي مخلوقاتهِ أکثر کان علمهُ بأسماء الله اکثر).. تاوەکو بەو هۆیەوە ناسینمان بۆ خوا و ناوەکانی زیاتر بێت و لەدڵ و دەرونیشدا دامەزراو و جێگیر بێت.

دیاریکردنی ناوەکانی خوا لێرەدا لە ژێر ڕۆشنایی هەندێ بنەما و بەنددا دەبێت ، کە دواتر باسیان لەبارەوە دەکەین و لێرەشدا ڕەچاو کراوە، ئەو ناوانەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکرێت لەوانەن لە قورئاندا هاتون یان لە سوننەدا باسکراون، ئەوانەشی کە لە (سوننە) دا هاتون یان بە تاکی (مفرد) ی باسکراون یان بە دانەپاڵ و ئیزافە ئاماژەیان پێ دراوە.

---

[1] چەند وانەیەك لەبیرو باوەڕ(العقیدە) .

## بەشی یەکـــــەم :
## ئەوانەی لەقورئاندا هاتوون

1. اللــــه : خودا ، ناوی زاتی خوایە کۆکەرەوەی ناو و سیفاتەکانیەتی ، یەکێکە مەزنترین ناوی خوایە.
2. الرحمن : بەبەزەیی، بەزەیی ئەو هەموو شتێکی گرتوەتەوە.
3. الـرحیم : بەخشـندە، تایبەتمەنـدی هەیـە بـە باوەڕدارانـەوە لـەڕۆژی دوایدا.
4. الملــك : سەرۆك ، پادشا.
5. القدوس : ئەو پەڕی چاك و بێگەرد ، دوور لە هـەموو كـەم و كورتییـەك .
6. السلام : بیٚ عەیب ، بیٚ پەڵە .
7. المؤمن : دڵنیا کەر ، ئاسایش بەخش ، بەڕاست دانەر .
8. المهیمن : بەسەر ڕاگەیشتو ، زاڵ ، چاودیٚ و پارێزەری شتەکان .
9. العزیز : زاڵ ، دەسەڵاتدار ، بەهێز و تونەد .
10. الجبار : بالاّ دەست ، ناچارکار، چاك کاری ئیشەکان .
11. المتکبر : خۆبەگەورە زان ، گـەورەتر لـەوەی لـە دروسـت کراوەکـان بچێت .
12. الخالق : دروستکەر ، بنیاتنەر .

13. البـاریء : بەدیهێنـەر ، ڕکخـەری دروسـت کـراوان دوای دروسـت کردن .

14. المصور : وێنەکێش، شێوە بەخش.

15. الحکیم : کاربەجێ ، لێزان ، دانا

قورئانیش لەبارەی ئەم ناوانەوە دەفەرموێ ﴿ هوالله الذي لااله هـو عالم الغيب والشهادة هو الرحمن الرحيم . هو الله الذي لااله الا هـو الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر سبحان الله عما يشركون . هوالله الخالق الباريء المصور لهُ الأسماء الحُسنى يسبح لـهُ مـا في السموات والأرض وهـو العزيـز الحكيم ﴾الحشر/22–24 .

16. العلیم : زانا ، زانایەکی بێ هاوتا .

17. العفو : لێبوردە ، چاوپۆش کار .

18. الغفـور : لێبـوردە ، گونـاە پـۆش ، لێخـۆش بـوو، دیـارە هـەموو ئـەو ناوانەی لە سەر سیغەی موبالەغە بن دەکرێت وشەی زۆریان بخرێتە پێش.

19. السمیع : بیسەر ، وەڵامگۆی پاڕانەوە .

20. البصیر : بینەر ، شارەزای بەندەکان .

21. الحق : پایەدار ، ڕاست ، هەق .

22. الکبیر : گەورە ، گەورە لەپلە و پایەدا .

23. اللطیف : چاکەکاری پەنهان ، وردبین ، نەرم ونیان .

24. الخبیر : شارەزا ، هەواڵدەر .

25. الغني : دەوڵەمەند .

26. الحمید : سوپاسکراو ، شایستەی سوپاس .

27.**الرؤوف : میهرەبان بەسۆز.**

**هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ لَيُدْخِلَنَّهُمْ مُدْخَلًا يَرْضَوْنَهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ (59) ذَلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنْصُرَنَّهُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ (60) ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (61) ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (62) أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (63) لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ (64) أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴾ الحج/59-65 .**

28.**الحی : زیندوو ،هەمیشە زیندوو.**

29.**القیوم : مشور گێڕ ، ڕاوەستاو وڕاگری جگە لەخۆی .**

30.**العلي : بەرز .**

31.**العظیم : مەزن ، خاوەن شكۆمەندی.**

**هەروەك خوای گەورە لە ئایەتی كورسیدا (آیة الكرسي) دا دەفەرموێت ﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ البقرة/255.**

32.**الأول : یەكەمین ، بێ سەرەتا .**

33.**الآخر : دوامین ، بێ كۆتا .**

34.**الظاهر : دیار ، ئاشکرا ، بەبەڵگەی ئایەتەکانی لەبونەوەردا .**

35.**الباطن : وون ، پەنهان ، لەوەی هیچ عەقلێك پەی بەزات و چۆنێتی سیفاتەکانی نابات.**

**هەروەك خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێ ﴿ هو الأول والأخر والظاهر والباطن وهو بكل شيءٍ عليم ﴾ الحديد/**32.

36.**الأحد : تاك ، تەنها ، بەزات و سیفات .**

37.**الصمد : جێ مەبەست ، بێ نیاز لەخەڵکی.**

**لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُل هو الله احد الله الصمد﴾ الاخلاص/**1-2.

38.**الواحد : یەك ن تاکە بەزاتی ، بێ وێنەیە لەزاتدا .**

39.**القهار : گەردن کەچکەر ، زاڵە بەسەر بەندەکانیەوە و بڵندە بە سەریانەوە .**

40.**الغفار : زۆر لێ بوردە ، تاوان پۆش.**

**دەربارەی ئەو ناوانەش پەروەردگار دەفەرموێت ﴿ لَوْ أَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا لَاصْطَفَى مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (4) خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ الزمر/**4-5 .

41.**المتعال : زۆر بەرز ، خۆ بەرز گەر ، بڵند لەسەر دروستکراوەکانی .**

**لەم بارەیە دەفەرموێ ﴿ عالم الغيب والشهادة الكبير المتعال ﴾ الرعد/**9 .

42.**التواب : تۆبە وەرگر.**

**لە بارەی ناوی (التواب) یش دەفەرموێ** ﴿ إلا الذين تابوا وأصلحوا وبَيَنوا فأولئك أتوب عليهم وأنا التواب الرحيم ﴾ **البقرة**/160.

43. **الوهاب : بەخشەر .**

**سەبارەت بە ناوی (الوهاب) دەفەرموێ** ﴿ ربنا لا تُزِغ قلوبنا بعد إذ هديتنا وهَب لَنا مِن لَدُنكَ رحمة إنكَ أنتَ الوهاب ﴾ **آل عمران**/8 .

44. **الولي : سەرپەرشتی کار ، پشتگیر ، سەرخەر وەك دەفەرموێ:** ﴿ وهو الولي الحميد ﴾ **الشورى**/ 288.

45. **البرّ : چاکەکار ، زۆر چاکەکار وەك دەفەرموێ** ﴿ إنا كُنا قبلُ ندعوهُ إنهُ البر الرحيم ﴾ **الطور**/28.

46. **الودود : بەند دۆست ، خۆشویستراو .**﴿ وهو الغفور الودود ﴾**البروج**/ 41 .

47. **الخلاق : دروستکاراوی دروست کراوان .**﴿ إن رَّبَكَ هو الخلاق العليم ﴾ **الحجر**/86 .

48. **الرزاق : ڕۆزی دەر .**﴿ إن الله هو الرزاق ذو القوة المتين ﴾ **الذاريات**/58 .

49. **المتين : زۆر بەهێز ، ئەوپەڕی هێز** ﴿ إن الله هو الرزاق ذو القوة المتين ﴾ **الذاريات**/58 .

50. **الفتاح : دەروو کەرەوە ، جودا کەرەوە .**﴿ قل يجمع بيننا ربنا ثم يفتح بيننا بالحق وهو الفتاح العليم ﴾ **سبأ**/26 .

51. **القدير : زۆر بەتوانا .**﴿ والله قدير والله غفورٌ رحيم ﴾ **الممتحنه**/7 .

52. **الواسع : فراوان ، لە هەموو سیفاتیدا و هەموو شتێکی گرتووەتەوە** ﴿ والله يعدكم مغفرةً منهُ وفضلٌ والله واسعٌ عليم ﴾ **البقرة**/268.

53.**الكريم : بەڕێز ، ڕێزگر**﴿ ياأيها الأنسان ما غَرَّكَ بِرَّبِكَ الكريم ﴾ **الانفطار**/6.

54.**القريب : نزيك** .﴿ إنَ رَّبي قريبٌ مُجيب ﴾ **هود**/61 .

55.**المُجيب : وەڵامگۆ، وەڵامدەرەوە** .﴿ إنَ رَّبي قريبٌ مُجيب ﴾ **هود**/61.

**المليك : پادشا** .﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (54) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ ﴾ **القمر**/54-55.

56.**المقتدر : بەتوانا ، ئەوپەڕی توانا** .﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (54) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ ﴾ **القمر**/54-55 .

57.**الحَكَم : بڕيار بەدەست ، دادوەرێكی بەهەق** . ﴿ أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا ﴾ **الأنعام**/114 . **هەروەها لەفەرمودەی (صحيح )يش ئەم ناوە هاتوە " إن الله هو الحكم ....والله الحكم "** [1]

58.**المجيد : پايەبەرز ، خاوەن شكۆ** .﴿ إنهُ حميدٌ مجيد ﴾ **هود**/73 .

59.**الشاكر : سوپاسكەر ، ستايش كەر** .﴿ ومن تطوع خيراً فإن الله شاكِرٌ عليم ﴾ **البقرة**/158.

60.**الشكور : زۆر ستايش كەر ، سوپاسگوزار** .﴿ ومن يقترف حسنةً نزد لهُ فيها حسنا إن الله غفورٌ شكور ﴾ **الشورى**/23 .

61.**الالە : پەرستراو** . ﴿ وهو الذي في السماء الِه وفي الأرض الِه ﴾ **الزخرف**/84 .

62.**القوى : بەتوانا ، بەهێز** .﴿ إن الله قويٌ شديد العقاب ﴾**الأنفال**/54 .

---

[1] **صحيح الجامع** 135/2 **ژمارە** 1841 .

63.**الأعلى : هەرەبڵند ، ئەو پەڕی بڵندی** ﴿سبح أسم ربّكَ الأعلى﴾ **الأعلى**/1.

64.**القادر : توانادار ، بەتوانا** .﴿ قُل هو القادر على أن يبعث عليكُم عذاباً من فوقِكُم ﴾**الأنعام**/65.

65.**الأكرم : بەخشەر** ﴿ إقرأ وربك الأكرم ﴾ **العلق**/3.

66.**الكفيل : کەفیل، زامن کەر** .﴿ وقد جعلتم الله عليكم كفيلاً ﴾ **النمل**/ 91.

67.**النصير : سەرخەر ، سەرکەوتنی بەدەستە** ﴿ وكفى بالله نصيراً ﴾ **النساء**/45 .

68.**الحفي : زۆر چاکەکار ، نەرم و نیان** .﴿ إنهُ كان بي حَفياً ﴾ **مريم**/47 .

69. **الحفيظ : پارێزەر** ﴿ إن ربي على كل شيءٍ حفيظ ﴾ **هود**/57 .

70.**المقيت : بژێو گەیێن ، دەسەڵاتدار و بەتوانا** .﴿ وكان الله على كل شيءٍ مقيتاً ﴾ **النساء**/85 .

71.**الرقيب : چاودێر ، ئاگادار و پارێزەر** .﴿ إن الله كان عليكم رقيباً ﴾ **النساء**/1 .

72.**الهادی : ڕێ نیشاندەر ، ڕێ نمونی کار** .﴿ وكفى بربك هادياً ونصيراً ﴾ **الفرقان**/31 .

73.**الحسيب : لێپرسەرەوە** . ﴿ وكفى بالله حسيباً ﴾ **النساء**/6 .

74.**الصادق : ڕاستگۆ** .﴿ ذلك جزيناهم ببغيهم وإنا لصادقون ﴾ **الأنعام**/146.

75.**الوارث : میراتگر ، میراتگری هەموو شتێ** .﴿ وإنا لنحنُ نحي ونميت ونحن الوارثون ﴾ **الحجر**/٢٣.

76.**المستعان : پەنا پێگیراو** .﴿ والله المستعان على ماتصفون ﴾ **يوسف**/18 .

77.**الرب** : **خاوەن ، پەروەردگار** ﴿ الحمدلله رب العالمين ﴾ **الفاتحه**/2 .

78.**المالك** : **خاوەن ، پادشا** ﴿ مالك اليوم الدين ﴾ **الفاتحه**/4 .

79.**النـور** : **ڕونـاك كـار ، ڕێ نمـونی كـار** ﴿ الله نـــور الســـموات والأرض ﴾ **النور**/35 .

80.**غافر** : **لێ خۆش بەر** ﴿ غافر الذنب وقابل التوب ﴾ **غافر**/3 .

81.**المحيي** : **ژێنەر** ﴿ إِنَّ الَّذِي أَحْيَاهَا لَمُحْيِي الْمَوْتَى ﴾ **فصلت**/39 .

82.**العالم** : **زانا** ﴿ إن الله عالم غيب السموات والأرض ، إنهُ عليمٌ بـذات الصـدور ﴾ **فاطر**/38 .

83.**علاّم** : **زۆر زانا** ﴿ قالوا لاعلم لنا إنك علاّم الغيوب ﴾ **المائدة**/109.

84.**بديع** : **داهێنەر، بەدیهێنـەر** ﴿ بديع السموات والأرض وإذا قضى أمـراً فإنما يقول لهُ كُن فيكون ﴾**البقرة**/117.

85.**فاطر** : **دروست كار و بەدیهێنـەر** ﴿ الحمدلله فاطر السموات والأرض جاعـل الملائكة رُسُلاً ﴾ **فاطر**/1 .

86.**الجـامع** : **كۆكـەرەوە**﴿ ربنـــا إنـــك الجــامع النـــاس ليـــومٍ لاريـــب فيـــهِ ﴾**النساء**/140.

## بەشـــــــی دووەم :

## ئەو ناوانەی لەسوننەتدا هاتوون

88 . الجواد : بەخشندە

89. النظيف : پـــــاك

90 . الطيب : باش ، چاك و پیرۆزە لەکەم وکورتی وعەیب وناتەواوی

91. الشافي : شیفانێرەر ، چاککەرەوە

92. محسن : باشکار ، چاککار

93. المقدم :پێشخەر

94 . المـؤخر: دواخـەر ...(پـێش خسـتن و دواخسـتن لـە هـەر شـتێکدا لـە دەست و توانای ئەو دایە).

95. السيد : گەورە ، خاوەنی ئەوپەڕی گەورەیی.

96. السبوح : پاك لەهەموو خراپەیەك

97. رفيق : هاوەڵ ،نەرم ونیان

98. الدّيان : مل کەچ پێکەر

99. الوتر: تاك

ئەمەش لەم فەرمودانە بەدەردەکەوێ :

– " إن الله طيب يحيب الطيب ، نظيفٌ يحبُ النظافة ، كريمٌ يُحبُ الكرم، جوادٌ يُحيبُ الجود ، فنظفوا أفنيتكم ، ولا تشهبوا باليهود " [1]

---

[1] رواه الترمذى ، حديث غريب وضعفه الألباني .

- " إن الله طيبٌ لايَقبل إلا طيباً " [1]
- إن رسول الله (ﷺ) كانَ يدعوا للمريض بقولهِ " اللهم ربَّ الناس ، إذهب الناس ، أشف أنت الشاقي ، لاشِفاء إلا شِفاءك ، شفاء لايغادر سقماً" [2]
- " إن الله تعالى محسن فأحسنوا " [3]
- "..... اللهم أغفر لي ما قدمت وما أخرت وما أسررت وما أعلنت ، أنت المقدم وأنت المؤخر ،وأنت على كل شيءٍ قدير " [4]
- جاء الرجل الى النبي (ﷺ)فقال " أنت سيد القريش فقال النبى (ﷺ) السيد الله " [5]
- إن رسول الله (ﷺ) كان يقول في ركوعهِ وسجودهِ " سبوح قدوس رب الملائكة والروح " [6]
- " ...إن الله رفيقٌ يحب الرفق ويعطي عليهِ مالا يعطي على العنف" [7]
- " ... والله وترٌ يحب الوتر " [7]
- " ... إن الله ينادي يوم القيامة أنا الملك أنا الديان " [8]

---

[1] رواه مسلم .

[2] صحيح الجامع الصغير 131/3.

[3] صحيح الجامع الصغير 192/2.

[4] رواه البخاري ومسلم واللفظ للبخاي .

[5] سند أمام أحمد 24/4 .

[6] رواه مسلم .

[7] صحيح ابن ماجة 299/2 .

[7] رواه البخاري.

[8] رواه مسلم .

ئەوەی رابورد بریتی بوو لە (99) ناو جگە لەناوی (اللّٰه)[1] ، گرنگە ئاماژە بەوە بدەم لە كاتی دانانی واتا كوردیەكەدا ، بە تەواوی ڕەچاوی دەربڕینەكان نەكراوە، بۆ نمونە لە بەرامبەر: (علیم)دا ، نوسیومە زانا، كە دەبێتە بكەر(فاعل)، بەلاَم واتای (علیم) ، (زۆر زانا)، بە شێواز و سیغە موبالغەكەی .

ئەو واتا كورتەش تەنها بۆ تیشك خستنە سەرە، ئەگینا مەرج نییە پڕاو پڕبن، راڤە و لێكدانەوەشی دەبێت بەوە شێوەیە بێت كەشایستەیە بەخوای گەروە* .

---

[1] بروانە: (أسماء الله وصفاته ..) و (العقيدة في الله ..)ی عمر الأشقر ، خودا جل جلاله ، علی باپیر ، بون و ناسینی خوا لەدیدی ناوەپیرۆزەكانی یەوە ، گەنجینە.

* بۆ ئەوەی بتوانرێت بە جوانی لە واتا و مەبەستی ئەو ناوانە بگەین، گرنگە بگەڕێینەوە بۆ موسوعة الأسماء والصفات ي محمد راتب النابلسي بە هەر سێ بەرگەكەیەوە، كە نوسراوێكی زۆر بەنرخە لەم بارەیەوە.

# چەند بنەما و ڕێسایەك
# بۆ ناسینەوەی ناوەكانی پەروەردگار لە قورئان و سوننەتدا

لێـرەدا بـەكورتی چـەند بنـەما و بەنـدێك بـاس دەكـەین كـە بـە هۆیانـەوە دەتـوانین دەسـت نیشـانی ناوەكـانی خـوای گـەورە لـەقورئان وسوننەتدا بكرێت * .

یەكەم : ژماردنەكە تەنها لەقورئان وسوننە دابێت ... واتـە بـۆ ئـەو دیـاری كردنـە پشـت بـەو دوو سەرچـاوە ببەسـترێت... نـەك تـەنها لەسـەر قورئانـدا، چـونكە ئەوەشـی بەسـوننە جـێگیر بـوە بـەناو دادەنرێـت بگـرە هەندێ ناو هەیە ، لەقورئاندا هەر نی یە و لەسوننەدا هاتوە وەك ( حنّـان ، منّـان ، الشـافي ، المحسـن) مەبەستیشـمان لـە سـوننە فـەرمودە ڕاسـت و دروسـتەكانە نـەك دانـراو و لاوازەكـان (الموضـوع والضـعیف)، بۆیـە هـەرناوێك تـەنها لـە ڕێگـەی لاوازەوە پێمـان گەیشتبو نـاتوانین بڵـێین ئـەوە ناوی خوای گەورەیە ... وەكو (الأبد ، الرشید، الصبور) .

دووەم : هەرشتێ لەدەققەكان هەواڵی پـێ درابێـت مـەرج نیـە نـاوی خـوای گـەورەبێت ، چـونكە هـەواڵ دان زۆر فـراوانترە لـەوەی كـە هەریەكـە ولەو هەواڵانەی دەربارەی خوایە ناو بێت بـۆی ... وەك ئـەوەی خـوا باسـی خۆی دەكات بەوەی (.... خالق الإصباح وخالق الحب والنوی ..... محب المـؤمنین ... مـبغض الكـافرین ... عَـدوا الكـافرین ... الخ) و هـاو وێنـەی

---

* تەماشای( أسما الله وصفاتە )بكە .

ئەمانە بە ناوی خوا دابنێین ، هەرچەندە هەندێ لە زانایانیش بە ناویان داناون .. بگرە هەندێکیشیان زۆر فراوانیان بەم ناوانە داوە و بەدروستیان داناوە کە ناوی وەك (الموجود ، الشي) هەبن ، بەڵام (ابن القيم) لەوەڵامی ئەم بۆچونەدا دەفەرموێت :( مايدخل في الباب الإخبار عنهُ تعالى أوسع مما يدخل في باب أسمائهِ وصفاتهِ، كالشيء والموجود والقائم بنفسهِ ، فإنه يخبر بهِ عنهُ ،ولا يدخل في أسمائهِ الحُسنى وصفاتهِ العليا).

سێ هەم : دروست نیە لەسیفات و ئەفعالەکانی خواوە ناو وەربگیرێ ئەمەش مانای وەستان (توقيف) ی ناوەکانی خوای گەورە دەگەیەنێ بۆیە بەدروست نازانرێ ناوی خوا داتاشرێ لەکردارەکانی خواوە با لە قورئان و سوننەتیشدا هاتبن بۆ نمونە ناوترێ ئەمانە (جائي ، هاتوو ، المطعم ، خواردن دەر، کاتب ، نوسەر ، القاضي ، بڕیاردەر، المؤيد، پشتگیر ... هتد ) ناوی خودان بە داتاشین و ئیشتیقاق لەو ئایەتانەوە کە ئەم سیفەتانەیان تێدا هاتوە : وەك :

1. ﴿ وجاء ربُّك والملك صفاً صفاً ﴾ الفجر/22
2. ﴿ والذي هو يطعمني ويسقين ﴾ الشعراء/79
3. ﴿ كتب ربَّكُم على نفسهِ الرَّحمة ﴾ أنعام/54
4. ﴿ والله يقضي بالحق ﴾ غافر/ 20
5. ﴿ هو الذي أيدك بنصرهِ .....﴾ أنفال/62

هەر کاتێ بە (مقيد) ی باس لە کار و کردارێکی خوای گەورە کرا ئەوا بە بۆچونی (ابن القيم) نابێت ناوێکی ڕەها (مطلق)ی لێ داتاشرێ بۆ خوای گەورە، هەروەك چۆن هەندێ لەزانایانی دوایین (متأخرين) لەم

مەسەلەیەدا بەهەڵەدا چون لـة دانـاني هەنـدیٚ نـاوی وەك (المضـل ، المـاكر هتـد)، ئـەم جـۆرە لـە ئـەفعال و سیفاتـی خـوا .. بـەناو بـۆ خـوا دانانرێـت ، تەنها بەشێوەی هاتن و سیاقی ئایەتەکان تەعبیری لیٚ دەکرێت .

بۆ نمونـه خـوای گـەورە دەربـارەی دوو ڕوان (المنـافقين) دەفـەرمویٚ ﴿ ومكروا ومكرالله ﴾ التوبه/54، یان ﴿ نسـو الله فنسـيهُم ﴾ التوبه/67، کـە ئەمانـە بـاس لـە سـزای خوایـە بەرامبـەر هەنـدیٚ لـەو هەڵسـوکەوتانەی کـە مرۆڤـەکان ئـەنجامی دەدەن، لـە سـیاقێکی قورئـانی وادا بـەهیچ شـێوەیەك بەڕەهایی (مخـادع و مـاکر و نـاسِ ...هتـد) نادرێتـە پـاڵ خـوای گـەورە ، چ جای ناوبن بۆی ، بەڵام کاتیٚ دەدرێتە پـاڵ خـوای گـەورە دەبێـت بەمـەرج و بەنـد (مقیـد) و بـە پێـی سیاقەکەی بـاس بکـریٚ بـەوەی ئەگـەری بێـزراوی نەهێڵریٚ هەروەکو چۆن لەقورئاندا هاتوە * .

لێرەشەوە دەگەینە زابیتەی چوارەم کە دەڵیٚ :-

(دروسـت نیـە خـوای گـەورە بـەناوێك ناوبنرێـت کـە بێـزراوی یـان هەسـت بـە بێـزراوی تێـدابکرێت ) نمونـەکانی پێشـوو بـۆ ئێـرە دەشـێن، نـاکریٚ( مسـتهزيء ، فـاتن، سـخط) یـان هـەرناوێکی تـر کـە شـیمانەی ناتەواوی و نوقسانی لیٚ بکرێت بگونجیٚ وەك ناو تەرح بکرێت ، چێنەر ( زارع) ، هـاتوو (آتـي) ، بکـەر (فاعـل) بـا لـە قورئـانیش بـەو شـێوەیە هـاتبێ وەکـو ﴿ أم نحـن الزارعـون ﴾، نـاکریٚ بکرێنـە نـاو ، هـەر چـەندە زانایـەکی پایەبەرزی وەك (أان العربی المالکی)، (فاعل و زارع)ی بەناوی خـوادا نـاوە بەڵام دروست ئەوەیە ئـەم ناوانـە و هاووێنـەیان ئەگـەر بـەڕەهایی هـاتن وت

* جگە لە سەرچاوەی پێشوو سەیری ( أعلام السنة المنشورة والعقيدة في الله )بکە .

**ایبەت نەکران بەسیفەتی کەماڵەوە ئەوا هیچ مەدحێکی تیا نیە با لە هەندێ سیاقیشدا بەمەدح هاتبێت هەروەك دەفەرموێت﴿** كما بدأنا أول خلقٍ نعيدهُ وعداً علينا إنا كُنا فاعلين ﴾ **أنبياء/104 ، هەروەها دەفەرموێ ﴿** أفرأتيم ماتحرثون أأنتم تزرعونهُ أم نحن الزّارعون ﴾ **الواقعة/63-64.**

**(أبن العربي ) (رابع ثلاثة) و (سادس خمسة) شی بەناوی خواوە داناوە بەپێی ئەو ئایەتەی دەفەرموێت ﴿** ألم تر أن الله يعلم مافي السموات والأرض مايكون من نجوى ثلاثة إلا هو رابعُهم ولاخمسة إلا هو سادِسُهُم ﴾**المجادلة7/، دیارە ئەمەش هەروەکو (د.عمر أشقر) دەڵێ شتێکی هەڵەیە ئایەتەکەش ئەو مانایە هەڵناگرێ و لەخۆی ناگرێ .**

**پێنجەم :دروست نیە ناوەکانی خوا لە (99) ناو کەمتر بن لەبەر ئەوە پێغەمبەر خوا ﷺهەواڵی پێداوین کە خوای گەورە (99) ناوی هەیە ، هەرکەسێ بیانـژمێری دەچێتە بەهەشتەوە ، خوای گەورەش هەواڵی پێداوین کە ناوی جوانی هەیە و فەرمانی پێکردوین پێی بپاڕێینەوە ، جا ئەگەر ئەو ناوانە لە قورئان و سوننەتدا نەبن و نەتوانرێت بناسرێن چۆن دەتوانین پێی بپاڕێینەوە و بیانژمێرین ، خۆئەگەر کەسێك کەمتر لەو (99) ناوەی ژماردبێت و نەیتوانیبێت بیگەێنێتە ئەو ژمارەیە ئەوە بەهۆی لاوازی بەدوا داچون و ئیستقرا کردنیەوەیە لە دەقەکانی قورئان وسوننە .**

**شەشەم :- هەرناوێ نەتوانرێ پێی بپاڕێتەوە ئەوا ناوی خوا نیە : ناوەکانی خوای گەورە هەمویان دەتوانرێت پێیان لەخوا بپاڕێتەوە جا ئەگەر ئەو ناوەی نەتوانرێت پێی بپاڕێیتەوە ئەوا دروست نیە بەناوی خوا دابنرێت ، چونکە هەرخۆی داوای کردووە پێی لەخۆی بپاڕێینەوە جا**

بۆیـه دروسـت نیـه (الـدّهر ، الأبـد ، الأمـد ، البرهـان ، الـداعي ، الـداري ، الزارع، الرضا ، السخط ، الشيء، القاضي ، المستمع ، المتكلم ، الثابت ، الجاعـل ، السـريع ، العـين ، الغيـور ، الكـامن ، الفاعـل ، الفعـال ، القاتـل ، الكائن ، الماهد ، الكاشف ، المبرم ، المتم نوره ، النفس ....) بەناوی خوا دابنرێن .

هەرچەندە ئەبیٚ ئەوە لەیاد نەکەین ، پاڕانەوە لەخوا تـەنها تایبـەت نیە بەناوەکانیەوە و سیفات وئەفعالەکانی دەگرێتـەوە ، بـەڵکو دروستە بـە سیفات و ئەفعالەکانیشی بپاڕێیتەوە بۆ نمونە بوتریٚ ئەی ڕاخـەری زەوی (یا داحي الأرض ) یـان ئـەی بڵـند کـەرەوەی ئاسمـان (یـارافع السمـاء) یـان ئەی داگری باران ( یا منزل الغيث) یان ئەی ڕزگار کاری باوەڕداران ... کە نمونەی ئەم باسە لە سوننەدا زۆرە .

دروسـتی بـانگ کـردن بـەو سـیفات و ئەفعالانــه ئــەو زابیتەیــە هەڵناوەشێنێتەوە کـە وتـرا : هـەر ناوێك قبـوڵی پـیٚ پاڕانـەوە نـەکات ئـەوا لەناوەکانی خوا نیە ، چونکە ئەمە واتای نا دروستی پاڕانەوە بەسیفات و ئەفعالەکان ناگرێتەوە .

هەنـدیٚ لەوانــەش پێشــوو تــر هێنامــانن نــەك هــەرناو بگــرە ســیفات و ئەفعالیش نین بۆ خوا و بەڕەهایش نادرێنە پالٚ خوا .

حەوتەم : ئەوەی سیفەتە بۆ کردار و خوا یا سیفەتی ناوەکانێتی ، بەناوی خوا دانانریٚ ، نمونەی ئەمەش : ( شديد العقاب ، سريع الحساب ، سريع العقـاب ، شـديد المحـال ، رفيـع الـدرجات )ە چـونکە (شـديد ) و( سـريع ) لەسـیفەتی کـردار و ئەفعالـەکانی خوایـە و لەمانـەش دا جیـاوازی نیـە لـە

نێوان (إن الله شديد العقاب ) و( سريع العقاب) و (شديد المحال ) و (سريع الحساب) و لە نێوان ئەوەی دەڵێین ( إن عقاب الله شديد ) هەروەها (عقابە سريع )، (محاله شديد)، (حسابه سريع)، (درجاته رفيعة)[1] .

كەواتە ئەوەی خەبەرە دەربارەی سیفەتی كردار و فەرمانێكی خوا یا وەسفی ناوێكی خوا دەكات مەرج نیە ناو بێت بۆ خوای گەورە .

هەشتەم : ئەو ناوانەی یەك مانایان هەیە و وشەكەیان جیاوازە هەریەكەیان بۆ خۆی ناوێكی سەربەخۆیە . كەواتە ئەو ناوانەی ماناكانیان وەك یەك یا نزیكن لە یەكەوە لە بازنەی ناوی خوا دەرناچن بە پاساوی ئەوەی ئەمە دوبارەیی تێدایە، هەر چەند شتی لەم شێوەیەش كەمە، كەواتە (الرحمن الرحيم ) دوو ناوە نەك یەك ناو( القادر، المقتدر، القدير) سێ ناوە هەریەكەشیان ناوێكی سەربەخۆن .

إبن حجر ئاماژە بەم ڕاستی یە دەكات و لە (أبو العباس بن معد) دەگێڕێتەوە كە ووتویەتی (ناوەكانی خوای گەورە بریتی و بەرابەر (مترادف)ی یەكدی نین و هەر ناوێكیشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، هەرچەندە هەندێكیان لەگەڵ یەكتردا لە واتادا یەكبن ) * .

لای هەندێكیش ئەو ناوانەی لەگەڵ وشەی تردا دووبارە بونەتەوە بەپێی (إضافة)كردن و نەكردنیان بەناوی سەربەخۆ دادەنرێن بۆ نمونە (الرب) (رب المغربين) و (رب الملائكة والروح) و (رَّب الناس) و(رَّبنا ورَّب كل شيء) یان كردوە بەچەند ناوێك ، كەلەڕاستی دا ئەمانە یەك ناون كە

[1] إيثار الحق من ـــــ أسماءالله وصفاته.

* هەمان سەرچاوەی پێشوو .

ئەویش خاوەن یا پەروەردگار (ربَ)ە نمونەی تریش بۆ ئەمە کەیەك ناوە و بەچەند ناوێك دانراوە بریتیە لە ( واسع المغفرة) ، (واسع) ، (بديع السموات والأرض) (البديع) ، (النور) ، (نعم الوكيل) ، (الوكيل) ، (نعم القادر) ، (القادر) ، (نعم الناصر) ، (الناصر)ە .

نۆیەم : دروست نیە ناوە وەپاڵ دراوەکان (الأسماء المضافة ) لە بازنەی ناوە جوانەکانی خوای گەورە هەڵاوێردرێن ئەگەر لەقورئان و سوننەتدا هاتبون. بەم پێیەش هەندێ ناو لەناوەکانی خودا بە بیانوی ئیزافە بونیەوە لەناو دەرناکرێن بۆ نمونەناوترێت( عالم ، مالك ، بديع ، نور ، غافر ، علاّم ، فاطر )ناوی خودا نین ، چونکە ئیزافەکراون وەك لە ( عالم الغيب والشهادة ، بديع السموات والأرض ، غافر الذنب ، علام الغيوب ، فاطر السموات والأرض ) دەیبینین.

لێرەدا تەنها مەسەلەی ئیزافەکردنەکە کراوەتە بەڵگە بۆ ، کە ناکرێ بەبەڵگە دابنرێت ، چونکە هیچ ئیشکالەتێك لەوەدا نیە کە ناوەکانی خوا (مضاف )بن ، ئەوەندە بەسە کەبزانین یەکێك لەناوە بەرزەکانی خواکە (ربّ) ە لە هەموو قورئاندا هەر بە (إضافة)یی هاتوە ، کە زۆربەی پاڕانەوە و لاڵانەوەکانی مرۆڤ بەهۆی ئەم ناوەوە دەردەبرڕێن .

دەیەم :– بۆ ئەوەی وشەیەکی قورئانی بە ناوی خوای گەورە دابنرێت ، دەبێت دروست بێت و بگونجێت ناوی (عبد) بخرێنە پاڵ:

دیارە دروست نیە ، ناوی بەندە بخرێنە پاڵ جگە لە ناوەکانی خوا جا هەر ناوێك دروست نەبێت و نەگونجێ ناوی بەندە(عبد) ی بخرێتە پاڵ ئەوە ناوی خوا نیە بۆیە دروست نیە بەندەکان (مرۆڤەکان ) بە (عبد الزارع و

عبد السخط و عبد القاضي و عبد المبغض و عبد المتكلم و عبدالقائم و عبد المنزل ...) ناوبېرێت ئەمەش بەڵگەیە ئەمانە و هاو وێنەیان ناونین بۆ خوای گەورە .

یانزەهەم : ناوە (جامد) ە کان بەناوی خوا دانانرێت ، چونکە ئەم ناوانە مانایەکی وا لەخۆ ناگرن کە بگونجێ بەناوی خوا دابنرێن ، لەبەر ئەوەی ناوەکانی خوا هەم عەلەمن و هەم وسیفەتیشن .

بەم پێیەش ( الدهر ، الأبد ، الشيء ، العين ... ) ناو نین بۆ خوا (دهر) و (أمد) و(أبد ) ناوی زەمەن وکاتن ، هەر وەکو خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی زیندوو بونەوەیان ئینکار دەکرد دەفەرموێ ﴿ وقالوا ماهي إلا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا إلا الدهر ﴾ الجاثية/24 ، دەیانوت ژیان هەر ژیانی دونیایە و ئەمرین و ئەژین تیایدا ، ئەوەی لە ناومان ئەبات تەنها زەمەن و کاتە .

لەوانەش بوترێ ئەی چی دەڵێن دەربارەی ئەو فەرمودەیەی کە لە (صحيح ) ی بوخاریدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە خوای لێ ڕازی بێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی " لاتقولوا ياخبيثة الدهر فإن الله هو الدهر " [1].

یان ئاماژە بەوە دەکات نابێ جنێو بە (دهر) بدرێت چونکە خوا (دهر)ە کە ئەمیش هەر لە (أبوهريرە)ە وەیە بەڵام (مسلم) ڕیوایەتی کردوە هەروەك دەفەرموێ ( يسب أحدكم الدهر ، فإن الله هو الدهر ) [2].

---

[1] مشكات المصابح 567/2 – رقم الحديث :4763 .

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، رقم الحديث 4764 .

هەروەها لە فەرمودەیەكی قودسیدا هاتوە كە هەمان مەبەست دەر دەردەبڕێ كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕێتەوە كە خوای گەورە فەرمویەتی: (یؤذینی ابن آدم بسب الدهر وأنا الدهر ، أقلب اللیل والنهار) كە مەبەست لەم فەرمودانە ئەوەیە كە هۆ و وەگەڕ خەری ڕوداوەكانی ڕۆژگار واتە (دهر) خوای بەرز و بالاَیە نەك ڕۆژگار ، هەربۆیە دروست نیە هیچ شتێك بدرێتە پاڵ ڕۆژگار ، كەوابوو نابێ جنێویشی پێ بدرێ و سەرزەنشت بكرێ ، چونكە هەموو شتەكان بەدەستی خوایە ، وەكو ئەوە وایە جنێوەكە بەخوا بدرێ ، چونكە هەر خوایە سەرچاوەی بەخشین و نەبەخشین ، بەرزكەرەوە و داگرتن ، گۆڕەری شەو و ڕۆژ و ...هتد .

ئەگینا ناوی ( الدهر ) ناوێكی (جامد )ە مانایەك ناگرێتە خۆی كە پەیوەست بكرێ بەناوە جوانەكانی خوای گەورەوە .

هەروەها لە سیاقی دەققەكانیش ئەوە بەدەر دەكەوێ كە (دهر) ناوە بۆ ڕۆژگار ، هەروەكو لەئایەتی پێشوو دا دیار و ئاشكرایە ﴿ ... وما یهلكنا إلا الدهر ﴾ كەمەبەست تێپەڕینی شەو و ڕۆژە ، ئەوەشی لە فەرمودەكاندا هاتبو هەر سەردەم و ڕۆژگار دەگرێتەوە ، هەر وەكو ئیمامی (بغوي) لە(شرح السنة) دەیهێنێ و بەم شێوەیە ڕاڤەی ئەو فەرمودایە دەكات (فەرمودەیەكی صحیح )ە و هەردوكیان ( بخاري و مسلم) لە ڕێگەی (معمر) ە وە لەچەند ڕێگەیەكەوە هێناویانە لە ئەبو هورەیرەوە، واتاكەشی ئەوەیە (عەرەب حاڵی وابوو سەرزەنشتی ڕۆژگاریان دەكرد بەوەی جنێویان پێداوە لەكاتی ڕوداو و كارەساتەكاندا).

**لـە بـەر ئـەوەی ئـەو موسـیبەت و ناخۆشـیانەیان دەدایـە پـاڵی و ئـەیانوت ڕاچڵەکێنەرەکانی ڕۆژگار یان موسیبەت ، یا ڕۆژگـار و زەمانـە بنــەبڕی کــردین ، وە کــاتێکیش ئــەو کارەســاتانەیان دەدایــەپاڵ ڕۆژگــار لەوێوە جنێویـان بـە بکـەر (فاعل) ی ئـەو ڕوداوانـە دەدا ، ئەمـەش مانـای جنێـودان بوو بەخوای گەورە ، کـە بکـەری ڕاستەقینە بوو ، وەگەڕخـەری ئەو شتانەیە کە ئەوان بۆ ڕۆژگاریـان هەڵدەبەست ، بۆیـە نـەهیان لێ کـراوە کە جنێو بە ڕۆژگار بدەن ...[1].**

**لەهـەمان کاتـدا مانـای ( وأنـا الـدهر) بـە (بیـدي الأمـر أقلـب الليـل والنهار) لێك دەدرێتەوە ، هەموشتێ بەدەست خوایە و هەر ئەویشە شەو و ڕۆژ ئـەگۆڕێ... وەنـاگونجێ (مُقَلِـب ) کـە مەبەسـت خوایـە) (مقلَّـب) بێـت کەشەو و ڕۆژە[2] .**

**دوانزەهــەم : ئــەوەی کــە لــەقورئان و ســوننەدا (ذو) یــان لەگەڵــدا بەکارهاتوە یائەوەتانێ (ذو)ە کە دراوەتە پاڵ سیفەتێکی خـوای گـەورە یـا کــردارێ لــەکردارەکانی یــان ئــەوەتا دراوەتــە پــاڵ دروســت کــراوێ لــە دروستکراوەکانی ، لەم حاڵەتەدا ئـەم ئیزافەیـە مـەدحێکی گـەورەی تێدایـە بۆ خـوا و دەکـرێ پێـی لـەخوا بپاڕێینـەوە بـەڵام ناچێتە بازنـەی ناوەکـانی خوای گەورە لەسەر ڕای بەهێز(راجح) هەروەکو (عمر ألأشقر) ئاماژەی پـێ دەدا ، چـونکە مانـای (ذو القـوة) و( ذو الرحمـة) و(ذو الکبریـاء) بـەواتای**

---

[1] فتح المجيد شرح الکتاب التوحيد .

[2] مَقَلب : بەکەسرە بکەر (فاعل)ە و مُقَلَب : بە فەتحە بەرکار (مفعول)ە.

خاوەنی هێز و بەزەیی و زۆر گەورەیی دێت ، کەواتە (ذو) بەمانای خاوەن دێت .

جا ئەو ناوانەی بەم شێوەیە هاتون سیٚ بەشن :–

یەکەم : دراوەنەتە پاڵ سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوای گەورە کەئەمەش دووجۆرە :–

جۆری یەکەم : لە بەرامبەر ئەو سیفەتانە چەند ناوێك هەن ، هەر وەك دەقی لەسەر هاتوە وەك :–

| سیفەت | ناو |
|---|---|
| ذو الرحمة | الرحمن الرحيم |
| ذو القوة | القوي |
| ذو الجبروت | الجبار |
| ذو الملكوت | الملك |
| ذو الكبرياء | الكبير |
| ذو العظمة | العظيم |

جۆری دووەم : لەگەڵ چەند سیفەتێکدا هاتووە کە ناویان لە بەرابەردا نییە چ لەکیتاب چ لەسوننە وەکو ( ذو الطول ، ذو الفضل ، ذو الجلال والإكرام ...)، ئەمانە (ذو) یان دراوەتە پاڵ و بە ئاشکرایش ناویان نەدراوەتە پاڵ .

دووەم : لەم بارەدا (ذو) دراوەتە پاڵ کرداریٚ لە کردارەکانی خوای بەرز و بالاٚ ، ئەوەش وەك ( ذو عقاب أليم ) .

سێ هەم : دراوەتە پاڵ هەندێ لە دروست کراوەکانی کە تەنها ناوێکە (ذو العرش) واتە خاوەنی عەرش کە مەبەست خوای گەورەیە .

سیانزەهەم : ئەوەی لەسەر شێوازی (أفعل) ی (تفضیل) هاتوە .

ئەو ناوانەی کە لەسەر شێوازی (أفعل) ی (تفضیل) هاتوون بەبێ ئەوەی ئیزافە کرابێتن، ئەوا بەناوی خوای گەورە دادەنرێت وەك (الأعلى ، الأكرام) بەلأم ئەگەر لەسەر ئەم شێواز و سیغەیە هاتبن و موزافیش بن ، ئەوا هەرچەندە مەدحی گەورەن بۆ خواو وەسفی خوای پێ دەکرێ و دروستە پێی بپاڕێینەوە ، بەلأم لەسەر ڕای بەهێز(راجح )[1] بەناو دانانرێت وەکو (أرحم الراحمين ) ، (أحكم الحاكمين) ، (أسرع الحاسبين) ، (أحسن الخالقين ) ، (خير الفاصلين) ، (خير الرازقين) ، (خير الناصرين...). کە هەریەك لەمانە بەڵگەی تەواوی کەماڵی خوای گەورەن ، بەنیسبەت خواوە تەواوێتی ڕەهایە .

بۆ دەلالەت لەسەر ئەم مانایەش دروستە لە سیفاتە جێگیرەکانی خوای گەورەوە ، لەسەر سیغەی (أفعل) ی (تفضیل)ی ناوو سیفات داڕێژرێ ئەگەر لە قورئان وسوننەش دا نەهاتبێت [2] وەکو الأعظم ، الأقوى ، الأعلم ، الأقرب ، الأكبر .

خاوەنی (معالم التوحيد) بەکورت کراوەیی لە (روح المعانى)- ئالوسی یەوە بۆچونێك دەهێنێ لە سەر ئەوەی کە (زانایان ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی دروستە هەر ناو وسیفەتێك بدرێتە پاڵ خوای گەورە

[1] ئەم (ترجيح) ەو ئەوانەی پێشوش خاوەنی ( أسماء الله وصفاته ...) داوێتی.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

ئیزنـی (شـارع)ی لەسـەربێ ، بەپێچەوانەشـەوە ئەگـەر مـەنعی لەسـەربوو (واتـە نادروسـتە)، جیاواز و ناكۆكیشن لـەو حاڵەتـەی كـە نـەئیزن هەیـە و نەمـەنع ، بەمـەرجێ ئـەو ناونانـە كـەم وكـورتی نەدەگایانـد و هەسـت بـە مەدحیشـی تیـادا دەخوێنرایـەوە ، لـەم حاڵەتەشـدا زۆرینـەی زانایـان بـە ڕەهایی مەنعیان كردوە ئەو ناوو سیفاتانە بدرێتە پاڵ خوا وەك ترسێك ، دەسـتەیەك لـەزانایانی دوواینـیش ئـەم ڕایـەی جمهوریـان پەسـەند كردووە...) [1].

لەم جۆرە بابەتانەدا گرنگ و پێویستە ئاگاداری شێوازی قورئان بین و لە سایەی ئەودا ڕەفتاركەین لەگەڵ ئەو ناوانەدا، بۆنمونە تۆڵە سێنەرەوە (المنتقم) بەدوو شێوە هاتوە :

1) لەگـەڵ ووشـەی (ذو)دا هـەروەكو خـوای گـەورە دەفـەرموێ ﴿.... والله عزيزٌ ذو انتقام ﴾ مائدة/95.

2) بەموقەیـەدی هـاتووە لەگـەڵ (مجـرمین)دا ... وەك خـوای گـەورە دەفەرموێ ﴿ إنا مـن المجرمين منتقمون ﴾ سجده/22.

ئاگـاداربون لـە شـێوازی داڕشـتن و هـاتنی ئـەو وشـانەی دەدرێنـەپاڵ خوای گەورە پێویستە... هەندێ جار ناو و سیفات و فیعلی خوایە و جار

---

[1] ئەمەدەقە عەرەبیەكەیەتی (إن العلماء اتفقوا على جواز أطلاق الأسماء والصفات على الباري تعالى إذا ورد بها الإذن من الشارع ، وعلى امتناعهِ إذا ورد المنع منهُ واختلفوا حيث لا إذن ولا منع ولم يكن اطلاقهُ موهماً نقصاً في حقهِ تعالى ، بل كان مشعراً بالمدح فمنعتهُ جمهور أهل الحق مطلقاً للخطر ، واختار جمع من المتأخرين مذهب الجمهور ...)معالم التوحيد

بە جار هەندێ جیاکاری (استثناء) ی تێدایە و جاری واش هەیە مەرج و بەندی تایبەتی تیادا ڕەچاو دەکرێ ، هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد.

# مەزنترین ناوی خوا (اسم الله الأعظم)

هـەموو ناوەکـانی خـوا لـەو پـەڕی جـوانی دان و سیفاتەکانیشـی ئەوپەڕی تەواوێتی لەخۆدەگرن ، ناوەکانی خـوای گـەورە لـە هـەمان کاتـدا سیفاتیشـن بـۆی، هـەموو ئـەو نـاوو سـیفەتانەش وەکـو یـەك نـیین، (ابـن تیمیـە) تێبینـی ئـەوەی کـردوە [1]، کـە تەنانـەت لـە تـەنها سـیفەتێکدا لەوانەیـە لەپلـەدا جیـاوازی هـەبێت ، بۆنمونـە ڕازی بـونی خـوا بـۆ پێغەمبـەران (علـیهم الصـلاه والسـلام) گـەورەترە لـە هـی کەسـانی تـر و گوفتـاری خـوا بـۆ هەنـدێ لـە بەنـدەکانی کامـڵ تـرە وەك لـە هـی هەندێکیان...هتد .

ئامـاژەی رون و ئاشکرا هەیە بۆ ئەوەی خوای گەورە ناوێکی مـەزن و بـەرزی هەیـە کـە خـاوەنی تایبەتمەندییـە و جیـاوازی هەیـە لـە گـەڵ ناوەکانی تردا ، ئەگەر پێی بپاڕێینـەوە داواکـەمان لێ وەردەگیرێ و ئەگـەر داوای شـتێکی پـێ بکـەین پێمـان دەدرێت. هەرلـەم بارەیـەوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەچـەندەها فـەرمودەی جیـاوازدا باسـی ئـەوە دەکـات کـە خـوای گەورە ناوێکی زۆرمەزنی هەیە .. ئەمەش دەقی هەندێ لەوفەرمودانەیە[2] .

---

[1] مجموع الفتاوى شيخ الإسلام 212/17ـــــ أسماء الله وصفاته .

[2] سەیری تحفة الذاكرين والعقيدة في الله العقائد الاسلامية ،سيد سابق وعەقائیدی ئیمام بەننا بکە ... جگە لەسەرچاوە پێشوو.

1- ( ترمذي) و( أبو داود) (ابن حبان) و(حاكم) بەڕچەیەکی دروست و ڕاست لە (بريدة الأسلمي) یەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستی پیاوێك ئەپاڕایەوە و دەیوت : (اللهم إني أسالك بأني أشهد أنك أنت الله لا اله الا أنت الأحد الصمد الذي لم يلَد ولم يولد ولم يكن لهُ كفواً أحد ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : ( سوێند بەو کە سەی نەفسی منی بەدەستە بەمەزنترین ناوی خوا پاڕایەوە ، ئەوەی کە ئەگەر پێی بپاڕێیتەوە وەردەگیرێت و ئەگەریش پرسیاری پێ بکەی پێت دەدرێت).

2- هەروەها ( ترمذي ) و(نسائي) و ( أبو داود) و (ابن حبان) و (حاكم) بە ڕچەیەکی دروست (صحيح) لە (أنس) یان گێڕاوەتەوە کە کاتێ ئەنەس لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتوە لەو کاتەدا پیاوێك نوێژی ئەکرد ، دوایی پاڕایەوە و وتی : ( أللهم إني أسألك بأن لك الحمد لا إله الا أنت المنان ، بديع السموات والرض ، ياذا الجلال والكرام ، ياحي ي قيوم )، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ( بەڕاستی بەمەزترین ناوی خوا پاڕایەوە ، ئەوەی کە گەر پێی بپاڕێتەوە وەردەگیرێت ، ئەگەریش پرسیاری شتێکی پێ بکەی پێی دەدرێت ) .

3- لە (سنن) ی (إبن ماجة) و(مستدرك) ی حاکم و(معجم) ی (الطبراني الكبير) بەڕچەیەکی (صحيح ) لە (أبي أمامة ) وە هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : (ناوی خوای زۆر مەزن ئەوەی گەر پێی بپاڕێتەوە وەردەگیرێت لەسێ سورەتی قورئاندا هەیە ( البقرة ، آل عمران ، طه ) کە (ترمذي ) و (أبو داود) و(أبن ماجة)و(دارمي)

بەرچــەیەكی (صــحیح) لە(ئــەسمائی كچــی یزید)یانــەوە گێڕاوەتــەوە ئایەتەكانی البقرة ، آل عمران دیاری دەكات ئەسما لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرمویەتی : (ناوی خوای مەزن لەم دوو ئایەتەدایە ﴿ وإلهكم إلـه واحـد لا إلـه إلا هـو الـرحمن الـرحيم ﴾ ی البقره و سەرەتای سورەتی آل عمران ﴿ الم (1) اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّـا هُـوَ الْحَـيُّ الْقَيُّـومُ ﴾[1] ئیمام بـەننا لـە عەقائیدەكەیـدا بـاس لـەوە دەكـات كـە كـاتیٚ سـەرنجی ئـەم فەرمودانە و جگە لەمانەش دەدەین ئەوە بەدی دەكەین كە بەشێوەیەكی دیـاریكراو مـەزنترین نـاو دەسنیشـان نـەكراوە ... زانایـانیش بـەپێی جیـاوازی بەڵگـەكانیان و بـەپێی سـاغ بونـەوەی فـەرمودەكان لایـان لـە بارەی دیاریكردنی مەزنترین ناوەوە ڕای جیاواز و جیاجیا یان هەیـە و دەگاتە نزیكەی چل ڕایەك، ئەوەی ئەو لەم فەرمودە پیرۆزانە و لەڕای زانایانی بڕوا پێكراوی نەتەوەی ئیسلامی یەوە وەری دەگرێت ئەوەیە كـە : مـەزنترین نـاوی خـوای تـەعالا ئەگـەر مـرۆڤ پێـی بپاڕێتـەوە لەگـەڵ هەلو مەرجی پێویستی دوعا گیرابووندا ، خـوای تـەعالا دوعاكـەی گیرا دەكـات، ئەمـە لـە چـەندەها جـیٚ و لـە چـەندەها فـەرمودەی پـیرۆزدا ڕاگەیـەنراوە ئەگـەر ئـەم بۆچـونەمان سـەلماند و ئـەم حەقیقەتـەمان لـەلا جـێگیر بـوو ئـیتر ئـەوەی كـە هەنـدیٚ كـەس لـەم بارەیـەوە دەیلێـت و دروسـتی دەكـات كـە گوایـە ڕازێكـە لـە ڕازەكان(سـر مـن أسـرار) و توانایــەكی عــەجیب بەهەنــدیٚ كــەس دەبەخشـێت و تەلیســمی پــیٚ دەشكێنێت و داخراوەكانی پیٚ دەكەنەوە و كاری موعجیزە ئاسـای پیٚ

[1] فەرمودەی تریش هەیە بۆ زیاتر لێكۆڵینەوە بڕوانە ( تحفة الذاكرين ).

**ئەنجام دەدەن و تایبەتمەندییەکی وەهایان پێدەبەخشێت کە بۆ جگە لەوان نابێت و دەست نادات ، ئەمانە هەموی زیادەن و نەخوا شتی وای فەرموە ونەپێغەمبەر (ﷺ) [1].**

**وەك ئاماژەی پێی کرا ئەم دیاری کردنە ڕای جیاواز لێکەوتووەتەوە لەناو ئەو زانایانەی کەڕایان لەسەربونی ( مەزن ترین ناو هەیە )[2] کە زۆرینەی ئەو زانایانە هەندێ (جگە لەوەی باسمان کرد و ئیمام بەننا ئاماژەی پێکرد) دەفەرمون ئەو ناوە (اللّٰه) یە ، یا (الرحمن)ە و هەندێکیان دەفەرمون ئەو مەزنترین ناوە پێك هاتوە لەچەند ناوێك و هەندێکیش دەفەرمون ئەوە (اللّٰه ، الرحمن ، الرحیم)ن ، بە (حیَّ القیوم) و( حنان و منان و بدیع السموات والارض ذو الجلال والإكرام ) یش لێك دراوەتەوە**

---

[1] عەقائید ، وەرگێڕانی حەسەن پێنجوێنی .

[2] هەندێ لەزانیان ئینکاری ئەوەیان کردووە کە فەزڵی هەندێ ناو بدرێ بە سەر هەندێکی تردا لەوانە (أبو جعفر الطبري وأبو الحسن الأشعري، أبو حاتم ، ابن حبان ، باقلاني ... ) هەندێ لەزانایانیش ئەم ئەم بۆچونەیان داوەتە پاڵ ( ئیمام مالك ) یش بەڵگەی ئەمانیش ئەوەیە کە ئەم فەزڵ و دانە وا لە بیسەر دەکات کە فەزڵ بەسەردا دراو بەکەم وکورت ببینێ ... بۆیە هەموو ناوەکان هەر بە مەزنترین ناو دەبینین و گەورەیەکەیشی لەپاڕانەوەی بەردەوام بەناوەکانی خواوە بەدەست دەکەوێ کە گیرا بوونی پاڕانەوە کەیە ...
بەلأم دیارە .. ناوەڕۆك و کاتی ووتنی فەرمودەکان ئەم ڕایە بەدوور دەگرن .. چونکە پێغەمبەری خوا (صلی اللّٰه علیه وسلم) بۆ کەسانێك لە هاوەڵانی فەرمووە کە پاڕانەوەیەکی تایبەتیان کردووەن یا ئاماژەی کردوە بۆ چەند دەقێکی قورئانی دیاریکراو ئەمە جگە لەوەی ئاماژەی ڕوون هەیە بەوەی کە ناوەکانی خوای گەورە هەمووی مەزن و گەورە و بێ لەکەن .. سیفەتەکانیشی لەوپەڕی تەواوی و بەرزی دان .سەیری ( أسماء اللّٰه وصفاته) بکە .

**ئەمە جگە لە پاڕانەوەی ﴿ الله لا اله الا هو الأحد الصمد، الذي لم يلد ولم يكن لهُ كفواً أحد﴾ .**

**(ابن تيميه)یش (الحي) بەو ناوە داناوە و واشی دەبینیٚ ئەم ناوە پێویستە بۆ ناوەكانی دی و بناغەیە بۆیان ، هەر بۆیە گەورەترین ئایەتێك لەقورئاندا ئایەتولكورسییە ﴿الله لا اله الا هو الحي القيوم...﴾ البقرة/255.**

**لەناو ئەم ڕایانە و جگە لە مانەش عمر الأشقر مەزنترین ناوی خوا بە (الله) دادەنیٚ لەبەر چەند خاڵیٚ [1] :-**

**یەكەم / بە بەڵگەی ئەو فەرمودانەی كە ئەم ناوەیان دیاریكردوە، بەسەیركردنێكی ئەو ناوانەی لەو فەرمودانەدا هاتون و پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوین كەمەزنترین ناوی خوای تیایە دەبینین (الله) تاكە ناوە كە لە هەمویاندا هەبن .**

**دووەم / ئەم ناوە لە هەموو ناوێكی تر زیاتر لە قورئاندا دووبارە بوەتەوە كە (2602) (980)جار بە(مرفوع)ی و (594)جار بە (منصوب)ی و (1125)جار بەمجروری و پێنج جار بەو تەعبیری (اللهم)ە هاتوون. بەڵام ناوی (الرحمن) تەنها (57) جار هاتوە، (الرحيم)یش بۆ خوا (114)جارە و (الحیّ)یش بۆ خوا تەنها (5) جار هاتوە .**

**سیٚ یەم / ئەم ناوە گەورەترین و كۆنترین ناوی خوایە و هەموو ناوەكانی تریش مواتا و ڕاڤەكەیان بۆ ئەم ناوە دەگەڕێتەوە ، حەقیقەتی ناوی (الله)ش ئەوەیە كە خوا خۆی تاك و تەنهایە لە زات و سیفات و**

---

[1] **هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

ئـــەفعالی دا و وێنـــەی نـــی یـــە ، ئەمـــەش بـــۆ خـــوا حەقیقـــەتی خوایەتی(ألوهیە)یە .

چوارەم / ئەم ناوە بەهیچ کلۆجێ نەبڕدراوەتە سەر جگە لەخوا و هیچ کەسێکیش جورئەتی ئیدیعا کردنی نی یە مەگەر کەسانێکی وەکو (فیرعەون) کە نزمترین و گومڕاترین کەسە .

(شیخ أحمد شرباصي) دەفەرموێ (الله) ئەو ناوەیەکە تەنها پەیوەستە بەخوا و تایبەتە پێیەوە و کردویەتی بە یەکەم ناوی و ناوەکانی تریشی داوەتە پاڵ ئەم ناوە و نەیداوەتە پاڵ ناوەکانی تری ، هەرچی لە دوایەوە دێ وەسف و سیفەتە بۆی ، ئەم ناوەشە کە دەلالەتی عەلەمی هەیە لەسەر خوای بەهەق و دەلالەتە بۆ گشت ناوە پیرۆز و جوانەکانی خوای تاك وتەنها. دەوترێ ناوە جوانەکانی خوا ناوی(الله)ن بەلاّم ناوترێ ناوە جوانەکان لە ناوی (الرحیم) یان (الغفور)ن [1].

[1] موسوعة الأسماء الحُسنى 1/ 15ـــــ أسماء الله وصفاته، عمر الأشقر

# ناوەكانی خوا سەرناو( علم ) و ئاوەڵناو( صفة )ن

هەریەك لە ناوەكانی خوای گەورە **سەرناو(علم)ن** بەو پێیەی دەلالەت لەسەر خودی خوای گەورەدەكەن ، لە هەمان كات دا **ئاوەڵناو(صفة)ن** بەپێی ئەو ناوەڕۆكەی هەڵیانگرتووە .

كەواتە بەپێی دانانی یەكەم ، هەریەكێ لەناوەكانی خوای گەورە دەلالەتە لەسەرخودی خوای گەورە خۆی بۆ نمونە كە دەڵێین (الحي) مەبەستمان خوایە بە هەمان شێوە كاتێ دەڵێین (العلیم) و (الرحیم) و (السمیع)... هەر یەكە لەمانە و هاو وێنەیان دەكرێت ببنە (عەلەم ) بۆ ناوی (الله) واتە لەجیاتی ئەوەی بڵێین (یاالله)، ئەی خوایە، دەتوانرێ بوترێ(یاحي ، یاعلیم ، یاحلیم ...).

له هەمان كاتدا هەریەكەشیان دەلالەت لەسەر مانایەكی تایبەتی و جیاواز لەوی تر دەكەن و هەر ناوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نمونە : (الحي ، العلیم ، الرحمن ، الرحیم ، السمیع ، البصیر ، العزیز ، الحكیم ... ) هەموو ناون بۆ خوای گەورە بەڵام واتای (الحي) هەمان مانای (العلیم) و العلیم هەمان مانای (القدیر)ی نی یە. (الرحمن ، الرحیم ) كە واتاكەیان لێك نزیكە و دەلالەت لەسەر بەزەیی دەكەن ، جیان لەڕووی واتاوە لە (القدیر) كە دەلالەت لەسەر بەتوانایی خوای گەورە دەكات ، هەرچەندە

گونجاوە چەند ناوێك واتاکانیان لێك نزیك بێت بەڵام هەریەکە لەو ناوانە بۆنمونە (القادر ، القدیر ، المقتدر )کە هەموویان توانا و بەهێزی خوای گەورە لەخۆ دەگرن، هەم عەلەمن بۆ خوا و هەم خەسڵەت و سیفەتی ئەون.

لە قورئانیش دا ئامازەی تێدایە بۆ مەسەلەی عەلەمی و خەسڵەت بوونی ناوەکانی خوای گەورە . هەروەکو پەروەردگار دەفەرموێ (وهو الغفور الرحیم) یونس 107 ، (وربك الغفور ذو الرحمة) لەئایەتی یەکەم دا (الغفور ، الرحیم) دوو ناو و سیفەتی خوای گەورەن ، ئایەتی دوەمیش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە (الرحیم) وەسف کراوە بە (الرّحمە) ... واتە خەسڵەتی (ڕەحمەت ، بەزەیی) ڕاڨەیە بۆ عەلەمی (الرحیم )... کە هەر لە خودی خۆیدا واتای خەسڵەتی هەر هەیە .

لە لایەکی تریشەوە زانایانی زمان ، هەروەها بە عورفیش دەزانرێ کاتێ کە بە کەسێك دەوترێ (علیم – زانا) کە (علم – زانست)ی هەبێت وە (سمیع – بیسەر)یش بەکەسێك دەوترێ کە (سمع – بیستن)ی هەبێت ... بەدەر لەوەی ئێمە وەکو مرۆڤی موسوڵمان باوەڕمان وایە چۆنێتی ئەو ناوو سیفەتانەی خوا هەر خۆی دەیزانێ، کەواتە لەوەی ڕابورد، گەیشتینە ئەوەی کە ناوەکانی خوا هەم عەلەمن بۆی هەم خەسڵەتن .

# چەند تێبینیەك

یەکەم / تاوەکو ئێرە ئەوە ڕوونە لامان کە هەر ناوێکی خوا سیفەتیشە بۆی ، بەڵام هەندێ لەو ناوانە و بەتایبەتی لە سیاقی هاتنە کەیاندا حوكمێك لەخۆدەگرن كەواتە ئەو ناوانە :- ناون بۆ خوا لەهەمان كاتدا سیفەتن ، جاری واش هەیە (حكم)ێك لە خۆدەگرن .

خاڵی یەکەم و دوەم ڕوونە و ئاماژەمان پێی دا، ئەوەی مەبەستمانە خاڵی سێهەمە کە گرتنە خۆی حوکمە ... بۆ ڕوونبونەوەی ئەم دەکرێ سەیری ئەم نمونەیە بکەین:

بە پێی ئایەتی﴿ .... الا الذين تابوا من قبل أن تقدروا عليهم فاعلوا أن الله غفورُ الرحيم ﴾ المائدة/34. زانایان دەفەرمون سزای تاوان (حدّ) لەسەر یەكێك هەڵدەگیرێت كە ڕێگربووە پاشان پێش ئەوەی بگیرێت پەشیمان بوەتەوە و تەوبە دەكات ، چونكە بە پێی ناوەرۆكی ئەم دوو ناوە و سیاقی هاتنەكەیان خوای گەورە لێیان خۆش بووە و بەزەیی پێداهاتونەتەوە ، بەوەی سزایان لەسەر هەڵدەگیرێ ئەگەر گەڕانەوە چونكە خودا بەبەزەیی و لێبوردەیە واتە (غفورٌ رحيم)ە .

نمونەیەكی تر (السميع – بیسەر ) ی خوا ئەوە دەسەلمێنێ كە :-

1- ناوێكی خوای گەورەیە .

2- ( سميع) سیفەتی خوایە .

3- حوكم و ناوەڕۆكەكەشى ئەوەيە خواى گەورە هەموو نهێنى و چرپەيەك دەبيستێ ، هەر وەكو خواى گەورە دەفەرموێ : ﴿ ... واللہ يسمع تحاوركما والله سميعٌ بصير ﴾ المجادلة/1 .

بەلأم جارى واش هەيە (ناو)ى خوا تەنها ناو و سيفەتە بۆى، مەرج نييە بە دياريكراوى حوكمى لىٚ وەربگيرىٚ ، مەگەر وەكو ئيحا و ئامارٛە ، بۆ نمونە (الحي) ناوە بۆ خوا و سيفەتێكە بۆى[1] ... مەرج نيە ڕاستەخۆ ( حوكمێك)ى لىٚ وەربگيرىٚ ... هەرچەندە بە ڕاڤە كردنى ئايەتى تر و فراوان كردنى ئەم باسە بە ناڕاستەوخۆ حوكمى لىٚ وەربگيرىٚ ...

دووەم / زۆربەى ئەو ناوانەى لە قورئاندا هاتوون (عطف) يان لە نێواندا نى يە وەكو :

- ﴿ هو الله الذي لا إله إلا هو الملكُ القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر﴾ الحشر/23.

- ﴿ الله لا إله إلا هو الحي القيوم ﴾ البقرة/255.

بە شێوەى(عطف) يش هاتوون وەكو فەرمودەى خوا ﴿ هو الأول والآخر والظاهر والباطن ﴾ الحديد/3.

جا لێرەدا نەبوونى (عطف) دەگەڕێتەوە بۆئەوەى كە هەريەكىٚ لەم ناوانە عەلەمن بۆ خوا ، (عطف) كردنى شتێك لە سەر خۆى نابێت... ئەسلێش ئەوەيە (عطف) نەكرێت ، ئەمە بەو پێيەى هەموو تەعبيرن لە زاتێك. بەلأم (عطف) كردنيشى بەهۆى چەند ئيعتيبارێكى ترەوەيە وەك ئەوەى هەر يەك وەسفانەى لە ناوەرۆكى ئەو ناوانەدا هەيە، جياواە و واتى

---

[1] سەيرى (القواعد المثلي) بكە .

جیاجیان هەیە ،یا هەندێ جار باسكردنە لەدوو ناوی وەكو (أول وأخر) و (ظاهر و باطن) كە هەر یەكەیان موناسەبە لە نێوانیاندا نی یە [1]، مەگەر وەك تێگەیشتنێكی تەواوكاریی بۆ ناوەكانی خوای گەورە. دیارە ئەمە تەنها بۆ چوونە و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون ئەكرێ شتی تریشمان بۆ دەربخات.

سێ یەم / ئەو ناوانەی دەدرێنە پاڵ خوای گەورە و بەندەكانی لەهەردوو حاڵەتەكەدا هەر حەقیقەتن نەك (مەجاز) وەكو :-

(سمیع ) و (بصیر) و (علیم) و (قدیر) و (ملك)... جیاوازی لەنێوان ئەم دوو حەقیقەتەدا بەنیسبەت خوا و بەندەوە وامان لێ ناكات هەر یەك لەوانە لەمانا حەقیقی یەكەی خۆی لابرێت ... چونكە كاتێك كە (سمع) و (بصر) دەدرێتە پاڵ خوا ئەوا بەو شێوەیەیە كە شایستەیە بەخوای گەورەیە بەو چۆنیەتییەی كە ئێمە نایزانیین هەر چەندە لێی تێ دەگەین، بەهەمان شێوە كە دەدرێتە پاڵ مرۆڤ بۆ ئەویش هەر حەقیقەتە، بەلآم بەو شێوەیەی كە هەیە و كەم وكورت و نوقستانی لەخۆ دەگرێ .

چونكە خوای گەورە هەندێ ناوی لە خۆی ناوە ولە هەمان كاتدا ئەو ناوانەشی بۆ بەندەكانی بەكار هێناوە بەلآم بەو شێوەیەی شایستەیەتی ، هەر دوو ناوەكە بە پێی ناو لێنراوەكە جیاوازییان هەیە ، بۆ نمونە خوای گەورە ناوی خۆی ناوە (علیم و سمیع وبصیر و متكبر... ) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەم ناوانەی بۆ بەندەكانی بەكار هێناوە ، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێ :

---

[1] ( أسماء الله وصفاته).

﴿ وبشرهُ بِغُلامٍ عليم ﴾ الـذاريات/28 ، ﴿ فجعلناه سميعاً بصـيراً ﴾ الأنسـان/2 ، ﴿كذلِك يطبع الله على كل قلبٍ متكبرٍ جبار ﴾ غـافر/3 . کەهەریەکە لە (عليم) و (سميـع) و (بصـير) و (جبـار) لـەو ئایەتانـەی سـەرەوەدا نـاون بـۆ بەندەکانی، بەڵام دیارە بەو شێوەیەی کە شایستەی بەندەیە وەکو مرۆڤێك ، چونکە خوای گەورە لە هیچ شتێك ناچێت و هاو شێوە و وێنەی نی یە[1].

چـوارەم/ ناوەکـانی خـوای گـەورە بەهـەردوو داڕشـتەی ناسـراوی و نەناسـراوی(التعريف والتـنكير) هـاتوون ، هـەروەك خـوای گـەورە ئەفەرموێ﴿وإما ينزغنك من الشيطن نزغ فاستعذ بالله إنه هو السميع العليم﴾ فصلت36، هەروەها لە شوێنی تریشدا بە نەکیرەیی هاتووە وەکو﴿إنه سميع عليم﴾ الأعراف200، ئەم جۆرا و جۆرییە پەیوەندی بە سیاقی ئایەتەکەوە هەیە ، لە هەمان کاتدا ئەوەی بە ناسراوی و موعەڕەف هاتووە تەئکیدکردنەوە و ناساندن و تتایبەتمەنی(تخصيص) ی زیاتری تێدایە بە هەروەك (ابن القيم) دەیڵێ، خواش زاناترە[2].

دیارە لەم جۆرە سەرنجانە زۆرە (بۆ نمونە نادروستی بچوك كرد(تصغير) ناوەکانی خوا ...) بە دواداچونی ئەم بابەتانە پێژینەوەیەکی تایبەتی دەوێ ، ئێمە تەنها چەند سەرنجێکمان گواستەوە.

---

[1] بڕوانە (أصول العقيدة الاسلامية) عبد المنعم صالح العلي العزي من شرح العلامة علي بن أبي عن الأذرعي.

[2] موسوعة الأسماء والصفات ج2 ص325-326.

## لادان ( الحاد ) لەناوەکانی خوادا چی دەگەیەنێ؟

وشەی (الحاد) لە (لحد) ەوە هاتووە کە بەواتا (لا) واتا (میل) دێت ... خاوەنی مختار الصحاح دەڵێ (ألحد في دين الله أي حاد عنهُ وعدل) واتە ( لە ئاینی خوا لایداوە و نەیگرتە بەر ، ( واللحد) ( الشَّقَ في جانب القبر) واتە ( اللحد) ئەو هەڵکۆڵراوەیە کە لەلایەکی گۆڕەوە هەڵدەکەنرێ[1] .

کەواتە ( لحد القبر) ئەو هەڵکۆڵراوەیە کە دەکەوێتە لاتەنیشتی گۆڕ و مردوی تێ دەکرێ ... (الحاد) لادان لە ناوەکانی خوای گەورە بریتییە لەوەی لە واتا و مەبەستەکانی خۆیان لابرێن، خاوەنی ( فتح المجید)یش دەڵێ (وأصل الالحاد في كلام العرب : العدل عن القصد، والميل والجور والانحراف ومنه اللحد في القبر ، لانحرافه الى جهة القبلة عن سمت القبر) [2]

کەواتە کاتێ خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ ولله الأسماء الحسنى فادعوه بها وذروا الذين يلحدون في أسمائهِ ﴾ الأعراف/180، مەبەست ئەوەیە واتا و ناوەڕۆکی ئەو وشەکانە لەمەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان لادرێن و بە شێوەیەکی تر راڤە بکرێن کە دوورن لە واتا و مەبەستی ناوەکانی خوا ، کە زانایان لەچەند خاڵێکدا بۆمان باس دەکەن ، لەوانە :-

---

[1] سەیری ( مختار الصحاح) ڕازی بکە .

[2] سەیری (فتح المجيد شرح كتاب التوحيد) بکە ، ئەم واتایە لە زۆربەی تەفسیرەکانیشدا جەختی لە سەر کراوەتەوە ، دەکرێ بۆ نمونە سەیری تەفسیری ئیبنوکەسیر بکرێت.

- ئینكاری كردنی ناو و سیفەتەكانی خوا یا هەندێكی یان دان نەنان بەو سیفات و حوكمانەی كە لەو ناوانەوە پەیدا دەبن هەر وەكو موعەتەڵە و جەهمییەكان دەیانكرد و لە شوێنی خۆشیدا ئاماژەی پێدەكەین .

- چواندن وشوبهاندنیان بە سیفەتی دروست كراون ، كە ئەمەش پێچەوانەی حەقیقەتی ناوەكانی خوایە چونكە هیچ ناوێ یا سیفەتێكی خوای گەورە هاو وێنە یا هاو شێوەی دروست كراوەكانی نی یە هەروەكو كاتی خۆی (موشەبەهە) دەیانكرد .

- داتاشینی ناو لەناوەكانی خواوە بۆ پەرستراو وبت وشتی وا ، هەروەكو چۆن كاتی خۆی هاوبەش پەیداكەران دەیانكرد ، هەندێ لە زانایان ئاماژە بەوە دەكەن كە بت پەرستان ناوی (عزی) یان لە (عزیز) و (لات) یان لە (إلە) و (مناة) یان لە (منان) ە وە وەرگرتووە و كردویانەتە ناوی بتەكانیان. دیارە ئەم بۆچونە كاتێ بە دروست دەزانرێ ئەگەر سەلما ئەم ناوانە پێشتر وەكو ناو بۆ خوا بونیان هەبووبێ لەو ناوچەیەدا ، ئەگینا ئەكەوێتە ژێر پرسیارە و بە دوادا چونی دەوێت.

- زیادكردنی ناوەكانی خوا كە ئەمەش دوو جۆرە :-

أ- ناونانی خوا بەناوێك كە شیاوی ئەو نەبێت وەكو مەسیحییەكان(نصاری) بەخوا دەڵێن باوك (أب) .

ب- ناو نانی خوا بە ناوێك كە خوا ناوێكی وای لە خۆی نەناوە و هیچ ئاماژەیەكیش نەبێت بۆ دروستی ئەو وشەیە وەكو ناو ، وەكو ناونانی خوا بە (العلة الفاعلة) و ( العلة الأولى) و (الواجب لذاتهِ) و (واجب الوجود) ، هەروەك فەیلەسوفەكان بە خوایان ووتوە ، هەروەها

چەندین ناوی تری وەك (أنا) و (أنت) و (أزل) و (أبد) و (عاقل)... کە لە قورئان و سوننەدا نەهاتوون ، بە هەمان شێوە هەر ناوێکی تری لەم شێوەیە ، وەکو ( وەستاکەریم) ی کوردەواری خۆمان...

– لێکدانەوەی ناوەکانی خوا بەشێوەیەك لە بەند و زابیتەی شەرع و زمان و ژێری دەرچێت و لەماناکەی خۆی لابدرێت .

دیارە هەریەك لەو جۆرانەی باسمان کرد بە جۆرێك لە جۆرەکان دەچێتە ژێر پێناسەی (الالحاد في أسماء الله) بەلأم لە یەك ئاستدا نین وجیاوازن ، بون و نەبونی شارەزایی و بەئاگایی دەستنیشانی ئەوە دەکات کە لادانەکە چ بەرەنجامێکی دەبێت ، هەروەك هەر کەسێ بە یەکێ لەمانە هەستێ و بشزانێ ئەمە لادان و ئینحرافە ، کەچی بەردەوام بێت ، ئەوا خوای گەورە بە تۆڵەی خۆی دەیان ترسێنێ ، پەروەردگار لە سورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ ﴿... وذروا الذين يلحدون في أسمائهِ سَيُجزَون ماكانوا يعملون﴾ [1] . وازبێنن لەوانەی لائەدەن لەواتا و مەبەستی ناوەکانی خوا ، چونکە بە ئەنجامی ئەم کارەیان خۆیان دەگەن و لەسەری تۆڵەیان لێ دەسەنرێ ...

---

[1] سەیری (زبدة التفسير ، القواعد المثلى ، معالم التوحيد ، اعلام السنة المنشورة ، فتح المجيد ) بکە .

# بە گەورە سەیرکردنی ناو وسیفاتەکانی خوا (جل جلاله)

هەر وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد ناسینی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە کارێکی پێویستە و مرۆڤ لەو ڕێیەوە خوای بەرز و بالاّ دەناسیّ و بەبیّ ئەمەش ئیمان بە خوا فکرەیەکی لێلّ و تاریك دەبیّ و بەرهەمێکی ئەوتۆ نابەخشیّ.

سوپاس و ستایش کردنی خوا لەم ڕێگەیەوە و پاڕانەوە بەو ناوانە یەکێکە لە گەورەترین پەرستنەکان چونکە بەم هۆیە مرۆڤ پاك و بێگەردی و دەسەلاّت و هێزی خوا، بەزەیی و میهری ئەوی بۆ دەردەکەویّ .

مرۆڤ چۆن دەگەڕێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە لە تاوان و خراپەکارییەکانی گەر نەزانیّ ناوەکانی خوا ناوەڕۆکی لیّ بوردەیی و لیّ خۆش بوون دەگرنە خۆ ، چۆن نا ترسیّ کاتیّ دەزانیّ خوا خاوەنی ئەوپەڕی هێز و دەسەلاّتە ، کاتێکیش سەیری ئەم بونەوەرە دلّڕفێنە دەکات ئەوپەڕی تەواوی لە یاساکانی بوونەوەردا دەبینیّ و شوێنەواری دەسەلاّتی خوای گەورە و ناوەکانی تێدا بەدی دەکات .

ئەمانە و چەندەهای تر ، وامان لێدەکات ناو و سیفاتەکانی خوا بەگەورە بگرین ، بەو شێوەیەی شایستەیە بیناسین ، لەم جۆرە تێڕوانینەوە چەندین بەرەنجام دەکەوێتەوە کە لە خود و ناوەڕۆکی دەقەکانیش دا هاتوون، لەوانە بۆ نمونە سوێند بەجگە لەخوا نەخورێت ،

كـاتیكیش سـوێند بـەخوا خـورا ڕاسـتگۆ بـین تیایـدا ، تـا دەتوانرێـت زۆر سوێند نەخورێ مەگەر لەكاتی پێویست دا ، لەجێی ئەوەی بوترێ ( بەخوا ئـەبێ بخـۆی) بـوترێ ( ئـەبێ بخـۆی) لـەجێی ئـەوەی بـوترێ ( والله ئەمـە ڕاستە) بڵێ ئەمە شتێكی ڕاستە ، بێ گومان ئەمە تـەواوە ، جگـە چـەندەها دەربڕینـی تـر . كـاتێكیش سـوێند بـەخوا خـورا و نەبرایـە سـەر بریتـی وكـەفارەتی سـوێندەكەی بـدات ، یـا ئەگـەر سـوێندی بـۆ خـورا لـە لایـەن كەسانێكی ڕاستگۆوە با باوەڕیـان پـێ بكـات مەگـەر ڕێگرێك هـەبێت بۆ بە ڕاست دانەنان .

ئەمە جگە لەوەی لە بەرامبەر سوێند خواردن بەخوادا دروست نـی یـە سـوێند بـە شـتی تـر بخـورێ كـە شایسـتەی سـوێند خـواردن نـی یـە و ڕێگەی پێ نەدراوە، وەك سوێند خواردن بەتەلاق.

هەروەها خۆپارێزی لەو شتانەی كە گونجاو نین لەگـەڵ ئـەم گـەورە گرتنەدا وەكو بەكارهێنانی ووشەی (الله) بۆ گاڵتە پێكردنی كەسێك .

یەكێكی تر لە نیشانەكانی ئەم ڕێزدانانە ، ڕێزدانانە بۆ قورئـان كـە گوفتاری خوایە و (كلام)یش یەكێكە لە سیفاتەكانی خوای گـەورە ئەمـەش بـەوە دەبـێ كـە گـوێ بیسـتی بـین لـەكاتی خوێندنیـدا ﴿ وإذا قــريء القــرآن فاستمعوا وأنصتوا لعلكم ترحمون ﴾ الأعراف/204.

جـا هــەروەكو چـۆن لەســەر گـوێگرە بـێ دەنـگ بێـت ، بەهــەمان شێوەش قورئان خوێن نابێت لە كاتێكدا قورئان بەدەنگ بخوێنێ كە گوێی لێنەگیرێ یا خەڵكی سەرقاڵن بەشتی ترەوە .

هـەروەها دروسـت نیـە ووشـەی بەنـدە (عبـد) بدرێتـە پـاڵ جگـە لـە ناوەکانی خوا وەکو(عبد الحسین) یا هەر ناوێکی تر کە دڵنیانین ناوی خوابن .

هەروەها دروست نیە سوێند لـە سەرخوا بخورێ کە لەفلاّن کەس خۆش نابێت ، یا فلاّن کەس ناخاتە بەهەشتەوە یا ناچێتە بەهەشتەوە، هەروەها خوا نەکرێتە تکاکاری بەندەکانی وەك ئەوەی بڵێی خوا دەکەمە تکاکارت (نستشفع بالله علیك)، چونکە خوای گەورە زۆر گەورەترە لەوەی بکرێتە هۆکار (وسیلة) بۆ دروست کراوەکانی چونکە ئەوەی دەکرێتە تکاکار زۆرگەورە و پایەبەرزترە لە تکا لێکراو ، ئەمەش بێ ئەدەبییە لەگەڵ خوادا ، چونکە تکاکاران بەبێ مۆڵەتی ئەو تکاناکەن ، ئەی ئەبێ چۆن ئەو بکرێتە شافع [1] یان لە کوردی دا دەوترێ (خوام هێناوە ڕجات) یان (بیکە بەخاتری خوا ) ... کە ئەمانە چەند دەربڕینێکی نەشیاوو نادروستن.

بەلاّم ئەگەر بەخوا داوات لێکرا دەبێت لەبەر ناوی خوا ڕێزی لێبگری ، هەر چەندە ئەو داواکردنە نادروستیش بێت وەك ئاماژەمان پێکرد. ئەمە جگە لەوەی نەگونجاوە لەشوێن و کاتی نەشیاودا ناوی خوا ببرێت [2].

ئەم شتانە زیاتر لە بواری گشتیدا باون ، هەر بۆیە زیاتر جەختی لە سەر کرا ، ئەگینا تێگەیشتن لە ناوەکانی خوای گەورە و رەنگدانەوە و

[1] القول السدید في مقاصد التوحید ، معالم التوحید.
[2] معالم التوحید.

شـوێنەوارەكانی لـەم گەردونـەدا ، رەچـاوكردنیان لـە ژیـانی شەخسـی و هەڵسـوكەوت كـردن لەگـەڵ خەڵكیـدا بابـەتێكی زۆر گـرنگ و پـڕ بایەخـە و دەمـەوێ سـەرنجی خوێنـەرانی بـۆ ڕاكێشـم ، كتێبێكـی وەكـو ئـەوەی مەوسـوعەكەی موحەمـەد راتـب هەنـدێ لایـەنی ئـەم بـوارەی بـەجوانی رونكردووەتەوە.

## بواری سیفات فراوانترە لە بواری ناوەكان

سیفاتەكانی خوای گەورە زیاتر و فراوانترن لـە ناوەكـانی ، چونكە هـەموو ناوێك سیفەتە بۆخـوا و لەلایـەكی تـرەوە هەنـدێ سیفاتی خـوا پەیوەنـدی بەكردار (أفعال)ە كـانی خـواوە هەیـە ، كردارەكـانی خـواش نایەنـە ژمـار ، هـەروەكو چـۆن گوفتارەكـانی تـەواونابن و لـەبن نایـەن ، خـوای گـەورە ئەفەرموێت ﴿ ولو أن مافي الأرض من شجرة أقلام والبحر يمدهُ من بعدهِ سبعة أبحر مانفذت كلمت الله إن الله عزيزٌ حكيم ﴾ لقمان/27 .

بۆنمونە هەریەكە لە (مجيء ، إتيان ، أخذ، إمساك ، بطش) و هـاو وێنـەیان كـردار و سـیفەتن بـۆ خـوا بـە شـێوەیەك كـە شایسـتەی خوایـە : هەروەكو خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێ :-

1. ﴿ وجاء ربُّك ... ﴾ فجر/22
2. ﴿هل ينظرونَ إلا أن يأتيهم الله في ضلل من الغمام﴾ بقرة/210
3. ﴿ فأخذهم الله بذنوبهم ﴾ آل عمران/11
4. ﴿ ويمسك السماء أن تقع على الأرض إلا بإذنهِ﴾ الحج/ 65

5. ﴿ إن بطش ربك لشديد ﴾البروج/ 12

**ئەم ئایەتانە و هاو وێنەیان وەسفی خوای گەورەیان تێدایە و سیفەتن بۆ خوا بەو شێوەیەی شایستەتی، بەڵام ناو نین بۆ خوای گەورە ، واتە ناوتریٚ (جائي ، آتي، آخذ...) ناون بۆ خوا ، بەڵام بەبیٚ دیاری کردنی چۆنێتی یەکەی وەسفی خوای پێدەکەین ، کەواتە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەبواری سیفاتەکانی خوا لە بواری ناوەکانی فراوانترە ، هەر لەبەر ئەمەشە سیفاتەکانی خوا زۆرترن لە ناوەکانی .**

# پۆلێن و دابەشکردنی سیفاتەکان

پێش ئەوەی بچینە ناو هەندێ پۆلێن کاری سیفاتەکانی خوای گەورەوە پێمان باشە تیشکێکی کورت بخەینە سەر پەیوەندی سیفاتی خوا بەخودی خوداوە واتە (علاقة صفات الله بذاته) .

زانایانی کەلام[1] لەم بارەیەوە زۆر تێ هەڵچوون و لەمەشدا زیاتر پشت ئەستوور بون بە ژیری و عەقڵی خۆیان و لە زۆر وردەکاری سیفاتەکانی خوادا قسەیان کردوە کە زۆرجار پێچەوانەی هەق و ڕاستی وەستاونەتەوە ، لێرەدا و بۆئەم مەبەستە تەنها قسەیەکی (ابن تیمیة) دەهێنن و بەپێویستی نابینین زۆر ڕۆ بچین لەم مەسەلەیەدا ، هەرچەندە تێگەیشتن لەو مشتومڕ و باس و خواسانە بۆ کەسی پسپۆڕ گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، (ابن تیمیة) هەروەکو (سفارینی) بەکورتی لێوەی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ : (پێشینە وپێشەوایانی ئەم ئومەتە لەسەر ئەوەن کاتێ کە پێیان بوترێ وپرسیار بکرێ کە ئایا : زانینی خوا (علم الله) و گوتەی خوا(کلام الله) شتێکی بەدەر و جیا لە خوایە یان نا؟

---

[1] دیارە لەسەر هۆی ناونانی بە زانستی کەلام (علم الكلام) چەند ڕایەك هەیە لەوانە :

أ- چونکە سەرباسەکانیان بەووشەی (کلام في كذا وكذا) دەستی پێدەکرد .

ب- چونکە مەسەلەی کەلامی خوا لەدیارترین باسەکانیان بوو کەسەری کێشا بۆ کێشمە کێشمێکی زۆر و کوشتن وئازاردانی دەستەیەك لەزانایانی لێ کەوتەوە .

ج- چونکە ئەم زانستە توانای قسەکردن لە مرۆڤ دا دروست دەکات بۆتەحقیق کردنی مەسەلە شەرعی یەکان و دەمکوت کردنی نەیاران . سەیری ( شرح العقيدة النسفية) بکە .

ئەوا بە ڕەهایی نە نەریٚ و نەفی دەكەن و نەدەیسەلمێنن و ئیسپات دەكەن ، چونكە ئەگەر ووترا سیفاتەكان جگە لە ئەون، ئەوا وا وەهەم دەبریٚ ئەو وەسف و سیفاتانە جیان لەئەو، وە ئەگەر وترا سیفاتەكان بەدەر لە ئەون، ئەوا وەها وەهم دەكریٚ و دیٚ بەخەیاڵدا كە سیفاتەكان خودی خودان.

بۆیە ئەو وادەبینیٚ دەبێت پرسیار لێكراو بە درێـژی وەڵام بداتەوە ئەگەر مەبەستی بەجگە لەئەو (غیره) ئەوەیە ئەو سیفاتانە جیاواز و جیان لەئەون ئەوا سیفەتەكانی وەسف كراو (صفات الموصوف) نابێت جیاواز و جیابن لێی ، تەنانەت ئەگەر وەسف كراو دروست كراو( مخلوق ) یش بێت چ جای ئەگەر سیفاتی دروستكار (خالق) بێت ؟!

خۆ ئەگەر مەبەست لە(غیره) ئەوە بێت ئەو سیفاتانە ئەو نین ، سیفەت وەسف كراو نی یە ، ئەوا بەو ئیعتیبارە جگە لە ئەون، ناوی خوا ئەگەر ڕەها بكرێن خودی خوای گەورەش بە هەموو ئەو وەسفە تەواوانەوە كە شایستەی خوان دەگرێتەوە ، چونكە خودێك كە داماڵراو بێت لە سیفات شتێكی نەگونجاوە ، كەواتە ناوی خوا (اسم الله)، زاتی وەسف كراو بەسیفاتی كەمال دەگرێتەوە، هەروەك ئەم سیفاتانەش زیاد نین لەسەر ناونراو( مسمی) بەڵكو داخلن پێی (بل هي داخلة في المسمى) بەڵام زیادن لە خودێكی داماڵراو بەو شێوەیەی كە نەفی كارانی كاری سیفات ئیسپاتی دەكەن[1].

كەواتە بە كورتی ئەو سیفەتانە جیاواز نین لەخوای گەورە و پەیوەستن پێیەوە هەر لەئەزەلەوە ، هەروەك خوای گەورە زات و بونێكی

[1] عقيدة السفاريني 1-218ـــــ أسماءالله وصفاته، 89-90.

داماڵراو نییە لە سیفات ، وەکو فەیلەسوفەکان[1] بڕوایان وابوو. ئەمە وەکو پێشەکیەکی پێویست خۆ ئەگەر بمانەوێ بچینەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەی خۆمان ئەوا دەڵێین : ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە لە لایەن زانایانەوە چەندەها دابەش کردن و پۆلێن کردنی بۆ کراوە ، کەوا دەزانم زۆربەیان کارێکی ئیجتیهادین ، بە پێی بەهێزی بەڵگەکانیان ، یا بیرتیژی و شارەزایی خاوەنەکانیان دوور و نزیکیان هەیە لەو حەقیقەتەی لە قورئان و سوننەدا هاتووە... زانایانی کەلام سیفەتەکانی خوای گەورەیان بەم شێوەیە دابەشکردوە :

1- سیفەتی نەفسی کە مەبەستیان پێی (وجود) ە .

2- سیفەتی نەفسی سەلبی یەکان کەپێنجن ( القدم ، البقاء ، مخالفة الحوادث ، القيام بالنفس ، الوحدانية) .

3- سیفاتی مەعانی کە ( القدرة ، الارادة ، العلم ، السمع ، البصر ، الكلام ) دەگرێتەوە و لە سەر سیفەتی ( تكوين) جیاوازیان هەیە .

لە هەمان کاتدا سیفەتی مەعنەویش [2] هەیە کە (قدير ، مريد ، علام ، رمي ، سميع ، بصير ، متكلم) لەعقیدە النسفيە دا ( قوة ، مشيئة ، فعل ، تخليق ، ، خالق ، ترزيق (رازق) ی بۆ زیاد دەکات[3].

---

[1] دیارە لێرەدا مەبەست لەوفەیلەسوفانەیە کە بە فەیلەسوفە ئیسلامی یەکان ناسراون .

[2] مەعنەوی دەدرێتە پاڵ مەعانی کە ئەم سیفاتانە پەیوەستن پێوەی و لەوانەوە داتاشراون سەیری (العقيدة النسفية) بکە .

[3] ڕاڤەکەری عەقیدەی (نسفي) ئاماژە بەوە دەکات کە سیفەتەکانی خوا بەچەند ئیعتیبارێک بۆچەندەها شێوەدابەش دەبن لەوانە :-

أ- سیفاتی ذات و سیفاتی کردار

**لە ڕاستی دا سیفاتەکانی خوای گەورە زۆر زیاترە لەم ژمارەیە ، لە هەمان کاتدا هەندێکیان پاڵپشتی و بەڵگەیان نییە لە رووی دەقی شەرعییەوە ، ئەم دابەشکردنەی ئامازەی پێکرا ، یا ئەوەی دەڵێن هەندێ سیفات دروستە بڵێین ئەمە (عين الذات) ە و هەندێکی تریان (غير الذات) ە هی واش هەیە ناوترێ (عين الذات) وناش وترێ (غير الذات) ە.**

**ئەم دابەش کردنانە هەڵقولاوی جەدەلێکی مێژوویيە و مەنهەجیەتێکی عەقڵگەراییان تێدا ڕەچاوکراوە ، لە ڕووی عەمەلییەوە کەمتر سود بەخشە ، بە پێچەوانەی ئەو مەنهەجەی لە قورئاندا باسکراوە ، هەرچەندە هەندێ لەو پۆلێنانە دەکرێ وەکو ناوەڕۆك لە هەندێ رووەوە بەڵگەیان لە سەر هەبێت ، بەلاّم ئامازە و باسکردنی ناوو سیفەتەکان خوا سەرچاوەی سەرەکی قورئان و سوننەیە نەك عەقڵ و ژیری مرۆڤ [1]، هەرچەندە بەهۆی تێڕامان وڕوانینمان بۆ بونەوەر ، دەگەینە ناوەڕۆکی چەندەها ناووسیفاتی خوای گەورە بەلاّم ئەمە بەس نی یە و بە دەرەنجامی تەواومان ناگەیەنێت ... هەر لەو پۆلێن و دابەشکردنانە چەندین هەوڵ دەبینین ، بۆ نمونە هەندێ هاتوون سیفاتەکانیان پۆلێن کردووە و ناوەکانیان لەژێریاندا**

---

ب- سیفاتی نەفسی و سلبی و ثبوتي .

ج-سیفاتی مەعانی و مەعنەوی .

[1] دژایەتی و ناکۆکی لەنێوان عەقڵ و نەقڵ دا نییە ، ئەگەر دەقەکان سەحیح و سەریح بن و بابەتە عەقڵییەکەش رون و ئاشکرا و بێ مشتومڕ بێت ، مرۆڤ ئەگەر ژیری نەبێت لەشەرع بەموکەلەف دانانرێ ، تێگەیشتن لە نەقڵ بەبێ ژیری و عەقڵ نابێت ، بەلاّم لە غەیبییاتێکدا کە ژیری پەی پێ نابات ناکرێ عەقڵ بکەینە حەکەم و حاکم ، لە کاتێکدا دەقی رون و ئاشکرا هەبێت .

دابەشـکردووە وەك هەنـدێ لـە هاوچـەرخەکان کردویانـە بۆنمونـە ئـەو ناوانەی کەدەکەونە ژێر سیفەتی ( وجود ، قدرة ، علم ، حياة ، وحدانية ، مخالفة الحوادث ، صفات الأفعال ، صفات الحمد والتحميد ...)[1]

یـان پـۆلین کـردن بـۆ ئـەو سـیفاتانەی پەیوەنـدی بەچـەند وەسـفێکی تایبەتـەوە هەیـە کـە ئەمـەش نزیکیـەکی زۆری هەیـە لـە گـەڵ پۆلێنەکـەی سەرەوەدا وەك :-

(صفات تتعلق بتفرد ذاته ، صفات تتعلق بتكوين الوجود ، صفات تتعلق بعصتمه تعالى ، صفات تتعلق بجلالهِ ، صفات تتعلق برحمتهِ ، صفات تتعلق بعلمهِ – صفات تتعلق بقدرته و تدبيره وعطاءه وحكمهِ)[2].

لـە پـۆلینی یەکەمـدا ناوەکـان لـەژێر ڕۆشـنایی کۆمـەڵێك سـیفاتی گشـتی دا کۆکراوەتـەوە و لـە دووەم پۆلینیشـدا سـیفاتەکان بـەپێی ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو سیفاتانە لەسەر مەخلوقات دابەش کراوە ، هەموو ئەمانـە زیـاتر بـۆ تێگەیشتن و شارەزابوونە نـەك واتێبگـەین ئەمانـە بەدەق ئاوەها جیاکرابێتەوە .

بـۆ نمونـە لەیەکەمیانـدا ئـەو ناوانـەی کـە لـەژێر سـیفەتی بـوون (وجـود) و توانـا(قـدرة) و زانسـت(علـم) و سـیفەتە کرداریيـەکان(صـفات الأفعال) ی خوادا پۆلێن کراون هـەر یەکـەی چەندەها نـاون. لـە دوەمیشـدا کۆمەڵـە سـیفاتێکی هێنـاوە کـە پەیوەسـتە بـەتاکێتی خـودی خـوا و ئـەو

[1] سەیری ( العقيدة الإسلامية واسسها)ی (حبنكة الميداني) بکە .

[2] ئەمەش زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی ئەو سیفاتانەیە بەدروست کراوەکانەوە پۆلین کراوە ، وەسەیری ( أسماء الله وعلاقتها بمخلوقاتهِ) ی ( شاكر عبدالجبار) بکە .

سیفاتانەی کە پەیوەندی هەیە بە پێکهێنانی بونەوەر یان بە گەورەیی وپایە بڵندی وبەزەیی ... خواوە و بەش بەشی کردوون.

نمونەی ئەم دابەشکردنانەش لای زانایانی پێشووش بەدی دەکرێ جگە لە زانایانی (کەلام) ، بۆ نمونە لە (سبل السلام)ی صنعانی و( بدائع الفوائد) ی ابن القیم[1] دا بەم شێوەیە سیفاتەکان دابەش کراوە هەروەکو خاوەنی ( أسماء الله وصفاته) دەیهێنێ ئێمەش لەخوارەوە دەیخەینە ڕوو (ناوەکانی خوای پایەبەرز و بالاّ بە پێی واتا و ناوەڕۆکیان دەبنە چواربەشەوە:-

یەکەم : ناوی عەلەم کە (الله)یە ، جێی خۆیەتی زانایان بیکەنە بەشێکی سەربەخۆ لەنێوان ناوەکانی خوای گەورەدا چونکە کۆی مانای ناوەجوانەکان لەخۆدەگرێ ، هەربۆیە هەموو ناوەکان وەك سیفەتێکن بۆ ئەم ناوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (22) هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (23) هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى ... ﴾ الحشر/22-24.

دووەم : ئەو ناوانەی بەڵگەن لەسەر سیفەتێکی جێگیر بۆ زاتی خودای بەرز و بالاّ وەکو ( سمیع ، بصیر ، علیم ، قدیر ، حکیم ، رحمن ، رحیم ، ودود ) هەندێ لە زانایان ئەم سیفاتانە و هاو وێنەیان بە سیفاتە مەعنەویەکان ناوزەد دەکەن .

[1] ئێمە لەو دوو سەرچاوەوە وەرمان نەگرتوە ، بەڵکو عمر الأشقر ئاماژەیان پێدەکات و ئێمەش ووتەکەیمان هێناوە و بەکەمێك کورت کردنەوەوە .

هەروەها هەموو ئەوانەی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا(صلی الله علیە وسلم ) هەواڵی پێداوین کە خوا ئەو وەسفانەی هەیە ئەوانەش بەسیفەتی زات ناودەبرێت. وەکو ئیسپاتی دوودەست (یدین)[1] و ڕوو(وجە) ... کە ئەمانە بە سیفاتی خەبەری ناودەبرێن .

سیٚ یەم : ئەو ناوانەی کە بەڵگەن لەسەر سیفاتی کردار وفیعلەکان وەکو (خالق ، رازق ، محیي ، ممیت) بەهەمان شێوە هەموو ئەو سیفاتانەی تریش دەگرێتەوە کە لە فعلی خوای گەورەن و لە (کتاب وسوننەدا ) هاتوون وەکو وەستان لەسەر عەرش ( الأستواء علی العرش) هاتنی خوا بۆ موحاسەبەی بەندەکان لەڕۆژی قیامەتدا و دووان لەگەڵ بەندەکان لەو دنیا و دووا ڕۆژدا .

جیاوازیش لەنێوان سیفەتەکانی زات و سیفەتەکانی فعلدا ئەوەیە سیفەتە زاتییەکان لازمی خوای گەورەن و وەسفن بۆ زاتی خوا لە ئەزەل و ئەبەدا بەردەوام وەسفی خوای پیٚ دەکریٚ ، فیعلییەکانیش ئەوانەن کە پەیوەستن بەویستی خواوە ئەگەر بیەویٚ دەیانکا و ئەگەر نەشیەویٚ نایانکات وەکو (الاستواء ، النزول ، الکلام).

چوارەم : ئەو ناوانەی زیاتر واتاکانیان بەڵگەی پاکی و بێگەردی و بیٚ لەکەیی خوای گەورەیە لە هەموو کەم وکورتی یەك وەکو (القدوس ، السلام ، العلي...)، (ابن القیم)یش ئەم دوو بەشەی تریشی بۆ زیاد دەکات:

---

[1] دیارە بەبیٚ شوبهاندن و چواندن ، دەستەیەکیش هەن لە ئەهلی تأویل ئەمانە و هاو وێنەیان بەمانای تر لێك دەدەنەوە کە بە دوایین(خلف) ناسراون .

یەكەمیان : ئەو وەسفە كۆیانەی كە هەریەكەیان بەڵگەی چەند وەسفێكی ترن و تایبەت نین بە سیفەتێكی دیاری كراوەوە ، وەكو ( مجید وعظیم وصمد).

دووەم : سیفەتێكە بەهۆی پێك گەیشتن و لێك نزیك بوونی دووناوو سیفەتەوە دروست دەبێت ، كە ئەمەش ئەندازەیەكی زیاترە لە هەردوو ئەو دوو موفرەدەیە وەكو ( الغني الحمید ، العفو القدیر ، الحمید المجید) هەموو ئەو سیفاتانەی لێك نزیكن و ئەوناوانەی پێكەوە دێن بەهەمان شێوەن، چونكە(الغنی– دەوڵەمەند و بیٚ نیاز) سیفەتێكی كەمالە و بەهەمان شێوە(حمد – سوپاسكراو) ، بە كۆبونەوەی (غني وحمید) كەمالێكی تر كە لە (غناه) (حمد)دا هەیە و بە كۆبونەوەشیان ستایشێكی تر دروست دەبێت، هەمان بۆچون سەبارەت بە ( العفو القدیر ) و (الحمیدالمجید) و (العزیز الحكیم... ) دەوترێت.

ئەم پۆلێنەی كەباسمان كرد ، پۆلێنێكی بەهێزە و پشت ئەستورە بە هەڵێنجان لە قورئانەوە ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت قەناعەتمان بەوە هەبێت، واقعی فیكری و فەلسەفی و قۆناغی مێژوویی و مەعریفەی سائید و ئەو گومان و كێشە فیكرییانەی لە سەردەمێكی دیاری كراودا دێنە ئاراوە رۆڵیان هەبووە و هەیە لەوەی چۆن و بە چ شێوەیەك قسە لە سەر بابەتەكان دەكرێت بە بابەتە عەقیدەییەكانیشەوە ، با ئەو بابەتانە بە رونیش لە قورئاندا هاتبن ، هەموو دەزانین هاوەڵان بەو شێوەیە باسیان لە بابەتی ناوو سیفەتەكان نەكردووە كە دواتر كراوە ، دیارە ئەمەش هۆكار و پاساوی خۆی هەیە ، دەكریٚ ئەو پۆلێنە جیاوازانەی زانایان لەم رووەوە

بخوێنینەوە و بە وەلامگۆی ئەو بیروبۆچون و گومانانەی دابنێین کە لەدەوری باوەڕ بەخوا و سیفەتەکاندا دروست دەبن و ڕۆڵیان دەبێت و هەبووە لەشەقڵ و سیمای دابەش کردنەکان ، ئەمە لەپۆلێنەکانی زانایانی کەلام و جگە لەوانیش دا بەدی دەکرێ.

هەر بۆیە دەبینین (حلیمی) هەروەکو ( ابن حجر) لێیەوە دەگێڕێتەوە[1] ڕێڕەوێکی تری گرتوەتە بەر لەدابەش کردنیا بۆ ناوەکانی خوای گەورە ، هاتوە ناوەکانی کردوە بە پێنج بەشەوە هەر بەشەشی ڕوو لەبوارێکی ئیعتیقاد و باوەڕە :-

بەشی یەکەم : ئەوبەشەی ڕوو لە چەسپاندنی زاتی خودایە وەك بەر پەرچ دانەوەی ئەوانەی بێ باوەڕ یا موعەتەڵەن، لە ژێر ئەم بەشەدا ناوەکانی (الحي و الباقي و الوارث ...) و ئەوانەی لە واتای ئەواندا ڕیزبەند دەکرێن.

بەشی دووەم : ئەو ناوانەی یەکتاپەرستی خوا بڕیار دەدا وەك بەرپەرچ دانەوەیەك بۆ ئەوانەی لە پەرستنیاندا کەسی تریان کردووە بە هاوبەشی خوا وەکو ناوەکانی ( الكافي ، العلي ، القدير ...) هاو واتاکانیان.

بەشی سێیەم : ئەو ناوانەی پاك وبێگەردی خوا بڕیار دەدات وەك بەرپەر دانەوەیەك بۆ موشەبەهە وەکو ناوەکانی ( القدوس ، المجيد ، المحيط...) هاو واتاکانیان.

بەشی چوارەم : ئەو ناوانەی بەڵگەن لەسەر خالقییەتی خوا بۆ هەموو بونەوەران وەك بەر پەرچ دانەوەیەك بۆ ئەوانەی تەنها هۆ و هۆکار (العلە

---

[1] سەیری (أسماء الله وصفاته) بکە .

والمعلـوم) بـە هـەموو شـت دادەنـێن وەکـو نـاوی ( الخـالق و البـاريء و المصور والقوي) وهاو و ێنەیان .

بەشـی پێنجـەم : ئـەو ناوانـەی بـاس لـەوە دەکـەن خـوای گـەورە بەڕێوەبـەر و وەگەڕخـەری بـەدیهێنراوەکانێتی وە بـەپێی ویسـتی خـۆی دەتـوانیٚ بیـانگۆریٚ بـۆ هەرشـێوەیەك بیـەویٚ ، بـەلاٚم دیـارە خـوای گـەورە بەپیٚ عەدلی خۆی مامەڵە لەگەڵ بەندەکانی دەکات ، ئـەو ناوانـەش وەکـو ناوەکانی ( القيوم و العليم و الحكيم ...).

لـە دوای پیشـاندانی هەنـدیٚ لـەو پۆلینانـەی بۆنـاو وسـیفاتەکانی خـوای گـەورە کـراوە ، دێینـە سـەر پـۆلێن کردنـی سـیفاتەکانی (کـەلێرەدا زیـاتر مەبەسـتمانە و هـەموو ناوەکـانیش بۆخـۆی سـیفەتن نـەك بـە پێچەوانەوە بەو شێوازەی کە لەوانەیە نزیکترین پۆلێن بێت لـە نـاوەڕۆکی (کیتاب و سوننە)ە وە.

دیـارە ئـەکریٚ هـەموو ئـەو واتانـەی خـوای گـەورە دەربـارەی خـۆی فـەرمونی یـان خـوای گـەورە بـۆ خـۆیی دانـاوە و ئیسـپاتی کـردوە یـان بەشایستەی نەزانیون بۆ خۆی و نـەفی کـردوون لـە خـۆی بـەم شـێوەیەش بکرێت بە دووبەشەوە :-

یەکەم : سیفاتە جێگیر و بەردەوامەکان (الصفات الثبوتية ) .

دووەم : سیفاتـــە نەرێیـــەکان (الصــفات السلبيه) [1].

[1] سەیری( معالم التوحيد ) بکە بەدرێژتر باس لەم پۆلێنە دەکات ، کە ئێمەش سودمان لیٚ بینیوە .

– سیفاتە جێگرو بەردەوامەکانیش دابەش دەبێت بۆسیفاتی خود (ذات) و سیفاتی کردار (فعل) ، سیفاتی (ذات)یش ئەو سیفەتانەن کە بەردەوام خوای گەورە پێی وەسف کراوە و دەکرێ (لم یزل و لایزال متصفاً بها) وەکو (حیاة ، سمع ، بصر ، قدرة –، ارادة ، علم ، وجە ، یدین ، عینان ) سیفاتی کردار (فعل)یش هەموو ئەو سیفاتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەویست و ئیرادەی خوای گەورە ئەگەر بیەوێ دەیکات و ئەگەر نەشیەوێ نایکات وەکو ( الرضی ، ڕزای بوون ، الغضب ، توڕەبوون ، الانتقام ، تۆڵە سەندنەوە ، وەستان لەسەر عەرش ، الاستواء علی العرش) .

سیفاتە زاتییەکانیش دابەش دەبن بۆ دووبەش :–

یەکەم : ئەو سیفەتانەی زاتیین و لە ڕێگەی وەحییەوە ئاشنایان دەبین کە لە ڕێی وەحییەوە پێیان ئاشنا دەبین و پێی دەوترێت(صفات ذات خبري) هەموو ئەو سیفاتانە دەگرێتەوە کە بەڵگەی (کتاب و سوننە)ی لەسەر هاتوە ، ئەگەر هاتوو بەڵگەی دەققی لەسەر نەبوایە ژیری بەتەنها پەی پێ نەدەبردن و نەیدەناسینەوە ، لەگەڵ ئەوەش دا ژیری نەفی ناکات ، بەڵام بە بەڵگەیەکی تر نەسەلماندون.

دووەم : ئەو سیفەتە زاتییانەی لە ڕێگەی ژیرییەوە دەکرێ پێیان ئاشنا بین(صفات ذات عقیلة) هەموو ئەو سیفاتە زاتی یانە ئەگرێتەوە کە دەکرێ بەڕێگەی ژیری بدۆزرێتەوە و بناسرێت و بسەلمێت ، لەهەمان کاتدا پشت ئەستورە بە بەڵگەی دەقی شەرعی و دەقیان لەسەر هاتووە ،

ئەگەر دەقیشی لەسەر نەهاتبایە دەکرا ژێری کەشفیان بکات و پەی پێ بەرێت وەکو ( قدرة ، علم ، حياة ، إرادة ) .

سیفاتە کردارییەکانیش دەبێتە دوو بەشەوە :-

یەکەم / ئەوسیفەتەکردارییانەی بە هەواڵ و خەبەر لە کیتاب و سوننەوە پێما ن گەیشتووە کە پێی دەوترێت (صفات فعل خبريه) ، کە هەموو ئەو سیفاتانە دەگرێتەوە کە بە بەڵگەی نەقڵ و خەبەر لە(کتاب وسوننه)دا سەلماوون و جێگیرکراون ، بە شێوەیەك ئەگەر دەقی شەرعی لەسەر نەبوایە ژێری پەی پێ نەدەبرد و لە هەمان کاتدا نەرێ و نەفیشی نەدەکردن وەکو ( استواء ، مجیء ...) .

دووەم / ئەو سیفاتە کردارییانەی بە ژێری مرۆڤ ئەکرێ ئاشنا بین پێیان ، ئەگەر بەشێوەیەکی نیسبییش بووە ، کە پێی دەوترێت (صفات فعل عقليه ) ئەو سیفاتانە دەگرێتەوە کە ژێری لە توانایدایە هەست بە شوێنەوبکات وەکو (خلق ، إحياء ، أمانة ، رزق ...).

لە لایەکی ترەوە کردارەکانی خوای گەورە دابەش دەبن بۆ دووبەش :-

یەکەم / ئەو سیفاتانەیان پەیوەستن بەزاتی خواوە وەکو ( تکلم ، نزول ، استواء الی السماء ، استواء علی العرش ، مجيء الله تعالی یوم القيامة ).

دووەم / هەندێ لەو سیفاتانە کاریگەرییان بۆ ئەوانیتر و تەنها پەیوەست نییە بە زاتی خوای گەورەوە وەکو : (الخلق – الرزق – الاحياء

**– الامانـة ...) چـونکە دروسـتکردن و ڕۆزی دان و مرانـدن و ژیانـدن کـە پەیوەندی دارن بە دروست کراوەکانیشەوە .**

# سیفاتە جێگیر و بەردەوامەکان و سیفاتە نەرێییەکان
# (الصفات الثبوتية والسلبية)

لە پێشەوە بەکورتی پۆلێنێکی ناوو سیفاتەکانی خوامان کرد بەو شێوەیەی نزیکترین پۆلێنی پشت ئەستورە بە بەڵگەکانی قورئان وسوننەت ، لێرەش دا بە شێوەیەکی درێژتر باس لە هەر یەکە لە سیفاتە جێگیر (ثبوت) ی و (سلبي) و ( ذاتی ) و (فعلي)یەکان دەکەین .

یەکەم :- **سیفاتە جێگیر و بەردەوامەکان** ، هەموو ئەو سیفاتانە دەگرێتەوە کەخوای گەورە لەقورئان وپ ێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمودەکانیدا داویانەتەپاڵ خوای گەورە ، کە هەمویان سیفاتی تەواو و بێ لەکەو کەم وکوڕین وەکو سیفەتەکانی ( حياة ، علم ، قدرة ، إرادة ، غني ، جلال ، قوة ، علو ، سمع ، بصر ، وجه ، يدين ، استواء على العرش ، نزول الى السماء ... ) بونی ئەم سیفاتانەی خوای گەورە ، بەو شێوەیەیە کە لە ئاست گەورەی ئەوو پلەوپایەی مەقامی خواییدا بگونجێ و بەو چۆنێتییەی کە ئێمە نایزانین و قورئان لە بارەیەوە دەفەرموێ ﴿ ليس كمثله شيء... ﴾ باوەڕ هێنان بەم سیفاتانە لە داواکارییەکانی باوەڕ بەخوا و پێغەمبەری خوایە(ﷺ) ... قورئانیش داوای باوەڕهێنانمان لێ دەکات بەخوا و پێغەمبەران و کتێبەکانیان ، هەروەك دەفەرموێ ﴿ ياأيها الذين أمنوا بالله ورسلهِ والكتاب الذي أنزل من

قبل ومن يكفر بالله وملائكتهِ وكتُبهِ ورُسولهِ واليوم الاخر فقد ضل ضلالاً بعيـداً ﴾ النساء/136 .

هەر وەك دەزانین باوەڕ بەخوا باوەڕ بەسیفاتەکانیش دەگرێتـەوە ، باوەڕ بەکتێبەکانیش باوەر بە هەموو ئەو سیفەتانە دەگرێتـەوە کە لەو پەڕاوانـە داهـاتووە ، داننـان بـە پێغەمبـەرێتی محمـد (ﷺ) باوەڕبونـە بـە هەموو ئەو هەوالأنەی ئەو هێناونی لە قورئان و سوننەتدا کاتێکیش ئەو سیفەتانە لـە قورئـان و لـە فەرمودەدا هـاتوووە، ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە کـە خوای گەورە خاوەنی ئەوسیفاتانەیە ، چونکە لە ڕاستترین ڕێگەوە پێمان گەیشتوە و ڕاستگۆترین کەس هەواڵی پێداوین .

مەبەستیش لـە سیفەتە نەرێییەکان[1] هـەموو ئـەو سیفەتانەیە کـە خـوای گـەورە لەقورئانـدا و پێغەمبـەر (ﷺ) لـە فەرمودەکانیـدا نـەرێیان کـردووە لەوەی سیفەت بن بن بۆ خوای بەرز و بالاّ ... ئەم نـەفی کردنـەش خـۆی لـە خـۆیدا دەبێتـە وەسـف بـۆ پـەروەردگار لـەو وەسـف و سـیفەتانەی نـەفی کراون لە خوای گەورە : ( موت ، نوم ، نسيان ، عجز ، تعب ، جهل ، ظلـم ، لعب ، فقر ، ضعف ، بخل ، خلو أفعالية من الحكمة ، الزوجة ، الولـد ) ... جا لە قورئان و سوننەدا هـەموو ئـەم وەسفانە بـەدوورگیراوە لـە خـوای گەورە ئێمەش ئەوەنـدە هەیـە بـەدوری دەگـرین لێـی و دژ و نـەفی کراوەکـە وەك وەسفی خوا تەماشا دەکەین ، کە ئەمەش لەخۆیدا دەبێت بەوەسف ..

[1] لای زانایانی کەلام سیفاتی سەلبی بەو سیفاتانە دەڵێن کە دژەکەی نەفی دەکریٚ و بە پێنج دانـراون سـیفەت دانـراون( القدم ، الوحدانيـة ، المخالفـة ، الحـوادث ، البقـاء ، القيـام بالنفس) نـاوەڕۆکی ئـەم دابەشـکردنە زۆر جیـاوازی نـی یـە لـە گـەڵ ئـەوەی لەسـەرەوە باسکراوە، هەرچەندە لە ڕوکاردا جیاواز و یەك نەبن .

(أبو عبدالله محمد بن مرتضى اليماني) لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەو مەدحە سەلبییانەی لە قورئاندا کراون باوەڕ پێ بونیان پێویستە ، هەرچەندە لە ڕێسای زمانی عەرەبی و لای زانایانیش ناو نەبن ، بەلاّم چەند وەسفێکی هەق و پێویستن بەدەقی قورئان ، هەروەك لە قورئاندا هاتووە: ﴿ ليس كمثله شيء ﴾ وە ﴿ لايدركه الأبصار ﴾ ، ﴿ لا تأخذهُ سنة ولا نوم ﴾ ، ﴿ ليس بظلام للعبيد ﴾ ، ﴿ لايريد بكم العسر ﴾ و ﴿ وماجعل الله عليكم في الدين من الحرج ﴾[1] .

ئەگەر بمانەوێ هەندێ ڕونکردنەوە زیاتر لەو بارەیەوە بدرێت ، ئەوا دەڵێین کاتێ خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وتوكل على الحي الذي لايموت ﴾ فرقان/58 ، لێرەدا نەفی مردن (موت) لەخوای گەورە دەکات ، کە ئەمەش ئەوپەڕی ژیان (حیاه) دەگەیەنێ ... یا کاتێ دەفەرموێ ﴿ ولايظلم ربك أحداً ﴾ الكهف/49 ، نەفی و نەرێی ستەم (ظلم) لە خوای گەورە دەکات ، هەر بەمەش ئەوپەڕی دادگەری (عدل) بۆ خوای پەروەردگار بڕیار دەدات.

یا کاتێ کە خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وماكان الله ليعجزه من شيء في السموات ولا في الأرض ﴾ فاطر/44. بەم ئایەتە نەرێی بێتوانایی (عجز) لە خوا دەکات بەم نەفی کردنەش ئەوپەڕی زانست و توانا بۆخوای گەورە بڕیار دەدات هەربۆیە دەبینین لە دوای ئەوە دەفەرموێ ﴿ إنه كان عليماً قديراً ﴾ لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیفاتە سەلبییەکان ئەوپەڕی کەمال بۆ خوای گەورە لەخۆ دەگرێ ، کە ئەمەش نمونەی ژمارەیەك ئایەتە

[1] إظهار الحق على الخلق ـــــ معالم التوحيد .

هەندێ لەو سیفەتە نەرێ و سەلبییانە باس دەكات ، ئێمەش تەنها ئایەتەكان دەهێنین :-

1- ﴿ وماكان ربك نسيا ﴾ مريم/64 .

2- ﴿ ولايؤده حفظهما ﴾ بقرة/ 255 .

3- ﴿ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ ﴾ ق/38 .

4- ﴿ وما الله بغافل عما يعملون ﴾ بقرة/144 .

5- ﴿ لاتدركه الأبصار وهو يدرك الأبصار ﴾ أنعام/103.

6- ﴿ لاتأخذه سينة ولانوم ﴾ بقرة/255 .

7- ﴿ إن الله لايصلح عمل المفسدين ﴾ يونس/81 .

9- ﴿ إن الله لايهدي قوم الظالمين ﴾ مائدة/51 .

ئەم ئایەتانە و چەندەها ئایەتی تر ، بە نەفی كردنی هەندێ سیفات دیوە ئیجابیەكی ئەو سیفاتانە دەسەلمێنێ.

دەتوانرێت سیفاتە سەلبییەكان لەڕووی مەبەستی باس كردنیان لەقورئاندا دابەش بكەین بۆ سێ بەش :-

یەكەم / ڕونكردنەوەی ئەوپەڕی تەواوێتی (كمال)ی پەروەردگار و بێ وێنەیی ئەو... هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ ليس كمثله شيء ﴾ شوری/11 ، وە ﴿ ولم يكن له كفواً احد ﴾ أخلاص/4 .

دووەم / نەفی كردنی ئەو لەكە و ناشایستەییانەی بێ باوەڕان دەیاندایە پاڵ خوای گەورە هەروەكو خوای گەورە دەربارەی (ڕۆڵە و منداڵ دانە پاڵ خوا) لە لایەن بێ باوەڕانەوە دەفەرموێ : ﴿ أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا (91) وَمَا يَنْبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا ﴾ مريم/91-92 .

ســێ یــەم / نــەهێڵانی گومــانی بــێ توانــایی لەمەســەلەیەكی دیــاریكراودا ، هــەروەكو خــوای گــەورە دەربــارەی دروســت كردنــی ئاسمانــەكان و زەوی ڕوونــی دەكاتــەوە كــە بەهەوانتــە و بــێ مەبەســت دروستی نەكردوون ﴿ وَمَـا خَلَقْنَـا السَّـمَاءَ وَالْـأَرْضَ وَمَـا بَيْنَهُمَـا لَـاعِبِينَ ﴾ انبياء/16.

هەروەها دەری دەبڕێ كە لە دروست كردنیا ماندوو هیلاك نەبووە وەك دەفەرموێ ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِـي سِـتَّةِ أَيَّـامٍ وَمَـا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ ﴾ ق/38 .

تێبینی :

ناونانی ئەم سیفاتانە بە (سەلب) لەوەوە هاتووە كە نەرێ و نەفی ئەو وەسفانە دەكات لە خوای گەورە ، ئەگینا لە ڕووی ماناوە هەمان مەبەستی سیفاتە جێگیرەكان دەدەن بەدەستەوە ، بەڵام بەدەربڕینێكی تر[1].

---

[1] سەیری ( القواعد المثلى ، معالم التوحيد ، العقائد الاسلامية لسيد سابق ) بكە

# سیفاتە زاتی و فیعلییەکان

لـە پێشـەوە ئاماژەمـان بـەوە درا سـیفاتە جـێگیرو بەردەوامـەکان پۆلێن دەبن بۆ سیفاتی زاتی وفعلی.

أ- سیفاتە زاتییـەکان : هـەموو ئـەو سیفاتانەیە کـە خـوای گـەورە لەمەوپێش و لەمەودواش بە بەردەوامی هەیبوە و دەیبێ واتـە (لم یـزل ولا یزال متصفاً بها) ، وەکو ( علم ، سمع ، بصر ، عزة ، حکمة ، علو ، عظمة ، کبریاء ، رحمة ...) ئەم سیفەتانە بە خودی خۆیـان و بە پێـی واتاکانیـان پێناسـە دەکـرێ نـەك بـە واتـا دژەکانیـان وەك لـە سـیفەتە سـەلبییەکاندا ئاماژەی پـێ درا ، نمونـەی ویسـت (إرادە) ، زانسـت (علـم) و هـاو وێنـەیان ئەم سیفەتانەش هەر یەکەیان واتا و مەبەستێکی تەواوو پڕ کەماڵ بە خـوا دەبەخشن[1]:-

سیفاتە زاتی یـەکان بەشێکیان (خەبـەرین) وەکو (وجـە و عینـین و یدین) دانە پاڵ خوا بەشێوەیەك شایستەی ئەوە و شیاوە بە زاتـی خـوا بە دوور لەوەی بە زیهنی ئێمـەدا دێت ، نمونـەش بـۆ سیفاتە زاتـی یـەکان بە هـەردوو بەشـەکەیەوە (خەبـەری و عـەقڵی) یـەکجار زۆرە و زۆربـەی ئـەو ئایەتانـەی باسـی ناوەکـان دەکـەن زۆرینـەیان لـە سیفاتی زاتـی دەدوێـن... ئەمەش چەند نمونەیەکی ترە لە قورئان و سوننەدا :-

- ﴿ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ ﴾ مائدة 64.

---

[1] سەیری ( معالم التوحید ) شرح العقیدة النسفیة ) بکە .

– ﴿ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ﴾ رحمن/27 .

- ﴿ وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا ﴾ نساء/164 .

- ﴿ وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ شعراء/10 .

- ﴿ إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى﴾ طه/64 .

پێغەمبەری خواش (ﷺ) لە شوێنێکدا ئامۆژگاری هەندێ لە هاوەڵانی دەکات و دەفەرموێ (ئێوە هاوار لەکەڕ و بێ ئاگا ناکەن بەڵکو بانگ لە خوایەکی (بیسەر و بینەر و نزیك دەکەن ) [1]. (إنكم لاتدعون أصما ولا غائباً تدعون سميعاً بصيراً قريباً) ، هەروەها لە پاڕانەوەی ئیستیخارەدا هاتوە ( ... اللهم إني أستخيرك بعلمك واستقدرك بقدرتك وأسالك من فضلك العظيم فانك تقدر ولا أقدر وتعلم ولا اعلم وأنت علام الغيوب)[2].

لەم بارەیەوە چەندەها بەڵگەی زۆر هەن لە قورئان و سوننەدا کە بە پێویستمان نەزانی بیانهێنن[3].

ب– سیفاتە فعلییەکان: هەموو ئەو سیفاتەن کە پەیوەست و گرێ دراوی ویستی خوای گەورەن ، گەر بیەوێ دەیکات و گەر نەشیەوێ ئەنجامی نادات ، هەموو کارەکانی خوای گەورەش لەسەر زانیاری و

---

(1) رواه مسلم وابن ماجه .

(2) رواه البخاري والترمذي وأبن ماجه .

(3) بۆ زیاتر سوود وەرگرتن دەکرێ خوێنەر سەرێك لەکتێبی (معالم التوحيد) بدات ل(137–150) ، یا هەر سەرچاوەیەکی تری باوەڕ پێکراو.

حیکمەت و دانایی بنیاتن ، جا هەروەکو چۆن سیفاتی زات پەیوەستە بەزاتی خواوە و خوای گەورە ئەوەی بیەوێ دەیکات و لەهەرکات و بە هەر شێوەیەك بێت ڕۆزی دەدات و دەمرێنێ و دەژێنێ ، پێخۆش بوون و ڕق لێ بوونی هەیە ... بە هەمان شێوەش لە سوننەدا هەندێ فعلی وەکو پێ سەیربوون و شادبوون(فرح) ... دەدرێتە پاڵ خوای گەورە و دەچنە خانەی سیفاتە فیعلییەکان[1]، سیفاتە فیعلییەکان ئەو سیفاتانەن کە دەکرێ خوای گەورە بەو سیفاتانە و پێچەوانەکەشیان وەسف بکرێ، وەکو : ئەوەی خوای گەورە گەر ویستی دەوڵەمەندی و هەژاری و سەربەرزی و ژێردەستەیی و ژێنەری و مرێنەری دەبەخشێت ، هەر یەك لەمانە کردار و فیعلی خوان ، ئەکرێ بوترێ سیفاتە فیعلییەکانی وەکو(الاغناء) و (الافقار) ، (إعزاز) و (ازلال) ، (الاحیاء) و (الاماتة) لە سیفاتی فیعلی خوان.

[1] دیارە لەم جۆرە ئایەت و فەرمودانە خەلەف یان قوتابخانەی تەئویل ڕێبازێکی تریان گرتۆتە بەر .

# تيبينى

كاتىٚ دەلٚيين ئەم سيفاتانە پەيوەستە بەويستى خواى گەورەوە مانای وانی یە پیشتر ئەو سیفەتەی نەبوە ، بەلٚكو خواى گەورە پيش دروستكردنى دروستكراوان (خالق)بووە و پيش بونى تاوانباران (غفور) بووە .. ئەمانە و هاووينەيان ئەزەلى و ئەبەدين سەبارەت بە خواى گەورەدا بەلاٚم ئەنجام دانى فيعلى هەريەكىٚ لەم سيفاتانە پەيوەستە بەويستيەوە ، بۆ نمونە خواى گەورە سيفەتى (راضي) و (غاضب) ى هەيە ، بەلاٚم لە هەموو كاتيكدا بەرامبەر دروستكراوەكانى (راضي) و (غاضب) نى يە.

خاوەنى عەقيدەى (طحاوي )يش ئامارژە بەم تيبينى يە دەكات و لەبارەى سيفەتەكانى خواوە دەفەرمويٚ: (بەردەوام بە سيفەتەكانى قەديم بووە لە پيش دروستكراوەكانيدا ، بەهۆى بونى ئەوانەوە هيچ شتىٚ لە سيفەتەكانى زيادى نەكردوە ، هەروەكو چۆن ئەو سيفاتانە ئەزەلين بە هەمان شيوە تا هەتا و ئەبەدين)[1].

نمونەى ئەم جۆرەش لە سيفات يەكجار زۆرن و تەنها ژمارەيەكى كەم لە قورئان و سوننە وەك نمونە دەهينينەوە :-

- ﴿ وربك يخلق مايشاء ﴾ **قصص**/68 .
- ﴿ثم أستوى الى السماء ﴾ **بقره**/29 .
- ﴿ فقدرنا فنعم القادرون ﴾ **المرسلات** /23 .

---

[1] سەيرى : (أصول العقيدة الاسلامية) بكە .

- ﴿صنع الله الذي أتقن كل شيْ ﴾ **النحل/88** .
- ﴿ إن ينصركم الله فلا غالبلكم وإن يخذلكم فمن ذا الذي ينصركم من بعده ﴾ آل عمران /160.

لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوداش(ﷺ) ئامـاژەی زۆر هەیە لەوانە فەرمودەی شەفاعە کە ئاماژە بەهاتنی خوای گەورە دەکات ( ... فيأتيهم الله في صورته التي يعرفونه فيقول أنا ربكم فيقولون أنت)[1] .

یا کاتیٚ باسی ئەوەمان بۆ دەکات دوای دروستکردنی دروست کراوان بەدەستی خۆی نوسیویە کە بەزەیی پێش توڕەیی کەوتوە (لما خلق الله الخلق كتب بيده على نفسه إن رحمتي تغبل غضبي)[2].

لێرەشدا پێم باشە ئەو تێبینیە بخرێتە ڕوو کە هەندیٚ جار سیفەتێکی خوای گەورە هەم زاتی یە و هەم فیعلی یە ، بۆنمونە : سیفەتی کەلامی خوای گەورە بەپێی بنچینە(أصل)ە کەی زاتی یە چونکە خوای گەورە هەر سەرەتا (أزل)ە وە تا کۆتایی (أبد) سیفەتی کەلامی هەیە و ئەبێت ، بەلاٚم بەپێی قسە لەگەڵ کراوان سیفەتێکی فیعلییە چونکە کەلامی خوا پەیوەستە بەویستی خوای گەورەوە ، کەی و چۆن چ کاتیٚ ویستی گوفتاری دەبیٚ ، هەروەك دەفەرمویٚ :﴿ إنما أمره إذا اراد شيئاً أن يقول له كن فيكون ﴾يس/82 .

بە هەمان شێوە سیفەتی (ربوبيەتی) خوای گەورە ئەگەر مەبەست پێی پادشایەتی و گەورەیی بێت ( المالك و السيد) ئەوا سیفەتی زاتە ،

---

[1] متفق عليه .

[2] رواه البخاري ومسلم والترمذي .

خۆ ئەگەر مەبەست بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیكردنی دروست كراوان و چاكسازی كردن و خاوەنێتی بێت ئەوا لە سیفەتی (فعل)ە [1].

## نەخشەكاریەكی سیفاتەكانی خوای گەورە




---

[1] سەیری ئەم سەرچاوانە بكە : معالم التوحید ، اعلام الفقه المنشورة ، قواعد المثلي ، العقیدة في الله ، العقیدة في الصفات .

# سیفەتی بڵندی و پایەبەرز (العلو) ی خوای گەورە

یەکێك لەوسیفاتانەی خوای گەورە داویەتیە پاڵ خۆی وخۆی پێ وەسف کردوە سیفەتی بڵندی و پایەبەرزی (علو)ە کە لە ناوەکانی وەکو ( العلي ، الأعلى ، الظاهر ، القاهر ) ە وە وەردەگیرێ هەموو ئەو بەڵگانەی لم بارەیەوە هاتوون ڕونی دەکەنەوە کە مەبەست لە (علو)ی خوای گەورە ئەم خالأنەیە :-

یەکەم : بەرزی لە سەروی عەرش و هەموو دروستکراوەکانیەوە و لەگەڵ چاودێری و ئاگاداری و زانیاری بەسەر هەموو حاڵ و بارێکیاندا کە مەبەست پێی (علو الفوقیه) یان (علو الذات) ە .

دووەم : دەسەلأتدارە بەسەر هەموو دروستکراوەکانیدا بە شێوەیەك هیچ کەسێك نی یە بتوانێ دژایەتی و بەرامبەرکێی لەگەڵ بکات ، بەڵکو هەموی ملکەچە بۆ گەورەیی و دەسەلأت و هێزی ئەو ، هەموو کەس و شتێك لە سایەی قەڵەمڕەوی ئەودای لە هەموو کات و شوێنێکدا ، ئەمەش بەبەرزی ژێردەست خستن و زاڵی واتە ( علوا لقهر) یا (علو القهر والغلبة) لێك دەدرێتەوە .

سێ یەم : پایەبەرزی (علو الشأن) بەشێوەیەك هەموو سیفاتێکی جوان و کەمال شایستەی خۆیەتی و هەموو کەم وکوڕی و لەکەیەکیش لەوەوە دوورە کە بەبەرزی ڕێز(علو القدر والشرف)ناو دەبرێت، هەموو

ئەم واتایانە پەیوەستن بە بەرزی و بڵندی خوای گەورە و لێی جیانین ، ئەمەی دادیٚ ڕیزبەندێکە لەو بەڵگانەی ئەوەی سەرەوە دەسەلمێنن.

1- (علو الفوقيە): لە بەرایی دا ئەبیٚ بزانین باسی ئێمە پەروەردگارە نەك بەدیهێنراو ، دەشزانین خوای گەورە –هاو وێنەی نیە لەخود و کارو سیفاتەکانیدا ، هەروەکو لەشوێنی خۆیدا زیاتر باسی لێدەکەین و ڕونتری دەکەینەوە– ئەمەش نمونەیەکە لەو بەڵگانەی کە هەموویان سەرویەتی خوای گەورە بەسەر دروستکراوەکانیەوە دەسەلمێنن :–

- ﴿ الرحمن على العرش استوى﴾ لە حەوت شوێنی تری قورئاندا بە ﴿ ثم استوى على العرش﴾ **الأعرف**/54 ، **يونس**/3 ...
- ﴿ ءأمنتم من في السماء﴾ **ملك**/16 .
- ﴿ يخافون ربهم من فوقهم﴾ **نحل**/50 .
- ﴿ اليه يصعد الكلم الطيب والعمل الصالح برفقه﴾ **فاطر**/10 .
- ﴿ تعرج الملائكة والروح اليه﴾ **معارج**/4 .
- ﴿ يدبر الامر من السماء الى الأرض﴾**سجدة**/5 .
- ﴿ ياعيسى إني متوفيك ورافعك إلي ﴾ **أل عمران**/55 .

لە سوننەش دا هاتوە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەکچۆڵە(کەنیزە) یەکی فەرموو خوا لە کویٚ یە؟ ئەویش ووتی (في السماء) پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خاوەنەکەی فەرموو ئازادی کە چونکە باوەڕدارە [1] و هیچ ئینکاریشی لێنەکرد .

(1) (رواه مسلم) .

هەروەها پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەربارەی ئەو فریشتانەی کە لەزەوی دان و چاودێری کاری بەندەکانیان کردووە دەفەرموێ " ثم يعرج الذين باتو فيكم فيسألهم وهو اعلم بهم... "[1]

یا دەفەرموێ هەرکەسێ خێربکات بە بەها وکێشی خورمایەك لە کار و کاسبییەکی پاك ،دیارە هەرشتی پاك بۆ لای خوا بەرز دەبێتەوە "من تصدق بعدل تمرة من كسب طيب ولايصعد الى الله إلا الطيب"[2]

زانایانی پێشین کە دەربارەی (استواء) دەفەرمون (الاستواء غير مجهول والكيف غير معقول والايمان به واجب والسؤال منهُ بدعة ومن الله الرسالة وعلى الرسول البلاغ وعلينا التصديق والتسليم ) دیارە ئەمە وتەی زانایانە لەوانە ئیمامی مالك و ربيعه ،بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکان و ڕای (راجح) وایە و واتای بەرزی و بڵندی تێدایە بەو چۆنییەتییەی شایستە بەخوایە.

2- (علو) بە واتای دەسەڵاتداری(القهر)، بۆ ئەم واتایەش چەندین بەڵگە هەیە، خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێ :-

- ﴿ وهو القاهر فوق عباده ﴾ أنعام/18 .
- ﴿ سبحانَهُ هو الله الواحد القهار ﴾ زمر/4 .
- ﴿ لمن الملك اليوم ، لله الواحد القهار ﴾ غافر/16 .
- ﴿ ما من دابةٍ اِلا هو اخذ بناصيتها ﴾هود/56 .

---

(1) متفق عليه .

(2) بخاري و مسلم .

هەروەها لە چەندەها فەرمودەی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەم ڕاستیە بەدەر دەکەوێت کە هەموویان ئاماژەبەوە دەکەن کەهەموو کاروبارێك لەژێر دەسەلأت وفەرمانی ئەودایە وەك لە زۆرێك دوعا و پاڕانەوەکانی دا دەردەکەوێت لەوانە :–

– أعوذبك من شر كل دابةٍ ، أنت أخذ بناصيتها[1] .

– اللهم إني عبدك وابن عبدك وابن أمتك ناصيتي بيدك راضٍ في حكمك عدل في قضاءك[2].

– .... إنك تقضي ولا يقضى عليك إنه لايذل من واليت ولا يعز من عاديت [3].

3) (علو) بە واتایی پایە بەرزی (علو الشأن) و ڕێز ، ئەمەش لە چەندەها ناوی خوای گەورەی وەکو ( القدوس ، السلام، الكبير، المتعال) بەدەردەکەوێ ، سەرەڕای هەموو ئەو سیفاتانەی تاك و بێ وێنەیی و گەورەیی و دەسەلأتی ئەو بە دەردەخەن وەك (الأحدية ، العظمة ، الكبرياء ، الصمدية ، الحياة ، القيوم، القدرة ) و هەر ناو وسیفاتێکی تر کە سیفاتی ( كمال ، علم ، حيكمة ، عدل وغناء ) ی خوای گەورە دەسەلمێنن و دژەکانیشی لێ بە دور دەگرن [4].

ئەمەبو بەکورتی واتای بەرزی و پایە بڵندی خوای گەورە ، لەبەر ڕۆشنایی هەندێ لە بەڵگە و دەققەکاندا ، سەبارەت بە بۆچون و تەئویلی

---

(1) بخاري وابن ماجة .

(2) حديث صحيح .

(3) اخرجه النسائي والترمذي وقال حديث حسن .

(4) سەیری (اعلام السنة المنشورة) بکە .

هەندێ لە زانایان و قوتابخانەی دووایین(مدرسە الخلف) بۆ هەندێ لەم سیفاتانە و هاو واتاکانیان ، جارێکیتر لەم کتێبەدا ئاوڕێك لەم بابەتە دەدەینەوە.

# لەگەڵدا بونی خوا(معية الله)

لە زۆر شوێنی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەوە دەکرێ خوای گەورە لەگەڵمانە ، نزیکترە لێمان لەڕەگی بناگوێ ، یا بە چەندەها شێوازی تر کە هەمان مەبەست دەگەیەنن ، ئایا ئەم لەگەڵ بونە چۆنە ؟ چی دەگەیەنێ ؟ بۆچون و دیدی ڕاست لەو باریەوە چی یە ؟

سەرەتا پێمان باشە ئەوە بڵێین لەگەڵ بونی خوا بەکیتاب وسوننە جێگیرە و سەلماوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وهو معكم اينما كنتم ﴾ الحديد/4 ، لە کاتێکیش دا خوای گەورە موسا و هارون دەنێرێت بۆ لای فیرعەون پێیان دەفەرموێ ﴿ لاتخافا إنني معكما أسمع وارى ﴾ طه/ 46 ، یالەئایەتێکی تردا دەفەرموێ ﴿ إن الله مع الذين أتقوا والذين هم محسنون ﴾ النحل/128.

لە سەر بناغەی ئەم بەڵگانەوە چەندەهای تر زانایانی باوەڕپێکراوی پێشین لەگەڵ بونی خوایان سەلماندووە و بە سابتیان داناوە ، بەو پێیەی بەڵگەکان رون و ئاشکران.

شێخ صالح العثيمين لەکتێبی (قواعد المثلى) ە کەیدا لەگەڵ بونی خوای لەچەند خاڵێکدا کۆی کردۆتەوە و بەم شێوەیە لەسەری دواوە:-

یەکەم :- سەرەتا لە گەڵدا بونی خوا بەکیتاب وسوننە کۆی پێشینان سابت وجێگیرە .

دووەم :- ئـەم لەگـەڵ بونـەی خـوا هـەق و ڕاسـت و دروسـتە بەوشـێوەیەی شـایان و شایسـتەی خـوای پـەروەردگارە ، بـێ ئـەوەی بچوێنرێ بە لەگەڵدا بونی بەدیهێنراوەکان تر .

سێ یەم :- ئەم لەگەڵ بونە ئەگەر مەبەست واتا گشتییەکەی بێت ئەوە ئاگاداری و ئیحاتەی خوای گەورە دەگرێتەوە ، وەك ئەوەی خوای گەورە عیلمی هەیە پێیان ، دەسەڵاتدارەبەسەریاندا ، کارەکانیان دەبینێ ودەنگ و گوفتاریان دەبیستێ، کاروباریان دەبات بەڕێوە.

بـەڵام گـەر لەگـەڵ بوونەکـە تایبـەت بـوو (معیـة خاصـة) ئـەوا سەرکەوتن و پشتگیری و یارمەتی دان و ڕێ نمونی تایبەتی ئیمانداران دەگرێتـەوە ، وەك ئـەوەی دەوتـرێ خـوای گـەورە لەگـەڵ پارێزگـاران وچاکەخوازان وخۆڕاگران و ... تد.

چوارەم :- ئەم لەگەڵ بونە بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگرێتەوە کە خوای گەورە لە نێو دروستکراوەکاندا بێت یان لەشوێن و جێگای ئەواندا بێت .

پێنجەم :- ناکۆکی و ناتەبایی نی یە لەگەڵ ئەوەی دەڵێین خوای گەورە بەڕاستی لەگەڵ دروستکراوەکانیدایە و لەهەمان کاتدا لەسەروی عەرشەوەیە[1] ، چونکە خوای گەورە لەتەنها ئایەتێك دا لەقورئاندا پێکەوە کۆی کردونەتەوە بۆ زاتی خۆی هەروەك دەفەرموێ ﴿ هوالذي خلق السموات والأرض في ستة أيام ثم استوى على العرش يعلم مايلج في الأرض ومايخرج منها وما

[1] سەیری (القواعد المثلى) بکە .

ينزل من السماء ومايعرج منها وهو معكم اينما كنتم والله بما تعملون بصير ﴾ حديد/4.

کەواتە جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان (علو) و (معية ) دانی یە زۆرجاریش ئەمە بۆ بەدیهێنراوەکانیش وەك وتن دروستە هەروەك لەعەرەبی دا دەڵێن (مازلنا نسير والقمر معنا) بەردەوام دەڕۆیشتین مانگیشمان لەگەڵ بوون کەئەمە مانای پێکەوەنوسان ناگەیەنێ چونکە ئاشکرایە مانگ لەسەرومانەوەیە نەك لەگەڵمان ... ـ ولله المثل الأعلى ـ چونکە ئەم نمونە تەنها بۆ تێگەیشتن بوو لەم جیهانی مرۆڤدا ، خۆ ئەگەر ئەمە بۆ بەدیهێنراوەکان (مخلوقات) شتێکی مەحاڵ بێت ئەوا بۆ خوای گەورە گونجاووتەواوە ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە هاو وێنەی نی یە ، هەروەك دەفەرموێ ﴿ ليس كمثله شيء وهو السميع البصير ﴾الشورى/11.

وادەزانم هەندێ پاسا و و گفتوگۆ و بەڵگە هێنانەوەی ئەم بابەتە و هاوشێوەکانی زیاتر ترسە لە هەندێ بابەتی وروژێنراوی چەند سەردەمانێکی مێژوویی کە دەکرێ لە ئێستەشدا هەواداری هەبن ، ئەگینا دەربڕینە قورئانییەکان رون و ئاشکران ، خوای گەورە لەگەڵ ئێمەیە ، بە چۆنییەتییەك کە شایستە بە زاتی ئەوە ، هەندێ لە واتاکانی ئەوەیە کە شێخ عوسەیمین ئاماژەی پێ دا ، خۆ ئەگەر چۆنێتییەکی تریشی هەبێت ئەوە ئێمە نایزانین ، بەڵام هەمومان بە فیترەت تێ دەگەین کاتێ خوای گەورە دەفەرموێ لەگەڵتانم چی دەگەیەنێت... من وادەزانم ئەو باسەی بۆ (معية الله) کرا جۆرێك لە تەفسیری تێدایە ، بەڵام بە پاڵپشتی بەڵگەی تری قورئانی و هەندێ لێك دانەوەی عەقڵی ،ئەگەر هەموو ئەو لێك دانەوانە

دروست بێت كە كرا ئەوا هەندێ تەئویلی خەلەفیش لەم شێوەیەیە بۆ هەندێ لە سیفات كە زمانی عەرەبی قبوڵی دەكات و دەقێك یا ئەسەرێكی سەحیح نییە رەفزی بكاتەوە.

## بەئاگایی لە كاتی (إثبات) ی سیفاتدا

ئیمام بەننا لەكتێبی عەقائید و لە ژێر سەردێڕی: لە نێوان سیفەتەكانی خوا و خەڵكیدا دەڵێ :-

بۆ سیفەتێك لە سیفاتەكانی خوا ووشەیەك بەكارهێنراوە هەمان ووشەش بۆ سیفەتێك لە سیفەتەكانی مەخلوق (ئادەمیزاد) بەكارهێنراوە ، ئەوەی لەسەر مرۆڤی ئیماندار پێویستە ئەوەیە كە دەبێت هۆشیاری ئەوەبێت كە مەبەستی نێوان واتای ئەو دوو وشەیە بەتەواوی مەعنا جیاوازە ، بۆنمونە تۆ دەڵێیت خوا زانایە ، زانیاری بوەتە سیفەتی خوا ، دیسان دەڵێی فلاَن كەسیش زانایە ، لێرەدا دیسان زانیاری بوەتە سیفەت بۆ فلاَن كەس و خوا ، ئایا لەم ڕستەیە مەبەست لە وشەی زانیاری یەكێكە ؟ حاشا لەوەی كە وابێ ، بەڵكو زانیاری خوای تەعالا لەوپەڕی كەمال وتەواوی دایە و كۆتایی بۆنی یە ، بەلاَم زانیاری ئادەمیزاد لە بەرامبەر زانیاری خوا وەك تنۆكێ ئاو لەبەرامبەر ئۆقیانوسێكیشەوە نی یە ، لە بەرامبەر زانیاری خوا هەر هیچ نی یە ، هەروەها سیفەتەكانی تریش وەك ژیان و زانیاری و بیستن و بینین و ئاخاوتن وتوانا و ویست ...

لەبارەی كەماڵ و چۆنێتیەوە لە هەمو ئەمانەدا ، واتای ووشە بەتەواوی جیاوازە لەواتای هەمان ووشە كە بۆسیفەتی ئادەمیزاد بەكاردەهێنرێ ، چونكە پەروەردگار لە هیچ یەكێ لە مەخلوقەكانی خۆی ناچێت ، ئاگات لەم قسەیە بێت چونكە زۆر ووردە .

وەهەروەك تۆش داوای ئەوەت لێنەكراوە ناوەڕۆك و ماهیەتی سیفاتەكانی بزانیت تەنیا ئەوەندە پێویستە شوێنەواریان لەم بونەوەرەدا بزانیت ، پێویستی و داخوازی ئەو سیفاتانەش لەبارەی خۆتەوە بزانیت ئیتر بەسە ، داواكارین خوا لە هەڵخلیسكان بمان پارێزێ و تەوفیقیشمان بدات [1].

ئەم ئاگاداربونە بۆ ئەوەیە خۆبپارێزین و دووربین لە لێچواندن بە ئەم سیفاتانە بە دروستكراوەكان(تمثیل) و دانانی چۆنێتی(كیفیة) بۆیان ، چونكە هەریەكە لەو دووە(چواندن و چۆنێتی) بەپێی بەڵگەكانی وەحی و ژیری مرۆڤیش نەگونجاوو نادروستن ، چونكە خوای گەورە لە چەندەها شوێن ئەوەی ڕەت كردوەتەوە كە لەدروستكراوەكانی بچێت یان هاو وێنەی هەبێت ، نمونەش چەندەها ئایەتی قورئانە :-

- ﴿ لیس كمثله شيء وهوالسمیع البصیر﴾ شوری/11 .
- ﴿ أفمن یخلق كمن لایخلق افلا تذكرون﴾ نمل/17 .
- ﴿ ولم یكن له كفواً أحد﴾ الاخلاص/4 .

---

[1] عەقائید ، نوسینی ئیمام (حسن بەننا) وەرگێڕانی حەسەن پێنجوێنی .

**کاتێکیش ژیری مرۆڤـ لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە دەگاتە ئەوەی :**

**یەکەم / لەنێوان (خالق و مخلوق) دا جیاوازی لە (ذات) دا هەیە ئەمەش وا پێویست دەکات جیاوازیش بن لەسیفاتدا ، چونکە هەروەسف کراوێك سیفەتی تایبەت و شایستە بەخۆی هەیە ، مرۆڤ خاوەنی هێزە ، باڵندە یان هەر گیاندارێکی لاوازیش خاوەنی هێزە ، بەلاَم ئەم دوو هێزە جیاواز و نایەکسانن ، هەروەك خۆیان لەیەکتر جیاوازن ، دەی جیاوازی نێوان خالیق ومەخلوقیش جیاوازیەکی ڕەهایە (ولله مثل الأعلى).**

**دووەم/ چۆن دەوترێت خوایەکی بەدیهێنەر و پەروەردەکەر خاوەنی ئەوپەڕی کەماڵ، لەدروستکراوە لاواز و پڕکەم وکورتی یەکانی دەچێت ، قەناعەت و باس و خواسی وا زۆر نەگونجاوو دوورە لە دین و عەقڵ.**

**سێ یەم / هەندێ جاردەبینین دروستکراوەکان لەناودا هەندێ شتیان یەکە ، بەلاَم لەناوەڕۆك و کرۆك دا جیاوازن ، ئەمەش شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە ، دەری دەخات یەك بوون لەناودا مانای یەك بوون نیە لەناوەڕۆك وحەقیقەت دا .**

**ئەمە دەربارەی نەگونجاوی (تمثيل) لە سیفاتی خوادا کەشتێکی نەسازە بەسروش و ژیری مرۆڤ .**

**لە بارەی دانانی چۆنیەتیەوە بۆ ئەو سیفاتانە ، بەهەمان شێوە بەپێی وەحی و ژیری پەسەندی ناکا و کارێکی نەگونجاو ونادروستە ، چونکە مرۆڤ توانای پەی بردنی نیە بەزاتی خوا و چۆنێتی سیفاتەکانی ،**

هەربۆیــە قســەکردن لەوبارەیــەوە بــەبیٚ زانیــاری بــەتاوانێك دادەنرێــت و بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگریٚ ، چونکە خوای گەورە دەفەرمویٚ :-

- ﴿ ولا يحيطون به علماً ﴾ طه/10 .

- ﴿ ولاتقف ماليس لك به علم إن سمع والبصر والفؤاد كلُّ أولئك كان عنهُ مسؤلا﴾ إسراء/36 .

روون و ئاشـکرایە ئێمـە زانیاریمـان نیـە بەچـۆنێتی سـیفاتەکانی خـوای گـەورە ، لەوبارەیەشـەوە هـیچ هـەواڵێکمان پـیٚ نـەدراوە . کەواتـە قسـەکردنمان لـە چۆنێتیان قسـەکردنە لەشتێك کـە زانیاریمـان لەبارەیـەوە نیە و ناتوانین حەقیقەتەکەی بزانین .

لەلایەکی ترەوە ئێمە بیٚ ئاگاین لـە چۆنێتی زاتـی خـوا ، جامادام ئێمـە شـارەزانەبین بـەزاتی خـوا ئـەی دەبـیٚ چۆن لەچۆنێتی سـیفاتەکانی ئاگاداربین .

پاشان بۆمان هەیە بپرسین چ چۆنێتیەك دادەنرێت بۆ سیفاتەکانی خـوا؟ هـەر چۆنێتیەك دابنرێـت خـوای گـەورە لـەوە پایەبـەرزترە و ڕاسـت ودروستیش دەرناچێت ، چونکە هەر زانیاریەك لە بیر وخـەیاڵ و ئەندێشـە و بگرە ژێری مرۆڤیش دا دروست بێت ، سەرچاوەکەی بریتی دەبێت لـە حەواس و بەرهەستەکانی مرۆڤ . ئێمەش ئـەوە دەزانـین خـوای گـەورە هـاو وێنەی نیە ، کەواتە دەتوانین ئەو گوتەزایە بەڕاست بزانین کەدەڵیٚ: (كل ما خطر ببالك فالله بخلاف ذلك).

لـە بـەرەنجامی ئـەم تێڕوانینـەوە پێویسـتە دڵ و زمـان ونوسـینمان بپـارێزین لـەوەی چۆنێتی یـەك بـۆ ئـەو سـیفاتانە دیـاری بکـەین ، بەمـەش

خۆمـان دەپـارێزین لەمەترسـی (تکییـف) کـە زانایـان لـە ترسـناکیەکەی ئاگاهیـان داوە [1] ، ئەوەش ئیستیعاب کـەین کـە هـاردی کۆمپیوتەرەکـەی مێشـکمان هەنـدێ بەرنامـەی بـۆ دانەبـەزیوە ، هـەر بۆیـە ئاسـاییە توانـای بەسەر خوێندنەوی هەندێ مەلەف و بابەت و بەرنامەدا نەبێت...

## پرۆگرامێك (منهج) بۆ تێگەیشتن لە سیفاتەكانی خوا

بۆ باش تێگەیشتن لەناو سیفاتەکانی خوای گەورە ، وە بـۆ ئـەوەی بە هەڵەدا نەچین و توشی هەڵخلیسکان نەبین ، پێویستمان بە پرۆگرامێك هەیە [2] تـا وەکـو بەرچاورۆشـنی زیاترمـان پـێ ببەخشـێ... (شێخ محمـد امین الشنقیطي) ئامارژە بـەوە دەکـات کـە لـە قورئانـدا بابـەتی سیفاتی خـوا پشـت بـە سـێ بناغـە دەبەسـتێ ، رەفتـارکردن بـەو سـێ بناغـە و بنەمایـە هاوکاریمان دەکات بۆ ئـەوەی راسـتی بپـێکین و شـوێن کـەوتنی پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵان و پیاوچاکانی پێشوو مسۆگەر بکـەین ، بەپێچەوانەشـەوە هـەر راسـتە، هـەر هەڵـە و هەڵخلیسـکان بـەرەنجامی تێنەگەیشـتن و پابەنـد نەبونە بەو سێ بناغەیەوە :-

[1] سەیری ( القواعد المثلى ) بکە .

[2] بۆ ئەم بابەتە و بنەماکانیشی سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :

1) العقیدة في الله 2) القواعد المثلى 3) الفتاوى التدمریة 4) اسماء وصفاته .

**یەکەم : خوای گەورە بەدوور بگیرێ لەوەی کە هیچ شتێ لە سیفاتەکانی بچوێنرێ بەسیفاتی دروستکراوەکانی واتە: (تنزیهە جل وعلا عن أن یشبە شيء من صفاتە شیئاً من صفات المخلوقین) ئەم بناغەیەش لەم ئایەتانەی خوای گەورەوە وەرگیراوە :-**

- ﴿ لیس کمثلـــــه شيء ﴾ **الشوری/11.**
- ﴿ ولم یکن لە کـــفواً أحد ﴾ **الأخلاص/4 .**
- ﴿ فلاتضربوا لله الأمثال ﴾ **النحل/74 .**

**دووەم : باوەڕبوون بە هەموو ئەو سیفاتانەی خوای گەورە کە وەسفی خۆیی پێکردوە ( الإیمان بما وصف الله بە نفسە ) چونکە هیچ کەسێك لە خوا چاکتر وەسفی خۆی ناکات هەروەك دەفەرموێ ﴿ أأنتم أعلم أم الله ﴾ بقرة/140 ، هەروەك هیچ کەسێکیش وەك پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) خوای گەورە ناناسێ ، بەو پێیەی قورئان دابەزیوەتە سەر ئەو بە هەموو ئەو وەسفانەشەوە ، لە هەمان کاتدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە بواری وەحیدا هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەووتوە ﴿ وما ینطق عن الهوی إن هو إلا وحي یوحی ﴾ نجم/ 3-4 .**

**سێیەم : بێ ئومێد لە گەیشتن بە حەقیقەتی چۆنێتی ئەو سیفەتانە(قطع الأطماع عن ادراك حقیقة الکیفیة) چونکە لە توانادا نیە و زانیاری ئێمە ئەوسنورەی نیە ، بەرنامەکەی دانەبەزیوە هەروەك ئاماژەمان پێی دا﴿ یعلم ماین أیدیهم وما خلفهم ولا یحیطون بە علماً﴾ طە/10 ، دیارە لێرەش (ولا یحیطون ) واتای ئەوەیە کە زانیاری مرۆیی توانای دەوردان و**

ئاشنا بونی تەواوی زاتی پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی نیە و بەمەش هەموو ڕەگەزەكانی شارەزابوون لە چۆنێتی یەكەی ڕەت دەداتەوە[1] .

بەڕەچاوكردنی ئەم سێ بناغەیە مرۆڤی باوەردار بنەمایەكی بەهێزی لەوبارەیەوە بۆ دروست دەبێ ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ زیاتر لەم بارەیەوە رۆبچین ئەوا دەكرێت چەند بنەما و بناغەیەكی تریش بخەینە كە یارمەتی دەرن لەم رووەوە. لەو بنەمایانەش :-

یەكەم / جێگیركردنی هەموو ئەو وەسفانەی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاریان داوە و جێگیریان كردوە .

دووەم / ناوەكانی خوا هەمووی جوانن و سیفاتەكانی هەمووی لە ئەوپەڕی تەواوی و پایە بڵندی دان[2]. هەر بۆیە هەندێ حاڵەت هەیە دروست نیە بدرێتە پاڵ خوای گەورە ، لەوانە :-

1- دروست نیە كردار و ناوی ناشایستە و سەرزەنشت كراو بدرێتە پاڵ خوای گەورە بەهیچ كلۆجێ ... هەر بۆیە دروست نیە بوترێ خوا ( فقیر ، عاجز ، ظالم...) ە هەروەك چۆن هەندێ جار دێتە سەردەمی هەندێ كەس و دەڵێن خوا خیانەت لە كەسێ دەكات كە خیانەت بكات یا زوڵم لە كەسێك دەكات كە زوڵم بكات ، چونكە ئەوانە سیفاتی نەقس و كەم و كورتین و شیا بەخوای بە توانا و زانا و داگەر نییە ، خوای گەورە لە بەرامبەر ئەوانەی كەویستیان خیانەت لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بكەن

(1) العقیدة في الله ، عمر الأشقر .

(2) پێشتر ئاماژەمان بەم دووڕاستیە كرد پێویست بەدوبارەكردنەوەی ناكات .

دەفەرموێ ﴿ إن يريدوا خيانتك فقد خانوا الله من قبل فأمكن منهم والله عليمٌ حكيم ﴾الأنفال/71 .

نافەرموێ خوا ناپاکی (خیانەتیان) لەگەڵ دەکات ، بەڵکو داوا لەپێغەمبەر (ﷺ) دەکات لەهەقیان بێت و ڕەفتاری شایستەیان لەگەڵ بکات ، بەلاّم لەشوێنێکی تردا لە بەرامبەر تەڵەکە و فێڵی بێباوەڕانەوە دەفەرموێ ﴿يخادعون الله وهو خادعهم ﴾نساء/142 .

لێرەدا خوای گەورە تۆڵەی هاوشێوەیان لێ دەستێنێ ... ناپاکی (خیانەت) لە هەموو بارێکدا سیفەتێکی سەرزەنشت کراوە بە پێچەوانەی سیفەتی (خدع)ە ، هەروەکو لەئایەتەکەدا بەدەرکەوت .

2- شەڕ و خراپە نادرێتە پاڵ ناو و سیفاتی خوا ، چونکە هەموو کردارەکانی خوای گەورە لەناو و سیفاتەکانییەوە وەردەگیرێ ، هەر بۆیە هەمووی خەیر و چاکەیە ، جا ئەگەر دروست بوایە شەڕ وخراپە بدەینە پاڵ پەروەردگار ئەوا دروستیش دەبوو چەند ناوێکی بۆ داتاشین کەبەڵگەن لەسەر ئەوکردارە ، بەوشێوەیەش هەموو ناوەکان (حسنى) نەدەبوون کە ئەمەش پوچ و بەتاڵە ، کەواتە وەسف و کرداری شەڕ نادرێتە پاڵ خوای گەورە ، بەڵکو دەدرێتە پاڵ کارتێکراوەکان کە بەنیسبەت ئەوانەوە بە خراپە دادەنرێت .

کاتێکیش هەندێ شت بۆ مرۆڤ بە خراپە دادەنرێت ، بەلاّم بۆ خوای گەورە وەك (ابن تيمية) ئاماژەی پێ دەدات بەهیچ شێوەیەك لەگوفتاری خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) شەڕ بە تەنهایی و رەهایی نادرێتە پاڵ خوای گەورە . بەڵکو شەڕ لە سێ ڕووەوە باس دەکرێت :-

أ- یا دەچێتە ژێر واتایەکی گشتێتی دروستکراوەکانەوە ، بەو پێیەی خوای گەورە خالقی هەموو شتێکە جا ئەگەر چووە ژێر باری گشتێتیەوە ئەوا ئەویش سودی گشتێتی توانا و ویست و دروستکردن دەیگرێتەوە و ناوەڕۆکی ئەو حیکمەتەی لەگشتێتی دا هەیە شمولی ئەویش دەکات وەکو فەرمودەی خوا ﴿ الله خالق كل شيء ﴾الزمر/63 . جا هەر شتێك خوای گەورە بەدی هێناوە لە بەزەیی و سود و بەرژەوەندی، ئەوە لە فەزڵی خواوەیە ، هەرشتێکیش جگە لەوەیە ، لە دادگەری ئەوەوەیە ، هەموو بەخششێك فەزڵی ئەوە و هەموو ناسۆری (نقمة)ێکیش عەدلی ئەوە.

ب-یان دەدرێتە پاڵ بکەرەکەی وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ قل أعوذ برب الفلق من شر ماخلق ﴾ الفلق/1-2 یان دەفەرموێ ﴿ ما اصابك من حسنة فمن الله وما اصابك من سيئة فمن نفسك ﴾النساء/79 یان دەفەرموێ ﴿ فأردت أن أعيبها﴾ الكهف/79 .

ج- یان بکەرەکەی حەزف دەکرێ وەکو ئەو ئایەتەی خوا گەورە کە دەفەرموێ ﴿ وأنا لا ندري أشر أريد بمن في الأرض أم أراد بهم ربهم رشداً﴾ الجن/10 .

(ابن القيم) دەفەرموێ داخلی سیفات و کردار و ناوەکانی خوا نابێت ، بەڵکو لەسەر کارتێکراوەکانە ، هەر بۆیە بەپێی ئیزافە و پەیوەندی بونیەوە بە بەندەوە شەڕە ، بەڵام بە پێ ی ئیزافە و پەیوەندی بە خواوە لەم ڕووەوە شەڕ نیە).

3- هەندێ جار خوای گەورە وەكو سزادانی هەندێ كەس یان وەك سزایەكی عادیلانە هەندێ ، كردار یا سیفەت ئیزافە دەكات بۆ خۆی ئەوا لەم بارانەدا تەنها وەكو سیاقی هاتنەكەی باسی دەكرێت لەوانە ( مكر و كید و خداع...) جا ئەگەر بەو شێوەیە بو دروستە بدرێتە پاڵ خوا ئەگینا نادروستە .

- ﴿ إن المنافقين يخادعون الله وهو خادعهم ﴾ النساء/142 .

- ﴿ نسوا الله فنسيهم ﴾ التوبة/67 .

- ﴿ وإذا خلوا الى شياطينهم قالوا إنا معكم إنما نحن مستهزئون الله يستهزئُ بهم ﴾ البقرة/14 .

ئەمانە وهاو وێنەیان دەبن بەسیفەتی كەمال ئەگەر وەكو تۆڵە سەندنەوە بێت لەوانەی بەو ڕەفتارانە هەڵدەستن ، بەلاّم بە ڕەهایی دروست نیە بدرێتە پاڵ خوای گەورە بۆ نمونە بوترێ خوا (ماكر) یا(خادع ) ... هتد .

تەنانەت تۆڵە سێنەر(المنتقم ) لە قورئاندا بە مەرجەوە دراوەتە پاڵ خوای گەورە نەك وەكو ناوێك :-

- ﴿ إنا من المجرمون منتقمون ﴾ السجدة/22.

- ﴿ إن الله عزيزٌ ذوأنتقام ﴾ أبراهيم/47 .

4- هەندێ ناو و سیفەت دروست نین بدرێنە پاڵ خوای گەورە ، چونكە دابەش دەبن بۆ ستایشكراو وسەرزەنشتكراو (المدح والذم) ، كە پێشتر باسكرا .

6) هەندێ ناو و وەسفی خوا هەیە لەپاڵ بەرابەرەكەیدا دەدرێتە پاڵ خوای گەورە ، چونكە زانایان تێبینی ئەوەیان كردوە ئەم ناوانە لەپاڵ بەرەبەرەكەیدا مانای كەمال دەداتە دەستەوە لەوانە ( المذل ، الضار ، المنتقم ، المانع ) كەنابێت تەنها خوای گەورە بە یەكێكیان وەسف بكەین .. بەڵكو دروست ئەوەیە پێكەوە بیانهێنین وەك ئەوەی بڵێین خوای گەورە ( مذل ) و (معز)ە ، (ضار ) و (نافع)ە ، (عفو) و (منتقم)ە ، (معطي ) و (مانع) .

سێیەم / پیرۆز راگرتنی خوای گەورە لە لێچواندن و پێچواندن و هەرسیفەتێكی تر كەكەم وكوڕی تێدابێت ، ڕاڤەكاری عەقیدەی (طحاوي ) دەڵێت : ئەهلی سوننە ڕێكن لەسەر ئەوەی خوای گەورە ، هاو وێنەی نیە ، لەزات و سیفات و كرداری دا.

بەلاّم دیارە بەدورگرتنی خوا لەو لێچواندنانە نابێت سەربكێشێ بۆ خاڵیكردنەوەی ناوو سیفاتەكانی خوای گەورە لە واتاكانیان ، پێشتر ئاماژەی پێ درا.

چوارەم / قسە لەسەر هەندێ سیفات وەك قسەكردن لەسەر سیفاتەكانی ترە ، (القول في بعض الصفات كالقول في بعض الآخر). چونكە هەموو سیفەتن بۆ خوای گەورە وەكو یەك دراونەتە پاڵی ، ئەمەش زیاتر وەلاّمە  بۆ ئەو بۆچونانە كە لە مێژووی فیكری ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە ، هەندێكیان دانیان بەناوی خوادا ناوە و ئینكاری سیفاتیان كردوە .. یا وتویانە خوا (حيّ) بەبێ (حیاة) و (علیم)ە بەبێ (علم) و (سمیع)ە بەبێ (سمع) ... یان ئەوانەی سیفاتی زاتی خوایان جێگیر دەكرد بەلاّم نەفی و

نەرێی فعلیەکانیان دەکرد یان ئەوانەی ناوو سیفاتیان لەخوا نەفی دەکرد و بەبونێکی ڕووت وەسفیان دەکرد ، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێك پاساوی خۆی هەبووە و خاوەنەکانیان خۆیان بەبێ دین نەزانیوە و هەندێکیان وەك بەرگرییەك لە عەقیدەی ئیسلامی بەم کارانە هەستاون ، زیاتریش لە ژێر کاریگەرییە دەرەکییەکانی دەرەوەی ئیسلام و فیکری ئیسلامی بوون ، بە تایبەت پاش موسوڵمان بونی گەلانی نا عەرەب و کاریگەریی فەلسەفە و دیدەکانیتر کە پاش وەرگێڕرانیان بۆ عەرەبی تەشەنەی کردبوو.

هەرلەمەشەوە دەتوانرێ بنەمایەکی تریش جێ بکرێتەوە کەئەویش بریتییە لەوەی : قسەکردن دەربارەی سیفات وەکو قسەکردنە دەربارەی زات ، واتە (القول في الصفات كالقول في الذات) ...

چونکە مادەم زاتی خوا چۆنیەتییەکەی نەزانراو بێت سیفاتەکانیشی بەهەمان شێوەیە، بەمەش وەڵامی ئەوانە دەدرێتەوە کە دەڵێن زاتی خوای گەورە وەکو زاتی بەدیهێنراوەکانی نیە ، بەڵام دەچن سیفەتەکانی نەفی دەکەن ، دەوترێت دەی با بەهەمان شێوە سیفاتەکانیش بسەلمێنین بەڵام بەبێ چواندن و زانینی چۆنێتییەکەیان ، چونکە پێشتر سەلماندمان کە (ئەگەر ناویەك بوو مەرج نیە ناولێنراویش یەك بێت ) .

پێنجەم / سیفەتە نەفی کراوەکان بە کورتی دەربڕاون و (إثبات)یش بە درێژی قسەی لەسەر کراوە.( ألإجمال في النفي والتفصيل في الإثبات) :-

مەبەستیش لەم بنەمایە ئەوەیە کاتێك خوای گەورە وەسفی خۆی دەکات بەوەی کە بە هەمووشتێك زانایە و بەسەر هەمووشتێکدا بە توانایە و زینـدوە و زاڵ و دانایـە و لێخۆشـبوو بەبەزەییـە ، بیسـەر و بینـەرە ، چاکەخوازان وئارامگرانی خۆش دەوێ و ڕقی لە خراپەکاری و بێباوەڕییە ، نەفرین لەبێباوەڕان دەکات، ڕازییە لەباوەڕداران و پیاوچاکان ... هتد .

هەموو ئەمانە و هاو وێنەیان ئیسپاتکردنی ناوو سیفەتی خودان ، کە زۆر بەدرێـژی لـە قورئـان دا باسـی لێکـراوە . بـەڵام هـاو وێنـەی﴿ لـیس کمثله شيء ﴾ و ﴿ ولم يكن له كفواً أحد ﴾. کەمتر هـاتووە ، ئەمـەش بـەدەری دەخـات خـوای گـەورە هـاوەڵ و هاوشـان و هـاو وێنـەی نیـە .. قورئـانیش کـەمتر ئـەم شـێوازەی گرتووەتەبـەر ، لـەکاتی بونیشـی دا بۆجـەخت کردنەوەیە لەسەر سیفاتەجێگیرەکان و نەفی کردنی کەم وکوڕی لـە خـوای گەورە .. ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئێمەش لـەباس کردنمـان دا هـەمان ڕێبازبگرینـە بـەر و قورئانیانـە تـەعبیر لـەو بابەتـە بکـەین، هـەر ئەمەش ڕێبازی زانایانمان بووە لـە(نفـی وإثبـات) دا ، بـەڵام ئـەو شێوازەی هەندێ لـە زانایـانی کـەلام گرتویانەتەبـەر لـەوەی کـە (نفـی) کردنیـان زەق کردوەتەوە ئەوە پێچەوانەی ئـەو بنەمایەیـە کـەباسمان کـردوە وەك ئـەوەی دەڵێن خوا (ليس بجسم ، ولاشبح ولاجثة ولا صورة ولا برودة ولامعدود ولا محدود ولا مبتعض ولا متجزيء ولا متركب ...) و چەندەها وەسفی سەلبی تر کە ئەمە لەگەڵ شێوازی ناتەبایە .

ئەو شێوازەی سەرەوەش زیاتر شوێنەوار و کاریگـەری کێشـەکانی سـەردەم و کـاتی خـۆی پێـوە دیـارە ، وەك لـەوەی ڕەچـاوکردنی شـێوازە

قورئانیەکـە بێـت هـەر چـەندە مەبەسـتیان بـە دورخسـتنی وەسـفە ناشایستەکان بوبێت لە خوای گەورە .

شەشـەم / وەسـتان لەناوسـیفاتەکاندا (الوقـف في أسمـاء الله والصفات) مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە هیچ ناوێك یا سیفەتێك نەدەینە پاڵ خـوای گـەورە ، ئەگـەر لـە قورئـان و سـوننەدا نـەهاتبێ ، چـونکە ئەمـە قسـەکردنە لەسـەرخوا بـەبێ زانیـاری ... خۆ پێش خستنە لەسـەر خـوا و پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)... لێـرەدا گرنگـە ئـەوە بـزانین هـەر ووشـەیەك یـا تەعبیرێك کە بەکار دەهێنرێ بۆ خوا ئەوا نابێت یەکسەر وەری ناگرین یان ڕەدی کەینـەوە ، بـەڵکو دەبـێ مەبەسـتی خاوەنەکـەی بـزانین ، جـا ئەگـەر مەبەستەکەی خراپ بوو دەدرێتەوە بەسەریدا ، خۆئەگەر ڕاست و دروست بوو دەوترێت مەبەستەکەت دروست و تەواوە بەڵام نابێت ووشەی دروست کراو لـەبریتی ناووسـیفاتی خـوا بـەکاربهێنرێ بەڵام ئەگـەر باسـەکە باسـی خوا و قسەکردن بوو لە سەرخوا ئەوا بوارەکە فراوان تر دەبێت و دروستە هەنـدێ ووشـەی وەکـو خـوای گـەورە (موجـود)ە یـان (قـائم بـالنفس)ە بەکابهێنرێ .

(ابـن القـیم)یش لـەم بارەیـەوە دەفـەرموێ (ومـا یطلـق علیـه مـن الأسماء والصفات توقیفی ومایطلق علیه الأخبار لایجب أن یکون توقیفیاً کالقـدیم والشـيء ، والموجـود والقـائم بنفسـه ، فهـذا أفضـل الخطـاب في مسألة أسمائه ، هل هـي توقیفیـة أو یجـوز أن یطلـق علیـه منهـا بعـض مـالم یرد بهِ السمع )[1] .

---

[1] بدائع الفوائد ... أسماء الله والصفاته .

كەواتە مادەم لەبواری ناوو سیفاتەكاندا نەبێت بواری تێدا هەیە چونكە قسەكردن دەربارەی خوای گەورە بوارەكەی زۆر فراوانە مەرج نیە هەر ووشەیەك كە لەوەڵامی پرسیارێكدا دەكرێ تۆ بەناوێك یا سیفەتێك وەڵامی بدەیتەوە بۆ نمونە كاتێ كە پرسیار دەكرێ ئایا خوا (موجود)ە یا (معدوم) دەبێت بوترێ خوای گەورە (موجود)ە یا خوای گەورە (قائم بالنفس)ە یا (قائم بالغیر ) دەبێت وەڵام (قائم بالنفس)بێت چونكە ئەم مەسەلەیە لە بواری باس و خواس كردنی خوایە نەك دەست نیشان كردنیناوو سیفەتەكانی خوا... هەرچەندە تا بوارهەبێت واچاكە ئەو ووشانە بەكاربێت كە لەقورئان وسوننەدا هاتوون ، ئەگەر بواری قسەكردنەكە ساز و گونجاو بێت بۆ ئەم جۆرە بەكار هێنانە ، بۆ نمونە وەكو (عمر الأشقر )دەڵێت :- لەجیاتی (قدیم) دەڵێین (الأول) ، (القیوم) لە بری (القیام بالنفس)، (الآخر)لە بری (الأبدي) ، بەكارهێنانی ووشەی (صفه)سیفەت بۆخوای گەورەش پێچەوانەی (توقیف)ی بون نیە چونكە لە قورئان و سوننەش دا ئامارژە بۆئەم ووشەیە كراوە ، لەقورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ سبحان الله عما یصفون إلا عباد الله المخلصین ﴾الصافات/159 .

لە سەحیحی بوخاری دا هاتوە پێغەمبەر(ﷺ) پیاوێكی كردە سەركردەی مەفرەزە(سریة)یەك ئەویش كاتێ لەنوێژدا قورئانی بۆ دەخوێندن بە ﴿ قل هو الله أحد ﴾ كۆتایی پێدەهێنا جا كاتێ گەڕانەوە ئەمەیان بۆی باسكرد ئەویش فەرموی لێی بپرسن بۆچی وای دەكرد ؟ پرسیاریان لێی كرد ووتی : چونكە سیفەتی خوای گەورەیە (لأنها صفة

الرحمن ) و پێم خۆشە لە نوێژدا بیخوێنم : پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموی هەواڵی پێبدەن كەخوای گەورەش خۆشی ئەوێ (أخبره أن الله یحبه) كاتێ ئەم هاوەڵە فەرموی ئەو سورەتە (صفة الرحمن)ە پێغەمبەری خوداش دانی پێدانا و ئینكاری نەكرد [1].

حەوتەم : وازهێنان لە بەدواداچونی حەقیقەتی زاتی خوا و سیفاتەكانی (لەپێشەوە ئاماژەمان پێكرد و لەسەری دواین ) .

هەشتەم : تێگەیشتن لەسیفات بەو پێیەی لە ڕوكاری ئایەتەكانداهاتوە(اجراء الصفات علی ظاهرها) ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی بنەماكانی پێشوو كە پێویستن بۆ تێگەیشتن لەم بنەمایە... مەبەستی پێشین (سلف) لەو دەربڕینە(اجراء الصفات علی ظاهرها) جەخت كردنە لەسەرئەوەی ئەم سیفاتانە واتایەكی حەقیقیان هەیە كەشایستە بەرزی و كەماڵی خوایە كە بریتییە لەو واتایەی لەووشەكەوە تێی دەگەین بەپێی تێگەیشتنی عەرەب لەزمانەكەیان و یاسا وریێسای ئەو زمانە [2].

دواتر لەسەر ئەم خاڵە وچۆنێتی تێگەیشتن ئایەتەكانی سیفات ڕونكردنەوەی زیاتر دەدەین .

---

[1] لەناو زانایاندا (ابن جوزی) و (ابن حزم) ڕایان وایە ئەم ووشەیە لە داهێنانی زانایانی كەلام و موعتەزیلەیە ، بەلاّم لەم بارەیەوە وەلاّمیان دراوەتەوە... (أسماء وصفاته).

[2] پێویستە لەگەڵ ئەم بنەمایەدا ڕەچاوی بنەماكانی پێشووبكەین و لەوڕوانگەیەوە لێی تێ بگەین تا ڕوانینێكی هەمەلایەنەمان بۆدروست بێ .

# عەقیدەی (طحاوي) و لاباسێك لە ناو و سیفاتەکان

پێم باشە لێرەدا هەندێ لە(متن)ە کەی ئیمامی(طحاوي) بهێنین کە لە عەقیدەکەیدا دەربارەی ئەم باسە نوسیویەتی ، بەوپێیەی تا رادەیەکی باش کتێبێکی متمانە پێکراوە و بابەتەکانی عەقیدە بە شێوەیەکی پوخت و پاراوە باس دەکات و لەژێر ڕۆشنایی دید و تێڕوانینی ئەهلی سوننە و جەماعەدا نوسراوە ، ئەمەش بەشێکی وەرگێڕراوە لەو کتێبە ( هیچ شتێك لە وێنەی نیە و کەسیش لەتوانا و دەسەڵاتی دەرناچێت جگە لەویش پەرستراوی تر نیە ، هەربوە بێ سەرەتا ، هەردەشمێنێ بەبێ کۆتا ، هەردەمێنێ و تیاناچێ ، ئەوەی بیەوێ دەبێ ، گومانەکان پێی ناگا ، زانیاری یەکان تێی ناگا ، مرۆڤەکان لێی ناچن ، هەر زیندوە و نامرێ ، خۆڕاگرە و نانەوێت ، خالقە بێ پێویستی، ڕۆزی دەرە بەبێ یارمەتی ، مرێنەرە بەبێ ترس ، زیندوکارە بێ ماندویی ، خاوەنی سیفەتەکانی بوە ، پێش دروستکراوەکانی هیچ شتێك زیادی نەکردوە لەسیفەتەکانی ، هەر چۆن ئەو سیفاتانەی لە ئەزەلەوە هەبووە ، بەهەمان شێوەش تاهەتایە (هەردەیمێنێ ، پاش بەدی هێنانی بەدی هێنراوان سودی لە ناوی خالق وەرنەگرتوە و بۆ ناوی (باريء)ی لەداهێنانی دروستکراوەکان سودمەند نەبووە ، سەرجەم واتاکانی پەروەردگارێتی (الربوبیە)ی هەبووە پێش ئەوەی مەخلوق هەبێت ، هەروەك چۆن زیندوو کەرەوەی مردوانە پاش مردنیان ، شایەنی ئەو ناوە بووە پێش زیندووکردنەوەیان ، هەروەك

شایەنی ناوی (خالق)بوە پێش داڕشتنیان ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خوای گەورە بە سەر هەموو شتێکدا هەموو شتێکیش ببەرامبەر ئەو هەژار و بێ نەوایە ،هەموو مەسەلەیەکیش بۆ ئەو ئاسانە و پێویستی بە هیچ شتێك نیە و هیچیش لەوێنەی ئەو نیە ، لەهەمان کاتدا بیسەر و بینەر و بینایە)[1].

## وەلأمێك سەبارەت بە ئایەت وفەرمودەکانی سیفات

ئایا چۆن لەو ئایەت و فەرمودانە تێبگەین کە ڕوکارەکانی شوبهاندن و لێچواندنی سیفاتەکانی خوای تێدایە بە دروستکراوەکانی ؟ لەوەی ڕابورد دەتوانین وەلأمی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لە چوار حاڵەت بەدەر نیە.

یەکەم : ئەوانە حەقیقەتێك بن بەپێی ڕوکارە زمانییەکەی ، هەروەکو چۆن بەزیهنی خەڵکی دادێت کە ئەمەش مانای پێ چواندن وتەجسیمە و خوای گەورە لێی بەدوورە و شیمانەیەکی پوچ و بەتاڵە ، چونکە خوای گەورە فەرمویەتی﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شيء وهو السميع البصير ﴾ە دەلالەتی رون و ئاشکرای ئەم ئایەتە رەفزی ئەم بۆچونە دەکات و خوای گەورە بەدوور دەگرێ لەوەی جسم ولاشە و تەن بێت ، چونکە ئەمانە سیفەتی مەخلوقاتن نەك خالق .

---

[1] سەیری : (أصول العقيدة الإسلامية ) بکە .

دووەم : یان حەقیقەتێکن بە پێی دەلالەتی زمانەوانی تەواوو دروست بەو شێوەیەی شایستەی واتایەکی بەرز و باڵای شایستە بەخوایە ، بەڵام کاتێکیش بۆ مەخلوقات بەکاردەهێنرێت مەبەست تیایاندا ئەو واتایانەیە کە ئەو دروستکراوانە خۆیان هەیانە بە شێوەیەکی حەقیقی .

سێیەم : ئەودەقانە حەقیقەتن نەك مەجاز ، بەڵام بە بەکارهێنانێکی شەرعی ، بە واتایەکیش کە گونجاو بێت بە پایە وپلەی خوای گەورە بەپێی زاراوە شەرعییەکە .

بۆنمونە خوای گەورە بە چەندین شێوە وەسفی خۆی کردووە لەوانە دەست (ید)ی داوەتە پاڵ خۆی جا بەپێی ئەو دەقانەی کەهاتون ئەوترێ خوا (یدی)ی هەیە بێ ئەوەی تەئویلی کەین ، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا نەڤ ئەو دەستە دەکەین کەدێت بەخەیاڵی خەڵکی دا و شایستە نیە بۆ خوا گەورە و سیفەتێکی مرۆڤانەیە، بەهەمان شێوە سیفەتی (الاستواء) و (عین) و...

بۆچونی یەکەم مەرفوزە و بۆچون یا خاڵی دووەم و سێیەم بە بۆچونی پێشینی چاك (السلف الصالح) ناسراوە و ڕای زۆربەی زانایانی پێشووی لەسەرە[1] ، پوختەکەیەشی بەم شێوەیە :

( ئەو ناوو سیفەتانە لەسەر ڕوکارە دیارەکەی وەردەگرین و بە مانایەکی حەقیقی دەزانین بەڵام نەك بەوشێوەیەی کە لەدروست کراوەکاندا دەیبینین بەڵکو بەو شێوەیەی شایستەی خوایە و حەقیقەتی چۆنیەتی یەکەی نازانین لەهەمان کاتدا پێویستمان بەوەنییە بەهیچ شێوەیەك

[1] دواتر بە دێژ تر دێینەوە سەری .

تـەئویلی ئەوسـیفاتانە بکـەین ). ئـەم ڕایـەش (أبـن تیمیـە ) بـەم شـێویەیەی خوارەوە دەری دەبڕیٚ : (مـذهب السـلف الصـالح إجـراء أحاديـث الصـفات وآيات الصـفات على ظاهرها، مع نفي الكيفية والتشبيه عنهـا فـلا نقـول إن معنى اليد القدرة ، ولا أن معنى السـمع العلـم ، وذلـك أن الكـلام في الصـفات فرع عن الكلام في الذات ،يحتـذي فيـه حـذوه ، ويتبـع فيـه مثالـه ، فـإذا كـان إثبات الذات إثبات وجـود لا كيفيـة ، فكـذلك إثبـات الصـفات إثبـات وجـود لاكيفية )[1]

کەواتــە بــەکورتی و بــەکوردی دەوترێــت ئێمــە واتــای ئــەو نــاوو سـیفاتانە دەزانـین ودەشـڵێین ئـەوە حەقیقەتەکەیـەتی بـەڵام بـەبێ چـواندن بەمـەخلوقات ئەمـەش لـە بەرئـەوەی خـوای گـەورە وێنـەی نیـە وچـۆنیەتی زاتی نازانریٚ سیفاتەکانی بەهەمان شێوەیە .

لێرەشـەوە ئـەو بۆچـونەی دەڵـێ ئێمـە واتـای ئـەو نـاوو سـیفاتانە نازانین و هەواڵەی خوای دەکەین ، بەپێی ئەم تێڕوانینە بۆچونی سـەلەفی ساڵح نیـە ، بـەڵکو سـەلەفی ساڵح لای ئـەمان( بـەپێی ئـەوەی وامەشـهورە) دەڵـێن ئێمـە چـۆنیەتیەکە نـازانین نـەك مواتاکـەی ، ئیمـامی مـالیکیش دەفەرمویٚ : (الإستواء معلـوم) ، بـەڵام ( الكيـف مجهـول) کەواتـە (اسـتواء) واتاکەی دیارە ، بەڵام نادیـاری لەچۆنێتیەکەیدایە ، جا ئەگـەر مانـای ئـەو سیفاتانە نەزانرانایـە ، کـەی واتـای جوان (حسـنى) ی ناوەکـانی خوامـان دەزانـی ، لـە کوێـوە دەزانـرا خـوای گـەورە کـرداری هەیـە و دەبیسـتیٚ و دەبینیٚ و دەیەویٚ .. تد ، ئەو کاتە ناوەکانی جیاوازیان نەدەبوو ، (تواب)

---

[1] أسماء الله وصفاته .

و (منتقم) و (معطي) و (مانع) یەك واتایان دەبوو کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ تێگەیشتنی لەناوو سیفاتەکانی خوای گەورە .

چوارەم : تەئویل[1] کردنی ئەو دەقانە بۆ واتای تری مەجازی لە زمانی عەرەبی دا ، کە ووشەکە هەڵی بگرێ و لە هەردوو سەرچاوەی قورئان و سوننەشدا شتی وەها هاتبێت ، لەسەر ئەم بۆچونەش دروستە بلێین (ید) لەئایەتی ﴿ إن الذين يبايعونك إنما يبايعون الله يد الله فوق أيديهم ﴾ الفتح/10. مەبەستی لە توانا(قدرة) یە و (ید)یش واتایەکی مەجازی یە بۆ ئەو (قدرة)یە بەهەمان شێوە (عين) بۆ بینەر(بصير)ی خوایە ... هتد .

ئەم ڕێگەیەش ڕێڕەوی تەئویلکردنە بۆ واتایەك کە لە چوارچێوەی بنەماکانی زمانی عەرەبی و بەکارهێنانەکانیدایە ، دیارە ئەمەش بە مەبەستی ئەم بۆ چونە دوورگرتنی خوایە لەوەی بچوێنرێ بە مەخلوقات و دروستکراوەکان ، مەبەستیشان نییە(تعطيل) ی سیفات کەن ، هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا سەری کێشا بێت بۆ ئەم مەسەلەیە ... کۆمەڵێك زانای تەفسیر و فقە وحەدیسیش ئەم ڕێگەیەیان هەڵبژاردوە و پەنایان بۆی بردوە ، ئەم ڕێگەیەش بە بۆچونی دوایینان (خلف )ناسراوە .

دیارە ئەم بۆچونە ڕوبەڕوی زۆرێك لە ڕەخنە و بەدواداچون بووەتەوە ، بەتایبەتی لە لایەن شوێنکەوتووانی ڕای پێشین (سلف)ەوە .

---

[1] دواتر ئاماژە بە واتای (تأويل) دەکەین .

## ناوو سیفاتەكان و هەڵسەنگاندێكی خێرا بۆڕا و بۆچونە جیاوازەكان

بە هۆی ڕەچاونەكردنی زۆرێك لەو بنەما وبناغانەی كە لەدوتوێی ئەم نوسراوەدا ئاماژەمان پێی كرد چەندەها بۆچون و ڕای جیاواز سەبارەت بە ناو و سیفاتەكانی خوای گەورە= لە مێژووی ئیسلامیدا سەری هەڵ داوە و هەندێ لەو بۆچونانە تاوەكو ئێستە كاریگەری خۆیان لەدەست نەداوە و ئەمە جگە لەوەی تەنانەت ئەو بۆچونەی بە دروست و ڕاستیش دادەنرێ لە ژێر كاریگەری بەشێك لەو جەدەلە مێژوییانەدایە كە لە نێوان گروپە عەقیدەییەكاندا رویانداوە و هەڵقولاوی زەمینەیەكی رۆشنبیری و مەعریفەیەكی كۆنن وەك لەوەی هەڵگۆستراوی وەحی و دەقە قورئانییەكان یان فەرمودە سەحیحەكان بن.

لە لایەكی ترەوە هەندێ ئاماژەی مێژوویی و چەند وتەیەكی هاوەڵان و تابیعین هەیە كە باس لەوە دەكەن تەنانەت بێ باوەڕانیش ناوی بتەكانیان لە ناوەكانی خواوە وەرگرتبێ [1] ، چونكە ئاینی ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر لەناو ئەواندا برەوی هەبووە و بەپێی ئەم بۆچونە ناوی لات لە (الله) و عوزا لە (عزیز) و مەنات لە(منان)ە وە وەرگیراوە . سەرەڕای ئەوەی چەندەها سیفاتی كەم وكوڕییان دەدایە پاڵ پەروەردگار(ئەوان باوەڕیان بەوە هەبوو خوا دروستكەری مەخلوقات و ئەرز و ئاسمانەكانە بەلاّم لە ئولوهییەتدا هاوبەش پەیدا كەر بون) كە تا

---

[1] لەوانە (ابن عباس ، ابن جریج ، مجاهد .

ئەو كاتە باوەڕەیان پێی هەبوو لەوانەش قورئان ئاماژە بەوە دەكات بێباوەڕان وایان دەزانی پەروەردگار نهێنی و شاراوەكان نازانێ هەروەك دەفەرموێ ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَنْ يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ . وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنْ الْخَاسِرِينَ﴾ فصلت/ 22–23 ، هەر لە بارەی ئەمانە و هاو وێنەیانەوە خوای گەورە دەفەرموێ﴿ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ﴾ الزخرف/80 . یان پەنا بەخوا وەسفی خوایان كردوە بەوەی نەوەی ببێت ، دیارە لە مەشدا گاور و جولەكەكان پێشان كەوتبون ، بۆیە خوای گەورە لە سورەتی (اخلاص ) و چەندەها ئایەتی تری وەك ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا. لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا. تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا.أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا﴾ مریم/88 –92، دابەزاندە خوارەوە خۆ ئەهلی كیتابیش لە پێش ئەواندا قسوریان نەكرد لە كەم و كوڕی دانەپاڵ پەروەردگار و خوای گەورەیان بەدەست بەستراو و هەژار و ماندووبوو لە قەڵەم دەدا [1]، ئەمە جگە لە كوڕدانە پاڵ خوای گەورە.

پەنا دەگرین بەخوا لەو وەسفە ناشایستانە .

خۆ ئەگەر شۆڕ ببینەوە بە مێژوویی ئیسلامی دا ئەوە دەبینین چەندەها بۆچونی سەیر و سەمەرە لەو بارەیەوە دروست بووە كە ئەگەر لەبەر گێڕانەوە و خێندنەوەیە مێژوییانە نەبێت شایەنی قسە لە سەركردن و باس كردنیشی نیە لە وانەگروپی موشەبەهە كە ئەمانە دانیان بە هەموو

(1) سەیری سورەتی مائدة64 ، آل عمران181، ق38 بكە .

سـیفاتەکانی خـوای گـەورەدا دەنـا بـەڵام لەگـەڵ چـواندنیان بەسـیفاتی دروسـتکراواند و تـەنها ڕوکـاری دەقـەکانیان وەردەگـرت و چـۆنێتی یەکەشیان وەکو خۆی باس دەکرد بەمەش خوایان موجەسەد دەکرد وەکو یـەکێك لـە دروسـتکراوەکانی ، کـە ئەمانـە پڕاوپـڕ دژبـوون بـە بۆچـونی ئەوانەی کە تەنها بڕیاری بونی زاتی خوایان دەدا ، بە بێ بونی سیفات ، وەك دوودەسـتەی زیـادەڕەوی دژ بەیـەك هـەر بۆیـە ووشـەکانی وەك (استـواء) و (وجـة) و (یـدین) و (جنـب) و (مجـيء) و (اتیـان) و (فـوق) یـان بەشێوە ڕوکاری یەکەی لێك دەدایەوە و ئەمەش تەواو دژ بەعەقڵی سەریح و نـەقڵی سـەحیحە و شایسـتە گونجـاو نیە بە پـەروەردگار و ئایەتـەکانی خوای گەورە ، ئەوان پێ دەچێ تەنها بەشی دوەمی ئایەتی ﴿ لـیس کمثلـه شيء، وهو السمیع العلیم ﴾ ە یان وەرگرتبێ کـە ﴿ السمیع العلیم ﴾ە ئەوەیان لە بیر چوبوو کـە ﴿ لیس کمثله شيء ﴾ە ئـەم بۆچونەش لـە نـاو کۆمـەڵێك لـە شیعە زیادە ڕەوەکان (غلاة الشیعة)ی وەك (بنـان بـن سمعـان) و (هشـام بـن الحکم الجوالیقی) و (یونس بن عبـدالرحمن القمـي) و (أبـو جعفـر الأحـول) کە بە (شیطان الطاق) بڵاو بوو هـەروەکو (شهرستـانی) و (ڕازی) ئامـاژەی پێدەکەن ، ئەمە جگە لە کەسانێکی وەك (مضر و کهمس و أحمد الهجیمـي و داود الجواربي) تەنانەت هەندێ لە فەرمودەناس و شوێن کەوتـەی چوار مەزهەبەکەیشـلە بۆچـونی واوە گلابـون و هـەمان بۆچـون یـان هـەبوو، بەتایبـەت ئەوانـەی وەك ئیمـامی ( ڕازی ) دەڵـێن ( لم یکـن لهـم نصـیب مـن المعقولات ) . خاوەنی ئـەم بۆچونانە قسـەی پڕوپوچیان زۆرە و پێویست

بــەهێنانیان ناكــات ، ڕاوبۆچــونی ئــەمان وێنــەی بــت پەرســتەكانە و جیاوازیەكی زۆریان نیە .

( ابن القیم) لەبارەی ئەمانە و ئەوانەش كە هیچ سیفەتەتێك نابەخشنە خوا و خوای خاوەن كەمال و بەتوانا لەسیفاتەكانی دادەبڕن دەفەرموێ :

لسنا نشبه وصفه بصفاتنا　　　إن المشبه عـــابد الأوثـان

كلا ولانخليه عن أوصـــافه　　　إن المعــــطل عابد البهتان

من شبه الله العظيم بخلـــقهِ　　　فهو النسيب لمشرك نصراني

أوعطل الرحمن عن أوصافه　　　فهو الكفور وليس ذا إيماني[1]

كەواتە هەردوو حاڵەتەكە چ تەشبیهـ و چواندن و چ نەفی كردن و لە كارخستن (تعطیل) لە سیفاتی خوادا نادروست و نەشیاوە ...تێبینیەك هەیە پێویستە لێرەدا ڕەچاوی بكەین ئەویش ئەوەیە كە :-

- نیـازی چـاك و دروسـت نـاكرێ ئـەنجامی هەڵـە و ناشـەرعیمان پـێ بسەلمێنێ ، واتە ئەگەر هەندێ لەم كۆمەڵ و دەستانە ئاماژەمان پێی دا یان باسی دەكەین لەم كارەیاندا مەبەستیان بەپاك ڕاگرتنی زاتی خوای گەورەبێت بەم بیانوەوە لێیان وەرناگیرێ و چاو لە هەڵەكانیان ناپۆشرێ ، بەڵكو پێویستە هەڵەكانیان دەست نیشان بكرێ و لەپۆلێنێك دا جێگەیان بكرێتەوە .

- لەلایەكی ترەوە هەندێ جار دەگونجێ زانایەك لە بوارێكدا زۆر هەڵەی كردبێ و كەوتبێتە بازنەی دەستەیەكی گومڕاوە یا هەندێ بۆچونی ئەوانی هەبێت ، بەڵام لە لایەكی ترەوە لە سەر ڕاڕەوی ئەهلی سوننە و

[1] العقیدة أثرها في البناء الجیل .

جەماعەبێت ، جا لەم حاڵەتەدا باشەکانی لیٚ وەردەگیریٚ و هەڵەکانیشی بەسەردا دەدریٚ ، لەلایەکی ترەوە قیاس کردنی ئەمەش بۆدەستە و جەماعەتەکانیش هەر ڕاستە ، دەگونجیٚ لەگەڵ ئەوەی دەستەیەك لە بواری عەقیدەدا نەیان پێکا بێت ، بەڵام بۆچون و ڕای پێکراوی تریان هەبێت لە بوارێکی تردا ، ئەوا هەمان حوکمی سەرەوەی هەیە (ئیجتهاد)یش مەرج نیە هەموو کات بی پێکیٚ و ڕای دروست بەدەستەوە بدات ، بەڵام مەرج ئەوەیە موسڵمانان شوێنی هەڵەکان نەکەون و چاکەکانیش زەربی سفر نەکەن بەڵکو هەڵس و کەوتێکی دادگەرانەیان لەگەڵ دابکەن ، وەکو بەشێك لە هەولٚ وکۆششی عەقڵیەتی ئیسلامی حسابی بۆ بکەن و سود و پەندی لیٚ وەربگرن بۆ ئێستا و داهاتوی موسڵمانان .

هەر لە بواری بابەتی سیفاتی خوای گەورەدا دەستەیەکی تر هەبون لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی خوای گەورە و سیفاتەکانی گەیشتونەتە ئەوەی نەفی سیفاتەکانی خوای گەورە بکەن و ڕێگەی لە کارخستن و خاڵی کردنەوە لە ناوەرۆك و واتاکان بگرنەبەر و ئەو هەموو سیفاتە جوان و تەواوانە لە خوای گەورە لابەرن [1] ، و ئیزافەکردنیان بۆ خوا بەکەم وکورت و ناتەواو بزانن ، ئەم دید و بۆچونەشیان بەپاك ڕاگرتنی خوای گەورە حسێب بکەن و لە بەرامبەریشدا ژێری کەم وکورتی خۆیان لەم بابەتە هەستیارەدا بخەنە کار و واتای چەندەها دەقی شەرعی ڕەتبکەنەوە ، جگە لەوەی تیایاندا هەبووە تانە و تەشەری لە پێشینی ئەم

[1] لەئەنجامی ئەوەی نەیانتوانی چۆنێتی پەیوەندی نێوان خوای گەورە و سیفاتەکانی دیاری بکەن .

ئوممەته داوه لەهاوەڵان و تابعین و وزانایانی ئیسلام ... ئەم گروپە لە نێو خۆیاندا لەسەریەك ئاست وپلە نین ، هەیانە زۆر ڕۆچووە لە نەفی کردنی ناوو سیفاتەکاندا هەشیانە نەفی سیفاتی کردووە و بەدەر لە ناوەکان ، یان هەندێکیان نەفی کردوە هەندێکی تریان ئیسپات کردووە ...

دیارە پاڵنەر و هاندەری ئەمانە جیاواز و هەمە چەشنەن، ئەکری پاڵنەری بەشێکیان داڕوخانی عەقیدەی ئیسلامی و شێواندنی بیری موسڵمانان بوبێ ، یان نەیان پێکاوە و ڕاوبۆچونی لاوازی خۆیانیان تێکەڵ بەمەسەلەکە کردوە و مەبەست شێواندن و تەشەردان نەبووە ولە خودی خۆیاندا راستگۆ بونە :-

لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم دەستانە بکەین:

یەکەم / فەیلەسوفەکان .

دووەم / جەهمی یە .

سێ یەم / موعتەزیلە .

لەگەڵ هەموو ئەوانەی رابورد ئەکرێ بوترێ هەموو موسڵمانان و ئەهلی عیلم(بە دەر لەوانەی بە مەبەستەوە نیازێکی خراپیان هەبووە) لە فەیلەسوف و موتەکەلمین و فوقەها بە جیاوازی ڕاو بۆچونە فیکری و کەلامی یەکانیانەوە ڕێکن لەسەر ئەوەی خوای گەورە خاوەنی هەموو سیفاتێکی کەماڵە و دورە لە گشت سیفەتێك کە کەم و کورتی لێ بخوێنرێتەوە ، هەروەك لە(اتیمیە )وە دەگێڕنەوە کەوتویەتی (إن هذه المقدمة مما اجمع عليه العقلاء كافة )[1] .

[1] نبذة مختصرة حول أهم الفرق الاسلامية ، صباح البرزنجي.

بەڵام ناکۆکی یەکەیان لە وێنە کێشانی پەیوەندی ئەو سیفاتانەیە بەخواوە لە ناوئەو دەستانەدا فەیلەسوف و جەهمیە و موعتەزیلەکان دەیانوت : جێگیرکردن و بڕیاردانی سیفاتی قەدیم و ئەزەلی زیاد لە زاتی خوا دەمانخاتە ناو بازنەی فرەیی و زۆری لە زاتی خوادا کە ئەمەش شیرك وکوفرە ، ئەم بۆچونەشیان سەری کێشا بۆ نەفی کردنی سیفات لە گەڵ چەند جیاوازیەك کە لە نێوان خۆیاندا هەیانە بە پێچەوانەی زانایانی کەلامەوە لە ئەشعەری و ماتوریدیەکان کە پێچەوانەی ئەم ڕایەیان هەبوو بەڵام هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان دا ئەم مەبەستەیان وامان لێ ناکات هەڵەیی ئەنجامەکەیان بەدەر نەخرێت و ڕوون و ئاشکرا نەکرێت .

## یەکەم / فەیلەسوفەکان

لێرەدا قسەمان لە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو ، بۆ ئەو زەمەنەی هەندێ لە فەیلەسوفە موسوڵمانەکان قسەیان لە مەسەلەی خوا و بوون و مرۆڤ دەکرد ، لەوانە ئیبنو سینا و فارابی و کندی و چەندانی تر ، دیارە ئەمانیش کەوتبونە ژێر کاریگەری بیر وبۆچونە بەئەسڵ یۆنانیەکان ، پاش وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی[1] ، هەندێکیان توشی چەندەها هەڵە و هەڵ تریزان بوو بوون ، لەوانە باوەڕیان نەبوو بەوەی سیفاتی خوا چەند واتایەکی پەیوەست بە زاتی خوای هەبێت ، بەڵکو ئەو سیفاتانە

[1] بەتایبەتی لەسەردەمی مەئمونی کوڕی هارونە ڕەشید دا .

زاتی خوان ، ئەم گوتە زایەش سەری کێشا بۆ ئینکاری کردنی سیفاتە تەواو ودروستەکانی خوای گەورە ، دەیان ووت خوای گەورە نە(سمع)ی هەیە نە (بصر) و نە(قدرة) و نە(حیاة) و نە (إرادة) و نە (کلام) و نە (وجه) و نە (یدین)... نە هیچ واتایەکی تریش کە جیاییەك ببەخشێ لە زاتی خوا.

بەڵگەشیان ئەوەبوو کە جێگیرکردنی سیفات ئەوە دەگەیەنێ خوای گەورە پێکهاتە (مرکب) بێت و لاشە (جسم) بۆ بڕیار بدرێت ، ئەمەش پێچەوانەی تاکێتی و وەحدانیەتی خوایە ... فەیلەسوفەکان تەنها بە سیفاتە سەلبیی و ئیزافییە روتەکان یان هەردوکیان وەسفی خوایان دەکرد ، نهێنی ئەمەش ئەوەبوو سیفاتی سەلبی و ئیزافییەکان فرەیی و زۆربون لە زاتی ناخوازێ. کاتێ وترا(واحد) واتە سەلبی هاوبەش و هاوشێوە و دابەش بون دەکات، ئەگەر وترا: (قدیم)، واتە نەرێ و سەلبی سەرەتایەك بۆ بون و وجودی ئەو دەکرێت ، ئەگەر وترا(جواد ، کریم ، غني) ، ئەوا ئەو فیعلانە دەدەیتە پاڵ خوای گەورە کە ئەو پێی هەستاوە ، لە بەرەنجامی هەردوو وەسفی ئیزافی و سەلبی چەندین ناو بۆ زاتی خوا دروست دەبێت. ئەوانەی هەمان شوێن پێی فەیلە سوفەکانیان گرتووەتە بەر ، بانگەشەی ئەوە دەکەن دەیانەوێ تەوفیق بکەن لە نێوان مەنهەجی فەیلەسوفەکان و بیروباوەڕی موسوڵماناندا ، چونکە بە ئەسڵ فەیلەسوفەکان لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانی دا بوون بەتایبەت ئەرەستۆ و ئەفلاتون.

دیارە لو نێو فەیلەسوفەکانیش دا غولات و زیادەڕە هەبوون ، بۆ نمونە لە نێو فەیلەسوف و هەروەها باتنیەکاندا هەبوو دەیان وت: ناکرێ خوا وەسف بکرێت بەشت و پێچەوانەکەشی ، بۆ نمونە دەربارەی خوا نەیان دەوت (موجود) یان (غیر موجود) ، (زانا–عالم) ە یا (زانا نیە – لیس بعالم) ، (بەتوانا– قادر) یا(بێ توانایە– لیس بقادر) ، چونکە ئەم جۆرە دەربڕینانە لای ئەوان دروست نەبوو بە هەردوو بارەکەیدا.

ئیبنو تیمیە دەربارەی ئەمانە دەفەرموێ : فەیلەسوفە زیادەڕەوەکان هەردوو دژەکە لە خوا سەلب دەکەن و ئەڵێن خوا نە هەیە و نەنییە( لا موجود ولا معدوم) و نە زیندوە و نەمردوە ، نە زانایە و نە نەزان ، چونکە وای بۆدەچن ئەگەر ئەو وەسفانەی بۆ دابنرێ ئەوا دەچوێنرێ بە بونەوەرەکان ، ئەگەر بە نەفی وەسف بکرێ ئەوا دەچوێنرێ بە نەبوەکان بەم شێوەیە هەردوو دژەکە سەلب دەکەن [1].

---

(1) أسماء الله وصفاته 159–160.

## دووەم / جەهمی یە (الجهمية)

جەهمی[1] یە ، معتزلة یان(معطلة و نفاة) یشیان پێ دەوترێ هەرچەندە لە بۆ چونیش دا جیاوازییان هەیە ، وەسف كردنیان بە(معطلة و نفاة) دەگەڕێتەوە تەعتیل و نەرێی سیفاتەكان ، بەهەمان شێوەی (معطلة و نفاة).

جەهمی یە یەكەم مەزهەب و ڕێڕەوی نەفی سیفات بووە كە لەنێو موسڵمانان‌دا بەدەركەوت، كە سەرەتا لەسەر دەستی (جعد بن درهم)دا بەدەركەوت و دواتر (جهم بن صفوان ) لێی وەرگرت و دەستی كرد بە بڵاوكردنەوە و بانگەواز بۆكردنی ، لەبەر ئەوە بەناوی ئەوەوە بڵاو بویەوە ، دواتر (بشر المريسی) بنەماكانی چەسپاند و وتوێژ ومونازەراتی

---

[1] جەهمی یە لە ناوی (جهم بن صفوان السمرقندي الراسبي)یە ، سەركردەی فیرقەیەكی كەلامییە كە پێی دەوترێت جەهمییە ، قوتابی جەعدی كوڕی دریرهەم بووە ، پوختەی بۆچونەكەیان ئەوەیە ئیمان بریتییە لە ناسینی خوا و پێغەمبەرەكەی و ئەوەی لە لایەن ئەوانەوە هاتووە ، گرێ دانی دڵ بەو مەعریفەوە ، ئیتر كەسەكە هەرچی بكات با كوفر و بت پەرستیش بێت هیچ زیانێكی پێ ناگەیەنێت ! كوفریش جەهلە بەخوا پێغەمبەر و ئەوەی هێناوێتی ، ئەمان لە هەندێ ڕایاندا وەك دەوترێت لەگەڵ موعتەزیلە یەك دەگرنەوە وەك نەفی سیفاتی ئەزەلی و بینینی خوا و خەڵقی قورئان و... تد ، لە هەندێ بۆچونیانیش دا ناكۆك و ناتەبان وەك مەسەلەكانی جەبر و ئیختیار (كە ئەم جەبرییە بووە) و تیاچونی بەهەشت ئاگر. ، لە ساڵی 128ی كۆچی بەدەستی (سلم بن احوز المازني) لە شاری مەرو كوژرا ... بۆ زیاتر ، بڕوانە شخصيات لها تاريخ، محمد عماره ، 50-51. ، موسوعه الفرق والجماعات الاسلاميه، عبدالمنعم الحفنی ، 258-259.

**لەسەردەكرد ، هەروەك خاوەنی (البداية والنهاية) ئاماژەی پێدەكات[1] بە سەیر كردنێكی نوسراوی زانایان لەسەر جەهمی یە ، گومڕایی و لێ شێواوی ئەم دەستەیەمان بۆ دەردەكەوێ ، كە لێرە دا تیشك دەخەینە سەر مەسەلەی سیفات ، كە پێچەوانەی پەیڕەوی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەری خوا و ڕاڕەوی ڕاست و دروست بووە... ئەوان كە باسی سیفاتی سەلبییان دەكرد زۆر بەدوور و درێژی لەسەری دەدوان بەپێچەوانەی قورئان وسوننە كە بە كورتی ئاماژە بەو سیفاتە سەلبییانە دەدەن ە هەروەك لە شوێنی خۆیدا ئاماژەمان پێكرد ، لە هەمان كاتدا تەنها بونێكی ڕەهایان بۆخوا بەڕەوا دەبینی ئەگەر لێی بكۆڵینەوە لێی هیچی لێ دەرناچێ و هیچ ناگەیانێ ، تەنها بونێك نەبێت لە بیرو زیهن دا نەك راستی و حەقیقەتێك كە لە سەروی هەموو ڕاستییەكانەوە بێت ، بەمەش نەفی كردنیان بۆ ناوو سیفاتەكانی خوای گەورە بەشێوەیەك تەعتیل دەكرد كە ئاسان بێت نەفی زاتی خواش بگرێتەوە .**

---

(1) أسماءالله وصفاته ، 161، (جعد بن درهم) ی مامۆستایشی بە چوار ساڵ پێش قوتابییەكەی بەدەستی (عبدالله القسري)لە شاری كوفە و لە ساڵی 124 ی كۆچی دا كوژرا ، (بشر المريسى) كە سێ یەم كەسە و هەڵگر و داكۆكی كاری ئەم ڕێڕەوە بووە بە (جهم بن صفوان) نەگەیشتوە ، بەڵام هەڵگری بۆچونەكانی ئەوبووە زانایان زۆر توند و تیژن لە بەرامبەریدا گەیشتوەتە ئەوەی هەندێكیان بەكافری دابنێن هەندێكیشیان ئاماژە بەوە دەكەن كە باوكی یەهودی بووە و خۆیشی كەسێكی نیاز پاك نەبووە ، لەساڵی 218كۆچی دوایی كردووە، بەڵام بۆ تەحقیق لەم بابەتانە و ژیان نامەی ئەو كەسایەتییانە و هۆكاری كوشتنیان دەبێت بەدواداچونی زیاتر بكرێت ، بەتایبەت گومانی كوشتنی سیاسی و راپەڕین دژ بە سوڵتان و خەلیفەكان .

جەهمی یەكان بۆ نمونە بە نادروستیان دەبینی بە خوا بە (حي ) و (عالم) دابنرێت چونكە بە حسابی ئەوان گەر ئەم سیفاتانە و هاو وێنەیان بدرێتە پاڵ خوا گەورە ئەوا بەدروست كراوەكان چوێنراوە ، لەگەڵ ئەوەدا دەیانوت خوا (قادر) و (فاعل) و( خالق) و (محی) و(ممیت)ە چونكە ئەم وەسفانە تایبەتن بە ئەوەوە ، هەروەك دەیان وت وتەی خوا(كلام الله) شتێكی بەدی هاتووە واتە (حادث) هەروەكو دواتر بووە بۆچونێكی موعتەزیلە و كێشە و گرفتی خەلقی قورئانیان لەسەر بەرپاكرد، پێشینەشیان لەم مەسەلەیەدا جەهمی یەكان بوون ، هەرچەندە لەڕوكاردا جیاوازیان هەبوو بەلاَم لەناوەڕۆكدا یەك مەبەستیان هەبوو، بە كورتی نەفی هەموو ئەوسیفاتانەیان دەكرد كە دروست بێت بدرێتە پاڵ هەر دروستكراوێكی تر و بكرێ كەسی تر تیایدا بەشدار بێت ، بەمەش نەفی سیفاتەكانیان دەكرد چونكە زۆربەی سیفاتەكان بەوشێوەیەی كە شایستەی مرۆڤ خۆیەتی لە مرۆڤدا بونی هەیە تەنانەت بە هەندێ لەو سیفاتانەی ئەوان بەتایبەتمەندی یان دادەنا بۆ خوا وەك (قادر) و (فاعل)... بەلاَم ئەم واتایانە سەبارەت بەخوا بە شێوەیەكی بێ وێنەیە ... وتە و بۆچونی جەهمی یەكان لە دیدی زانایان دا بە نەشیاو وترسناك سەیر دەكرا هەر بۆیە هەندێ جار بە نزیك لە(كوفر) بۆیان دەڕوانی و هەروەها دەربارەی ئەمان وموشەبەهە دەیان وت ( المعطل یعبد عدماً والمثل یعبد صنماً ) ئەوەی شایانی باسە لێرەدا بیڵێین ئەوەیەكە جەهمی یەكان كاریگەری خۆیان لەسەر ئەوانی دوای خۆیان بەجێهێشت ، بەتایبەتی لەسەر موعتەزیلەكان ئەمە جگە لەوەی هەندێ ڕایان لە لایەن هەندێ لە

موتەکەلمینی دواینی ئەشعەری و ئەوانی تریشەوە  پشتگیری لێکراوە بە تایبەت لەبواری (تأویل) دا .

## سێیەم / موعتەزیلە

موعتەزیلە دەستە و گروپێکە لە لایەن جەماوەری موسڵمانەوە بەو ناوەوە[1]دەناسران و خۆیان بە ئەهلی ( عدل) و (توحید) ناودەبرد و وای بۆدەچن جگە لەزاتی خوا هیچ (قدیم) نیە ، سیفاتەکانی خواش پەیوەستن بەزاتی خواوە و هیچ جیایی یەك نیە لەنێوان خوا و سیفاتەکانی دا ، بیروباوەڕیان لەسەر پێنج بناغە دادەمەزرێ کە بە پێنج ئەسڵەکە دەناسرێ و ئەمانەن :

(التوحید ، العدل ، الوعد الوعید ، المنزلة بین المنزلتین ، الأمر بالمعروف والنهي المنكر ) ئەمان لەگـــــەڵ جەهمی یە لە(نفی)ی سیفات و خەلقی قورئان دا یەك دەگرنـــــەوە ، دیـــــارە باس لە (معتەزلە) و بۆچـــون و بنەماکانیان زۆری دەوێ و زۆر دەخـــــــایەنێ بۆیە لێرەدا

[1] هەروەها لە لایەن نەیارانیانەوە بە چەندەها ناوی تری وەکو ( قدریـة و جهمیـة ومعطلـة و ثنویة ... ) ناو دەبرێن .

**تیشـك دەخەینــە ســەر یــەك لــــــەو بنەمایانــــــەی موعتەزیلــە[1] کــە پەیوەستە بەباتەکەمانەوە کە ئەویش (التوحید).**

**تەوحیـد لـەلای ئـەوان یـەکێتی زات بـوو، بـەمانای ئـەوەی هـیچ سـیفاتێکی تـری زیـاد لـەزات نیـە ، چـونکە بـە بۆچـونی ئـەوان تایبـەت مەندترین سیفاتی خوایەتی (ألوهیة) بریتییە لە (قدم)ە جا ئەگەر سیفاتی قەدیمی تر لەگەڵ زات دا هەبێ ئەوا لەلای ئەوان ئەم بۆچونە سەر ئەکێشێ بۆ چەند خوایەتی ، هەر کەسە بڵـێ خـوا (علـم) یـان (قـدرة)ی هەیـە ئـەوا واگومـانی بـردووە خـوا لاشـەیەکی پێکهاتوو(جسـم المرکـب)ە ئەمـەش بـە موشـەبەهە ناودەبـەن چـونکە ئـەم سیفاتانە(عــرض)ن (عـرض)یـش دەبێـت لەسـەر جەوهـەرێکی جیـاوازەوە وەسـتابێت ، هـەموو جەوهـەرێکی جیـاش پێکهاتەیە هەر کەسێکیش وابڵێ ئەوە موشەبەهەیە ، هۆی کەوتنە هەڵەی**

---

[1] موعتەزیلە :شوێن کەوتەی واصل بن عطاء وعمرو بن عبید بوون ناوەکەشیان لەوەوە هاتوە کاتێ (واصل80-131) لە بازنەی (حسن البصری) دا بووە و پرسیاری تاوانی گەورە (الکبیرە) لە حسن البصري کراوە ئەویش فەرمویەتی لە ژێر ویستی خوای گەورە دان و بەموسڵمانیش دادەنرێن، واصلیش دەڵێ نەخێر ئەوانە لە ئاگردان و دەریش نەچوون لە ئیسلام بەڵکو لە شوێنێکدان لە نێوان دوو شوێن دا (منزلە بین المنزلتین) ، (حسن البصری)یش پێی ووتوە (إعتزلنا) واتە لە کۆڕەکەمان دابڕێ ، لەمەوە بە (معتزلە) ناوبراون جا ئەم دەستەیە لە سەرەتای سەدەی دوەمی کۆچی دا بەدەرکەوتن جگە لەواصل عمرو بن عبیدیش یەکێك بووە لەناودارانیان کە لە 140ی کۆچی دا وەفاتی کردووە ، موعتەزیلە زیاد لە پێویست عەقڵیان بە پیرۆز و گەورە ڕادەگرت بە شێوەیەك بڕوایان بەعەقڵ هەبوو زاڵیان دەکرد بەسەر (نقل)یش دا و بەسەرچاوەی یەکەمی عەقیدەشیان دادەنا هەر دەقێکیش بەحسابی ئەوان لەگەڵ عەقڵ دا نەگونجایە تەئویلیان دەکرد چونکە عەقڵ بڕیارەکانی بڕاوە (قطعي) یە و(نقل)یش (ظني) .

موعتەزیلـە ئەوەیـە کـە لەسـەر مەسـەلەی (الجسـم) و (العـرض) بۆچـونەکانیان دارِشـتبوو کـە مەبەسـت لێیـان (وەسـفکراوو سـیفەتە ) (الموصوف والصفە)یە و دەیان وت سیفات کە (أعراض)ە بەڵگەیە لەسەر بەدی هاتوی وەسف کراو کە (جسم)ە ئا بەم شێوەیە و لەسەر ئەم بناغەیە قسـەیان لـە (توحیـد)دەکرد و نـەفی هـەموو سـیفەتێکیان لـە خـوادەکرد ،چـونکە دەچـوێنریٚ بەوسـیفاتانەی کـە لەوەسـف کراوەکانـدا هەیـە و (اجسـام)ن واتـە هـەروەك چـۆن تەنـەکانی تـر کـاتیٚ چـەند سـیفەتێکی دەرەکیان هەیە مانای وایە بەدی هاتوون و ئەگەر سیفاتی جگە لەزات بۆخوا برِیار بدەین ئەوا توشی چەند خوایی و بەدی هاتووی پەروەردگار دەبین ، لەم رِێگەیەوە نەفی سیفاتەکانیان دەکرد .

هەربۆیە موعتەزیلە دەیان وت خوای گەورە لەخودی خۆیدا زانا و بینـەر و بیسـەرە نـەك بـەوەی زانسـت و بیسـتن و بینینـی هـەبێت وەکـو سیفەت بەهەمان شێوە سیفەتەکانی تریش .

لەلایەکی ترەوە دانیان دەنا بەوەی خوای گەورە ناوی هەیە بەلاٌم نەفی ئەو سیفاتانەیان دەکرد کەلەو ناوانەوە وەردەگیران ، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە بوو نەفی چەند خوایەتی بکەن کە وای بۆدەچون جێگیرکردنی سیفات ئەومانایەی لیٚ دەکەوێتەوە و دان دەنرێت بەچەند (قدیم)ێکدا کە ئەم بۆچونەیان پێچەوانەی ژیری بوو چونکە ژیری مرۆڤ تیٚ ناگات لەزاتێکی (عالم) بەبیٚ (علم) و (سامع) و(قادر) بەبیٚ (قدرة) ئەمە جگە لەوەی لەدەیان ئایەت و فەرمودەدا بە ئاشکرایی باس لەو سیفەتانە دەکات و لێیان دەدویٚ بەلاٌم دیارە ئەوەی بەهەڵەی بردبون پەیرِەوکردنی

مەنهەجێکی عەقلانی لار و لەوێر بوو ، کە ناکرێ و گونجاو نییە بکرێتە پێوەرێك و بەتەنها پشتی پێ ببەسترێت بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن سەبارەت بە عەقیدەی ئیسلامی ، موعتەزیلەش لەم ڕووەوە کاریگەریی لە دوای خۆی بەجێهێشت بەتایبەتی لەسەر شیعە و شیعەی زەیدی ، ئەمە جگە لەوەی بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو ئێستەش بۆچونەکانیان بۆتە جێگەی مشت ومڕ و لێکۆڵینەوەیە و دەکرێ زیاد لەوەش هەڵگرێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین موعتەزیلە لەو بۆچونانەیاندا مەبەستیان بەرگری کردن بووە لە ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامی ، بەڵام بەشێوازێك و ڕێڕیەوێکدا ڕۆیشتن کە ئەنجامێکی دروستی نەدا بەدەستەوە چ لەوەی مەنهەجە عەقڵیەکەیان لەمەسەلە غەیبی یەکاندا بەکارهێنا و خستیانەکار چ لەوەی زانایان و موسڵمانانیان توشی ئەشکەنجە و ئازارکرد بەمەش کۆتایی بەشەپۆلی ئیعتزال هات و نەیارێکی زۆری بۆ دروستکردن ، بە تایبەت دوای ئەوەی سەردەمێکی زۆر دەسەڵات پشتگیری کردن* و زانایانی تەنگەتاو کرد ، سەرەنجام لە لایەن زانایان و دەسەڵاتەوە لە قاڵب دران و سنوریان بۆدانرا هەرچەندە شوێنەوار و کاریگەریان هەروەك ئاماژەمان پێکرد تاوەکو ئێستە ماوە ، بەڵام دەکرا ئەو مەنهەجە عەقڵی

---

* بەشداری کردن و تێوەگلانی دەسەلاّت لەم جۆرە بابەتانەش ڕوویەکی سەلبی پێ بەخشی و ئاقاری بابەتەکانی بە شێوازێکی خراپ ئاراستە کرد ، دەبوو فەرمان ڕەواکان ئەو کارەیان بسپاردایە بە لیژنەیەك لە زانایان یان زانایان خۆیان ، خۆیان وەکو دەسەڵات تێکەڵ بەو بابەت نەکردایە تاوەکو ئاقاری دروستی خۆی وەرگرتایە و ئەو هەموو بارگرژییە جۆراو جۆرانەی لێ نەکەوتایەتەوە.

یەیان بۆ جیهانی دیار و بینراو بەکار بهێنرایە وسودی لێوەرگیرابایە کە مەیدانی راستەقینەی تاودانی هێزی عەقڵ و عەقڵگەرایی مرۆڤ بوو*.

## تێبینی :

ئەوەی پێش چاوخرا شتێکی زۆر کورت بوو بۆ ئەو دەستە و گرۆهانە، زیاتر باسکردن بوو وەك لە ڕەخنەگرتنێکی تێرو پڕ و هەڵسەنگاندنێکی تەواو ، جگە لە هەندێ سەرنجی کەم کە بە گرنگ بینراوە... ئەگینا قەناعەتمان وایە لێدوان لەم دەستانە لێکۆڵینەوەی قوڵ و بابەتی تر دەوێ و گەرەکە قۆناغە مێژویی و هۆی سەرهەڵدان و ئامانجی دروست بونیان لەیادنەکرێت ، ئەمە جگە لەوەی مەرج نیە هەموو ئەو ووتانەی لە کتێبەکاندا نوسراوە سەبارەت بەوان لە سەدا سەد هەموی پێکراوبێت و ئەوانیش بەوڕەهایی یە وەهابن ، ئێمە پێویست بۆ ئەم بابەتانە ئاگاداری نوسین و نوسراوەکانی خۆیان بین ، کە ئەمەش کەم و دەگمەنن، گرنگ ئەوەیە هەوڵمان داوە خوێندنەوەیەکی دروستی پشت ئەستوور بە قورئان و سوننە و تێگەیشتنی دروستی زانایان ڕەچاوبکەین و ئاگامان لە بنەما و ڕێزمانەکانی زمانی عەرەبیش بێت ، خۆ ئەگەر لە هەر کاتێکیش دا زانیمان بۆچونی راست و دروستی پشت ئەستوور بە

* سەبارەت بە وەلاّم دانەوەی ئەو گومانانەی کە موعتەزیلە و سەرجەم ئەو دەستە و گرۆیانەی سەبارەت بە پاساوەکانی نەفی کردنی سیفات هەیانە بەو جۆرەی ئەوان بە مەترسی دەزانن لە سەر بیروباوەڕی ئیسلامی بڕوانە أسماء الله وصفاته ، عمر الأشقر، ل175-193.

قورئان و سونەی سەحیح شتێکی ترەوە ئەوە (الحق أحق أن يتبع) ، هەق و ڕەوا لە پێشترە شوێنی بکەوین لە هەر کەس و بۆچونێکی تر[1] ، لە پێناو ئەم مەبەستەشدا بە پێویستی دەزانین لێرەدا ئاوڕێك لە بابەتی سەلەف و خەلەف یا قوتابخانەی ( الإثبات والتأويل ) بدەینەوە لەبارەی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورەوە کە زیاتر بابەتێکە بۆ نوخبە و دەست بژێری ئەم بوارە وەك لە بابەتێك بێت بۆ هەموان ، ئەمە بۆ هەندێ وردەکاری تری ئەم بابەتەش راستە کە پێشتر و لەم کتێبەدا قسەیان لەسەر کرا بەتایبەت ئەوانەی سروشتێکی جەدەلییان هەیە و خاوەن مۆرکێکی فەلسەفین...

---

[1] بۆ ئەم باسەی پێشوو(ناوو سیفاتەکان و هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆڕا وبۆچونە جیاوازەکان) سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :-

1- نبذة مختصرة حول أهم الفرق الأســـــــــلامية.

2- أسماء الله وصفاته في معتقد أهل السنة والجماعة.

3- العقيـــــــــــدة في الله .

4- أدب الأختلاف في الأسلام.

5- الجداول الجامعة في العلوم النافعة .

## ڕێڕەوی پێشینان و دواینان(السلف والخلف) یا قوتا بخانەی (الإثبات والتأويل) دەست پێك و ڕێ خۆشکردنێك:

قورئانی پیرۆز بەزمانێکی عەرەبی ڕەوان دابەزی یە سەردڵی دواینی پێغەمبەران محمد(ﷺ) بۆ بانگەوازی خوایی بگەیەنێ و بانگەشە بۆ پەرستن و گوێڕایەڵی خوای گەورە و میهرەبان ، پەروەردگاری بون و بونەوەر بە بیروباوەڕێکی یەکتاپەرستانەی پاك و بێگەرد و شەریعەتێکی ئیسلامی نەمر و یاسایەکی ڕەفتاری و سلوکی سروشتی بەپێز لەگەڵ داڕشتنەوەی بیری مرۆڤ بە داڕشتنەوەیەکی ڕەببانی بێگەرد و دەرهێنانیان لەگۆم و چڵپاوی شیرکی ئاشکرا و نهێنی ، دیار و نادیار و هاندانیان بۆ گرتنەبەری ڕاستەڕێیەکی ڕۆشن کە شەوی وەك ڕۆژ وایە و جەخت خستنە سەر تاکێتی و یەکتاپەرستی خوایەکی پەرستراوی بەهەق ، خوایەك کە خاوەنی ناو و ئاوەڵناو و سیفاتی بەرزە ، کە زۆر بەڕونی لە کیتاب و سوننەدا باسی لێکراوە ، تەنانەت ڕون و ئاشکراتر لە هێنانەوەی بەڵگە لەسەر بونی خوا ، هۆیەکەشی ئەوەیە هەموو ئەو لێتێکچون و گومڕای یەی توش مرۆڤایەتی بوە و یەخەی پێ گرتووە لەمێژوی درێژی دا بەهۆی تەسەورنەکردنی پەرستراوێکی بەهەقەوە بووە ، ئەوپەرستراوەی کە لەناخی یەوە باوەڕی پێی بووە ، بەڵام نەیتوانیوە بەباشی لێی تێ بگا ، بەهۆی نەبونی مەنهەجییەتێکی دروست بۆ ناسینی ئەو خوایەی شایستەی پەرستنە ، ئەو مەنهەجییەتەش لەڕێگەی سروش و وەحی یە وە بەدی دێت ، هەر بۆیە سەراپای ژیانی مرۆڤایەتی پڕ بووە لە هاوبەش

پەیداکردن و پەرستنی چەند خوایەتی ... مێژووی مرۆڤایەتی چەندەها شارستانی و ژیاری دوور لەخوا و خواپەرستی بەخۆوە بینیوە و تیایدا بەرژەوەندی تاغوتان و هەل پەرستان دەستەبەر بووە ، بەهۆیەوە مرۆڤایەتی گومڕا و سەرلێشێواو بووە و هەرجارەی یەکێك و بەناوی جیا جیاوە یاری بەچارەنوسی کردوە ، هاتنی ئیسلام بانگەشە بوو بۆ ئاینی ڕاست و یەکتاپەرستی پوخت و بێگەرد ، سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی شارستانێتی و ژیاری مرۆڤ ، کۆمەڵگایەك هێز و ئازادی و یەکسانی تیادا دەستەبەر بێت ، ئەو کۆمەڵگایەی تەنها مرۆڤەکان خوای پەروەردگاریان دەپەرستن و لەم پنت و بناغەیەشەوە ڕەنگڕێژی ژیان و جێنشینایەتی و ئاوەدان کردنەوەی زەوی دەستەبەر دەکەن (ئەگەر راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکی ئایینەکەیاندا بکەن) ، بۆئەوەی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی و تەوحید بە پتەوی و تۆکمەیی و پوختی بمێنێتەوە ، قورئانی پیرۆز تەوحیدی خوای لەزات و سیفات و ئەفعالدا لەسەر بناغە و بنەڕەتێکی بەهێز و تۆکمە پێشکەش کردووە ، بێ ئەوەی ڕۆچینە ئەو بوارە فراوانەی کە ژیری مرۆڤایەتی توانای خۆ لە ئاقاردان و تێگەیشتنی نیە و لەسنوری تواناکانی بەدەرە و سودیشی لێ نابینێ بۆ بنیاتنانی ڕێڕەوی ژیان و ژیار و شارستانێتی ، لە هەمان کاتدا پێویستیش نیە و ڕزگاربوون و ئاسانکاری تەنگانەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر نەوەستاوە ، هاوەڵانی بەڕێز (خوایان لێ ڕازی بێت ) کیتابی خوایان لە پێغەمبەرەوە پێ گەیشت و لەڕێگەی ڕونکردنەوە و سوننەتەکانیشیەوە تێگەیشتن چی داواکراو ە و چیش ئەرکە لەسەریان ،

ئەمە تێگەیشتنێکی فراوان و هەمەلایەنی پێ بەخشین، ئامانج و مەبەستی پەیامەکەیان لەلا ڕوون و ئاشکرابوو ، کە لەیەکتاپەرستی خوا ویستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەربۆیە لەڕەوشت و ڕەفتاریاندا ڕەنگی دایەوە و لەمەسەلەی ناوسیفاتەکانی خواش دا جیاواز و ناکۆك نەبوون ، دەکرێ ئەمە هۆکاری هەبێت ، لەلایەکەوە جیاوازی و دووبەرەکیان پێ ناخۆش بوو لەلایەکی تریشەوە لە کۆمەڵگە و دەوروبەرێکدا دەژیان کەساز و گونجاو بوو بە (عقیدة) و بیروباوەڕەکەیان و نزیکیش بوون بەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) ، واقعی ژیانی ئەوان و گۆڕانکاریەکانی ژیان و دەوروبەریان و کێشمەکێشمی ناحەزان و ڕەخنەی ڕەخنەگران و گومانی فیکرە و فەلسەفەکانی تر لە سەردەمی ئەواندا نەگەیشتە ئەو ئاستەی بتوانێ کاریگەری هەبێت لە سەر دڵ و دەرونیان، سەرەڕای ئەوەی ئەوان بیروباوەڕیان بەشێوەیەکی قورئانییانەی دوور لە ئاڵۆزی وەرگرتبوو ، لە ژیانی خۆیاندا وەحیی خوایی دادەبەزیی.

ئەم یەکێتی و ڕۆشنیە لە بیروباوەڕدا شوێنەوارێکی زۆر گەورە و دیاری لە ژیانیادا بەجێهێشتبوو ، پاڵنەریان بێت بۆپێشبڕکێ و هەنگاونان لەجیهانی دیار(شهادە)دا ، بە شێوەیەك توانیان سەرکردایەتی و پێشەوایەتی گەورەترین گەشەی شارستانی بکەن ، ئیسلام بە(عقیدە) و شەریعە و ئەخلاق و ڕەفتار بەخەڵکی بگەیەنن و ژیری و دڵەکان هۆشیار و بێدربکەن و گەل و نەتەوەکانیش بۆ ڕۆشنایی ئیسلام بانگەشەکەن ، بەڵام دیارە بارودۆخەکە لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام نەبوو ، ئەوەبوو دوای ماوەیەك لە بڵاوبونەوەی ئیسلام لەناو وڵاتان و نەتەوە جیاجیاکاندا ، لە

گۆڕەپانی ئیسلامی دا چەندەها کێشەی عەقیدی سەری هەڵدا و ڕووبەڕوی مسـولْمانان بیـەوە ، بەتایبـەتیش لەلایـەن ئـاین و فەلسـەفە جیاجیـا و پاشماوەکانیانەوە کە ڕاهاتبون بە موناقەشەی کەلامی دور و درێژ و ئاڵۆز ، بۆ ئەم بارە نوێیە زانایانێك خۆیان تەرخانکرد ، پاش توێژینـەوە هـەوڵی لێـك هەڵوەشـانی ئـەو بیر و بۆچـونە نەشـیاوە کـەلامی و فەلسـەفییانەیان دایـەوە، هـەر چـەندە ئـەم جۆرە لـەباس وخـواس لای زانایـانی موسڵمان و موسـڵمانیش شـتێکی نـامۆ و نەویسـتراو بـوو ، بـەلاّم زەرورەتـی واقـع و وەرگێڕانـــی زۆرێـــك لەسەرچـاوەی ئەونوســراوانە وای کــرد دەســتەیەك لەزانایان بۆ ئەو مەیدانە خۆیان سازدەن و بیر و ژیری خۆیان بخەنە کار و جـارێکی تــر و بەشـێوازێکی دی بـاس وخواســی عەقیـدە و بەڵگـەکانی پێشکەش بکەنەوە ، ئـەم دەستەیەش لەزانایاندابەش بون و ئیهتیمـاتی جیاواز و دیـدی لێك جیایـان بۆ دروست بوو لـەو مەعمەعە فیکرییانـەدا، ئەم مەسەلەیەش دواتر ئاڵۆزی زیاتری بەخۆوە بینی و تاوەکو ئێستاکەش بــەردەوامی هەیــە و هەردەســتە وگــروپێکیش بۆچـونێکی تایبــەتی بـۆ دروســت بـوو، ئـەم حاڵەتـە ئەگـەر بەشـێکی مانـای زینـدوێتی نەتـەوەی ئیسلامی تێدا بەدی بکرێ و وەلاّمگۆی قۆناغە جیاوازەکان بو بێت ئەوەبێ گومـانین لـەوەی خـاڵی نییـە و نـەبووە لەحاڵـەتی سـەلبی وخـراپ، کـە لـە هەندێ رویەوە زۆر ڕوون وئاشکرا وحاشا هەڵنەگرە ، ئەو شوێنەوارانەش لەســـەر نەتـــەوەی ئیســـلامی هـــەر مـــاوە و چارەســـەرکردنی هەنـــدێکی عەقڵیەتێکی ئیسلامی بەهێز و دیدێکی فراوان و مامەڵەیەکی دروست و سەلیمانەی دەوێ .

هەر لەو سەرەتایەوە گروپ و ئاینەكانی تریش كەوتبوونە بەرگری كردن لە ئاین و فەلسەفەكان خۆیان و سەرقاڵی وەلاّم دانەوە بون ، لەوانەی كە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان بینیوە (یوحنا الدمشقی 765ز– 749ز) و (ثیودور أبوقرة 740ز – 820ز ) و (نیكتاس) كە لە (886ز)دا مردوە و بەفەرمانی قەیسەر باسلیوس ئەركی ڕەتدانەوەی موسڵمانانی پیٚ سپێررابوو ... چەندەها هەوڵ و نەخشەی لەم شێوە بونی هەبووە ، كاریگەری كتێبە وەرگێڕاوەكان بە تایبەتی یۆنانییەكان لە یاد ناكرێت ، كە بە تێڕوانینێكی فەلسەفی تایبەت بەخۆیان باس و خواسیان لە خوا وسیفەتەكانی دەكرد و هەندیٚ لە موسڵمانانیش لە ژێر كاریگەریی ئەم بیر و بۆچونانەدا بون ، هەر لەم دیدانەوە هەندیٚ بۆچونی وەكو موجەسەمە و موشەبەهە سەبارەت بە خوای گەورە سەری هەڵ دا ، بۆ ئەم بابەت و بیرو بۆچونانەش ڕووكاری هەندیٚ ئایەت یارمەتی دەریان بوو، هەر بۆیە كەسانێكی وەك (مقاتل بن سلیمان و هشام بن الحكم و هشام بن سالم الجوالیقی) لەم جۆرە بۆچونانەیان بۆ دروست بووبوو ، هەروەك ئیمامی (ئەشعەری) لەكتێبی (مقالات الإسلامیین) دا ئاماژەیان پێدەكات .

هێرشی لاهوتی یەكان و بۆچونی فەیلەسوفان و بیری موجەسەمە وموشەبەهە زانایانی ئیسلامی ناچار كرد هەڵوێست ڕوون كەنەوە و حەقیقەتە ئیسلامیەكان بەدیارخەن ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەست بوون بەسیفاتی خواوە ئەمەش لە چوارچێوە و بازنەیەكی ئوسوڵی مەقبولدا بەڕەچاوكردنی ڕێزمانی عەرەبی و تێگەیشتن لە نەقڵ و پشت گویٚ

**نەخستنی عەقڵ و ژیری. لەم روانگەیەشەوە زانستی کەلام* و زانایانی پەیدا بون ، سەرەڕای زانایانی تریش ئەگەر ئەگەر ئەم چوارچێوەیەش نەیان گرێتەوە ، بەلأم بە جۆرێك لە جۆرەکان سودیان لەو مەنهەجەی ئەوان بینیوە ئەگەر بۆ وەلأم دانەوەی موتەکەلیمینیش بوبێت.**

**لەم میانەیەدا و بۆ رووبەڕوو بونەوەی ئەو تەحەدییانەی لە بارەی خوای گەورە و ناوو سیفاتەکانیەوە هاتبونە ئاراوە دوو قوتابخانەی[1] ناسراو بەدی هاتن ، کە هەریەکەیان ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوەڵان و تابعین ، ئەو دوو قوتابخانەیەش بریتین لە قوتابخانەی جێگیرکردن و سەلماندن(مدرسة الإثبات) یان ڕێڕەوی سەلەف**

---

* لەوانەیە چەندین هۆکاری فیکری و سیاسی بوو بێتنە هۆکاری سەرهەڵ دانی زانستی کەلام و دەرکەوتنی زانایانی ئەم بوارە ، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە:

1- بونی پاڵنەر و هاندانی بیرکردنەوە و مشتومڕ و گفتوگۆ لە ئیسلام دا.

2- بانگەشەکردنی ناعەرەبەکان بۆ ئیسلام و موسوڵمان بون ، کە پێویستی بە بە ڵگە و شێوازی تریش هەبوو.

3- وەرگێڕانی بیروبۆچونە فەلسەفییەکان.

4- گەشەکردنی توانا ی مشتومڕ و گفتوگۆ لای خاوەن کیتاب و زیمییەکان ، وەك هەوڵێك بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕی خۆیان.

5- جیاوازیە فەردییەکانی نێوان موسوڵمانان خۆیان سەبارەت بە گفتوگۆ و مشتومڕی بیروبۆچونەکان و هەست کردن بە گۆڕانکارییەکان.

6- کاریگەریی روداوە سیاسییەکان لەسەر ئاراستەی جەدەل و مشتومڕکارەکان.

بۆ درێژەی ئەم خاڵانە سەیری مناهج الأدلة- بدراني ل26-38 بکە.

(1) لە پێشەوە قوتابخانەی یەکەم کە بەڕا و بۆچونی سەلەف ناسراوە بە درێژی باسکرا ، وەکو بیروبۆچونی راجیح و بەهێز تر تاووتوێی کرا.

و قوتابخانەی تەئویل یا ڕێڕەوی خەلەف، لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەریەك لەم دوو قوتابخانەیە و هەندێ ڕونکردنەوەی پێویست لەسەریان بدەین[1].

---

[1] سەیری (تفسير آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة)ي محسن عبدالحميد، 8-12، و (نبذة مختصرة حول أهم الفرق الأسلامية)ي د.صباح برزنجي بكە ، سەبارەت هۆکارەکانی جیاوازی لە ناوو سیفاتەکاندا بەکورتی و گوشراوی بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

**یەکەم:** جیاوازی لە توانا و زانست و زانیاری کەسەکان و شارەزاییان لە زمانی عەرەبی و چۆنێتی تێگەیشتن و هەڵێنجان لە قورئان و سوننە و پێداویستی یەکانیان...

**دووەم:** پەراوێز خستنی ئەو شێوازە باسکردنەی لە قورئان وسوننە دا کراوە بۆ ئەم بابەتە و ژێری کردنە حاکم لە بابەتێکی وا هەستیاردا کە بواری ئەاری ئەو نییە، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵ بینی حەز و ئارەزو و هەواداری لەو نێوەندەدا.

**سێ یەم:** پشت نەبەستن بە ئایەتە ڕوون و ئاشکرا و موحکەمەکانی قورئان وشوێن کەوتن ودەست گرتن بەموتەشابیهاتەوە.

**چوارەم:** کاریگەری فەلسەفە و بیرو باوەڕە نامۆکانی ئەو سەردەمە و کاریگەری هەریەکە لەو بیرانە لەسەر بیریارانی ئیسلامی گۆڕەپانەکە بەتایبەت دوای ئەوەی بەلێشا و کتێب وەر دەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و دیارە موسڵمانانیش بۆ ئەو مەبەستە لەئاستێکی پێویستی بەرنامەڕێژیدا نەبوون.

**پێنجەم:** نەخشەیەکی داڕێژراو بۆ تێك وپێك دانی عەقیدەی ئیسلامی بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی توانایان نەبوو بەهێز کار لەموسڵمانان تێکدەن، هەر بۆیە لەهەوڵ دا بوون لەناوەوە و بەناوی کەسانێکی موسڵمانەوە بەو کارە هەستن و ژەهری خۆیان لە لاشەو جەستەی موسڵماناندا بلاو بکەنەوە، هەروەك لەسەر زمانی (ابي ميمون القداح) دەگێڕنەوە کەوتوویەتی: (إني أضيق بدين محمد(ﷺ)وليس عندي جيش أحارب به، وليس لديّ مال ، ولكني في الحيلة طويل الباع بحيث إذا لقيت عوناً قلبت دين محمد(ﷺ) رأساً على عقب)[2].

دیارە بۆ ئەم مەبەستەش دووڕێگایان گرتە بەر:_

**یەکەم:** زیادە ڕەوی و موبالەغە کردن لە دین و کەسایەتی یە ئیسلامی یەکاندا.

# قوتابخانەی (إثبات) یان ڕێڕەوی پێشینان (سلف)

لێرەدا دەچینە سەر ڕێڕەوی یەکەم کەبە ڕێڕەوی پێشینان (سلف) ناسراوە ، ئەم ڕێڕەوە دان دەنێ بە سیفاتەکانی خوای گەورە بەو شێوەیەی لە قورئان و سوننەدا هاتووە وئەو سیفەتانە بۆ خوا(إثبات) دەکەن ، و بەبێ زانین یا قسەکردن سەبارەت چۆنێتی ئەو سیفەتانە.

بۆ نمونە کاتێ ئایەتی ﴿ يد الله فوق أيديهم ﴾[1] تەفسیردەکەن دەڵێن (ید) بۆ خوا جێگیر دەکەین ودەیسەلمێنین و باوەڕی پێ دەهێنین و بەڕاستی دەزانین بەبێ ئەوەی بزانین چۆنە ، تاوەکو واتای ئایەتەکانی سیفات لەکار نەخەرێ و خاڵی نەکرێتەوە لە ناوەڕۆك و ماناکانی ...

پێشتر باسی ئەم قوتابخانەیەمان کرد و بۆچونەکانیانمان خستە روو، لێرەدا چەند وتەیەك دەهێنین ، لەوانە ئیمامی (خطابي) بە شێوەیەکی کورت بۆچونی ئەم قوتابخانەیە دەردەبڕێ و دەڵێت (مذهب السلف إجراء

---

دووەم: لە لادان وتەحریف و تەئویلکاریدا کە ئەمەشیان پەیوەستە بەدەقەکانی قورئان وسوننەتەوە.

__شەشەم:__ بوونی چەندەها فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو کە ئاماژەیان تێدا بوو بۆ هەندێ لەو مەسەلانە وەرگرتنیان لەلایەن هەندێکەوە وەك شتێکی بەدیهی وسەلمێنراو...

__شەشەم:__ قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر خۆیان لە خۆیاندا لە هەندێ دەربڕینداچەند واتا هەڵ دەگرن و دەکرێت چەند خوێندنەوە قبوڵ بکەن . سەیری (اسماءالله وصفاته) ل225-240.

[1] ئەمانە مانای ئەوەنی یە کە هیچ تەفسیرێکی تر بۆ ئەو ئایەتە و هاوشێوەکانی نیە ، بەڵکو تەفسیری تر هەیە بەلاَم لەوحاڵەتەش دا (إثبات)ی (ید)ە کە هەردەکەن.

آيات الصفات وأحاديثها على ظاهرها مع نفي الكيفية والتشبيه عنها ، إذ الكلام في الصفات فرع على الكلام في الذات، يحتذى فيه حذوه ويتبع مثاله ، فإذا كان إثبات الذات إثبات وجود لا إثبات تكييف.. وقد يعبرون عنها بقولهم تمر كما جاءت ولا يتعرض لها بتأويل ومرادهم : أنه يجب إثبات الصفات دون التكيف وقد يظن من ينسب لهم أنهم أرادوا التفويض أو أنها من المتشابه وهذا ظنٌ خاطىء) [1].

(ابن تيمية)ش هەمان ڕاو بۆچون دەردەبڕیٚ و دەڵیٚ : (ومذهب السلف أنهم يصفون الله بما وصف به نفسه وبما وصف به رسوله من غير تحريف ولاتعطيل ومن غير تكييف ولاتمثيل ... وهو سبحانه مع ذلك ليس كمثله شيء فكما نتيقن أن الله سبحانه له ذات حقيقة وله أفعال حقيقية فكذلك له صفات حقيقية وهو ليس كمثله شيء لا في ذاته ولا في صفاته ولا في أفعاله وكل ما وجب نقصاً أو حدوثاً فإن الله منزهّ عنه حقيقية ، فانّه سبحانه وتعالى مستحق للكمال الذي لا غاية فوقه ومذهب السّلف بين التعطيل والتمثيل فلا يمثلون صفات الله بصفات خلقه كما لايمثلون ذاته بذات خلقه) ئەوەش ڕوون دەكاتەوە كەدروست و شایستە نیە (علیم وقدرة)ی خوای پەروەردگار خاسیەتەكانی دروست كراوانیان پیٚ ببەخشریٚ و وەك (عیلم وقودرەی دروستكراوان دابنریٚت هەروەك دەڵیٚ (لا يجوز أن يثبت للعلم والقدرة خصائص الأعراض التي لعلم المخلوقين وقدرتهم ، فلذلك هو سبحانه وتعالى فوق العرش ولا يثبت لفوقيته خصائص فوقية المخلوق على المخلوق ولوازمها ) .

---

[1] العقيدة وأثرها في بناء الجيل .

لــە شــوێنێكی تــردا هــەمان بۆچــون جــەخت دەكاتــەوەو دەڵــێ ( إن الصفات كالذات ، فكما أن ذات الله ثابتة حقيقية من غير أن تكون من جنس صفات المخلوقات ، فمن قال لا أعقل علماً ويداً إلا من العلم واليد المعهودين ، قيل له فكيف تعقل ذاتاً من غير جنس ذوات المخلوقين ومن المعلوم أن صفات كل موصوف تناسب ذاته وتلائم حقيقته ، فمن لم يفهم صفات الرّب الذي ليس كمثله شيء الاّ ماينا سب المخلوق فقد ضل عقلهُ ودينهُ )[1] .

هەروەها ڕاڤەكەری عەقیدەی (طحاوي) دەڵێ: (ولكن لا يقال لهذه الصفات أنها أعضاء أو جوارح أو أدوات أو أركان ، لأن الركن جزء الماهية، والله تعالى هو الأحد الصمد ، لا يتجزأ سبحانه وتعالى والأعضاء فيها معنى التفريق والتعضية )[2].

هەورها (خلال ) لەكتێبی (السنه )دا لەسەر زاری (أحمد بن حنبل) ەوە دەڵێ :... حەنبەل لە كتێبەكانی خۆیا وەكو (السنة والمحنة) دا وتویەتی : لە بارەی ئەو فەرمودانەوە كە ڕیوایەت كراون ودەڵێن :خوای تەبارك وەتەعالا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا ، یا خوا دەبینێت ، پێ دەخاتە ناو .... یا پێ دەنێ بە .... هەروەها ئەوانەی تریش كە لەم بابەتەن ئایا چونیان بزانین ؟ (أبو عبدالله – احمد بن حنبل )یش وتی : باوەڕمان پێیان هەیە و بەڕاستیان دەزانین ، بە بێ ئەوەی سەرنجی چۆنێتی و واتاییان بدەینەوە، هەروەك هیچیشیان بەدرۆ نازانین و

(1) مجموع الفتاوى ـــــــ تفسير آيات الصفات 13-14.

(2) شرح العقيدة الطحاوية ـــــ هەمان سەرچاوە ل15.

پەرچـیان نادەینـەوە ، دڵنیـاین ئـەوەی لـە لایـەن پێغەمبـەرەوە(ﷺ) ەوە هاتبێ هەق و تەواوە ئەگەر ڕێگەی گەیشتنەکەی بە ئێمە ساغ و دروست بێ، قسـەی خـوا نادەینـە دواوە ، وەسـفی خـوای تـەعالا بەشـتێك دەکـرێ کەخۆی وەسفی خۆی پێکردوە ، ئەویش بەبێ سنور و بەبێ کۆتایی هاتن ، چونکە هیچ شتێك لەوێنەی خوا نیە[1] .

حەرمەلـەی کـوڕی یـەحیا دەڵـێ لـە عەبـدوڵای کـوڕی وەهـەبم بیسـت دەیوت لە مالیکی کوڕی (أنس)م بیستووە دەیوت ئەوەی شتێك لە وەسفی خوای تـەعالا بە ئەندامێکی خۆی بکات بۆ نمونـە لـەم ئایەتـەدا ﴿ وَقَالَـتِ اليَهُـودُ يَـدُ اللهِ مَغْلُولَـةٌ ﴾ مائـدة/64، هێمـا بەدەسـتی بکـات و بیبـات بـۆ گەردنی ، وەلەم ئایەتەدا ﴿ وهو السميع البصـير ﴾شوری/11 هێما بۆچاوو گوێی خۆی بکات ، یا هێما بۆ شتێك لە دەستەکانی خۆی بکات دەبێ ئەو ئەندامـەی لـێ بکرێتـەوە و ببڕێـت [2]، چـونکە تەشـبیهی خـوای بـە خـۆی کردووە و خـوای بەخۆی چواندوە ، ئینجا (مالك) وتـی ئایا تۆ قسـەکەی (بـراء) ت نەبیسـتوە کـە باسـی ئـەوە دەکـات پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمویـەتی: لەقوربانیـدا چوارشـت دروسـت نـین و ناکرێنـە قوربـانی ، چـۆن پێغەمبـەر (ﷺ) ئاماژەی کرد (براء) یش بەو جۆرە هێمای بەدەستی کرد، بـەلام وتـی دەستەکانی من لە دەستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بچوکترن (براء)پێی ناخۆش بـوو دەسـتەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) بچـوێنێ بەدەسـتەکانی خـۆی لـە بـەر

[1] عەقائید ئیمام بەننا ، وەرگێڕانی حەسەن پێنجوێنی .

[2] دیـارە لێـرەدا مەبەسـت ترسـناکی و نادروسـتی ڕەفتارەکەیـە ئـەگینا وەك حـوکم ئـەوە شتێکی ترە و هەروا ئاسان نییە.

**ڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) کە مەخلوقیشە ، ئەی چۆن دەبێ وەسفی خالق بەشتێك لە مەخلوق بکرێ و بەو بشوبهێنرێ ، لە گەڵ ئەوەدا هیچ شتێ لەوێنەی خوانیە ؟!**

**ئەم دەستەی زانایان ڕایان وایە بیروباوەڕی هاوەڵان و دوای ئەوانیش بەم شێوەیە بووە و لەسەر ئەم بیروبۆچونە بوون لەم ڕووەوە ئاماژە دەدەن بە چەندین زانای پایە بەرزی وەك : مالکی کوڕی ئەنەس و ئەوزاعی و ئەحمەد و شافعی وحەمادی کوڕی زەید وحەمادی کوڕی سەلەمە وعەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدی و وەکیعی کوڕی جەڕاح و محمد الحسن و سەعد کوڕی موعاز و مروزی و عبدالله ی کوڕی موبارك ئەبو موعاز خالد کوڕی سولەیمان ئیسحاقی کوڕی راهەوەی و ئەبو عوبەیدە و بوخاری تورموزی و ئەبو داودی سجیستانی... هتد [1].**

---

[1] سەیری : شرح العقيدة النسفية في العقيدة الإسلامية ، ص68 ، و تفسير آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة ، ص15-16 بکە ، هەندێ مەزهەبی سەلەف بە مەزهەبی(التفويض) ناو دەبەن و دەڵێن باوەڕمان بە ئایەت و فەرمودەکانی سیفات هەیە بەو شێوەیەی کە هاتووە بەڵام قسە لە راڤە و تەفسیری ناکەین و تەئویلیشی ناکەین و دەڵێن خوای گەورە خۆی دەزانێ مەبەستی چییە لەو سیفەتانە و رەفزی (تشبيه) و (تجسيم)یش دەکەن و زۆرێك لەو بەڵگانە دەهێننەوە کە (المثبتون) دەیهێننەوە ، بەڵام ئەمە جێگەی رەزامەندی و قبوڵی هەندێ لە تیۆریست(منظر)ەکانی مەزهەبی ئیسبات نییە و بە بۆچونێکی جیا و ناکۆك بە مەزهەبی سەلەف ئەژماری دەکەن ، یەکێك لەو کەسانەی لەم بابەتەوە بە توێژینەوەیەك هەستاوە و پشتگیری ئەو بۆچونەی کردووە و بەبۆچونی دروست و قورئانی داناوە کە پێشینی چاکەکار لە هاوەڵان و تابعین و زانایانی پشتگیری دەکەن (عز الدين هشام البدراني)ە بەڵام پێ دەچێت کەمێك جیاوازیشی هەبێت لەگەڵ(المفوضة)، ئەوەیش لە توێژینەوەیەکید بەناوی مناهج الأدلة في بحث أسماءالله وصفاته، ئێمەش وەکو ماف دانێك

بەو بۆچونە هەندێ كۆپلەی لێ دەهێنین و گوشراوێكی بیروبۆچونەكانی دەخەینە روو، البدرانی وا دەبینێ لە دوای سەلەفەوە هەندێ بۆچون بە ناوی سەلەفەوە خراوەتە روو كە دوورە لە بۆچونی دروستی سەلەف ، ئەوانە بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بكەن هەمان مەنهەجی زانستی كەلامیان گرتووەتەبەر ، هەندێكی تریش لەترسی ئەوەی پێیان نەوترێت لەمەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعە دەرچوون مێشكی خۆیان داخستووە و تەقلیدیان كردووە... هەندێ جار چواندن و وێنەیان بۆ خوا كێشاوە بە بیانوی ئیسباتی سیفاتەوە، بێ ئاگا لەوەی ئیسباتی سیفات ئیسباتی باسكردن(ذكر)ە نەك ئیسباتی بیرلێكردنەوە، ئیسباتی مل كەچ بونە بۆ نەقڵەكان ، نەك ئیسباتی باوەڕكردن بە مەعقول ، هەروەها مەزهەبی سەلەف ئەوەیە: چۆن هاتووە ئاوا بڕوات و بیخوێنیتەوە هەروەك چۆن بیستراوە بێ ئەوەی راڤە یا تەئویلی كەیت ، رەخنەش لەو قسەیەی(ابن تیمیة) دەگرێ كە دەڵێ(أن مذهب السلف بين التعطيل والتمثيل، فلا يمثلون صفات الله بصفات خلقه ، كما لايمثلون ذاته بذات خلقه، ولا ينفون عنه ما وصف به نفسه ، أو وصف به رسوله ، فيعطلون أسماء الله الحسنى وصفاته العليا ، ويحرفون الكلم عن مواضعه ، ويلحدون في أسماء الله وآياته، وكل واحد من فريقي التعطيل والتمثيل فهو جامع بين التعطيل والتمثيل" دیارە مەبەستی لە دەربڕینی(بين التعطيل والتمثيل) بۆچون و چەمكی (وسطية) یە، ئەو لەگەڵ ئەوەی پاساو بۆ (ابن تیمیة) دەهێنێتەوە ، بەڵام بۆچونەكەی بە وەهم و هەڵە دەبینێ و وا دەبینێ رای دروستی سەلەف تەنها باسكردن(الذكر)ی ناوو سیفاتەكانە بە ژماردن و لەبەر كردن ، هەرشتێ بچێتە بواری وێنا و خەیاڵ كردن یا بیرلێكردنەوە و راڤەكردنی ئەو ناوو سیفاتانە دوورە لە تێگەیشتنێكی دروستی پشت بەستوو بە قورئان و سونەت ، ئەوەی سەلماوە تەسلیم بون و مل كەچییە ، نەك رۆچون و قسە لەسەركردن لەسەری ، چونكە ئەو بابەتە پەیوەستە بەزاتی خواوە ... قسەكردنێك كە نارۆشن بێت ، یا زۆر لەخۆكردن یا لێڵی تیا بێت سەبارەت بە زاتی خوا و ناوو سیفەتەكانی كارێكی ناشایستەیە... نوسەر لەم بارەیە وە نمونەی هێناوەتەوە و باسی لە بۆچونەكانی ئیبنولجەوزیشی كردووە... باوەریشی وایە هاوەڵان لەم باسە بە باشی گەیشتون و بە ئەندازەی باسكردن(الذكر) لەم بابەتە دوواون ، ئەمەش مەنهەجی پێغەمبەر بووە و تەفسیر و تەئویلیان نەكردووە و باس كردنیشیان لە پێناوی رێنمای و دووربون بووە لە سەرلێشاوی ، مشتومڕ و گفتوگۆیان لەم بارەیەوە

## قوتابخانەی ( تأویل ) یان ڕێڕەوی دواینان ( خلف )

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەم قوتابخانەیە و بیر و بۆچوونیان سەبارەت بە ئایەتانی سیفات ڕۆشن كەینەوە، پێم باشە هەندێك لەسەر چەمكی(تأویل) بوەستین و هەڵوێستەیەكی لە بەرامبەردا بكەین ، تاوەكو بابەتەكە روونتر بێتە پێش چاوو زیاتر پێی ئاشنا بین.

---

نەكردووە و بەدوای كرۆك و چۆنێتی ئەم بابەتەدا نەچوون ، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ئەوانەی دواتر شارەزاتر بوون بە زمانی قورئان ، بە بۆچونی ئەو ئەوان هیچ یەك لە مەنهەجی ئیسبات و تەئویلیان نەگرتووەتە بەر و هەردوو مەنهەجەكەش بە پێچەوانەی مەنهەجی هاوەڵان و شەرع و عەقڵ ئەژمار دەكات ... ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە (ید) وەكو ئیبنو حەجەر دەڵێ بە بیست و پێنج واتا هاتووە و دەكرێ لە هەر شوێنێكدا و بە پێی هاتنەكەی و ناوكۆ و سیاقەكەی واتایەك ببەخشێ ، بەڵام كاتێك لە باسی خوادا دێت دەبێت تەنها باس بكرێ نەك زیاتر چونكە خوای گەورە(لیس كمثله شيء) و(لا تدركه الأبصار) ە و قسەكردن لەم بارەیەوە و تەفسیر و تەئویل كردنی قسەكردنە لە موتەشابیهات ، هەر كەسەش بە دوای موتەشابیهاتدا بچێت بەهەڵەدا چووە هەر ناوو ناونیشانێكی هەبێت... بۆ درێژەی ئەم بۆچونانە و بەڵگە و پاڵپشتییەكانی بڕوانە : مناهج الأدلة في بحث أسماءالله وصفاته ، لاپەرەكانی55-58 ، 77-78 ، 113-129 ، 133-135 ، 135-145.

# تەئویل

پێش ئەوە واتاکانی تەئویل بەدەرخەین پێویستە بزانین تەئویل ئەو دەرگایە بووە زۆرجار بووەتە دەروازەی هاتنە ناوەوەی بیرە نامۆکان و ناحەزانی ئەم دینەش توانیویانە لەو ڕێگەیەوە قار و خەشمی خۆیان هەڵڕشن و نیاز و مەبەستەکانی خۆیان بەناڕاستەوخۆ بخەنە روو ، لەم رووەوە هەندێ تەئویلی واجباتەکانیان کردووە و وەك شتێکی سوك و سادەبۆیان روانیوە، یان تەئویلی حەرام کراوەکان کراوە و بەڕەوا و تاڕادەیەکیش درووست خراوەتە پێش چاو، تا دەگاتە تەئویل کردنی سزای گۆڕ و ڕۆژی قیامەت و ئازار و ئەشکەنجەکانی و زیندوو بونەوە و حەشر و میزان و بەهەشت و دۆزەخ بەشێوەیەك کە ئەو دەققانە هیچ هەیبەت و هێزێکیان نەبێ و لە دەست بدرێن. هەروەها مەسەلەی سیفاتیش بەرادەیەك تەئویلی تێدا کراوە کە کاریگەری بووە و دەبێت لە لاوازکردنی پەیوەندی بەندەکان بە پەروەردگاریانەوە لەم رووەوەشەوە زیادە رەوییەکی زۆر کراوە... کەوتنە وێزەی ئایەتەکانی سیفات بە شێوەیەکی نادروست و لەرێگەی تەئویلی خراپەوە رۆڵی هەبووە و دەبێت لە مەودای ئەو کاریگەرییەی ئەم ئایەتانە هەیانە لە دڵ و دەرونەکاندا[1].

---

[1] بڕوانە أسماءالله وصفاته، ل194-195.

کەواتە پێویستە بە هۆشیاری و ئاستێکی بەرزەوە لەگەڵ ئەم پرسەدا هەڵسوکەوت بکرێت و زانستییانە و بەرپرسانە قسەی لەسەر بکرێت ، ئەگینا دەکرێت فەوزای فیکری و شڵەژانی عەقیدی لێ بکەوێتەوە.

## واتای تەئویل

تەئویل لە زماندا: بەواتای گەڕانەوە و بردنەوە دێت[1] هەروەك (ابن منظور) لە(لسان العرب) دا دەڵێ: (الأول: الرجوع، آل الشيء يؤول أولاً وآلاً رجع، وأوَل إليه الشيء : رجعه، وألت عن الشيء : ارتددت... ) کەهەریەکە لەو مانایانە بەمانای گێڕانەوە هاتووە.

هەروەها تەئویل لە زمانی عەرەبیدا بە واتای تەفسیر و ڕاڤە کردنیش دێت، چونکە ڕاڤەکەر پێداچوونەوەی خۆی دەکات لە ڕاڤە و ڕوونکردنەوەکانیدا هەر بۆیە واتای گەڕانەوە لە (تفسير) دا بەدی دەکرێت...

تەئویل لە قورئان و سوننەش زۆر لە واتا زمانیەکەی دوور نیە کە بە واتای(حقيقة ما يؤول اليه الكلام وان وافق ظاهره) دێت ، کە بەواتای ئەو چوارچێوەیە دێت کە قسەکردن دەیگرێتەوە هەرچەندە لەگەڵ ڕووکارەکەشیدا رهەمان شت بن ، بۆیە ڕاڤەکەری عەقیدەی (طحاوي)

[1] گەڕانەوە (الرجوع) واتای ئەوە دەگەیەنێ ئەو وشەیە یا ئەو چەمکە بگەڕێنیتەوە بۆ سەرەتاکەی تا لە ئەنجامدا واتایەکی کۆتایی دروستمان دەستگیربێت.

دەڵێ: (التأويل في كتاب الله وسنة رسوله(ﷺ) هو الحقيقة التي يؤول اليها الكلام، فتأويل الخبر هو عين المخبر به، وتأويل الأمر: نفس الفعل المأمور به) [1].

لەسەر ئەم بناغەیە وشەی تەئویل لە چەند ئایەتێكی قورئاندا لێك دەدرێتەوە وەك ﴿ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ ﴾ الأعراف/53 . كە لێرەدا واتی (تأویل) ئەو پەیمانەیە كە لە دونیادا پێیان درابوو بەڵام باوەڕیان پێی نەدەكرد وا ئێستا لەئاخیرەتدا هاتووەتەدی. بە هەمان شێوە ئایەتی ﴿ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ ﴾ یوسف/100 . كە باس لە هاتنەدی خەونەكەی یوسف دەكات لە جیهانی واقعدا.

بە هەمان شێوە (تأویل) لە سوونەدا بە واتای راڤە و لێكدانە (تفسیر) هاتووە ، هەروەك پێغەمبەری خوا بۆ عبدالله ی كوڕی عەباسی كوڕە مامی دەپاڕێتەوە و دەفەرموێت:- (اللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل) ... (ابن

[1] سەیری (اسماءالله و صفاته) بكە ، عیزەدین هیشام بەدرانی بۆچونێك دەهێنێ ت و دەیداتە پاڵ سەلەف و پێی وایە تەئویل لای سەلەف بەواتای تەفسیری كردارییانەی دەقە و لەم بارەیەوە دەڵێ: "والتأويل عند السلف بمعنى التفسير العملي للنص، أي بمعنى إدراك قصد مراد الشارع فكرا وعملا ، تفكيرا وتطبيقا ، ولهذا تصف عائشة رضي الله عنها فعل رسول الله صلى اللع عليه وسلم في ركوعه بأنه يتأول القرآن، فتقول: كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول في ركوعه وسجوده:"سبحانك اللهم ربنا وبحمدك يتأول القرآن" أي يذكر الله بذكر القرآن..." .مناهج الأدلة في بحث أسماءالله وصفاته، عزالدين هشام بن عبدالكريم البدراني، ص139.

جریر الطبری ) لەتەفسیرەکەیدا هەر ئەوەی مەبەستە کاتێ دەفەرموێ ( القول في تأويل قوله تعالى ).

بە سەیر کردنی واتای تەئویل لە زاراوەی (أصول) یەکاندا دەردەکەوێت کە بە واتای لادانی مانای ووشە دێت لە واتا ڕوکاری و دیارەکەیەوە بۆ واتایەکی تر بە هۆی بوونی بەڵگەیەکەوە کە پشتگیری لەو واتایە بکات با بەهێزتریش دیار نەبێت... ئەم پێناسەیەی زانایانی (اصول) کە هەندێ لە زمان زانەکانی دوای سەدەی چوارەمی وەکو (ابن منظور) و(ابن الأثير) ئامارژەیان پێیی داوە ، بەڵام پێ دەچێت ئەم پێناسەیە دواتر بۆی پەیدا بووە، ئەگینا ڕاستەوخۆ لەمانا زمانی و بەکارهێنانە قورئانییەکەوە وەرنەگیراوە و فەرهەنگە زمانییەکانی وەکو (تهذيب اللغة) و (مقاييس اللغة) ئامارژەیان پێی نەداوە ، هەر بۆیە دەکرێت وەك زاراوەیەکی تایبەتی زانا و ئوسوڵییەکان بۆی بڕوانرێ ... ئەگەر وەهاش بێت ئەوا دەبێت پابەندی بکرێت بەو مەرجانەی ئەوان دایان ناوە بۆ تەئویل کە کەم جار پابەندی پێوە دەکرێت ، لێرەشدا ئامارژە بەچەند بنەمایەك دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن بە هەڵەدا نەچن لەوانە:[1]

**<u>یەکەم:_</u>** ئەبێ ئەو وشەیە خۆی لە خۆیدا بەپێ ی زمانی عەرەبی بۆ واتای مەجازی بەکاربێت و پێچەوانە نەبێت بەو زمانە چونکە قورئان و سوننە بەو شێوەیە گەیشتووە بە ئێمە... ئەو واتا مەجازی یەش ئەو

[1] هەمان سەرچاوە ، ل196-198.

مانایـە بەدەسـتەوە بـدات. ئەگـەر نـا دەرگـا دەکرێتـەوە بـۆ هەرکەسـێ بـە ئارەزووی خۆی قسە لە شتەکان بکات و یاری بە واتای دەقەکان بکات.

**دووەم:_** بەڵگەیەکی وا هەبێت پێویست کات ووشـەکە لـە حەقیقەتـەوە بـۆ مـەجاز بگوازێتـەوە، ئـەگینا ئەگـەر هـەردوو ماناکـەی هەڵـدەگرت ئـەوا درووست نیە مانا مەجازییەکەی پێش بخرێت مەگەر بە بوونی بەڵگەیەکی دەمبڕی عەقڵی و نەقڵی تاوەکو مانا مەجازی یەکە پێش بخرێت.

**سێ یەم:_** ئـەبێت ئـەو بەڵگـەیـەی ماناکـەی پـێ لادراوە لەحەقیقـەوە بۆ مەجاز دژ و پێچەوانەی نـەبێت، خۆ ئەگـەر بەڵگـەیـەکی قورئـانی و ئیمـانی هەبوو دەری دەخست واتـا حەقیقیەکـەی مەبەسـتە ئـەوا پێویسـتە وازی لێ بهێنرێ بۆ واتا حەقیقیەکەی.

**چوارەم:_** پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ئەگـەر وتەیـەك بفـەرموێ و مەبەسـتی پێچەوانەی ڕووکارەکەی و دژی مانا حەقیقیەکـەی بێت، پێویسـتە ڕوونـی بکاتـەوە بـۆ ئوممەتەکـەی کـە مەبەسـتی مـەجاز بـوو بـە تایبـەتیش ئەگـەر پەیوەسـت بێـت بـەبیروباوەڕ و زانسـت و زانیارییـەوە ... چـونکە کـاری پێغەمبەری خوا ڕوونکردنەوە و ڕۆشن کردنەوە و ئاسانکاری یە.

ئــەوەی سـابت و رون و ئاشـکرایە لای زانایـان ئەوەیـە بناغـە و ئەصـڵ هێشـتنەوەی دەقەکانـە بـەپێی واتـا ڕووکـاری و ئەسـڵییەکانیان هەروەك چۆن لەزمانی عەرەبیدا بۆی دانراوە ، بەو مەرجانەی باسمان کرد درووستە مانای دەقەکان تەئویل بکرێت لەمانا حەقیقیەکەوە بۆ مـەجاز .. یان هەندێ وا دەبینن ئەمـە هـەر مـەجاز نییـە بەڵکو دەڵێن هـەر لـەزمان دا ئـەو مانایـەی هەیـە، هەرچۆنێك بێـت مەبەسـت و ناوەڕۆکەکـە هـەر یەکـە ،

ناوو ناونیشان گرنگ نیە ئەگەر ناوو ناوەڕۆك یەك شت بێت ، کە لێرەدا لادانی وشەیە لە رووکار و زاهیرەکەی بۆ مانایەکی تر...

گرنگ ئەوەیە بزانین درووست نیە تەئویل بکرێت مەگەر بەڵگە یا هەوەڵ بەڵگە(قرینة) لە مانا بنەڕەتیەکەی لایدا ، ئەگینا متمانەیەك بە زمان و گرنگیەکەی نامێنێ بەلاّم ئەگەر بەڵگە و قەرینە هەبوو ئەوا دروستە واتا لە حەقیقیەوە بۆ مەجاز و لە ئاشکراوە بۆ کینایە ببرێت.. لە قورئانیشدا شتی وا بەدی دەکرێو بوونی هەیە [1].

ترسناکترین شتێك سەبارەت بە دەقەکان خراپ تەئویل کردن (سوء التأویل) و ڕاڤەکردنی ئایەت و فەرموودەکانە بەشێوەیەك لەو مەبەستە لایدەن کە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەبەستیانە بۆ مانایەکی تر کە تەئویل کارەکان دەیانەوێ هەرچەندە بشگونجێ ئەو مانایانەی کە ئەمان تەئویلی بۆ دەکەن ڕاست و درووست بێت، بەلاّم ئەو دەقە شەرعیانە ئەو مەبەستە نەدەن بەدەستەوە و ئەو مەبەستەی تێدا نەبێت، ئەشگونجێ ماناکە خۆی ناشایستە بێت و دەقەکانیش ئەو مانایانەی تێدا نەبێت ، لەو حاڵەتەدا دووجار هەڵە دەکرێت هەڵە لە واتا و هەڵە ئیستیشهاد پێکردندا، جابۆیە زانایانی (اصول) بۆ ئەو مەبەستە چەندین وەوبتیان داناوە بۆ ئەوەی هەرکەسە بەویست وئارەزووی خۆی قسە لەو مەسەلەیە نەکات... سەبارەت بەم بابەتەش لەمێژووی ئیسلامدا

---

[1] سەیری سورەتی مائدە ئایەتی (6) بکە لەسەر ووشەی (الغائط) و (لامستم النساء) کە هەر یەکەیان زانایان بە دەر لە مانا ئاشکراکەشیان ڕاڤەی دەکەن ، بەلاّم لێرەدا باس و خواسی حوکم وئەحکامەوە نەك سیفات .

چەندین ئاراستەی جیاواز هەبووە، (ظاهري)[1] یەكان بەتەواوی تەئویل كردن رەفز دەكەن، مەگەر بەڵگەیەكی هەبێت بۆ ئەو تەئویلە لەقورئان و سوننە و ئیجماع لەو لاشەوە هەشە زۆر زیادەڕەوی كردووە لە(تأویل) كردندا..

حەقیقەتی ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە بناغە و ئەسڵ لە قسە(الكلام) دا حەقیقەتە و دەبێ وەك حەقیقەت بۆی بڕوانین ، هیچ واتایەك لەحەقیقەتەوە ناگوێزرێتەوە بۆ مەجاز مەگەر بەڵگە و(قرینة)یەك هەبێ.. بناغە و ئەسڵیش مانەوەی واتاگشتییەكانە لەسەر گشتێتی یەكەی مەكەر تایبەت كردن (مخصص) ی ئەو واتا گشتییە بسەلمێت ، ڕەهاش (مطلق) لەسەر ڕەهایی خۆی دەمێنێتەوە مەگەر بە شتێكی تر كۆت و بەند(مقید)بكرێ.

ئەسڵ و بناغەش لە هەموو ئەو هەواڵانەی كە پەیوەندی بیر و باوەڕ و غەیبیاتەوە هەیە ئەوەیە بەپێی ڕووكار(ظاهر)ەكەی وەربگیرێ مەگەر شتێك هەبێت لەو ڕووكارە لایدات بەهەمان شێوەش ئەمر و نەهی لە بوارە كردارییەكاندا هەر بەو شێوەیەیە.. بەڵام دیارە بەبێ خیلاف تەئویل كردن لە فیقهدا هەیە هەروەك ئیمامی شەوكانی ئاماژەی پێ دەكات[2] دیارە ئەمەش لەگەڵ بوونی بەڵگە(قرینة) دا دەبێت هەروەك ئاماژەی پێ كراوە ، كەواتە ڕای پەسەند ئەوەیە تەئویل دروست نیە مەگەر بەڵگە

---

[1] دیارترین زانایانی (ظاهر)ی (داود بن علی)ی دامەزرێنەری مەزهەبی (ظاهر)ە كە لە(270)ی كۆچیداوەفاتی كردووەو(محمد بن حزم)كەلە(456)وەفاتی كردووە.

[2] سەیری (كیف نتعامل مع القران )ی د.یوسف القرضاوی بكە..

هەبێت بۆ کردنی ئەو تەئویلە ، بەلاَم ڕاستی و حەقیقەتێکیش هەیە پێویستە بیزانین ئەویش ئەوەیە تەئویل کردن لەگەڵ بوونی بەڵگە و (قرینة)دا، ڕێڕەوێکە هەموو قوتابخانە ئیسلامیەکان چ لە کەلامدا بێت یا لە فیقهە و حەدیس و تەسەوف دا.. پەنایان بۆ براوە، هەرچەندە جیاوازییان هەبوبێ لەئەندازەی تەئویل کردنەکەدا، هەیانە زۆر تەئویلی کردووە و هەشیانە تەنگی کردووەتەوە، هەشە تەئویلەکەی نزیك گونجاوە ، هەشیانە دوور و نا شایستەیە و لە شەرع و عەقڵ بەدەرە.

گرنگ ئەوەیە بزانین بەشێوەیەکی گشتی تەئویل هەیە [1] ئەوەی پێویستی کردووە شەرعە یان عەقڵە یان زمان، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڕەفزی تەئویل دەکات دەکەوێتە هەڵەی (ظاهر)یەکانەوە. هەربۆیە دەبینین زانایان لەکاتێکدا بەڵگەیان هەبووبێ پەنایان بۆ تەئویل بردووە، ، بۆ ئەوەی توشی دژ بوون و پێکدادانی دەقەکان نەبن و سازی و ڕەوانی دەقەکان وەك هەیە بەدەر بکەوێ ، بەتایبەتی لە نمونەی فەرموودەکانی وەك (لا ترجعوا بعدي كفاراً يضرب بعضكم رقاب بعضٍ)[2] و ( سباب المسلم فسوق وقتاله كفر )[3] وشەی (كفر) یان بەکوفری بچوك و تاوان یان کوفری بەخشش(نعمة) لێك داوەتەوە نەك کوفری دەرچوون لە ئیسلام ، بۆیەش بەکوفر ناوبراوە چونکە هاوشێوەی کاری کافرە نەزان وجاهیلەکانە کە یەکتری دەکوشت و خوێنی یەکتریان دەڕێژا... هۆی ئەم

---

[1] چونکە باسمان کرد لە مەسەلەی سیفاتدا ڕای پەسەند تەئویل نەکردنە .

[2] متفق عليه .

[3] متفق عليه .

تەئویل کردنەس[1] بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە قورئان کەسانێکی موسڵمانی بە ئیمان دار وەسف کردووە لە کاتێکدا لە نێوان خۆیاندا شەڕو کوشتاریان ئەنجام داوە و بە برای ئیمانی وەسفی کردوون و سوڵح وئاشت کردنەوەشیان بەپێویست دەزانێ ، هەروەك دەفەرموێ ﴿وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ﴾ تا دەگاتە ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ﴾ حجرات/9-10. نموونەی ئەمەش تەئویل کردنی (ئیمان) ە لەهەندێ دەقدا بە(ئیمانی تەواو) وەك فەرموودەی ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ المؤمنون/1-3 .

لێرەدا مەبەست لە ( مؤمنون ) ئیمانداری ئیمان کامڵە هەر بۆیە لەدواییدا دەفەرموێ ﴿أُولَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ ، هەروەها ئایەتی ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (1) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ (2) وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴾ الأنفال/2-4 . ئەم شێوازە لەچەندەها فەرمودەشدا دەبینرێ وەك (لایزني الزاني حين يزني وهو مؤمن ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن، ولا يسرق السارق حين يسرق وهو مؤمن )[2]. (لايؤمن احدكم حتى يحب لاخيه مايحب لنفسه)[3] (ولله لايؤمن والله لايؤمن من لايأمن جاره بوائقه)[4].

---

[1] دیارە مەبەست لەم تەئویلە بەمانای تەفسیریش دێت... بەڵام گرنگ ئەوەیە مانا ڕوکارەکەی وەرناگیرێ لەبەر بوونی بەڵگە .

[2] متفق علـيه .

[3] متفق عليـه .

[4] رواه البخاری .

زانایـان دەڵـێن ئـەو ئیمانـەی لـەم جـۆرە شـوێنانەدا نـەفی کـراوە ئیمانی کامڵە نەك ئەسڵی ئیمان ، هەر وەك چۆن دەوترێ (لامال الا ما نفع ولا علم الا ما ادی الی العمل) کەمەبەست نەفی کردنی تـەواوێتی و کـەمالی ئەو شتانە ئەگەر بەو شێوەیە بن ... ئەم لێکدانەوەیەی زانایان پشت بەوە دەبەستێت کە چەندین بەڵگەی ترمان هەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە بکـەری تـاوانی گـەورەش لەبازنـەی ئیمـان دەرناچـێت .. هەربۆیـە هەنـدێ لـەو تاوانانە حوکمی تایبەتیان هەیە نەك حوکمی هەڵگەرانەوە( ردة) تەنانـەت کەسـێکی وەك پێشـەوا ئیمـام (ابـن حـزم) کـە زۆر پەیوەسـتی رووکـار و زاهـیری دەقـەکان بـووە و لەهـەموو کەسـێکیش دوورتـر بـووە لـە تـەئویل بەپێی ئەو قوتابخانەیەی باوەڕی پێی بووە و لەژیانیدا بەرگری لێ کردووە کە(قوتابخانەی ظاهری)یە لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە هەندێ حاڵدا پەنا دەباتـە بـەر تـەئویل و تـەئویل کـردن ، بـە تایبـەت کـە دەبینـێ هـیچ چار و بوارێکی تر نیە.

ئەوەتا دەبینین لە(محلی)دا دوو فەرمودەمان بۆ دەهێنـێ ((سـیحان وجیحان ، والنیل والفرات کل من انهار الجنة) (مابین بیتي ومنبری روضـة مـن ریـاض الجنـة) کـە دوو فـەرمودوی (ثابـت) و (صـحیح)ن ، دوایـی لەبارەیانـەوە دەڵـێ: ئـەم دوو فەرمودەیـە بـەو شـێوەیە نیـە کـە نەزانـەکان گومان دەبەن بەوەی کە ئەو بەشە کە(روضة) یە پارچەیەك بێت لەبەهەشت یان ئەو دەریایانە لە بەهەشتەوە هاتبن ئەمە شتێکی پوچ و درۆیە. پاشان (ابن حزم) لەوە دەدوێ کە واتای دانانی (روضة) بەوەی کە لە بەهەشـتە لـە بـەر فـەڕ و فەزڵەکەیـەتی و نوێـژ کـردن تیایـدا دەمانگەیـەنێ بـە بەهەشـت ،

ئەو دەریایانەش لەبەر فەڕ و بەرەکەتی دەدرێتە پاڵ بەهەشت، هەروەك چۆن دەربارەی رۆژێکی خۆش دەوترێ: ئەمرۆ لە رۆژەکانی بەهەشتە یا بەمەڕ وتراوە ئەمە ئاژەڵی بەهەشتە ، یا چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە) ، یا فەرمودەی (بەردەڕەشەکە لەبەهەشتەوەیە) دوایی ابن حزم هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەوانەی ئەم هەوالأنە بەڕوکارەکەی وەردەگرن و دەڵێ: بە بەڵگەی قورئان و زەرورەتی حیسی دەر کەوتووە کە ئەمانە بە پێی رووکار و(ظاهر) ە کەیان نین.

بەم شێوەیە تەئویل گەیشتووەتە قوتابخانەی (ظاهري) یش کە زۆر پەیوەست بوون بەرووکاری دەقەکانەوە هەندێ جار تا ڕادەی (جمود) بەلاَم کە ناچار بوون پەنایان بردووەتە بەر تەئویل بەمەرجی رەچاو کردنی بوونی(قرينة) و پاڵپشت ، ئەمانەش کە باسمان کرد لە غەیری مەسەلەکانی غەیب و خوایەتی(أُلوهية) دابوون ئەگینا لەو مەسەلانەشدا مەنهەجی دروست و تەواو بۆچونی پێشینە زانا و خواناسەکانە ، وازهێنانە لەتەئویل و جەخت کردنەوەیە لە پاك و بەرزی خوای گەورە ، مەگەر لە شتێك کە بە شەرع و عەقڵ و هەستەکان تەئویل کردنی بەپێویست بزانرێ و وشەکانیش لە رووی زمانەوە پەسەندی بکەن و لە بازنەی مەرجەکانی تەئویلێکی دروستدا جێی ببێتەوە [1].

بگەڕێینەوە سەر قوتابخانەی تەئویل و ئەوانەی بەخەلەف ناسراون هەر لە گەڵ باسکردنی ئەم قوتابخانەیەدا یەکسەر ئەشعەری

---

[1] سەیری(كيف نتعامل مع القران )بکە .

وماتوریدیەكان دێنەوە یاد و ناوی ئەوان لەسەر زارە چونكە ئەوان لە مەسەلەی سیفاتەكانی پەروەردگاردا پەنایان وەبەر تەئویل بردووە ، بەتایبەت لە سیفاتە خەبەرییەكاندا ، گومانیش لەوەدا نیە ئەگەر بەشێكیش لەو لێكدانەوە و تەئویل كردنانە دروست و شایستە بێت و ڕەگ و ڕیشەكی پێشینەی هەبێت ئەوا هەندێكی زیادەڕەوی و زیاد ڕۆچوونە . هەربۆیە دەبینین بەشێك لە زانایانی ئەم قوتابخانەیە لە كۆتایی ژیانیان چونەتەوە سەر قوتابخانە و مەنهەجی (إثبات) كە بە سەلەف ناسراوە[1] ، لەگەڵ ئەوەشدا گەرەكە لێرەدا ئەوە بزانین جیاوازیەكی یەكجار زۆر هەیە لە نێوان تەئویلی ئەمان و تەئویلی دەستە و گرۆهە گومڕاكان.

ئێستاش با بزانین ڕای ئەمان چۆنە و چی دەڵێن لەمەسەلەی سیفاتەكانی پەروەردگار و ئەو ئایەتانەی كە باس لەو سیفاتانە دەكەن ، ئەمان دەڵێن ئێمە لێمان ڕوونە و دڵنیاین كە مەبەست لە ووشەی ئەو ئایەت و فەرموودانە واتا ڕواڵەتیەكەیان نیە لە بەر ئەوە وەك مەجاز سەیری دەكرێت و دەكرێ تەئویل بكرێن ، لەبەر ئەوە ووشەی (الوجه) تەئویل دەكەن بەزات و وشەی (الید) بە توانا(القدرة) ، هەروەها ئەوانی تریش بەو جۆرە تەئویل دەكەن ، بەمەش دەیانەوێ خۆیان بپارێزن لەوەی خوای گەورە بچوێنن بە مەخلوقەكانی ، ئەمەش چەند نمونەیەكی قسەكانیانە.

---

[1] وەك ئیمام (حرمین) لە (العقیدة النظامیة) و (غزالی) لە (إلجام العوام) و (رازی) لە (اقسام اللذات) دا..بڕوانە(كیف نتعامل مع القران العظیم) .

**1. ئەبو فەرەج(ابن الجوزي)حەنبەلی[1] لە کتێبەکەیدا (دفع شبهة التشبیه) دەڵێ خوای تەعالا فەرموویەتی.. ﴿ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ﴾ الرحمن/27 . تەفسیر زاناکان ووتویانە واتای ئەوەیە: پەروەردگاری تۆ دەمێنێتەوە ، وە لەفەرموودەی خوای تەعالا (یریدون وجهه) ووتویانە : خوایان مەبەستە ، لەبارەی ﴿ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ ﴾ القصص/88 . زوحاك و ئەبو عوبەیدە وتویانە (هەموو شتێك تیا دەچێت جگە لەخۆی) ، لە سەرەتای کتێبەکەیەوە بەشێکی تری خستووەتە سەر باسەکەی بۆ بەرپەرچ دانەوەی قسەی ئەوانەی کە دەڵێن : وەرگرتن و کارکردن بە ڕواڵەتی ئەو ئایەت و فەرمودانە ڕێرەوی پێشینانە، پوختەی قسەکەی ئەوەیە کە: وەرگرتنی ڕواڵەتی ئەو ئایەت و فەرمودانە بریتی یە لەبەرجەستە کردن و لێچواندن چونکە ڕواڵەتی ووشەکە بۆ ئەو واتایە دانراوە بۆ نمونە: واتای ڕاستەقینەی دەست جگە لەو ئەندامە هیچی تری نیە ئەوانی تریش هەر وەهان. بەلاّم ڕێرەوی پێشینان وەرگرتنی ڕواڵەتی ووشەکان نیە، بەڵکو بێدەنگ بوونە لە باس کردن و ڕۆنەچوونە تیایاندا.. هەروەها پێی وایە ناوبردنی ئەو ئایەت و فەرموودانە بەئایەت و فەرموودەکانی سیفات ناوبردنێکی داهێنراوە[2] وەدروست کراوو بیدعەیە**

---

[1] (ابن الجوزی) و جگە لەویش لەوانە(ابن عقیل و ابن الزغوني ) لە گەڵ ئەوەی تەئویلی سیفاتیان کردووە بەڵام لە عەقیدەدا بە ئەشعەری وەسف ناکرێت بەڵکو پێچەوانەی ئەوان بوون .

[2] دیارە ئەمەش هەمان ڕای (ابن حزم)ە کە پێی وایە نە لە قورئان و نە لە سوننەدا ناوی(صفە) نەهاتووە بۆ خوا و لەهاوەڵان وتابعین و دوای ئەوانیشدا بەکار نەهێنراوە، ڕای وایە وشەی (صفات) بۆ خوا لەداهێنانی(معتزلە) و (هشام) و هاو وێنەکانیانە(کەئەم) ڕایە

نە لە قورئاندا بەو جۆرە ناو براوە نە لەفەرموودەدا . ئەوانە حەقیقی نین و تەنها (إضافة)ن ... بۆ سەلماندنی قسەكانی خۆی بەڵگەو دەلیلێكی زۆری هێناوەتەوە كە لێرەدا بواری باسكردنیان نیە. ئێمە دواتر هەندێ بەڵگە دەهێنینەوە، لەسنورێكدا و لە هەندێ ڕووەوە پشتگیرن بۆ هەندێ لەم ڕاو بۆچونانەی (ابن الجوزي).

2. فەخرەدینی رازی لەكتێبەكەیدا (أساس التقديس) دەڵێ ئەوە بزانە ناگونجێ دەقە قورئانیەكان بەپێی ڕواڵەتیان بەكار بهێنرێن لەبەر چەندین هۆ:

**یەكەم:** ڕواڵەتی فەرمودەی ﴿ ولتصنع على عيني ﴾ طه/39 . وا دەگەیەنێ كە مووسا (عليه السلام) لەسەر ئەو چاوە جێگیر بێ و پێوەی لكابێ و بەسەر چاوەكەیشەوە بێ، دەی هیچ عاقڵێك شتی وا ناڵێ.

**دووەم:** خوای تەعالا[1] دەفەرموێ ﴿ واصنع الفلك بأعيننا ﴾ هود/37 . ڕواڵەكەی ئەوە دەگەیەنێ كەرەستەی درووست كردنی كەشتیەكە چاوەكەی خوا بێ!! ئەمە لە لایەك ، لەلایەكی ترەوە دانانی چەند چاوێك لە ڕوویەكدا ناشرینە چونكە (أعين) بۆ چەند چاوێك بەكار دەهێنرێ ، كە وابوو دەبێت ئەو ئایەتانە تەئویل بكرێن ئەوەش بەو جۆرە كە ئەم وشانە بە واتا و مانایەكی تر لێك بدرێتەوە [2] لەوپەری چاودێری

---

ڕوانینێكی حەرفیانەیە بۆ دەقق و زمان بەشتێكی تەوقیفی سەیردەكات و مرۆڤ بۆی نی یە (تدخل) ی تێدابكات...سەیری( نبذة مختصرة حول اهم الفرق الاسلامية) بكە.

[1] ووشەی (خوای تەعالا)هی وەرگێڕێكی ترە بۆیە هەر وەك خۆی نوسیومە .

[2] دیارە ئەم تەفسیرانە بێ وەلاَم نین لە لایەن ڕێڕەوانی قوتابخانەی سەلەفەوە بۆ نمونە ئەوان دەڵێن (بأعيننا)مانا ڕواڵەتی یەكەی ئەوە نیە كە ووترا بەڵكو لەزماندا چاودێری (رعاية)ە و

و بایەخ پێدانا[1] هەروەها(نزول) بە (نزول الأمر) وە یا بە(ملك) ... و ، (استوی) بەزاڵ بوون و دەست گرتن بەسەر عەرشدا تەئویل دەکەن ، دیارە لەمانەشدا وا پیشان دەدەن کە سوور(حریص)ن لەسەر تێگەیشتن لە قورئان و نەهێلانی ئەو تەناقوزە روکەشییانەی دەبینرێن... بۆ نموونە: بوونی خوا لە سەر عەرش و لەگەڵ ئێمە دا. کەلە سەرەتا ئاماژەمان پێی کرد..بۆ ئەمەش دەرنەچوون لەزمان و ڕێساکانیان لەپێش چاو گرتووە... بۆیە دەبینین زانایەکی وەکو (ابن تیمیة) لەگەڵ ئەوەی دابەزینی زۆری هەیە بۆ ئەم قوتابخانەیە و ڕەدی داونەتەوە و کەچی بیانووی بۆ پێشەوایانی قوتابخانەی تەئویلی پابەند و خاوەن زەوابیت داناوە و دەڵێ: (وكذلك كثير ممن يتنازعون في أنَ الله في السماء أو ليس في السماء فالمثبتة تطلق القول بأن الله في السماء كما جاءت به النصوص ودلت عليه بمعنى أنه فوق السماوات بائن عن خلقه. وآخرون ينفون القول بأن الله في السَّماء ومقصودهم أنَّ السَّماءَ لاتحويه ولاتحصره ولا تقلّه ، ولاريب أن هذا المعنى صحيحٌ أيضاً فإن الله لا تحصره مخلوقاته).

دوای ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە دەستەی دووەم هەڵەکەیان لەوەدایە کە نەفی ئەو ووشانە دەکەن کە لە کیتاب و سوننەتدا هاتوون و ماناکەیان بەڕەهای بە ناشایستە دەزانن هەروەك دەڵێ :(ولكن هؤلاء

---

(وبمرأى منه) بەپێش چاوی ئەوەوە دەگرێتەوە نەك ئەوەی باسکرا... تد... سەیری (قواعد المثلى ، معالم التوحيد ...) بکە .

[1] عەقائید ، ئیمام بەننا و: حەسەن پێنجوێنی .

**أخطأوا في نفي اللَّفظ الذي جاء به الكتاب والسنة وفي توهم أنَّ إطلاقه دالّ على معنى فاسد)** [1] .

**هەرچۆنێك بێت دەبیّ ئەوەش بڵێین ئەوانەی تەئویلیان كردووە یا هەرنەبیّ بڵێین لێكدانەوەیان هەبووە بۆ ڕووكاری ئایەتەكانی سیفات لەیەك ئاست و پلەدا نین و وەكو یەكیش نین لە تەئویل كردنیاندا ، بازنەی تەئویل ئەگەر فراوان كریّ هەریەكە لە فەلەسوف و جەهمی یە وموعتەزیلەش دەگرێتەوە ... بەڵام هەر لەگەڵ باسكردنی تەئویل[2] دا**

---

[1] مجموع الفتاوى 140،141/19 تفسیر آیات الصفات ص24 ، من نازانم لە كوێدا نەفی وشە(لفظ ) كراوە لە لایەن ئەم قوتابخانەیەوە ، بەڵكو نەفی كردنەكە لەوەدایە واتایەكی (ظاهري) پیّ بدرێت و ئەوان دەڵێن ئەم وشەیە واتای تر دەگرێتەوە...ئەو دەربڕینەی سەرەوە بەدواداچونی دەوێت كە من نەمكردووە.

[2] دكتور (سفر الحوالی) جیاوازیەك دادەنیّ لەنێوان (تأویل) و (تأول) دا لەسەر ڕای ئەو (تأول) زۆربەی زانایان لە باسی یاخی بوان(بغاه) و لە هەندیّ كتێبی عەقیدەش دا بەتایبەتی لەبابەتی تەكفیر و بە حەلاڵ كردن (استحلال) دا باسی لیّ دەكریّ و جیایە لەو (تأویل)ە ی كەباسی لیّ دەكەین، هەرچەندە زۆربەی كتێبەكان بە (تأویل) هێناویانە ، كە خۆی لەڕاستیدا (تأول)ە چونكە (فعلە) ڕابردووەكەی (تأول) ە . كەواتە (تأَوُل) بریتی یە: لە دانانی بەڵگە (دلیل) لە غەیری جیّ و شوێنی خۆیدا بە هۆی ئیجتهادێكەوە بێت یان شوبهەیەك كە لە تێنەگەیشتنی دیلالەتی دەققەوەیە و دەگونجیّ تەئویل كار موجتەهیدێكی نە پێكەر بێت و بیانوی هەبێت دەشگونجیّ (متعسفُ) و (متوهم) بێت و بیانوی نەبێت جا هەرچۆنێك بێت دەبێت حاڵی بەدەر خریّ و بۆچونەكانی بۆ ڕاست كرێتەوە پێش ئەوەی بڕیار (حكم) ی بەسەردا بدرێت ، هەربۆیە ڕێڕەوی سەلەف تەكفیر نەكردنی (تأول) ە هەتا بەڵگەی لەسەر ئیسپات دەكریّ و حوججەی لەسەر دەكریّ هەروەك چۆن لەبەرامبەر هەندیّ هاوەڵ (صحابە) دا ڕوویدا كاتیّ عارەقیان خوارد و ئایەتی ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُواْ﴾ یان تەئویل كرد وێنەی ئەمەش تەئویل كردنی هەندێكە بۆ سیفات و لەڕووی نیاز

زیاتر ئەشعەری و ماتوریدی یەكان دێنە سەر زار و باس لەوان دەكرێ هەرچەندە جگە لەوانیش لەو بازنەیەدا جێیان دەبێتەوە ... دوای ئەوەی بەربەرەكانێی فیكری نێوان موعتەزیلە و ئەهلی حەدیس گەیشتە ئەوپەڕی توندی ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی موعتەزیلە بەهۆی دەسەلأتەوە زانایانی ئیسلامیان توشی ئازار و تاقیكردنەوە كرد ... لەم نێوەندەدا(أبو حسن الأشعري) كە خۆی موعتەزیلی بوو، ماوەیەكی زۆریش قوتابی (أبو علي الجبائي) موعتەزیلی بووە بەدەركەوت ، كە دواتر بووە نێوەندێكی تری فیكری پاڵپشت بۆ ڕاوبۆچوونی سەلەف ، گەر بەراوردی كەین بەمەعتەزیلە و دژایەتیان بۆ ئەهلی حەدیس كە ئێستا بەڕاوبۆچوونی سەلەف دەناسرێت(كە دەكرێت هەموو كەس لەگەڵ ئەم بۆچونەشدا نەبێت).

بەسەیركردنێكی ڕاوبۆچوونی ئەشعەرییەكان ئەوە بەدەر دەكەوێت كە بیرو ڕاكانیان هەوڵدانێك بووە بۆ هاوسەنگی كردن لە نێوان عەقڵ و نەقڵ كە یەكەمیان لای ئەهلی حەدیس (سەلەف) و دووەمیان

---

پاكیەوە ئایەتی ﴿لیس كمثله شي ء﴾ یان( تەئویل) كردووە جا ئەوانە بە (مؤول) و (متأول) دادەنرێن و تەكفیر ناكرێن هەربۆیە سەلەف تەكفیری ئەو كەسانەیان نەكردووە كە پێچەوانەیان بوون لەمەسەلەی سیفات یا جگە لەسیفات چونكە هەندێكیان یان زۆربەیان (متأول) بون بەلأم باتنیەكان (الباطنية) هیچ گومان نیە لە كوفریاندا چونكە تەئویلەكانیان لەسەر هیچ شوبهەیەك نیە بەڵكو مەبەستیان ڕووخان و هەڵتەكاندنی ئیسلامە بەمەبەستەوە ، بەبەڵگەی ئەوەی تەنها بەتەئویلی مەسەلە بیرو باوەڕییەكان (الأعتقادية) یەوە نەوەستاون بەڵكو تەئویلی حوكمە كرداری (عمل) یەكانیشیان كردووە وەكو نوێژ و ڕۆژوو حەج و .......هتد.

بڕوانە : منهج الأشاعرة في العقيدة ، سفر بن الرحمن الحوالي.

لەلایەن موعتەزیلەوە تەبەننی کراوە ... بەڵام ئایا توانیان ئەو ئامانجە بپێکن یان نا؟! بە تێڕامان لە هەندێ لەو نووسراوانەی کە سەبارەت بەوان نووسراوە یان خۆیان نووسیویانە ئەوە بەدەر دەکەوێت کە ئەشعەریەکان بەڕاو بۆچوونی هەرکام لە ئەهلی حەدیس و موعتەزیلەش بارگاوی بووبوون ، ئەمە جگە لەوەی خۆیشیان چەندەها رای تری نوێیان هێنایەدی کە هەندێکیان جێی رەخنە بوون لەلایەن نەیارەکانیانەوە و بەدژ بوون و(تناقض) وەسف دەکرێت ، باس کردن لەم مەسەلەیە ئاو زۆر ئەکێشێ و زۆری دەوێ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە زیاتر رای ئەوانە لەسیفاتەکاندا کە دەڵێن (ولە صفات أزلية قائمة بذاته. وهي لا هو ولا غيره)[1] کە مەبەست ئەوەیە ئەو سیفاتە ئەزەلیانەی بەخواوە پەیوەستن نەسیفاتەکان زاتی خوان و نەجگە لەزاتی خواشن، بەمەش ئەشعەریەکان رێکن لەسەر ئەوەی کەسیفاتی مەعانی زیاد لە زات بۆ خوا جێگیر بکەن و دەشڵێن ناوترێ: سیفەتەکان زاتی خوان یان جگە لەون ، کە ئەوان بەدەربڕینی خۆیان دەڵێن (لايقال:هي هو ولا هي غيره)...ئیمامی غەزالی لەم بارەیەوە دەڵێ: ليست هي (اي الصفات) الذات بل هي زائدة على الذات. فصانع العالم تعالى عندنا عالم بعلم ما حي بحياة و قادر بقدرة و هكذا جميع الصفات)[2] ، ئەم بۆچوونەی ئەوانیش لەوەوە هاتووە کە سیفات زات نیە چونکە نابێت سیفات وەسفکراو بێت ، جگە لەویش نیە بەو پێیەی سیفات هی زاتە ، ئەو سیفاتانەش کە سیفەتی مەعانیان پێ

---

[1] شرح النسفية في العقيدة الاسلامية ، ص80 .

[2] الأقتصاد في الأعتقاد ـــــ تفسير آيات الصفات، 21.

دەوترێ و لەلای ئەوان حەوتە .... سیفاتی ئەزەلین و لەمەش دا ترسی فرەیی لە بۆچوونەکانیاندا بەدی ناکەن ، هەرچەندە لەمەدا موعتەزیلە رەخنەیان لێ دەگرن و پێچەوانەی یەکتا پەرستی (التوحید) ی دادەنێن[1].

ئەشعەرییەکان سەبارەت بەو سیفاتە خەبەرییانەی بە ئیتلاق لە قورئاندا هاتوون جیاوازی و را جیاییان هەیە وەکو باسی (یدین) و(عین) و (وجه) و (استواء على العرش) ، هەندێکیان جێگیر (اثبات) ی کردووە ، وا لە ئەشعەری دەگوازنەوە کەبەسیفاتی دانەناون و رێگەی داوە تەئویل بکرێن، پاشان پەشیمان دەبێتەوە و بە سیفاتی دادەنێ و مەنعی ئەوە دەکات تەئویل بکرێن ، ئەمەش لە کتێبی(مقالات الاسلاميين)دا هاتووە ، بەڵام کۆمەڵێکی تر تەئویلیان کردووە وەك ئیمامی (جويني و غزالي و آمدي) و ئەوانەی کەدواتر هاتن وێنەی فەخری رازی وئیجی و جورجانی وتەفتازانی و بیضاوي جگە لەوانیش ، هەرچەندە هەندێ بۆچوون هەیە ئاماژە بەگەرانەوەی هەندێ لەم زانایانە دەکەن بۆ ریرەوی سەلەف و جێگیر کردنی سیفات لەدواکاتەکانی ژیانیاندا.

لەبارەی وتەی خواوە (الكلام الإلهي) ەوە ئەشعەرییەکان ئاماژە بەوتەی نەفسی ئەزەلی(الكلام النفسي الأزلي) دەکەن بەمەش دەیانەوێ جیاوازی بکەنە نێوان ووشە و واتا قورئانیەکانەوە و کە بە بۆچونی ئەوان ووشەکان درووست کراو(مخلوق)ن و ماناکان درووست کراو(مخلوق) نین... بەپێچەوانەی رای ئەهلی حەدیسەوە کەدەڵێن قورئان کەلامی خوایە

[1] سەیری( نبذة مختصرة حول أهم الفرق الإسلامية )بکە .

و مــەخلوق نیــە[1]  خــوای گــەورەش بــەو وتەیــە بیســـتراو فــەرمودەی فەرموودەکە فریشتەکان وجوبریل وموساش سەلامی خوای لێ بێت دەیان بیست ولەڕۆژی قیامەتیش دا مەخلوقات دەیبیستن..

دیارترین ئەو کەسانەی ڕۆڵیان بینیوە لەگەشە و بە تیۆری کردنی مەزهەری ئەشعەری بریتی بون لە (باقلاني وجويني وغزالي ورازي وايجي وتفتـازاني وجرجـاني)ە ، بیروبۆچـونی ئەشـعەریەکان تـەنها لـە بازنـەی زانیـانی کـەلام دا نـەبوو بـەڵکو کاریگەریشـیان هـەبوو لەسـەر فـەرموودە ناسـان و ئـەهلی حەدیسـی وەکـو (بيهقـي ونـووي وابـن جـر العسـقلاني وهيثمـي ....). بـەڵکو ئەمانـە لای هەنـدێ لـە زانایـان تـەواو ئەشـعەری مەزهــەبن لەعەقیــدە[2] دا ، بناغــە دانــەری ئەشــعەریەت  ئــەبو حەســەنی ئەشـعەری بـە بۆچـونی  زانایـەکی وەکـو ئیبنـو تەیمییـە بەسـێ قۆناغـدا تێپەڕیوە.

<u>یەکەم: </u> قۆناغی موعتەزیلە بوونی هەروەك ئاماژەمان پێی کرد... کە دواتر لێیان جیا بۆیەوە و ڕەدێکی توندی دانەوە .

<u>دووەم:</u> قۆناغێـك کـە لـەنێوان بۆچـونی سـەلەف و جەهمییـەدا بـووە ، سـەبارەت بـەم قۆناغـە ئیبنـو تەیمییـە دەڵـێ:(والأشعري وأمثالـه بـرزخ بين

---

[1] بەڕاستی ئەم مەسەلەیە کات و وزەیـەکی زۆری هـەروا بـەفیڕۆ دا لـە مێـژووی ئیسـلامیدا ، ووروژاندنی مەسەلەیەکی وا هیچ شتێکی کرداری و عەمەلی لەپشتەوە نەبوو جگە لە هەندێ جـەدەلی کـەلامی و ڕەفتـاری ناشایسـتە و درزخسـتنە نێـو زانـاو پێشـەوایان و دروسـت بـونی گرۆی زیاتر ، سەرەنجام مەسەلەکە کپ بوویەوە یان کپ کرایەوە...

[2] سەرچاوەی پێشوو.

السلف والجهمية أخذوا من هؤلاء كلاماً صحيحاً، ومن هؤلاء أصولاً عقلية ظنوها صحيحة وهي فاسدة).

**سێیەم:** قۆناغی جێگیر بوونی لەسەر ڕای ئەهلی سوننە و حەدیس کە تیایدا ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی بە پێشەوا و(مقتدي) خۆی داناوە هەروەك لەدواین کتێبیدا (الابانة عن أصول الديانة) ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات ... لەبەشێکی پێشەکیەکەیدا هاتووە دەڵێ ئەگەر یەکێك بپرسێ و بڵێ ئێوە ئینکاری قسەی موعتەزیلەو جەهمی یە وحەروری یە و ڕافزیە و مور جئە دەکەن، دەی ووتە و قسەی خۆتانمان پێ بناسێنن ... ئەویش لەوەلآمدا دەڵێ بەو کەسە دەڵێین : (ديانتنا التي ندين بها التمسك بكتاب ربنا (عزوجل) وبسنة نبينا(ﷺ) وما روي عن السادة الصحابة والتابعين وأئمة الحديث، ونحن بذلك معتصمون، وبما كان يقول به أبو عبدالله أحمد بن حنبل –نضر الله وجه ورفع درجته وأجزل مثبوته– قائلون، ولمن خالف قوله مجانبون، لأنه الأمام الفاضل والرئيس الكامل...)[1].

دوای ئەوە باسی جێگیر کردنی سیفات و هەندێ مەسەلەی وەك قەدەر و شەفاعە و ... تد ، دەکات و لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە نەقڵی و عەقڵی یەکان[2] جا ئەوانەی کە بەزانایانی دوایین متأخرين ی ئەشعەری دەناسرێن شوێنی قۆناغی دووەمی ئیمامی ئەشعەری کەوتوون هەر بۆیە

[1] الابانة عن أصول الديانة، أبو الحسن الأشعري ، مكتبة الأنصار ، ط2، 2006 ، ص50.

[2] سەیری (القواعد الثلى)بکە .

ڕێگەی تەئویلی سیفاتیان گرتووەتە بەر جگە لەو حەوت سیفاتەی لەم بەیتە شیعری یەدا هاتووە.

حي عليم قدير والكلام له    إرادة كذا السمع والبصر...[1].

هەر بۆیە ئیبنو تەیمیە لەبارەیەوە دەڵی (أما من قال منهم بكتاب الابانة الذي صنفه الأشعري في آخر عمره ولم يظهر مقالة تناقض ذلك فهذا يعد من اهل السنة)[2].

ماتوریدی یەکانیش شوێن کەوتەی بیروڕاکانی ئیمام ئەبو مەنصوری ماتوریدی سەمەرقەندین کەلەساڵی (333) دا وەفاتی کردووە و قوتابێتی ئەبوبەکری جوزجانی کردووە و یەکێك بووە لە قوتابیەکانی پێشەوا موحەمەد ی حەسەنی شەیبانی و هاوەڵ و قوتابی پێشەوا ئەبو حەنیفە بووە و یەکێك بووە لەڕاگرانی مەزهەبەکەی ، ئەمانیش لە بیرو ڕاکانیاندا نزیك بوون لە شعەریەکانەوە هەرچەندە لە هەندێ بواردا جیاواز بوون ... بە شێوەیەکی گشتیش وەك ئەشعەریەکان تەئویلی سیفاتی خەبەریان کردووە...

پێش ئەوەی جارێکی تر و لەڕوویەکی ترەوە باس لەمەسەلەی تەئویل بکەین پێم باشە ئاماژە بەپرسیارێك بکەین کە دەکرێ بوروژێ ، ئەویش ئەوەیە ئایا لێك چوون لەنێوان ئەم دوو قوتابخانەیەدا هەیە؟ لەوەڵامدا دەتوانرێ بوترێ ئەگەر ئەم دوو قوتابخانەیە دوو بەشی یەك پەیڕەو بن کە بە هەردووکیان بوترێ ئەهلی سوننە و جەماعە هەروەك

---

[1] هەمان سەرچاوە .

[2] هەمان سەرچاوە .

هەندێ ئاماژەی پێ دەکەن و لەکتێبەکانیاندا بەسەلەف وخەلەف ناوی دەبەن یان لەسەر ڕای ئەوانەی پەیڕەوی دووەم (تەئویل) لەو بازنەیە دەردەکەن لەگەڵ ئیعتراف کردنیان بەیەك ڕایی لە هەندێ مەسەلە و بناغەی عەقیدی وئیمانی هاوبەش کە زۆربەی ئەو دەستانە یەك ڕان لەسەری لەڕووە گشتیەکەیەوە وەك ئەرکانی ئیمان و ئیسلام و...هتد. با لەوردەکاری یەکانیاندا جیاواز و ناکۆك بن.... ئەوا بێگومان هەردوو قوتابخانەکە لە چەندین خاڵ و مەبەست وئەنجام دا یەك دەگرنەوە لەوانەش:

**یەکەم:** هەردوو کۆمەڵ یەك ڕان لەوەدا کە خوای بەرز و بالآ دوورە لە وەی کە لە درووست کراوەکانی بچێت.

**دووەم:** هەرکام لەوان بڕوای وایە کە مەبەست لە وشەی ئەو دەقانە (النصوص) ی لەبارەی خوای بالآوە باسکراوە ئەو مانا ڕواڵەتیانەیان نی یە کە لەزمان دا بۆ درووست کراوەکان دانراوە ئەمەش لەو هاو ڕابونەیانەوە پەیدا دەبێت کە خوای گەورە لەدرووست کراوەکانی ناچێت و هەردوولا لێچوان لە خوا دوور دەخەنەوە.[1]

**سێیەم:** مەبەستی خەلەف لەتەئویل کردن -ئەوانەی ڕەچاوی ڕێزمانی عەرەبی و بەندی شەرع و عەقڵیان کردووە- ئەوەیە سیفەتێك یا شتێ نەدەنە پاڵی کە نەگونجاوو ناشایستە بێ بە خوای گەورە ، بێ دەنگی و (إثبات)ی سەلەفیش بۆ ئەوەیە ڕۆنەچین لەمەسەلەیەکدا کە

---

[1] سەیری عەقائد وەرگێڕانی حەسەن پێنجوێنی بکە بەدەستکاری یەوە.

## لەتوانای مرۆڤدا نیە و سەر ئەکێشیٚ بۆ شوێن کەوتنی موتەشابیهات[1] ... بەمەش هەردووقوتابخانەکە وێڵی جێگیر کردنی ئەو تەواوی و

[1] خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران)دا ئیقراری ئەوەی کردووە کە ئایەتەکانی خۆی هەندێکی موحکەمن و هەندێکی موتەشابهن ﴿هو الذي انزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هنَّ أم الكتاب وأُخر متشابهات﴾ ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەوانەی زەیغ لە دڵیاناهەیە شوێنی موتەشابهەکان دەکەون﴿ فأما الذين في قلوبهم زيغٌ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويلوما يعلم تأويله الا اللهُ والراسخون في العلم يقولون امنّا به كلٌ من عند ربّنا ﴾ .

لێرەدا ئەوانەی لادان و زەیغ لە دڵیاندا هەیە واز لەئایەتە ڕوون و ئاشکراکان دەهێنن و شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە چەند مانا هەڵدەگرن و قورئان بەموتەشابیهەکان ناویان دەبات مەبەستیش لەم کارەیان وروژاندنی فیتنە و ئاژاوە نانەوە و تێکدانی ژیری و شێواندنی دڵەکانە بەڵام ئەوانەی ڕۆچوون لە عیلم دا ئەوا ئایەتە موحکەمەکان بەروونی دەردەخەن و باوەڕیشیان هەیە بەموتەشابیهەکان ... خۆ ئەگەر لێرەشدا پرسیارێك بکریٚ ئایا زانا و ڕۆچووان لە زانستدا تەئویلی موتەشابیهەکان دەزانن ؟! لە وەڵامدا دەڵێین: زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لە بارەی وەستان(التوقف) لەسەر دەقەکە ، کە ئایا لە سەر فەرموودەی (إلا الله) دەوەسترێت ئەو کاتە تەئویلی موتەشابیهەکان لەو شتانە حسێب دەکرێت کەتەنها خوا دەیزانیٚ یان لە سەر فەرموودەی (والراسخون فى العلم) دەوەستین کە ئەو کاتە زانایان و شارەزایان لەو کەسانە دەبن توانای زانینی تەئویلی موتەشابهیان هەیە ... جا لێرەدا دەوتریٚ ئەگەر مەبەستمان لەتەئویل زانینی حەقیقەتی ئەو هەواڵانە بێت کە خوای گەورە لە بارەی سیفاتەکانیەوە داوێتی ئەوا ئەو کاتە لەسەر (الا الله) دەوەستین و تەئویلەکەشی لەو شتانە دەبێت کە تەنها تایبەتە بە خوای گەورەوە ، خۆ ئەگەر مەبەست زانینی مانای ئەو هەواڵانە بێت کە خوای گەورە لە بارەی خۆیەوە پێی داوین کە بەمانای ڕاڤەکردن (تەفسیر) دێت ئەوا زانایان بەشێوەیەکی گشتی ماناکەیان دەزانن ، هەرچەندە تیایانیش هەبێت ماناکەی لا ئاشکرا نەبێت بەڵام خاڵی نین لەوەی کە مەبەستی خوا لەفەرموودەکانی نەزانریٚ...

کەمالـەن کـە شایسـتەی خوایـە بـەڵام بـەدوو مەنهـەج و شـێوازی جیـا لـە یەك...

لەگـەڵ ئـەوەی دووپـاتی دەکەینـەوە ڕای ئیسـپات کردنـی کردنـی سیفات و دوور گـرتن لـەوەی قسـە لەچۆنیەتیەکەیان بکـرێ ڕای بـەهێز و تەواو پڕ داناییە بەتایبەتی لەو وردەکاریانەی ئیدراك کردنیان لـە توانـای عەقڵی بەشەریدا نیە... وە لە ژینگەیەکدا کە شوبهە و گومـانی کـەمتر تیا دەوروژێ...بـەڵام لەلایـەکی تریشـەوە ئـەبێت ئاگـادار بین لـەوەی کـە ئـەو تەئویلانەی قوتابخانەی خەلەف پێ ی هەستاون و مەبەستیان تیایدا پاك ڕاگـرتن و دوور گرتنـی خوایـە لــە هــەموو کــەم وکوڕییــەك و ڕەچـاوی زەروورەتی شەرعی و زمان و ژیریان کردووە و شایستەی ئەوە نین بەهیچ شێوەیەك تەکفیر بکرێن و هیچ زانایەکیش جورئەتی ئەوەی نەبووە لەسـەر ئـەو مەسـەلانە بۆچـونێکی لـەو شـێوەیە دەربـڕێ یـان بـەگومڕای تـەواو و فاسقیان ەدوەسفیان بکات.. بەڵام گومان نیە لەوەدا کە هەڵـە و خلیسـکان و خراپ حاڵی بون رویداوە ... زانایانیش دەست نیشانیان کردووە و ڕای درووسـتیان لـەبارەوە دەربڕیـوە ، هەرچـەندە هـەر موجتەهیـدێ بـۆ خـۆی پاداشتی ئیجتهادی خۆی هەیە بانەشی پێکابێت ... چونکە مەبەستیان

ئەوەی روونـە ئەوەیـە واتـای زمانـەوانی نـاو و سیفاتەکانی خوای گەورە ناسراوو زانراون بەڵام حەقیقەت و چۆنیەتی یەکەیان بۆ ئێمە ئاشکراو ڕوون نیە چونکە خـوای گـەورە ﴿ليس كمثله شي ء﴾ ...

بۆ زیـاتر شـارەزابوون لـە(محكم) و (متشـابه) سـەیری کتێبـەکانی علـومی قورئـان و (مفردات) ی (راغب) بکە ، لە (كيف نتعامل مع القران العظيم) یش دا باسـێکی بـەپێزدا هەیـە ...

پێکانی حەقیقەت و راستی بووە و لەبازنەی زمانی عەرەبیش دا قسەیان لەمەسەلەکان کردووە کە قورئان پێی دابەزیوە... ئەمە جگە لەو رۆڵە گەورەیەی بۆ بەرگری کردن لە ئیسلام و بیروباوەڕی موسوڵمان گێڕاویانە ، هەموو ئەمانەش وامان لێ ناکات هەڵەکانیان نەبینین ، بەتایبەت لەقوتابخانەی ئەشعەری و ماتوریدی یەکان کەزەمەنێکی زۆر تەعبیریان لە ڕای ئەهلی سوننەو جەماعە کردوە و ئالاّ هەڵگری بوون ، هەرچەندە هەندێ لە زانایان ئەو ناسنامەیەیان پێ ڕەوا نەبینیون و زۆرێك لەزانایانی ئەشعەریش لەکۆتاین نوسراوەکانیاندا بۆ ڕای قوتابخانەی (إثبات) گەراونەتەوە... بەلاّم ئەم وەدەرنان و سفرکردنە خۆی لە خۆیدا کێشە و گرێیەکی گەورەیە و چارەسەرکردن و کردنەوەی پێویستی بە زانایانی بەتوانا و جورئەت هەیە...

لەسەرەتاوە ئاماژەمان کرد بەڕای فەیلەسوف و جەهەمی یە و موعتەزیلەکانیش کە زیادە ڕەوی یەکی زۆریان هەبووە لەم بوارەدا... دیارە بەشێوەیەکی گشتیش گرۆهـ و دەستە کەلامیەکانی تریش لەبواری تەئویلدا (بێجگە لەناوو سیفەتەکانیش) بەهەڵەدا چوون وەك تەئویلی مورجیئە و جەبری یە، کە یەکەمیان باوەڕی تەنها لە ئیقرار بە شایەتماندا کۆ دەکردەوە و بۆچونی وابوو لەگەڵ بوونی ئیماندا تاوان هیچ زیانێکی نیە هەروەکو چۆن لەگەڵ کوفردا گوێرایەڵی و(طاعة) بێ سودە و بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها بەڵگەیان دەهێنایەوە ، سەرەڕای ئەوەی ڕایەکانیان پێچەوانەی دەیان ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەری خوابوو... دیارە جەبەری یەش هەر وەکو لەناوەکەید دیارە مرۆڤیان بە کەنەفت و بێ

دەسەڵات وموسەیەر دەزانی نەك بەوەی ویست و ئیختیاری هەبێت بەڵکو وەکو پەڕێکی بەر بایە و بەئارەزوو بەم لاو لادا دەبرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بۆ چەندەها ئایەت دەبرد، کە ئەگەر یەك ڕووی وەربگیرێ ئایەتێکی موتەشابیهە و پێویستی بە راڤەی تر هەیە لە ئایەتە (محکم) ەکان . بەڵام ئەوان بۆ بەهێز کردنی ڕایەکانیان پەنایان دەبردە بەر تەئویل کردنی ئایەتە ڕوون و ئاشکراکان کە باس لەکردەوەی مرۆڤ ودونیا و قیامەت و گرنگی ئیمان و کردەوەی چاك دەکات ، خۆ ئەگەر سەرێك لە تەئویلی باتنی یەکان بدەین کە ئەوانە بەتەواوی لە دین دەرچووبوون بەڵام لەژێر پەردەی دین دا خۆیان حەشار دابوو ئەوە هەروەکو دەوترێ شتی سەیر و سەمەرەیان لێ دەبینرێ ، ئەوان هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی کەباس لە تەکلیف وحەشر و نەشر و فەرمانە خواییەکان هەیە بە کۆمەڵە ڕەمز و نموونەیەك دادەنێن کە ئاماژەیە بۆ ناوەوە و(باطن)، رۆژوو مانای خۆ بەستنەوەیە لەئاشکرا کردنی نهێنی و کەعبە پێغەمبەرە و موعجیزەی پێغەمبەرانیش دەبێت تەئویل بکرێن .. (طوفان) تۆفانی عیلمە و ئەوانە دەخنکێنێ دەست بە سوننەتەوە دەگرن و ئاگری ئیبراهیمیش توڕەبوونی نەمرودە نەك ئاگری ڕاستەقینە ... بەش بوونی دەریا بۆ گەلی موسا دابەش بوونی عیلمی موسایە تیایاندا بۆ چەند بەش و، مەبەست لەدەریا (بحر) یش زانست (علم)ە. ئەو جنۆکانەی کەسلێمانی کوڕی داود ژێر دەستی خستبوو (باطني) یەکانی ئەو سەردەمە بوون و (شیاطین)ە کانیش کە کاری قورسیان پێ سپێردرا بوو بریتی بوو لە (ظاهر) یەکان ... بەهەمان شێوە چەندەها موعجیزە و

مەسەلەی تریش ... خۆ هەندێ لەشیعە زیادە ڕەوەکانیش لەم مەسەلەیە قوتار نەبوون و لەتەفسیری هەندێ ئایەت دا هەمان ڕێڕەوی ئەوانیان دووبارە دەکردەوە وەك (تەفسیری ئایەتی ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ الزمر/65. بەوەی کە ئەگەر ئەبو بەکر و عومەر و عەلی لە مەسەلەی خیلافەدا هاوبەش بکەی ئەوا مانای وایە کردەوەکانت دەسووتێ و لەناو دەچی ، ووشەی (بقره)لەئایەتی ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً﴾ البقرة/67 . مەبەست پێی عائشەیە ﴿مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ﴾ الرحمن/19 . عەلی و فاتمە یە ، (اللؤلؤ والمرجان) یش لەهەمان سورەتدا (حسن وحسین) ە و (نبأ العظیم) ی سورەتی (نبأ) یش پرسیار کردنە لەعەلی کوڕی ئەبو تالیب. بەڵام دیارە ئەم جۆرە لەراڤە کردن لە لایەن شیعە (معتدل) ە کانیشەوە ڕەت دەدرێتەوە و پێیان پەسەند نیە. هەر لەم بوارەشدا هەندێ لەسۆفیە زیادە ڕەوەکان مێژووی ئیسلامی بەهەمان هەڵەدا تێپەڕ بوون... خۆ ئەگەر چاوێك بەدەستە و کۆمەڵە لەڕێ دەرچووەکانی سەردەمیشدا بگێڕین ئەوا دەبینین ئەوانیش پەنایان بردووەتە بەر تەئویلی خراپ و بۆچونەکانی خۆیانیان پێدا هەڵواسیوە ، بۆ ئەوەی لەڕەفز کردنی دەقە جێگیر و ئاشکراکان خۆ بپارێزن... لەوانە : قادیانی و بەهائی یەکان ، قادیانی یەکان چەندەها بڕیاری بەپێویست دانراوی دینیان ئینکاری کردووە کە هەموو دەستە و گرۆهە ئیسلامیەکانی نەتەوەی ئیسلامی دانیان پێداناوە ، لەوانە لێکدانەوەی ﴿وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ﴾ الأحزاب/40 . بەمانای (زينة النبيين) ە واتا ڕازێنەرەوەی پێغەمبەران، هەروەکو چۆن ئەنگوستیلە ڕازێنەری پەنجەیە... بەهەمان شێوە پێغەمبەریش وەهایە.. هەروەها ڕازی بوونیان

بەوەی گوێڕایەڵی ئینگلیز بکەن کە کاتی خۆی لەسەر دەمی ئەواندا هیندی داگیر کردبوو ، بەو پێیەی ئەوان (واتە ئینگلیز) (اولي الأمر) ن و پێویستە گوێڕایەڵیان بکرێ.. خوای گەورەش دەفەرمووێ (اولي الأمر منكم) واتە کاربەدەستانی خۆتان ، ئایەتەکەش ڕوو لەئیماندارانە بەڵام ئەوان (منكم) کە بۆ بەش (تبعيض) ی لێ وەردەگیرێ بە (فيكم) لێک دەدەنەوە ، بەهەمان شێوە تەئویلی چەندەها ئایەتیان دەکرد کەباس لە موعجیزاتی پێغەمبەرمان دەکات و باوەریشیان بە هەڵوەشاندنەوەی فەریزەی جیهاد هێنا بوو!! تاوەکو موسڵمانان (بەتایبەت لە هیندی ئەو کاتەدا کە پاکستان و بەنگلادشی ئێستەیشی لەگەڵدابوو) زیاتر ژێر دەست و مل کەچی داگیرکەران بن!!

خۆ ئەکرێ بوترێ بەهائییەکانیش ئاینێکی تازە و نوێن و کیتاب و پێغەمبەر و شەریعەتی خۆیانیان هەیە ، ئایینێکی دەستکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پەنایان بردووەتە بەر تەئویلی ئایەتەکانی قورئان بۆ جێگیر کردنی ڕاو بۆچوونە هەڵبەستراوەکانیان ئەمانیش وەك باتنی یەکان مێژوو بێ باوەڕن بەقورئان و سوننە و دین و دەقەکانیش بۆ رووخاندنی ئیسلام دەخەنە کار ... نەك خزمەتکردنی.

دیارە ئاماژە دانی ئێمە بە ئەم دەستە و گروپانە دوای ئەوەی ئاماژەمان کرد بەئەهلی تەئویل بەشێوەیەکی گشتی و ئەشعەرییەکان بەتایبەتی تەنها بۆ ئەوە بوو بزانین تەئویل کردن جگە لەمەسەلەی سیفاتیش ڕێگایەك بوو لێیەوە دەستەو کۆمەڵە لادەرەکان پەنایان بۆی بردووە و لێیەوە راو بۆچوون دیدەکانیان بڵاو کردووەتەوە ، وە بۆ ئەوەی

بزانین موئەوەلەی بێ بنەما کامانەن و ئەو جیاوازییە بزانین کە لەگەڵ ئەهلی تەئویلی مونزەبیتدا هەیانە ، ئەوانەی ڕەچاوی شەرع و زمان و عەقڵیان کردووە و ، وەچۆن ئەوان لەگەڵ ئەم دەستانەی ئاماژەمان پێی دا بەتایبەت ئەوانەی نزیك بونەتەوە لە کوفر یان هەر چونەتە نێویەوە چ(ئاسمان وڕێسمان) یێکیان فەرقە ... لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا ناکرێ پاساو بۆ هەڵەی هیچ کەسێك بهێنرێتەوە و ماڵی قەڵب سەر بەخاوەنیەتی لەهەر کەسەوەی ەو سەر بەهەر رێرەوێکە[1]، وا نازانم ئەوەیشی لە رووی مێژووییەوە بە بیروباوەڕی سەلەف ناسراوە خاڵی بێت لە هەڵەو و کەم و کوڕی ، جا ئەگەر لە گەڵ هەر هەڵە و کەم و کوڕییەکدا پەنا بۆ فاسق کردن و بەگومڕاکردنی ئەو کەسانە ببرێت ، یان بە بیدعەچی تەماشا بکرێن...ئەوە بێگومان بەدەگمەن کەسانێکی بێ پەڵەو لەکە دەبینینەوە ، چونکە هەر چۆنێك بێت لەلایەن نەیار و بەرامبەرەکەیەوە تۆمەتبار دەکرێ

---

[1] بۆ ئەوەی ڕابورد سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

أ. كيف نتعامل مع القران العظيم.

ب. تفسير آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة.

ج . نبذة مختصرة حول أهم الفرق الاسلامية .

د . منهج الأشاعرة في العقيدة .

هـ . ايماننا الحق بين النظر والدليل .

و . اسماء الله وصفاته في معتقد أهل السنة والجماعة.

ي . العقيدة وأثرها في بناء الجيل .

ز . الجداول الجامعة في العلوم النافعة .

ح . عقائيد إمام البنا .

، هەر بۆیە وریایی و بە ئینسافی و عەدل لەم جۆرە هەڵ سەنگاندنانەدا زۆر بەنرخ و سەنگینە...

## تەئویلی پەسەند

پێشتر باسی چەند مانایەکی تەئویلمان کرد ، ئەوەش بەدەرکەوت کە هەموو جۆرەکانی تەئویل هەڵە و نادرووست نین ، لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری تەفسیرە باوەرپێ کراوەکانیش بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە جۆرێک لەجۆرەکان تەئویل هەبووە ... ئەوەی ئێمە باس لە دروستیی و تەواوێتی یەکەی دەکەین و وای بۆ دەچین کە بەڵگەکان پاڵپشتی دەکەن مانا و مەبەستەکەی زیاتر لە تەفسیر و راڤە کردن نزیکترە وەك لەتەئویل بەمانا (أصول) یەکەی ، وە ئەو تەئویلە نییە بە واتای(تحریف) دێت.

هەندێ لەزانایان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەلەف بە هیچ شێوەیەك تەئویلیان بۆ ئایەت وفەرموودەکانی سیفات نەکردووە و لەرووکاری (ظاهري) خۆی لایان نەداوە[1] ئەو راڤە و لێکدانەوانەش کە بۆ هەندێ ئایەتی سیفات کراوە بە بۆچوونی ئەوان ئەوە رووکاری ئایەت وفەرموودەکانە ئەو واتایانە دەخوازن و سیاقی ئایەت وفەرموودەکان ئەو واتایەی پێ بەخشیوە، خۆ ئەگەر مانای ڕووکاری ئایەتێکیشیان لەو

---

[1] سەیری القواعد المثلى بکە .

ڕووکارەی لابردبیٚ ئەوا بەپێی بەڵگەیەکی تری قورئان و سوننە بووە و تەئویل نیە... هەرچۆنێك بێت گرنگ ئەوەیە بەهۆی زمان و بەڵگەی ترەوە درووستە مانای ڕووکار بە جگە لەڕووکارەکەی لێك بدرێتەوە ... بەڵام دیارە ئەوەش زەوابیتی خۆی هەیە و بۆ هەرکەسیٚ رەوا و درووست نیە خۆی لەو مەیدانە هەڵقورتێنی و بەپێی هەواو ئارەزوو بەبیٚ بەڵگە بکەوێتە وێزەی ئایەت و فەرموودەکانی سیفات ، ئەو زابتانەش بریتین: **زمان** و راڤەی قورئان بە قورئان و بە سوننە هەروەها راڤەی قورئان بەزەوابیتە دەمبڕە عەقڵی یەکان(القواطع العقلية) هەر ئەم جۆرەش بووە لە تەئویل پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەپاڕێتەوە لەخوا کە فێری ابن عباس ی بکات... بەڵام تەئویلی نادرووست ، ئەوەی کە لە قورئانیشدا ئاماژەی پیٚ کراوە (فأما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله). ئەوا دەکریٚ بە تەئویل ولێکدانەوەی فەیلەسوف و دەستە و گرۆهە باتنیەکان و ئەوانە لێك بدرێتەوە کەئاماژەمان پێی کردوو ڕەچاوی ئەو بەندانەیان تێدا نەکردووە وەك ئەوەی فەیلەسوفێکی وەکو (ابن سينا) لە تەفسیری ﴿وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ ﴾الحاقة/17. دا دەڵیٚ عەرش فەلەکی نۆیەمە کە فەلەکی ئەفلاکە وە ئەو هەشت فریشتەیەش کە عەرشیان هەڵگرتووە هەشت فەلەکن لە سەر زاراوەی فەیلەسوفەکان یا (اسماعيل بن حيونى باطني) لە تەفسیری ئایەتی (إهدنا الصراط المستقيم) دا دەڵیٚ: مەبەست ئیمامە، هەر وەها کاتێك خوای گەورە دەفەرمویٚ ﴿وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ﴾النمل/23 ، واتا بانگەوازێکی گەورەی هەیە ، کاتیٚ دەفەرمویٚ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِي﴾الحجر/87 ، واتا حەوت

ئیمامەکان لەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە تاکو موحەمەدی کوری ئیسماعیل یا موحەمەدی کوری یەعقوبی کولەینی کە ئیمامی و دوانزە ئیمامی یە و کتێبەکەی (أصول الكافي) پڕ کردووە لە تەئویلی باتنی و داویەتی یە پاڵ ئیمامەکان لە کاتێکدا ئەو ئیمامانە زۆر دوور بوون لەوجۆرە تەئویلانە وەك لەئایەتی ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ ﴾الصف/8 . دا دەڵێ ئەیانەوێ ویلایەتی ئەمیری ئیمانداران علي (عليه السلام) بەفووەکانیان بکوژێننەوە ، دوای ئەوە دەڵێ: دەڵێم کەخوای گەورە دەفەرموێ ﴿والله متم نورة﴾ واتا خوا گەورە ئیمامەت تەواو دەکات کە ئیمامەتیش نور و ڕۆشنایی یە، ووشەی (نور) یش لەئایەتی ﴿ آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا ﴾التغابن/8 ، بە ئیمام لێك دەداتەوە ئیتر (ابن عربي) بە ناو سۆفی هەر مەپرسە کە ڕاڤەی سەدان ئایەت دەکات لە (فصوص الحكم وفتوحات مكيە) کەیدا بە ئارەزووی خۆی و لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونە هەڵەکانیدا کە پەیوەستن بەیەکێتی بوون (وحدة الوجود)[1] ەوە.

ئەم جۆرە لەتەئویل پێچەوانەی هەموو ئەو بەند و زەوابیتانەن کە دانراون بۆ تەفسیر کردنی قورئان و لێکدانەوەیان و زانایانی باوەڕ پێکراویش کۆك و ڕێکن لەسەر هەڵەی ئەم جۆرە لەتەئویل، کەجیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لەگەڵ ئەوانەی ڕەچاوی ئەو بەندانە دەکەن کەئاماژەی پێ کرا و ڕەگ و ریشەیەکی مێژوییانەشی هەیە لەئیسلامدا ، لێرە بەدواوەش ئاماژە بەو پێشینە مێژووی یە دەکەین کەزانایان لەتەفسیرەکانیاندا هێناویانە و بۆمانیان گێڕاوەتەوە ... بەرەچاو کردنی

[1] بۆئەو نمونانەی هێنامانەوە سەیری (تفسير آيات الصفات، ص120-121) بکە .

ڕیزبەندی یەك كە بە چەرخی هاوەڵان و شوێن كەوتوان (تابعین) دەست پێ دەكات و بە چەرخی نووسینی تەفسیرە گەورەكان كۆتایی دێت[1].

## ڕاڤە و تەئویلی ئایەتەكانی سیفات لەچەرخی هاوەڵاندا

ئەوەی لە بارەی تەئویلی ئایەتەكانی سیفاتەوە لە هەرسێ چەرخی هاوەڵان وشوێن كەوتوانیان وسەردەمی نووسینی تەفسیرە گەورەكانەوە لێرەدا دەخرێتە روو كورتە و هەڵبژاردەی باسێكە (د. محسن عبدالحمید) لە بارەی ڕاڤەی ئایەتەكانی سیفاتەوە پێی هەستاوە، لە ژێر ناونیشانی (تفسیر آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة - مراجعة وتقويم)... خستنە ڕووی هەندێ لەو لێكۆڵینەوە لێرەدا، بۆ سەرخستن و پشتگیری تەئویل نیە، بەڵكو بۆ پشتگیری ئەو ڕایەیە كە هەندێ لە (آيات) ی سیفات ڕاڤە و لێكدانەوەی بۆ كراوە كە ئەمەش لە تەئویلی درووست دا جێگەی دەبێتەوە...

ئەگین خاوەنی ئەو لێكۆڵینەوە خۆی (مقنع) ە بەڕێڕەو(منهج) ی جێگیر كردن (اثبات) بە تایبەتیش لەم سەردەمەدا، هەروەك دەڵێ (وأنا مقتنع شخصياً بمنهج الإثبات في آيات الصفات، لاسيما في عصرنا ،

[1] بۆ تەواوی ئەم بابەتە پشتمان بەستووە بە توێژینەوەكەی د.محسن عبدالحمید(تفسير آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة) ، لاپەرە30 بەدواوە ، ئەو سەرچاوانەشی لە پەراوێزدا ئاماژەی پێ دەكرێت هی لێكۆڵینەوەكەی ئەون.

أشهرها بين طلبتي بهدوء علمي ضمن الشمولية الفكر الإسلامي) بەلاَم جەخت لە سەر ئەوەش دەكات كە ڕێرەوی تەئویلیش كە ئەو پێشتر بە (تأويل المنضبط) ناوزەندی كردووە بە ئەمانەتەوە نەقڵ دەكات و دەیخاتە پێش چاو، بێ ئەوەی تانە و تەشەر لە زانیانی لەو قوتابخانە فكرییانە بدات ، هەروەك دەڵێ (وأعرض منهج التأويل قديما ًوحديثاً بأمانة تامة ، دون الطعن في أحد من علماء المدارس الفكرية ، احترم أهل القبلة جميعاً)[1].

ئەگەر بەوردی سەیری ڕاڤەی ئایەتەكانی سیفات بكەین لە تەفسیرە باوەڕ پێ كراوەكان دا ئەوەما بۆ دەردەكەوێ كە زۆرینەی هاوەڵە بەڕێزەكان (خوایان لێ رازی بێت) قسەیان نەكردووە سەبارەت بە ڕاڤەی ئەو ئایەتانە و پرسیاریشیان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەكردووە دەربارەیان، لە هەمان كاتدا هیچ وتەیەكی ئاشكرا و ڕوونیانمان پێ نەگەیشتووە بەڵگەی ئەوە بێت ئەوان بەپێی رووكارەكانیان لەو ئایەتانە گەشتبن و چۆنیەتی ماناكانیان بۆ خوا گەڕاندبێتەوە... دیارە جیاوازی یەكی گەورەش لە نێوان ئەوەدا هەیە كە بوترێ ئەوان بێدەنگ بوون لە راڤە و تەفسیری ئەو ئایەتانە لەبەر پێویست نەبوونی لە گەڵ ئەوەی بڵێین بەروونی و ئاشكرایی (إثبات) یان كردووە چونكە گەر قسەی روون و ئاشكرا هەبوایە لەسەر ئەوەی جێگیریان كردووە، ئەوا دەمان ووت گەورەترین شیمانە(احتمال) ئەوەیە كە بەو شێوەیە لە پێغەمبەریان بیستووە و ئەو ئاراستەی كردوون ، جا كاتێ بەروونی (إثبات) ی

[1] هەمان سەرچاوە،135 .

ئەوانمان پێ نەگەیشتبێ، ئەوا ئەو ئەگەرە نامێنێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە قەتعی ئاراستەی ئەوەی کردبێتن و بە ئاشکرایی پێی وتبێتن تەئویلی ئەو ئایەتانە مەکەن و چۆنیەتی ماناکەیان بدەنە پاڵ خوا و بگێڕنەوە بۆ ئەو ، بێ دەنگ بوونی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە راڤەی ئایەتەکانی سیفاتدا ، یا لەبەر ئەوە بووە ئەوان لەبەر رۆشنایی رێزمانی و ڕێسای زمانەکەیاندا بەسانایی تێی گەیشتوون و هیچ ئاڵۆزییەکیان بۆ دروست نەبووە تا پرسیاری بکەن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەروەکو چۆن لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان گەیشتبوون بەبێ ئەوەی پرسیاری بکەن ... وەیا لەبەر ئەوە پرسیاریان نەکردووە کە زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی پرسیاری شتی وابکەن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە سوودیان پێ بگەیەنێ بۆ نزیك بوونەوە لەخوا و کارکردن پێ کردنی لە ژیاندا، لە هەمان کاتدا حەزیان نەدەکرد پرسیاری وابکەن کە زانینی هیچ کارێکی عەمەلی لەسەر بنیات نانرێ لە چاکە و سودی هەردوو دونیا ، بە تایبەت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە نەهی لێ دەکردن خۆیان بەجەدەل و قسەی هیچەوە خەریك بکەن و خۆ بکەنە ناو موتەشابیهاتەوە ، کە قورئان نەهی لێ کردبوو ، وەك دەفەرموێ ﴿ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ ﴾ آل عمران/7 . بوخاریش بە ڕچەی خۆی لە عائشەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ئایەتەدا[2] فەرموویەتی "فاذا رأيت الذين يتبعون ماتشابه منه فأولئك الذين سمى الله فاحذروهم" واتا ئەگەر کەسانێکت

[2] دیارە هەموو ئایەتەکە بە پێش و دووابیەوە...

بینی شوێنی ئایەتە موتەشابیهەكان  دەكەوتن ئەوا ئەو كەسانەن كە خوا ناوی بردوون لێیان بترسن و ئاگاداریان بن ، ئەكرێ ئەمە هۆی بێ دەنگی هاوەڵان بووبێ ، محسن عبدالحمید ئەوەش ڕون دەكاتەوە كە بێ دەنگی هاوەڵان بەڵگەی قەتعی و دەمبڕ نیە لەسەر بەحەرام دانانی تەئویل بە هەموو شێوەیەك ئەگەر هات و لە هەر سێ بازنەی زمان و شەرع ودەم بڕە عەقڵیەكان دەرنەدەچوو... بەتایبەتیش چەند ڕیوایەت هەیە كە هەندێ لە هاوەڵانی وەكو (ابن عباس) و (عائشة) و (أبي بن كعب) و (أبو موسى الاشعري) و (ابن عمر) تەئویلیان كردوە  بێ ئەوەی لە بەرامبەردا هاوەڵانی تر بەربەستیان لێ كردبێتن. بە تایبەتیش (ابن عباس) كە لەو بارەیەوە ڕیوایەتی زیاتری لێ دەگێڕنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە پێشەوای ڕاڤەكەرا ن و(حبر الامة) و (ترجمان القرآن) ناسراوە و پێغەمبەری خواش بۆی پاڕاوەتەوە كە خوای گەورە تێی بگەیەنێ و ڕاڤە و تەئویلی فێركات... ئەمەش چەند نموونەیەكە  لەو بارەیەوە:

– خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ ﴾ البقرة/19 ، (ابن عباس) لە بارەی وشەی (احاطة)ەوە دەفەرموێ (منزل بهم النقمة)[1].

لێرەدا (إحاطة) بە دابەزاندنی تورەیی و ڕق و قین لێكداوەتەوە.

– (خوای گەورە دەفەرموێ) ﴿ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ ﴾ البقرة/115 ، (طبري) لەسەعیدی كوڕی جوبەیرەوە ئەویش لە (ابن عمر)ە وە خوایان لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە هەرچۆنێك حوشترەكەی بیبردایە و ڕووی

---

[1] الطبري 122/1 .

بکردایە ئاوەها نوێژی ئەکرد[1] ، ئەوەشی باس دەکرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای کردووە، ئەمەش ڕاڤەی بووە بۆ ئایەتی ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ﴾البقره/115 .[2]، کە تیایدا (عامر بن ربيعة) لە باوکی کەصحابە بووە و لە(حماد)ەوە کە ئەویش لە تابعی ناسراو (ابراهيم النخغي) وەری گرتووە کە (وجه) لێرەدا بەمانای ڕووگە (قبلة) یە[3].

(ابن كثير) یش لە (ابن عباس) ە وە دەگێڕێتەوە کە واتای ﴿فثم وجه الله﴾ ڕووکەی خوا(قبلة الله) یە [4].

خوای گەورە دەربارەی خۆی دەفەرموێ ﴿ اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴾ النور/ 35 .[5] (طبری) دەفەرموێ حدثني علي قال حدثنا عبدالله، قال حدثني معاوية، عن علي ابن عباس کە فەرموویەتی : فەرموودەی خوا ﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: الله سبحانه هادي أهل السموات والارض[6]. کە واتای ڕێ نمونی کەری خەڵکی نێو ئاسمانەکان

---

(1) دیارە ئەوە لە نوێژی سوننەت دا بووە و سواریش بوون هەروەك لە بوخاری دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا لە نوێژی فەرزدا وای نەکردووە(....ولم يكن يصنعه في المكتوبة) سەیری فقه السنة- بەرگی یەکەم بکە .

(2) الطبري 530/2ط. دار المعارف رجاله ثقات .

(3) الطبري 1/400-401رجال ثقات سە یری تهذيب التهذيب(ابن حجر)10/396،395 و 112/11نامەیەکی ماستەر بەناوی (ابن عباس ومدرسته في تفسير القرآن)ی عبد المجيد الدوری بکە .

(4) ابن كثير 401/1 .

(5) سەیری (التفسير القرآن)ی عبدالمجيد الدوری بکە .

(6) السند عن طريق علي بن طلحة، وهي من طرق الجياد عن ابن عباس رضى الله عنهما، طبري 105/18 .

و زەوی یە... پێشەوا (طبري) ئەو ڕایە بە بەهێز دادەنیٚ کە (النور) بە (هداية) ڕاڤە دەکات لەم ئایەتەدا.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون بەڵگەی سەبارەت بەوەی هەندیٚ لە هاوەڵان مانای ئایەتەکانی سیفاتیان بەپێی (سیاق) ی هاتنی ئایەتەکان بەواتای تر لێکداوەتەوە. لە هەمان کاتدا بیٚ دەنگی زۆرینەی هاوەڵان تای تەرازووی ڕێڕەوی جێگیر کردن (منهج الإثبات) قورستر دەکات... لەگەڵ ئەوەشدا ڕاڤە و تەئویلی سنورداشیش بەزمان و شەرع و عەقڵ کە سەر نەکێشی بۆ لادان و شێواندن و بەو شێوەی ئاماژەی پیٚ کرا یا پێشەوایانی (اثبات) خۆیان لێکی دەدەنەوە بۆچونێکی بەڵگەدارە.

# ڕاڤە و تەئویلی ئایەتەکانی سیفات لە چەرخی تابعین دا

گەر چەرخی هاوەڵان بەجێ بهێڵین و سەرێك لەسەردەمی شوێن کەوتوانیان (تابعین) بدەین.. دەبینین بواری تەئویل فراوان و کراوە ترە یان بەدەربڕینێکی تر وەها بەئێمە گەیشتووە ، دیارە گۆڕانی بارودۆخ و سەردەم و بەدەرکەوتنی چەندەها گومان (شبهات) بە تایبەتی لەسەرەتای تێکەڵ بوونی موسڵمانان بە خاوەن ئاینەکانی تر... ڕۆڵی هەبوو لەو مەسەلەیە... ئەمە جگە لەوەی بەلای ئەوانیشەوە ئەو ئەندازەیە لەڕاڤە و تەئویل درووست و ڕەوا بووە، ئەگینا پەنایان بۆ نەدەبرد و تەئویلیان نەدەکرد... ئەم جۆرەی ڕاڤە کردن لە تەفسیری (طبري) و تەفیرەکانی تردا دەبینرێت ، کە لە لایەن تابعین و دوای ئەوانیشەوە کراوە، نمونەی (مجاهد بن جبر) و (عكرمة البربري) و (سعد بن جبير) و (عروة بن زبير) و (حسن البصري) و (قتادة بن دمامة السدوسي) و (سدي) و (عطاء) و (عامر بن ربيعة) و (أبو العالية) و (سفيان بن عيينة) و (ابن كيسان) و (ابراهيم النخعي) و ( حماد بن سليمان) و ( زيد بن أسلم) و ( سفيان الثوري)... ئەمە ئەو ڕاستیەیە زانایانی دوایین لە (مثبتون) ئاماژەی پێ ناکەن و پەردەی بەسەردا دەدەن[4] و بەردەوامیش ئاماژە بەوە دەکەن کە سەلەف چوار پێشەواکە و پێشەوایانی تری وەك (عبدالله بن مبارك و أوزاعي وثوري وحماد بن سلمة و عبدالرحمن بن مهدي و وكيع بن الجراح

[4] وتەکان هی (د. محسن) ە .

و اسحاق بن راهوية و جگە لەوانیشە، كە بە ئاشكرا ئینكاری تەئویلیان كردووە... بۆ خۆشیان ئیسباتیان كردووە لە ئایەتەكانی سیفاتدا.

دیارە ناگونجێ بوترێ هەر چوار پێشەوا و ئەوانی تر كە ئاماژەیان پێ دەكرێ پێچەوانەی ودژی مامۆستا و مامۆستای مامۆستاكانیان بن، لەم مەسەلەیەدا، كەهەر بەپێی فەرموودەی پێغەمبەری خوا بەشێوەیەكی گشتی لە پێشتر و باشترن هەروەك دەفەرموێ : (خير القرون قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)[1] دیارە مەسەلەكە پێچەوانە و دژ بوون نیە لە نێوان ئەو زانا پایە بەرزانەدا، بەڵكو گۆڕانی بارودۆخ و بەدەركەوتنی تەئویلی كوێرانە و موتەعەسیفانە بۆ ئایەتەكانی سیفات لە لایەن كەسانی وەكو جهم بن صفوان و جعد بن درهم و هەندێ لە غولاتي شيعة وە... لە پاڵ پێداگیری لەسەر جێگیركردن و دوور گرتن لە تەئویلەوە بووە، چونكە لەو ڕێیەوە دەرگای چەندەها خراپە لە نەتەوەی ئیسلامی كرایەوە...

ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە دەبینین زانا و فەرموودە ناسان زۆربەی وەڵامەكانیان لەسەر ئەوانەیە كە تەئویلی هەڵە و نادروستیان ئەنجام دا لەوانەش كتێبی (الرد على الزنادقة والجهمية) ی ئیمامی ئەحمەد و (الرد على الجهمية) ی أبو داود و كتێبی (النقض على بشر المريسي) دارمي و (في الرد على الجهمية) ی فضيل بن عياض و(التوحيد) ی بن خزيمة... (ابن القيم) یش ووتەی زۆر لە زانایان نەقڵ دەكات دەربارەی وەڵامدانەوەیان بۆ جەهمی یەكان لە وانە عبدالله بن مبارك كە

---

[1] صحيح جامع الصغير بتحقيق الألباني 125/3.

دەفەرموێ(ولا نقول كما قالت الجهمية) ، يا وهب بن جرير دەڵێ: (اياك ورأى جهم) ئەگینا زۆر دوورە لە ژیرییەوە وا دابنێین ئەوان بێ ئاگابوون لە لێکدانەوەی مامۆستاکانیان بۆ ئایەتەکانی سیفات، بە تایبەت قوتابخانەی عبدالله ی کوری عباس خوایان لێ رازی بێت[1]...ئەمەش چەند نموونەیەکی تابعین و تابعی تابعینە لە لێکدانەوەی ئایاتی سیفات دا.

- خوای گەورە لەسورەتی (بقرە) ئایەتی (19) دەفەرموێ: ﴿ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ ﴾ (مجاهد) تەفسیری ئەم ئایەتە بەم شێوەیە دەکات (فمحل بهم عقوبته في جهنم)[2] ، (طبري) لەڕاڤەی ئایەتی ﴿ إنَ ربي بما تعملون محيط ﴾ هود/92 . دا دەڵێ: (واذكر يا محمد اذ قلنا لك إن ربَك أحاط بالناس قدرة، فهم في قبضته، لا يقدرون الخروج من مشيئته ، دواتر دەڵێ هەریەکە لە (مجاهد وحسن البصري وعروة بن زبير وقتادة بن عامة السدوسى)یش بەم شێوەیە تەئویلیان کردووە[3].

- ﴿ مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ البقرة/245 . شەوکانی دەربارەی ﴿والله يقبض ويبسط﴾ دەفەرموێ : ئەمەش شتێکی گشتی یە لە هەموو شتێکدا هەروەك دەفەرموێ ( هذا عام في كل شيء فهو القابض الباسط والقبض: التقتير ، والبسط: التوسيع) (له ابن أبي حاتم) ە وە ئەویش لە قەتادە وە

---

[1] د. محسن درێژە بەم مەسەلەیە دەدا... لێرەدا تەنها ئەوەندەمان بەپێویست زانی .

[2] البخاري 22/6- الشعب 1378ه .

[3] الطبري 76/15، 75 .

دەگێڕێتەوە دەربارەی ﴿والله يقبض ويبسط﴾. کە فەرموویەتی (يقبض الصدقة ويبسط قال: يخلق)[1]

- ﴿لاَّ تُدْرِكُهُ الأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ الأنعام 103/ . شەوکانی پشتگیری ئەو رایە یە کە (الإدراك) بە (الاحاطة) لێك دەداتەوە و ئەم رایەش دەداتە پاڵ (زجاج) هەروەك دەڵێ: (ونقل عن الزجاج، أنه قال:أي لا تبلغه كنه حقيقته فالمنفي هو هذا الأدراك لا مجرد الرؤية)[2]، ثم قال:فقد ثبت(أي الرؤية) بالأحاديث المتواترة تواتراً لا شك فيه ولا شبهه)[3].

- ﴿ولتصنع على عيني﴾ طه 39/ ، لە (قتادة) ەوە دەگێڕنەوە لەبارەی ئەم ئایەتەوە دەفەرموێ (هو غذاؤه ولتغذي على عيني)[4]. (طبری) ش ئەم ڕایەی پێ پەسەندترە[5].

---

[1] الشوكاني 261/1 .

[2] لێرەدا واباشە تێبینیەك بدەین ئەویش ئەوەیە لە حاڵەتێکدا هەندێ ڕاڤە کرابێت بۆ هەندێ ئایەتی سیفات بەڵام لە لای ئەو زانایانە ئەسڵی سیفەتەکە جێگیر دەکرێ ، بۆ نموونە لەکاتێکدا (يد) و (عين) لە سیاقێکی تایبەتی دا بە شێوەیەکی تر لێك دەدرێتەوە مانای ئەوە نی یە نەفی ئەو سیفەتە بکەن بە کوللی بەڵکو سیفەتەکە جێگیر دەکەن با لە شوێنێکیشدا ڕاڤەیەکی تری بۆ بکەن ، ئەوەش خاڵێکە تێبینیم کردووە ، ئاگادار بوونیشی سوودی خۆی دەبێت .

[3] الشوكاني 148/2 .

[4] رجال سنده ثقات،ليس فيه مايرد.أنظر التهذيب/218/10،219،220 وكذلك ابن عباس،255،264(رجال سنده) .

[5] الطبري 123/16 .

- ﴿ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَى علَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ ﴾ الزمر/56 . موجاهید و سدی (جنب الله) بە (أمر الله) لێك دەدەنەوە [1] ، شەوكانیش لەم بارەیەوە چەند ووتەیەك نەقڵ دەكات لە (تابعين)ەوە و دەڵێ (حسن) دەڵێ: (فرطت في طاعة الله) ضحاك دەڵێ: (على مافرطت في ذكر الله: القرب والجوار أي في قرب الله وجواره)[2]. هەموو ئەم بەڵگانە و جگە لەمانەش مانای ئەوە دەگەیەنێ سەلەف مانایەكی حەرفیان بۆ دەقەكانی سیفات نەبووە ، بگرە لێكدانەوە و تەئویلیان بۆی هەبووە لە بازنەیەكدا كە زمان وشەرع وعەقڵ رەفزی ناكەن و پەسەندیانە.

## راڤەی ئایەتەکانی سیفات لەسەردەمی نوسینی تەفسیرە گەورەکاندا

لەگەڵ بەجێ هێشتنی چەرخی تابعين و ئەوانی دوای ئەوانیش (تابع التابعين) و بە ورد بوونەوە و سەیركردنێكی راڤەی زانا پایە بەرزەكانمان ئەوانەی خاوەنی تەفسیری قورئانن هاو وێنەی (طبري) و (ابن كثير) ... هتد. دەبینین هەموو ئەو جیاوازیانەی لەراڤەی ئەو ئایەتانە دا هەیە بە عەقڵیەتێكی فراوانەوە باس دەكەن و بابەتیانە لێی دەكۆڵنەوە، لەگەڵ رەچاو كردنی ڕەوشتێكی عیلمی بەرزدا ، بێ تانە دان لە عەقیدەی هیچ كەسێك ، یا حوكمی گومڕایی و بیدعەچییەتی بەسەریاندا، ئەوەتانێ

---

[1] تفسير أبن عباس 198–200 هەروەها(الطبري)13/24 .

[2] الشوكانی471/4 .

ئیمامی پایە بەرز (ابن جرير الطبري) تەفسیری (مؤولين )مان بە پاکیەوە بۆ دەگێڕێتەوە و هەندێ جار لێیان بێدەنگ دەبێت و هەندێ جاریش ڕای جێگیر کردن و موسبیتەکان دەسەلمێنێ کەخۆیشی لەتای تەرازوویاندایە ، هەندێ جاریش جۆرێك لەراڤە کردنی کردووە کە نیشانەی مەیلێتی بۆ لای تەئویل کردن ، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە (حاسم) سەردەمەکان بۆ سەلەف و خەلەف دابەش بکات چونکە زۆربەی ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە لە سەلەفی ئەم ئومەتەیە چ لە (إثبات) دا و چ لە (تأويل) دا...

لەم گێرانەوەیەشدا پشتی بەراڤەکارانی وەکو (مجاهد) بەستووە کە ئیبنو تەیمییە لە بارەیەوە دەفەرموێ: (ومجاهد إمام المفسرين، قال الثوري: إذا جاء التفسير عن مجاهد فحسبك به، وعلى تفسيره يعتمد الشافعي وأحمد والبخاري وغيرهم من أهل العلم) [1]. دەربارەی تەفسیری (طبري)ش دەفەرموێ: (وهو من أجل التفاسير وأعظمها قدراً) [2].

راڤەکارانی دوای تەبەریش بەهەمان شێوە چ جێگیر کار بن یان تەئویل کار لە تەفسیرەکانیاندا بۆچوونەکانیان دەربارەی سیفات نەقڵ کردووە بێ تانە و تەشەردان لەخاوەنەکانیان ، لەگەڵ ئەوەشدا (ترجيح) یان داوە و هەڵەکانیشیان دیاری کردووە و[3] وەك مەسەلەیەکی خیلاف سەیریان کردووە.

---

[1] (الفتاوى)55/3،ومقدمة في أصول التفسير ص 37ت د.عدنان زرزور.

[2] مقدمة في أصول التفسير ص (90).

[3] د. محسن عبدالحميد ڕای وایە هەندێ لە حەنبەلی یەکان و بەشێك لەفەرموودەناسان(محدثين) لەمێژوودا ڕێڕەوی ئەم مەسەلەیان گۆڕیوە و حەجم و قەبارەی ـ

**ئەمەش چەند نموونەیەکە لە راڤەی موفەسیرە بەناوبانگەکان بەچاو پۆشین لە هێنانی ڕای ئەوانەی بە ئاشکرا تەئویل دەکەن[1]:**

---

ـ زیاتریان پێ داوە و سەردەمی ئیسلامی یان دابەش کردووە بۆ دوو سەردەم سەلەف کەسێ سەدە یەکەمەکە دەگەڕێتەوە و سەردەمی خەلەف کە سەدەکانی دووایی دەگرێتەوە ، بەلاّم خۆی ڕای وایە(بەپێ ی ئەو لێکوولێنەوەیەی کردوویەتی) ئەمە شتێکی هەڵەیە و بگرە هەردووڕایەکە (اثبات) و (تأویل المنضبط) بەپێ ی دەربڕینی ئەو پێکەوە بوون و بەبێ ئەوەی هەر لایەیان ئەوی دی بەکوفر و گومڕایی و پێچەوانەیی لەگەڵ کۆڕای سەلەف دا تۆمەتبار بکات چونکە ئەوان لەوە بەرز تربوون بەو کارە هەستن.... لەگەڵ ئەوەش ڕای وایە تەئویل کردن یا نەکردنی ئایەتەکانی سیفات لە ئسوڵی عەقیدەی ئیسلامی نی یە(جگە لە تەئویلە دوورەکان کە ئاماژەی پێ کرا) ، بەڵکو بابەتێکە لە ئسوڵەوە بەش بووە واتە لە (فروع)ە چونکە نە لە کتێبی خوا و نە لە سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)و نە لە کۆی (صحابە) و زانا پایە بەرزەکان و دوای ئەوانیش دا بەڵگەیەتی دەمبڕ و یەکلاکەرەوە نی یە بەڵگە بێ لەسەر ئەوەی تەئویل کردن یان نەکردن لە ئسوڵ و بناغەکانی ئیمان بێ ، زانا و ڕۆچوانی ئوممەتی ئیسلامیش کەسیان بە کافر یان فاسق دانەناوە لەبەر ئەوەی بە تەئویلێکی دروست هەستا بێت ، تەنانەت (ابن تیمیە) و جگە لەویش بیانویان بۆ موجتەهیدین هێناوەتەوە لە ئسوڵ و فروع دا و ئەوەیان بەدەر خستووە کە لە قیامەتیش دا سزا لەسەر ئیجتیهادەکەیان نی یە ، بەڵکو هەڵەکارن ، چونکە ئەگەر کافر یان فاسق بونایە بەهۆی ئەم کارەوە ئەوا شایستەی دۆزەخ یان سوتاندن دەبوون.... هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (د.محسن) ئەهلی حەدیس و ئەشعەری و ماتوریدی یەکان لە ناو بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعەدا جێ دەکاتەوە و بەئەهلی(تنزیە) و (توحید) ناویان دەبا ، کە لە خۆیانەوە و بێ بەڵگە هیچیان نەوتووە . دیارە دژە ڕاش لەم مەسەلەیەدا هەیە ، هەر وەك لەنوسراوەکەی د. سفر الحوالی دا بەدرێژی باسکراوە... سەیری (منهج الأشاعرة في العقیدة) د. سفر الحوالی بکە .

[1] لە لێکۆلینەوەکەدا ڕای هەندێ لەوانی تری هێناوە لە ڕاڤە کردندا بەلاّم ئێمە بە پێویستمان نەزانی .

– خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ بقرة /29 . هەروەها دەفەرموێ ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ ﴾ الأعراف/54 . (طبري) دەفەرموێ : زانایانی تەئویل (مەبەستی تەفسیرە) لەفەرموودەی (ثم استوى الى السماء) دا ڕای جیایان هەیە، هەندێکیان وتویانە(لم يكن ذلك من الله جلَّ ذكره بتحوّل ولكنّهُ بمعنى فعله كما تقول: كان الخليفة في أهل العراق يواليهم ثمَّ تحوَّلَ إلى الشام. إنَّما يريد تحوّل فعله) هەندێکی تریان دەڵێن مانای ئایەتی: (ثم استوى الى السماء)يعنى به (استوت) ، هەندێکی تریان دەڵێن(ثم استوى الى السماء) عمد اليها. هەندێکی تریشیان دەڵێن: الاستواء هو العلو والعلو هو الارتفاع ، دوای ئەوەش ئەوانەی کەراڤەی (استواء) بە علو والارتفاع دەکەن رای جیا جیایان هەیە لە بارەی ئەوەی کە (استوى) ی کردووە لە (ئاسمان) دا هەندێکی تریان دەفەرموون (الذي استوى إلى السماء وعلا عليها هو خالقها ومنشئها) هەندێکی تریان دەفەرموون (بل العالي إليها الدخان الذي جعله الله للأرض سماء) دوای ئەوە طبري دەفەرموێ (ألإستواء في كلام العراب منصرف على وجوه منها إنتهاء شباب وقوته. فيقال إذا صار كذلك) قد استوى الرجل ومنها إستقامة ماكان فيه أو (من الأمور والأسباب يقال: استوى الفلان أمره ، إذا إستقام له بعد أود. ومنها الإقبال على الشيء بالفعل كما قال: استوى فلان على فلان بما يكرهه ويسوءه بعد الإحسان اليه. ومنها الإمتياز والاستيلاء، كقولهم استوى فلان على المملكة بمعنى احتوى عليها وحازها، ومنها

العلوّ والارتفاع ، كقول القائل : إستوى فلان على سريره يعني به علوّ عليه. دوای ئەوە (طبري) پەسەندی مانای (العلو والارتفاع) دەکا هەرچەندە لە نێو موناقەشەکەیدا بەدرووستی زانیوە ماناکەی (علا عليها علو ملك وسلطان لا علو انتقال وزوال)[1] یش بێت.

- ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ البقرة/186 ، (ابن كثير) دوای ئەوەی چەند ئایەتێکی هاوشێوەی ئەوەی پێشەوە دەهێنێ وەك (انني معكما اسمع وارى) و دەفەرموێ: (والمراد من هذا أنّه تعالى لا يخيب دعاء داع ولا يشغله عنه شيء، بل هو سميع الدعاء)[2] کە ئەمەش جۆرێکە لەتەئویل(قريب) بەبەڵگەی پشتگیری چەند ئایەتێکی تر، لەم بارەشەوە (شوكاني) چەند مانایەك بەبێ (اعتراض)لێ گرتن دەگێرێتەوە لەوانە دەڵێ: ووتراوە نزیکە لێمانەوە بە (الاجابه) وە وتراوە (بالعلم) وە وتراوە (الأنعام) وە وتراویشە (أقبل عبادة من عبدى بالدعاء لما ثبت عنه (ﷺ)من ان الدعاء هو العبادة[3] .

بەلأم (آلوسي) بە ئاشکرا تەئویلی (قرب) ی کردووە، هەروەك دەڵێ : والقرب حقيقة في القرب المكاني المنزه عنه تعالى ، فهو استعارة لعلمه تعالى بأفعال العباد وأقوالهم واطلاعه على سائر أحوالهم)[4] ، (محمد رشيد رضا) ش بەوە واتای دەکات کە ئەمە زانیاری خوا

---

[1] الطبري/150/1 .

[2] ابن كثير 218/1 .

[3] ابن كثير218/1 .

[4] روح المعانى 63/2 .

دەگرێتـــەوە ، بـــەوەی خـــوای گـــەورە زانیـــە بەهـــەموو شـــتێکیان ، قسەکانیان دەبیستێ و کردارەکانیان دەبینێ [1].

– ﴿تعلم مـافي نفسي ولا اعلم مــافي نفســك﴾ المائدة/116 ، شوكانی لـەم بارەیـەوە دەفـەرموێ: (أي تعلـم معلـومي ولا أعلـم معلومـك، وقيـل : المعنـى تعلم مافي غيبي ولا اعلم مافي غيبك، وقيل: تعلم ما أخفيه ولا أعلم ماتخفيه، وقيل: تعلم ما أريد ولا أعلم ماتريد[2].

– ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْـدِيهِمْ ﴾ الفتـح/10 . ابـن كـثير دەفـەرموێ: (يـدالله فـوق أيـديهم أي هـو حاضـرٌ معهـم يسـمع أقـوالهم ويـرى مكـانهم ويعلـم ضـمائرهم وظـواهرهم، فهـو تعـالى هـو البـايع بواسـطة رسـوله (ﷺ) [3]. کـە ئەمـەش تـەئویلێکی ئاشـکرای ئایەتەکەیـە و سـیاقی هاتنەکە دەیگرێتە خۆ بۆیە پێشتریش (طبري) دوو ڕاڤەی بۆی هەبووە[4].

یەکـەمیان: یـدالله فـوق أیـدیهم عنـد البیعـة، لأنهـم کـانوا یبـایعون بیعتهم نبیه(ﷺ) .

دووەمیان: قوة الله فوق قوتهم في نصرة رسوله (ﷺ) .

– ﴿إنمـا نطعمکـم لوجـه الله.....﴾ الانسـان /10 . (ابـن کـثیر) (وجـه) بە(رجـاء ثـواب الله ورضـاه) لێـك دەداتـەوە و (شـوکاني) و(آلوسـي)یش بـە

[1] المنار168/2 .

[2] الشوكاني 95/2 .

[3] ابن كثير185/4 .

[4] الطبری24/26 .

(عبارة عن ذاتـه) ڕاڤـەی دەکـەن[1] . کـە هـەر یەکـەیان لێدانـەوەی (وجـه)یـان کردووه بە پێی ناوکۆ و سیاقەکەی.

- ﴿ وَجَاء رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴾ الفجر/22 . (شوکاني) راڤه و تەئویلێك بۆ ئەم ئایەتە دەکات ، کە لە چوارچێوەی زمانی عەرەبیدایە نەك ظاهري دەقەکە لەم بارەیەوە دەڵێ: (وجاء ربك) (اي أمره وقضاؤه وظهرت آياته، وقيل المعنى: أنها زالت الشبهة في ذلك اليوم وظهرت المعارف وصارت ضرورية، كما يزول الشك مجيء الشيء لذي كان يشك فيه. وقيل:جاء قهره وسلطانه وانفراده بالأمر والتدبير من دون أن يجعل الى أحد من عباده شيئا من ذلك[2] .

ئەمەش چەند نموونەیەك بوو لەڕاڤەی تەفسیرکارە بەناوبانگ و جیّ متمانەکان کە خۆیان لە بازنەی موسبیتی سیفاتن ، بەڵام ناوبەناو بەپێی ناوکۆ و سیاقی هاتنی ئایەتەکان و پشتگیری زمان بۆ راڤە کردنیان دریّغییان نەکردووە و ئەمەشیان بە پێچەوانەی تەفسیری سەلەف دانەناوە[3].

لێرەدا لەوانەیە هەندیّ بپرسیّ ئەی چی دەوتریّ دەربارەی ئەو وتەیەی(ابن تيمية) دەفەرمویّ: زۆربەی تەفسیرەکانم خوێندووەتەوە تاکو ئێستا نەمبینیوە یەکێك لە هاوەڵان تەئویلی کردبیّ ، کە ئەمەش دەقی

[1] ابن كثير 455/4،الشوكانى/136/5،الآلوسى 108/27 .

[2] فتح القدير 441/5 .

[3] هەر بۆیە نوسەر ڕای وایە دابەش کردنی ئوممەت بۆ سەلەف و خەلەف لە ئایەتەکانی سیفاتدا و دانانی هێڵێکی جیاکار شتێکی هەڵەیە، چون ئەو ڕای وایە هەردوو قوتابخانەکە هەر لە سەردەمی هاوەڵانەوە تا سەردەمەکانی دواتر بوونیان هەبووە .

قسەکەیەتی: (وقد طالعت التفاسير المنقولة عن الصحابة وما روَوهُ من الحديث ووقفت من ذلك على ماشاء الله من الكتب الكبار والصغار أكثر من مئة تفسير فلم أحد الى ساعتي هذه عن أحد من الصحابة أنّه تأوّل شيئاً من آيات الصفات أو أحاديث الصفات بخلاف مقتضاها المعروف).

جا ئایا درووستە بوترێ (ابن تيمية) بێ ئاگا بووە لەو ڕاڤانەی (ابن عباس) کردوویەتی و لەبازنەی (تأويل) ی درووست دا جێ ی دەبێتەوە؟ لەوەلأمدا د. محسن دەڵێت: ناگونجێ ئیبنو تەیمییە لەو ڕاستیە بێ ئاگا بێت بەتایبەت یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر زاناو شارەزایە بەسوننە و ووتەی زانایان بەلأم ئەو ئەو تەئویلانەی ئایاتی سیفات بەتەئویلێکی مەجازی دا نانێ بەڵکو لای ئەو هەموویان حەقیقەتن، چونکە ئیبنو تەیمیە لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی ڕۆیشتووە کە پێچەوانەی زۆرینە و زۆربەی زانایانی نەتەوەی ئیسلامە کە ئەویش ئەوەیە ئەو بۆچونی وایە (مەجاز لەزماندا نیە) و هەموو ئەو شێواز و دەربڕینانەی کە هەشن حەقیقەتن ، هەربۆیە دەبینین وتوویەتی (بخلاف مقتضاها المعروف) واتا لەزماندا، لێرەوە بەپێی ڕای (ابن تيمية) هەرشتێ لە هاوەلأنەوە هاتبێ و وەرگیرا بێت ئیتر جێگیریان کردبێ یا تەئویل، بەحەقیقەت دادەنرێ لە زماندا ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بێدەنگ بین لە ئاست هەرشتێکی تر کە لەوانەوە لێکدانەوەیەکی نەهاتبێت و نابێت تەئویل بکرێ، بەڵکو چۆنیەتی ماناکەی دەگێڕنەوە بۆ لای خوای گەورە ، کەواتە ئەوەی زانایانی تر بەتەئویلی زمانەوانی (لغوي) دادەنێن ئەو بەتەئویلی زمانەوانی یا تەئویلی مەجازی دانانێ، بەڵکو واتە ڕاستییە

**زمانی یەكەی لە لای هاوەڵان بەو شێوەیەیە ، جا كاتێ بۆ نموونە یەكێك لە تابعین لەراڤەی ئایەتی ﴿یـد الله فـوق أیـدیهم ﴾ دەڵێ (قدرة الله فوق قدرتهم) ئەو ئەمە بە تەئویل دانانێ بەڵكو دەڵێ ئەمە مانا حەقیقیەكەیەتی لەو سیاقەدا ، وەكاتێكیش ووشەی (ید) لە ئایەتێكی تردا هاتبێ و تەئویلی هاوەڵان و تابعینی لەبارەوە نەهاتبێ، ئەوا نابێت بۆ ئەوانەی لەدووایانەوە دێن تەئویلی بۆ بكەن بە قیاس لەسەر تەئویلی ئایەتی پێشوو... هەر بۆیە دەبینین (ابن تیمیة) دەفەرموێ: (إن هذا التقسیم الى حقیقه ومجاز اصطلاح حادث بعد إنقضاء القرون الثلاثة، لم یتكلم به أحد من الصحابة ولا التابعین بإحسان ولا أحد من الأئمة المشهورین في العلم كمالك والثوري والاوزاعي وأبي حنیفة والشافعي ولا تكلم به أئمة اللغة والنحو كالخلیل وسیبویه وأبي عمرو بن العلاء ونحوهم )[1] . جگە لە(ابن تیمیة) [2](ابو اسحاق الإسفراییني) ئینكاری بوونی مەجازی كردووە لەزماندا ..**

---

[1] الفتاوی 88/7 .

[2] د.یوسف قرضاوي قسەیەك نەقڵ دەكات لە خاوەنی تەفسیری (محاسن التأویل)6156/17 كە ئەویش لەهەندێ فەتوای(ابن تیمیە)وە وەری گرتووە كە ئاماژەیە بۆ دروستی هەندێ لە مەجاز و تەئویل كە پێچەوانە نەبن لە گەڵ هەق و پێكاندا كەئەمەش دەقەكەیەتی(نحن نقول بالمجاز الذي قام دلیله، وبالتأویل الجاري على نهج السبیل، ولم یوجد في شيء من كلامنا وكلام أحد منا أنا لا نقول بالمجاز والتأویل. والله عند كل لسان، ولكن ننكر من ذلك ماخالف الحق والصواب، وما فتح به الباب الى هدم السنة والكتاب، واللحاق بمحرِّفة الكتاب، دوای ئەوە قرضاوی دەڵێت ئەمە شایستەی كەسێكی وەكو (ابن تیمیە)یە كە لە توانیویەتی هاوسەنگی نێوان (عقل ونقل)دا بكا و زانست و كەشكۆڵەكەی كەلەپوری سەلەف و زانیاری یەكانی خەلەفی لەخۆگرتووە.

لەڕاستیدا نەفی کردنی مەجاز : (کە مەبەست بەکارهێنانی ووشەیە لە شوێن و واتایەکدا ، کە لە سەرەتادا بۆی دانەنراوە – استعمال اللفظ في غير ماوضع له في اللغة ابتداءً) تەنها لەبەر ئەوەی کەسانی سەدەی یەکەم و دووەم قسەیان لێی نەکردووە ، شتێکی مەقبول و وەرگیراو نییە، چونکە زۆربەی زاراوەکانی زانستە ئیسلامیەکان دواتر داهێنراون... هاوەڵان و دوای ئەوانیش دەیانزانی ووشەی (ید) بۆ ئەندامێکی دیاریکراو بەکار دێت، لەهەمان کاتدا ئەوەشیان دەزانی هەر ئەو ووشەیە لەشوێنێکی تر و لەدەربڕینێکی تردا بەمانای (نعمة) هاتووە ، وەکو ئەو قسەیەی دەڵێ: (لي يد عليك) ئەوان نەهاتوون ئەم دوو مانایەی (ید) دابەش بکەن بۆ حەقیقی و مەجازی بەو پێیەی دوو زاراوەن ، چونکە پێویستی دەرکەوتنی زاراوەکان دواتر هاتە ئاراوە، ئەو کاتەی زانستە شەرعی یەکان کۆ کرانەوە و چەندین کتێب و نووسراویان لەبارەوە نووسرا ، بۆ تێگەیشتن و فێربوونیش چەندەها زاراوە دانرا کە پێشتر بەفیترەت و سروشتی خۆیان دەیانزانی ، بەڵام ئەوانی تر بە زاراوەی زانستی فێری دەبوون ، لە لێکۆڵینەوە عیلمی وزمانی یەکاندا ئەمە شتێکی سەلمێنراوە ، ئیتر نازانم چۆن ئینکاری ئەم شتە دەکرێ بە تایبەت لەلایەن عەقڵێکی گەورەی وەکو (ابن تيمية) ەوە ، بەڵام لەوانەیە بیانوی ئەو ئەوە بوبێ کاتێ کە ویستوویەتی بە هەموو کەلەپوری ئوممەدا بچێتەوە و پاکی بکاتەوە لەو ڕەگەزە نامۆیانە هاتونەتە ناویەوە ، بینیویەتی ئەو هەموو لادانانە لەڕێگای تەئویلەوە هاتووەتەوە ناویەوە، ئەوەشی زانیوە کە تەئویلیش پشت بە مەجاز دەبەستێ، بۆیە ئینکاری

مەجازی کردووە تا ئەو بۆچونە نامۆیانە بڕوخێنێ ، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستی بە ئینکاری قەتعییانەی مەجاز نەبوو، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان تەئویلێك کە (أصولي) و (منضبط) بۆ راڤەکردنی ئایەتەکانی سیفات ، لەگەڵ تەئویلێ کە ئینحیرافە و پشت بەهیچ بەند و زابیتەیەك نابەستێت لە راڤەکردنی دەقەکاندا... مەسەلەی مەجاز لەلای زۆرینەی زانایانی ئوممە ئاشکرا و مەشهورە هەروەك لە پەراوەکانی زمان و تەفسیر و ئسولْ وفیقه و عەقیدە...دا هەیە.

(شوکانی) لە وەڵامی (ابو اسحاق الاسفراییني) دا دەڵێ : (المجاز واقع في لغة العرب عند جمهور أهل العلم وخالف في ذلك أبو اسحاق الأسفراييني) وخلافه هذا يدل أبلغ دلالة على عدم اطلاعه على لغة العرب ، وينادي بأعلى صوت بأن سبب هذا الخلاف تفريطه في الإطلاع على ما ينبغي الإطلاع عليه من هذه اللغة الشريفة وما اشتملت عليه من الحقائق والمجازات التي لا تخفى على من له أدنى معرفة بها، وقد استدل بما هو أوهن من بيت العنكبوت).

دوای ئەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (وعلى كل حال فهذا لا ينبغي الأشتغال بدفعه ولا التطويل في ردّه، فانّ وقوع المجاز وكثرته في اللغة العربية أشهر من نار على علم وأوضح من شمس النهار. قال ابن جنيّ أكثر اللغة المجاز.. وكما أن المجاز واقع في لغة العرب، فهو أيضاً واقع في الكتاب العزيز عند الجماهير وقوعاً كثيراً، بحيث لايخفى الاّ على من لا يفرّق بين الحقيقة والمجاز، وقد روي عن الظاهرية نفيه في الكتاب العزيز .

وما هذا بأوّل مسائلهم التي جمدوا فيها جموداً يأباه الإنصاف وينكره الفهم ويجحده العقل) [1].

لەڕاستیدا ترس لەتەئویل پاڵنەری ئەم جۆرە تێڕوانینانە بووە [2] ، لە بەر ئەوەی تەئویلی خراپ هەروەك (ابن القيم) دەڵێ: بناغەی تێكدانی دین و دونیایە ناكۆكی نەتەوەكان سەبارەت بە پێغەمبەرانیان و هەموو جۆرەكانی فیتنە بەگەورە و بچوكیەوە بەهۆی تەئویلەوە بووە ، خوێنی موسڵمان بەهۆی تەئویلەوە ڕژاوە... شاردنەوەی موژدەدان بەپێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن گاور و جولەكەكان و گۆڕین ودەستكاری كردنی ، بگرە تێكدانی دینی نەساراش لەم ڕێگەیەوە بووە ، بەهەمان شێوە دابەش بوونی جولەكە بۆ حەفتاو یەك دەستە و گاورەكان بۆ حەفتا و دوو پاشان ئومەتی ئیسلام بۆ حەفتاو سێ بەهۆی تەئویلەوە دەبێت... ڕشتنی خوێنی موسڵمان لەڕۆژی (جمل) و (صفين) و (حرة) و ڕووداوی (ابن زبير) بەهۆی تەئویلەوە بووە ، بەهەمان شێوە هاتنی ناحەزانی ئیسلام لە قەرامتیە و باتنی یە و ئیسماعیلی یە و نوسەیری لەم دەرگایەوە هاتوون...

تەئویلی خراپ دەرگا دەكاتەوە بۆ هاوبەش پەیدا كەران و بیدعە چیان تا لەوێوە دین تێك وپێك بدەن ، هەروەك ڕاڤەكاری عەقیدەی (طحاوي) لەبەرامبەریاندا دەفەرموێ: (لقد فتحتم عليكم باباً لانواع المشركين والمبتدعين، لاتقدرون على سدّه، فإنّكم إذا سوغتم صرف آيات

---

[1] إرشاد الفحول ص23.

[2] اسماءالله وصفاته في معتقد اهل السنة والجماعة .

القرآن عن دلالته المفهومة بغير دليل شرعي فما الضابط فيما يسوغ تأويله وما لايسوغ ؟ فإن قلتم: ما دل القاطع العقلي على استحالته تأولناه، وإلا أقررناه. قيل لكم: وبأي عقل تزن القاطع العقلي ؟ فإن القرمطي والباطني يزعم قيام القواطع على بطلان ظواهر الشرع، ويزعم الفيلسوف قيام القواطع على بطلان حشر الأجساد. ويزعم المعتزلي قيام القواطع على رؤية الله تعالى ، وعلى امتناع قيام علم أو كلام أو رحمة به تعالى به)[2]. هەربۆیە لەم ڕێگەیەوە توانرا ئەو دەستەو گرۆهانە پاساوی لادان ولەڕێ دەرچوونەکانی خۆیان بدەن.

تەئویلی ناشایستە دڵەکان توشی تێکدان و تەشویش دەکا چونکە دڵەکان کاتێ ئارامن خوای گەورە بناسن ، بەهۆی ئەو ناوو سیفاتانەوە متمانەیان هەبێت بە دەقەکان بەڵام ئەگەر دەقەکان ببێتە جێگەی وەرگرتن و ڕەفزکردن و تەئویلکاری ئەوا سام و هەیبەتی لە دەست دەدا و متمانە پێی کز دەبێت و ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بێ ئاگابوون لە پەروەردگار .. خاوەنی ڕاڤەی عەقیدەی (طحاوی) باس لەم خاڵە دەکات هەروەك دەڵێ: (ان تتخلى القلوب عن الجزم بشيء تعتقده مما أخبر به الرسول (ﷺ) اذا لا يواثق بأن الظاهر هو المراد، والتأويلات مضطربة، فيلزم عزل الكتاب والسنة عن الدلالة والإرشاد الى ما أنبأ به العباد وخاصة ان النبوة هي الأنباء).

پێم باشە لێرەدا ئەو نموونە بهێنمەوە کە (ابن القيم) لە (ابن رشد) ەوە گێڕاویەتیەوە لە بارەی خراپی تەئویلی نادرووستەوە...

---

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

وێنەی ئەو کەسەی شتێك لەشەرع تـەئویل دەکات و وەهـا دادەنـێ ئەوەی ئەو تـەئویلی کـردووە، ئەوەیـە ویسـتی شـەرع، وێـنـەی پزیشـکێکە دەرمانێکی ئامادە کردووە بۆ تەندروستی هەموو یا زۆربەی خەڵکی، بەڵام پیاوێك دێ ئەو دەرمانەی پێ ناکەوێ ، بەهۆی میزاجی تایبەتی خۆیـەوە، بۆیـە وای بـۆ دەچـن ئـەو دەرمانانـەی ئـەم دەوایـەی لێ درووسـت کـراوە، مەبەست پێی ئەم دەرمانە نەبووە بـەڵکو دەوایـەکی تـر بووە، هەربۆیـە لای دەبەن و دەوایەکی تر دادەنێن، کە بەلایانـەوە پزیشـکەکە ئـەوەی مەبـەست بـووە ، بەمـەش میزاجـی زۆربـەی خـەڵکی پـێ تێـك دەچـێ ، جـا کـاتێ هەندێکی تر دێن و هەست دەکەن میزاجی خـەڵکی تێکچووە بەهۆی ئـەو پێکهاتەیەی دەرمانەکەی لێ درووست کراوە، دەست دەکەن بەچاك کردنی بەدەوایـەکی تـری نـوێ جگـە لـەوەی یەکـەم، کـەدواتر سـەر دەکێشـێ بـۆ نەخۆشی زیاتر ، بەم شێوەیە هەر جارەی دەیانەوێ لەیەکەم پێکهاتـەوە دەواکـە بگۆڕن ، نەخۆشیەکان زیـاتر دەبـن و میزاجـەکانیش خـراپتر تێـك دەچن، تـا وای لێ دێ سـوودی دەرمـانی یەکـەم بەهیچ شێوەیەك نـامێنێ ، جـا حـاڵی ئەوانـەی بـە ئـارەزووی خۆیـان تـەئویل دەکـەن بـەم شـێوەیەیە، هەریەکـە هەڵدەسـێ بـە تـەئویلێك جیـا لـەوی تـر و دوایـش وەهـا دادەنـێ ئـەوەی ئـەو کردویـەتی مەبەسـت و ویسـتی شـەرعە تـا وای لێ دێ شـەرع دەشێوێنن و خەڵکیش لەنێو ئەو تۆز و ڕاو تەئویلانـە دا لێـی دەشێوێ و سـەرەنجام دەبێتـە هـۆی نـاکۆکی و دووبـەرەکی و بـەش بـەش بـوون لـەنێو ئومەتدا[1] .

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ـــــ لە(اعلام الموقعين)ی (ابن القيم) ەوە .

ئەمانە هۆكاری بۆ ئەوەی زانایانی وەكو (ابن تیمیة) و (ابن القیم) زۆر توندن بن لە بەرامبەر تەئویل بگرە مەجازیش دا تاوەكو كار بكەن بۆ داخستنی ئەو دەرگایە وچیتر لەوێوە درێژە بە ڕەوتی نادرووستانەی (تأویل) و تەئویل كاری نەدرێ...

گرنگە رۆشنبیری ئیسلامی ئاشنای ئوسولْ و فروع بن... لەو قۆناغە مێژوویيانەی عەقیدەی ئیسلامی پێیدا تێپەڕیوە، ئەو دەستەو گرۆهانەی درووست بوون.. لەنێو ئەمانەش دا عەقیدەی پوختی یسلامی بەپێی تێڕوانینی قورئانی و سەحیحی سوننەی پێغەمبەر(ﷺ) بەلاّم ئەو كێشە و گرفتانەی هی سەردەمێكی مێژووی تایبەتن و ئیفرازاتی ڕۆشنبیری و بارودۆخێكی باوی ئەو كاتە بووە.. پێویست نیە لەمڕۆدا گەشیان كەینەوە و بیكەینە كێشەی گۆڕەپانە ئیسلامیەكەمان كەخۆی لەخۆیدا گرفتی هەنووكەیی خۆی هەیە چۆن هەروەكو د.محسن دەڵێ پێویستە بیری ئیسلامی ئەمرۆ، بۆ سەردەمی خۆی بژی و كێشە و كێشەكانی رابردوو كە ئەمرۆ بوونیان نی یە ڕانەكێشنە ئێستاو داهاتوومان [1] .

بەتایبەتیش لەرابردوودا ناكۆكی لەم مەسەلانەدا كەمتر بازنە و سنووری زانایانی بەزاندووە و دابەزیوەتە ئاستی گشتی خەڵك مەگەر لەو كاتانەی دەمارگیری و نەزانین و پلان دژ بە ئیسلام لە ئارادا بوو بێت.

بۆیە دەبینین یەكێكی وەك ئیمامی غەزالی دید و تێروانینی وایە رەشە خەڵك نابێت كێشەی لەو جۆرەی بۆ درووست بكرێ وبكەوێتە نێو

---

[1] تفسیر آیات الصفات/132 .

گۆڕەپـانی مەسـەلەی تەئویلـەوە بـەڵکو تـا دەتـوانرێ بـیرو باوەڕەکـەیان لەچواندن بەدوور گیرێ و بێ هاوتایی خوایان بۆ بەدەر خرێ...هەروەك دەڵـێ: (والـذي نـراه اللائـق بعـوام الخلـق ألاّ يخـاض بهـم في مثـل هـذه التأويلات، بل ننزع من عقائدهم كل ما يوجب التشبيه ويدلّ على الحوادث ونحققّ عندهم أنّه موجود (ليس كمثله شيء وهو السميع العليم) ويجاب بما أجاب به مالك بن أنس (ﷺ) وبعض السلف ،حيث سُئلَ عن الإستواء فقال: الإستواء معلوم والكيفية مجهول والسؤال عنه بدعة والايمان به واجب).

کەواتە درووست نیە ئەم باسانە مەجلیس عامی پێ گەرم کرێ، بەڵکو پێویستە یاخود گرنگە جەخت بکرێت لەسەر مەسەلە بناغەییەکان تەنانەت یەکێکی وەکو (ابن تيمية) کاتێ کە داوایان لێ کردووە ئایەت و فەرموودەکانی سیفات لەناو خەڵکی عام و رەشە خەڵکدا باس نەکات، وەها وەڵام دەداتەوە کە ئەو هیچ کات ئەو مەسەلانەی لەناو خەڵکی ئاساییدا باس نەکردووە هەروەك دەڵێ: (وأمّا قول القائل: لا يتعرض لأحاديث الصفات وآياتها عند العوام فأنا مافاتحت عامياً في شيء من ذلك قط) [1].

کەواتـە وردەکـاری چـڵ و پۆپـە خیلافیـەکانی ئـەم باسـە بـۆ کەسانێکی تایبەت و پسپۆڕە نەك بۆ هەموو شوێن و ناوەندێك، زاناو پسپۆرانیش ئەرکێکی گەورەیان دەکەوێتە سەر لەخوێندنەوە و پێدا چوونەوەی هەموو ئەو مەسەلانەی جێی مشت ومڕ و قسەی زانایانە

[1] هەمان سەرچاوە ـــــ لە(الإقتصاد في الأعتقاد ص26) و (الفتاوى 266/5)وەری گرتووە.

لەمێژووی ئیسلامی و لەهەموو بوارەکاندا ئیتر عەقیدە بێ یا فیقهـ یان هەر بوارێکی تر بەڕەچاوکردنی مەنهەجێکی ئوسوڵی وئاگاهی لە گۆڕانکاری یە هەمە لایەنەکانی سەردەم و دەرچوون لە هەوڵی فەردی بۆ جەماعی تاوەکو سەرەنجامەکان تۆکمە تر و چەسپاو تر بێت.

## چەند سەرنج وتێبینی یەك

پێم باشە لێرەدا چەند سەرنج وتێبینیەك پێشکەش بەخوێنەران بکەم، تاوەکو یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەمەڕ ئەم مەسەلەیە و درووست نەبوونی تێڕوانێتی هەڵە دەربارەی مەبەستەکان...

یەکەم: باسکردن لەوەی تەئویلی درووست بوونی هەبووە چ لەسەردەمی هاوەڵاندا بێت یا دواتر لەو چوار چێوەیەی کە باس کرا ئەوە ناگەیەنێت دەرگا بخرێتە سەرپشت لەو مەسەلەیەدا ، بگرە دەتوانرێ بووترێ ئەمە جۆرێکە لە راڤە و تەفسیر بۆ مانای ئەو ئایەتانەی سیفات کە سیاق و مانای ئایەتەکە لەو شوێنە دا دەیخوازێ و لەلای موسبیتەکان و ئەو بۆچونەی پێی دەوترێ رای سەلەف شتی وا بەدی دەکرێ ، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێ سەیری (قواعد المثلی) بکرێ...

دووەم: مەبەست لەو بەڵگە هێنانەوانە ئەوەیە ئایەتەکانی سیفات هەموویان بە مانایەکی حەرفی رووکاری وەرناگیرێن بەڵکو بمانەوێ یا نەمانەوێ راڤەی بۆ کراوە ئیتر ئەوە بەپشت بەستن بێت بەئایەت و بەڵگەی

تر یا هەر زمانی عەرەبی خۆی ئەوە دەخوازێ... بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها بەڵگەمان هێنایەوە، کە کەسانی جێگیر کار (مثبت) و خاوەن ڕای سەلەف پێی هەستاون بەلاَم کاتێ دەوترێ ئەمە وانیە، بەڵکو ئەم لێکدانەوەیە هەر لە ماناڕووکارییەکەیدا هەیە و بەڵگەی تر پشتگیرێتی ... وەلاَم ئەوەیە دەی ئێمەش هەر ئەوەمان مەبەستە... نەك تەئویلێکی دوور و نادرووست...

سێ یەم: ئەوانەی لەشوێنێکدا و بەپێی سیاقی هاتنی ئایەتەکە لێکدانەوەیەکیان بووە بۆ ئایەتێکی سیفات، مەرج نیە نەفی و نەرێی ئەو سیفەتەیان کردبێ، کە ئەمە لەلای هەندێ لە تەئویلکارە موتەکەلیمەکان بەدی دەکرێ، کە هەر لەبنەڕەت دا نەفی ئەو سیفاتانە بە جۆرێ لە جۆرەکان دەکەن ، ئێمە لەگەڵ یەکەمین ودووەممان بێ ڕەفز و هەڵەیە ، با موجتەهیدی موختئیش بێت.

چوارەم: زاراوەی سەلەف و خەلەف وەکو (د.محسن عبدالحمید) دەڵێ: لەو زاراوە شەرعیانە نیە کە چۆنیەتی بەکارهێنانیان پاداشت و سزای لەسەر بێت، بەڵکو لە زاراوە داهێنراوەکانە و زانایانیش بۆ لێکدانەوە و تێگەیاندن و جیاکردنەوە بەکاریان هێناوە... جیاکردنەوەیەکی زەمانیش نی یە لە نێوانیاندا بەڵکو تایبەتە بە جۆرێ تێڕوانین و بیرکردنەوە بۆ ئەو مەسەلەیە.... ئەگین ئەوانەشی کە نەك بەخەلەف بەڵکو بە لادەر ناسێنراون لەسەردەمی سەلەفدا ژیاون هاو وێنەی (جعد بن درهم) و(جهم بن صفوان) و(بشر المريسي) و کەواتە مەسەلەکە تێڕوانینە نەك سەردەمێکی زەمەنی هەر بۆیە هەندێ لەو

تەئویلانەش کە بەشێك لەوانەی کە بەخەلەفی دەناسرێن کردوویانە، لەبازنەی (فروع) دایە نەك (اصول) لێرەشەوەیە ئەوانە شایستەی (تكفير) و (تفسيق) نین مادەم ڕەچاوی تەئویلی بەند دار (تأويل المنظبط) یان کردووە بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێ لە فەیلەسوف و باطني و دەستە و گرۆهەکانی تر پێی هەستاون .. کە تیایدا هەواو ئارەزو و مەیلی خۆیان ڕۆڵی بینیوە نەك شتی تر. لەگەڵ ئەوەش ئەو تەئویلەی کە دەستەیەك لە (متكلمين) پێی هەستاون و لە سنووری خۆی دەریان کردووە هەڵەکانیان دەدرێتە دواوە لێیان وەرناگیرێ بۆ ئێستەش تەبەنی ناکرێ ئیتر چ لەوانە نەبن بە ئەشعەری ناوزەد دەکرێن یان ماتوریدی ...یا سەلەفی ... یان...هتد

پێنجەم: تەئویل کردن بۆ دەقی شەرعی جگە لە سیفات شتێکی واریدە و هیچ کەسێك نەیتوانیوە پەنای بۆ نەبات ، تەنانەت لەلایەن توندترین قوتابخانەوە کەزاهیری یەکانن، هەروەکو لەشوێنی خۆیدا ئاماژەمان پێی کرد، بەلاَم لە مەسەلەی سیفات و مەسەلە نهێنی و غەیبییەکاندا ئەوا ڕای پەسەند و بەهێز لە ئاستە گشتییەکەیدا ئەوەیە کە بە جێگیر کردن(اثبات) یا ڕای سەلەف ناسراوە ، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو زانایانەی سەر بەڕێبازی تەئویلکاری (منضبط)یش بوون بەپێی هەندێ نەقڵی زانایان لە کۆتایدا بۆ لای قوتابخانەی یەکەم (سلف) گەڕاونەتەوە لەوانەش : أشعرى وغزالي وابن رشد الحفيد وآمدى و رازى و جوينى و شهرستانى [1]... بۆ نموونە (أبو حسن الأشعري) لەدوا دوو

---

[1] سەیری( ايماننا الحق بين الظاهروالدليل) ابراهيم نعمه بكه.

كتێبـی دا كـه (الابانـة في اصـول الديانـة) و(مقـالات الاسـلاميين واخـتلاف المصلين) ئەم راستی یە بەدەر دەخات... هەروەك لە (الإبانة) دا دەڵێ: (وجملة قولنا أنا نقر بالله وملائكته وكتبه ورسله وبما جاءوا به من عندالله، وما رواه الثقات عن رسول الله (ﷺ) لا نرد من ذلك شيئاً... وأن الله استوى على العرش على الوجه الذي قاله، وبالمعنى الذي أراده، استواء منزها عن الممارسة والاستقرار والتمكن والحلول والانتقال... وان لله وَجهاً بلا كيف ، كما قال: (ويبقى وجه ربّكَ ذو الجلال والاكرام) وأن له يدين بلا كيف كما قال (خلقت بيدي) (بل يداه مبسوطتان) وأنه له عينين بلا كيف، كما قال: (تجري بأعيننا)[1] .

ئیمام بەنناش لەبارەیەوە پەسەند كردنی ڕای پێشینان دەڵێ: ئێمە بڕوامان وایە كە ڕای پێشینان لەبێدەنگ بوون و حەواڵەكردنی زانینی ئەو مانایانە بۆ لای خوای بەرزو و بالاّ بێوەی تر و شیاو ترە بۆ شوێن كەوتن، بۆ لە ناو بردن و یەكلایی كردنەوەی تەئویل و تەعتیل نەمانایان لێك دەدەینەوە[2] بە دیاری كردنی مەبەست، نە ئەو سیفەتانەش لەكار دەخەین بەو جۆرەی بەسیفەتیان نەزانین _ لەبەر ئەوە بێدەنگ بوونمان پێ چاكترە _ جا ئەگەر تۆیش لەوانە بوویت كەخوا بەدڵنیایی باوەڕ بەختەوەری كردوون وە بەفێنكی یەقین دڵ ودەروونی فێنك كردوونەتەوە رای پێشینان بە هیچ رایەكی تر مەدە و مەیگۆڕەوە ...

[1] الابانة عن أصول الديانة ، ص50-51 .

[2] دیارە دیاری كردنی مانای چۆنێتی یەكەیان ئەگینا مانای ووشەكان بەپێ ی زمان ولێك دەدرێنەوە و ڕوون وئاشكران بۆ ئەم مەبەستە سەیری (أضواء على اصول العشرين)ی عصام البشير بكە .

لەگەڵ ئەوەشدا بڕوامان وایە ئەو (تأويل) ەی شوێن كەوتوان دەیكەن نابێتە هۆی دەركردنی حوكمی كافر و فاسق بوون بەسەریاندا و شایەنی ئەو ناكۆكیە دوور و درێژەش نیە لە نێوان ئەوان و غەیری ئەواندا، چ لەسەردەمی كۆن و چ لەسەردەمی خۆماندا چونكە دڵی ئیسلام لە هەموو ئەمانە فراوانترە[1] (ابن تيمية) ش ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە كە زانایانی هاو وێنەی ئەبو حەنیفە و شافعی وسەوری وداود بن عەلی وجگە لەوانیش (مجتهد) ی (مخطي ء) بە تاوانبار نازانن با لەمەسەلە ئوسوڵیەكانیش دابێت هەروەكو دەڵێ: (وأما غير هؤلاء فيقول: هذا قول السلف وأئمة الفتوى كأبي حنيفه والشافعي والثوري وداود بن علي وغيرهم، لا يؤثمون مجتهداً مخطئاً في المسائل الأصولية ولا في الفروعية كما ذكر ذلك عنهم ابن حزم وغيره ، ولهذا كان أبو حنيفة والشافعي وغيرهم يقبلون شهادة أهل الأهواء إلا الخطابية ويصحِّحون الصلاة خلفهم[2].هەروەها دەڵێ: ولا يجوز تكفير المسلم بذنب فعله، ولا خطأ أخطأ فيه، كالمسائل التي تنازع فيها أهل القبلة[3]. شێخ صالح العثيمين لە باسی (فإن قال قائل هل تكفرون أهل التأويل أو تفسقونهم ) لە كتێبی (قواعد المثلى)ەكەیدا باسی ترسناكی ئەو مەسەلەیەمان بۆ دەكات و ئەوەش بەدەر دەخات كە لە ئاوەها باسێكدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای خوا و پەیامبەرەكەی... دوای ئەوە ئەسڵ لە موسڵماندا دادگەری و مانەوەی ئیسلامەتیەتی، هەر

---

[1] (عقائد) و.حسن پێنجوێنی .

[2] تفسيرالصفات – الفتاوی 207/19 .

[3] هەمان سەرچاوە.،هەروەها سەیری(شرح العقيدة الطحاوية)ش بۆ هەمان مەبەست بكرێ .

بۆیە دەبێت بترسین لەوەی تووشی هەڵبەستن و درۆ بین لە بەرامبەر خواوە لە حوكم دان دا كەسێك توش نەكەین بەشتێك كە لێی دوورە.. ئەمە جگە لەوەی دەبێت حسابی ئەوەش بكرێ كە ئایا ئەو كەسە هیچ بیانو و عوزرێكی نیە لەو مەسەلەیەی تێی كەوتووە ئایا دەزانێ ئەو رەفتارەی پێچەوانەیە لەگەڵ شەرعدا؟ چونكە زانایان كە كەسێكی تازە موسڵمان بەكافر دانانێن با ئینكاری فەرزەكانیش بكات ، دوای ئەوە لەسەر مەسەلەی (موانع التكفیر) و (خطورة التكفیر) دەڕوا و ئاماژەش بەمەسەلەی بەكافر دانانی كەسی دیاریكراو (تكفیر المعین)[1] دەكا ، جیای دەكاتەوە لەگەڵ حوكمی گشتی وەك ئەوەی بوترێ هەركەسە وا بڵێ حوكمەكەی وایە... چونكە دوو شتی جیاوازن[2] دوای ئەوە لە (ابن تیمیة) ەوە نموونەی ئەو پیاوەمان بۆ باس دەكات كە بەكەس وكاری وتووە: كاتێك مردم بمسووتێنن و تۆز و خۆڵەكەم بكەنە دەریاوە، چونكە گەر خوا

---

[1] مەبەست لە(تكفیر المعین) ئەوەیە بڵێ فلاَن كەس كە فلاَن كاری كردووە(كافرە) كە ئەوە زۆر مەترسی دارە و ئەگەرحوججەی بە هەموو شێوەیەك لەسەر نەكرابێت بە هیچ شێوەیەك شتی وەها دروست نی یە بووترێ و یا ناوێكی دیاری كراو بە كافر ناوزەد بكرێت.

[2] چونكە دەگونجێ كەسێك كوفر بكات بەلاَم كافر نەبێ بە هەمان شێوە بۆ(شیرك) و (بیدعە) و (فسق)بەلاَم دەتوانرێ بووترێ هەركەسە فلاَن شت بڵێ یا بكا(كافر) یا (مشرك) یا (مبتدع) یا (فاسق)ە... بەلاَم ئایا ئەگەر( فلاَن كەس كە دەیناسین) ئەو كارەی ئەنجام دا دەووترێ(كافرە). ئا لەو كاتەدا هەڵوێستە دەكرێ . دەووترێ كارەكەی (كوفر ، شیرك..هتد)ە بەلاَم ئایا خۆی وایە ئەوە پێویستە دڵنیابین لەوەی كە: نەزان یان زۆر لێ كراو یا تەئویلێكی نی یە... دوای ئەوە لەلایەن كەسی پسپۆڕو خۆیەوە حوكمی وەها دەدرێ... بۆ ئەم مەبەستە سەیری (الثوابت والمتغیرات)ی د.صلاح الصاوی ، عوارض الأهلیة –و –الغذر بالجهل ی ابو بصیر بكە .

دەسەلاتی بەسەرمدا هەبێت سزایەکم دەدا کەسی وەها سزا نەدابێت، ئەوانیش بە وەسێتەکەیان کرد... خوای گەورەش لەدوا ڕۆژدا لێی دەپرسیٚ چی وای لیٚ کردی وەها بکەی ئەویش وەلاٚم دەداتەوە لەترسی تۆ، دوای ئەوە خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، فەرمودەکەش لە (صحيحين) دا هاتووە جا ئەگەر کابرایەك بەنەزانی گومان درووست بکات لە توانا و دەسەلاتی خوا بەوەی زیندووی نەکاتەوە کە ئەمەش بەکۆی موسڵمانان کوفرە _ بەلاٚم لەبەر ئەوەی لەترسی خوا کردوویەتی _ بەنەزانی _ خوا لێی خۆش دەبێت.. کەواتە تەئویلکارێك کە ئەهلی ئیجتهادە و دەیەویٚ شوێنی پێغەمبەری خوا بکەویٚ لە پێشترە بۆ ئەوەی خوای گەورە لێی خۆش بێت.. هەروەك دەڵیٚ: (والمتأول من أهل الأجتهاد والحريص على متابعة الرسول (ﷺ) أولى بالمغفرة من مثل هذا..)[1].

شەشەم: گرنگی دان بە ناوو سیفاتەکان وشارەزابوون لێیان لە بابەتە هەرە گرنگەکانە، هەر وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پیٚ ی کرد. بەلاٚم وورد کردنەوەی چلیٚ و فەرعە جۆر بەجۆرەکانی و زیندوو کردنەوەی هەندیٚ کێشەی مێژوویی وخیلافی و ڕاکێشانی بۆ ناو واقع و بارودۆخی ئێستا شتێکی ناسایشتەیە، بە تایبەتش گەر بخزێنرێتە بواری گشتی و ڕەشە خەڵکەوە ... بەپێچەوانەوە جەخت خستنە سەر خاڵە سەرەکی و هێڵە پانەکانی وەك ناسینی خوا لە ڕێی ناوو سیفاتەکان و کاریگەرییان لە ژیانی مرۆڤ دا و روونکردنەوەی یەکتایی خوا لەو ناوو سیفاتانە... هتد. گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا لەگەلٚ ئەوەش دا

[1] سەیری(قواعد المثلی) بکە.... بەدەستکاری وکورت کردنەوەوە .

پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكەین ئەمڕۆ ئێمە لە ململانێیەكی هاوچەرخی شارستانی داین كە بوارەكەی زیاتر جیهانی دیار (عالم الشهادة) یە نەك جیهانی نادیار (عالم الغیب) واتا كاتیٚ دژایەتی دەكرێین[1] لەوەدا نیە كێشەی نێوانمان هەندیٚ مەسەلەی غەیبیات بێت، هەرچەندە ڕەهەندە ئاینی یە كە ڕۆڵی هەیە لە خەست كردنەوەی دژایەتیماندا... بەڵكو هەوڵی ئەوان لە دەست بەسەرا گرتن و بردنی خەیر بێر و خێراتی موسڵمانان و سڕینەوەی كە لەپورو و ڕۆشنبیری و داگیركردنی باری ئابووری و رامیاری موسڵمانانە.. هەر بۆیە پێویستە ئێمەش بەپشت بەستن بە عەقیدە و بیرو باوەڕی ئیسلامی وخۆ ئامادەكردنێكی هەمە لایەنە لەڕوو بەڕوویاند بین، هەنگاو هەڵگرین بەرەو تەمكینی ئیسلامی و خزمەت كردن بە خەڵكی بەهەموو پێداویستی و ڕەهەندەكانیەوە... پێویست نیە مەنهەج و واقعی فیكری ئەمڕۆمان تێكەڵ بەكێشەكانی ڕابردوو بكەین، ئەوەندە نەبێت كە پەیوەندی بە كرۆكی شتەكانەوە هەیە ، ڕێبازی زانستی كەلامی كۆن ومادەی مەعریفی یەكانی كە لە ژێر كاریگەریی بارودۆخێكی تایبەتدا بووە بۆ بنیاتنانەوەی هاوچەرخ و تازەمان كەڵكێكی وای نییە جگە لەوەی وەك ڕایەك دەكریٚ سوودی لیٚ دەبینین بۆ قۆناغی ئێستا... چونكە زانستی كەلامی كۆن نموونەی ئالیەتی ململانێی جیهانی ئەو ڕۆژەیە لەگەڵ شارستانیە كۆنەكاندا، بەتایبەت لەبواری غەیبیاتدا، بەلاٚم ئەمڕۆكە هەروەك د.موحسین دەڵیٚ پێویستی یەكی هەنووكەیمان هەیە بە دۆزینەوەی (زانستی كەلامی قورئانی نویٚ) تا لێیەوە بڕوانینە

[1] سەیرێكی (تفسیر آیات الصفات) بكە .

پێداویستی یە هەمە جۆر و هەمە لایەنەکانی ژیانمان و بەو شێوەیەش ڕەفتار بکەین کەلەئاستی واقع وسەردەمە مێژوویی یەکەدایە ، دیارە زانا و بیریارانی ئیسلامی ئەم سەردەمەش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەدەرخستنی ئەو مەنهەجە قورئانیەی کە لەئاستی بەشێك لەداواکارییەکانی ئەم سەردەمەدایە و پێویستی بەهەوڵ و تێکۆشانی زیاتریشە هەروەك لەقوتابخانەکانی (جەمالەدین ئەفغانی وموحەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا وحەسەن بەننا و موحەمەد ئیقبال و سەعید نورسی و ناسری سوبحانی... چەندین قوتابخانە و کەسایەتی هاوچەرخی تردا دەر دەکەوێت کە بە هەموویان قوتابخانەیەکی بەرفراوان پێك دەهێنن لە پێشەنگ و پێشەوایەتی کاری ئیسلامی ئەمڕۆدا، دیارە ڕۆڵی قوتابخانە و کەسایەتییە جۆربەجۆرەکانی تریش لە یاد ناکرێت کە زیاتر سەرقاڵی باری فیقهی ونویٚ کردنەوەی زانستە شەرعی یەکان لەخۆ دەگرێت کە هیوا خوازین خوای گەورە بارێکی ساز و گونجاو بڕەخسێنیٚ تاوەکو بەشێوەیەکی هەمە لایەنانە موسڵمانان بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لە خزمەت کردنی دوا ڕۆژی مرۆڤایەتدا بەگشتی.

# یوسف قەرزاوی و بیروبۆچوونی سەبارەت بەم بابەتە

یوسف قەرزاوی لەم بابەتەدا رای سەلەف بە بەهێز دادەنیٚ ، لەبەر چەندین هۆکار کە گرنگترینیان بریتییە لە:

یەکەم: ژیری مرۆڤ بیٚ توانا و دەسەوسانە لەوەی بتوانیٚ ناوەرۆك و کرۆکی سیفاتەکانی بزانیٚ ، هەروەك چۆن لە زانینی زاتی خواشدا هەر وەهایە ، ئەستەم و مەحاڵە دروستکراوو مەخلوقەکان بتوانن لە خودی خالق بگەن ، دروستکراوێکی سنورداری بیٚ توانای لەناوچوو چۆن ئەتوانیٚ زانیاری تەواو سەبارەت بە زاتێکی رەهاو کاملٚ و ئەزەلی بزانیٚ و ئەو توانایەی هەبێت.

دووەم: ئەگەر ئێمە چوینە دەریای تەئویلەوە و بە رەهایی واتای ئەو دەقانەمان لە واتا روکاری(ظاهر)یەکانی لابرد بۆ چەند واتایەك کە بە پێی ژیرییەکانی خۆمان شایستە و شیاوترە بە کەمال و تەواوێتی خوای گەورە ، ئەوا بەم کارەمان هەندیٚ وەسف دەدەینە پالٚ خوای گەورە کە خۆی نەیهێناوە ، هەندیٚ سیفاتی تری لیٚ نەریٚ و نەفی دەکەین کەنەریٚ و نەفی کردنی نەهاتووە ، بەمەش دەبینە ئەو جۆرە کەسانەی لەبارەی خوای گەورەوە شتیٚ دەڵێن کە نایزانن.

سێەم: سەلەف ترساون لەوەی کردنەوەی دەرگای تەئویل ، ببێتە بیانوو پاساوێك بۆ هاتنە ناوەوەی بیٚ باوەڕ و مولحید و دوژمنەکانی ئیسلام ، ئەوانەی ئەیان ویست لە ناوخۆوە بیروخێنن ، وێنەی باتنیەکان

و ئەوانەی بە چەرخەی ئەواندا دەسوڕانەوە لە فەیلەسوف و سۆفییە لادەر و زیادەرۆ و غولاتی گروپ و فیرقەکان ، تەئویلیش پاڵپشتییەکیان پێ ببەخشێ تاوەکو ئایەتەکانی قورئان لە واتا و روکارەکانیان لاببەن.

چوارەم: بۆچون و مەزهەبی سەلەف بە کۆڕا(إجماع) سەلامەت ترە ، چونکە ئەوە ئیسبات کراوە کە خوا ئیسباتی کردووە و ئەوەش نەرێ و نەفی کراوە کە خوا لە کتێبەکەی و لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە نەرێ و نەفی کردووە ، لەگەڵ جەخت کردنەوە لە نەرێ و نەفی کردنی چۆنێتی و چواندن بەخوای گەورە(ليس كمثله شيء).

پێنجەم: ئەمەشیان لەسەر ئەوەی پێشوو بنیات دەنرێ ، کە بۆچونی سەلەف -کە تەسلیم بونە وەکو باسمان کرد- لە هەموو لایەکەوە سەلماوە* و یەك ران لە سەریی . لە بابەتە کانی بیروباوەڕ و بناغەکانی ئاییندا باشترە بۆ مرۆڤێ کە دەیەوێ خۆی رزگار کات پەنا بۆ ئەو بۆچونانە ببات کە یەك رایی و کۆ دەنگی لەسەر هەیە ، ئەوە وریایی تر و پتەوترە بۆی ، دین پارێزراو تر دەبێ پێی.

شەشەم: لەوانەیە پشتیوانێکی تری ئەو قسانەی کە وتمان سەبارەت بە بەهێزتری و تەرجیحی بۆچون و مەزهەبی سەلەف بریتی بێت لەوەی: ئەبینین ژمارەیەك لەو کەڵە زانایانەی چوبونە قولاییەکانی تەئویل کردنەوە و پشتگیری بۆچون و مەزهەبی دواینان و خەلەفیان دەکرد ، لە

* سەبارەت بەوەی سەلامەت ترە .

کۆتایی تەمەنیاندا گەڕانەوە بۆ راستە رێگای سەلەف و پشتیوانی کردنی بۆچونەکانیان.

قەرزاوی لە بابەتی ئایەتەکانی سیفاتدا وا دەبینیٚ نابیٚ ئایەتەکانی سیفات لە یەك شوێندا و پێکەوە باس بکرێن هەروەك هەندیٚ دەیکەن ، بۆ ئەوەی هیچ کەس خەیاڵی ئەوە نەکات خوای گەورە کەسێکە و لە ئەندام پێك هاتووە... ئەم راستییەش (باس کردنیان بە بە جیاجیا نەك هەرهەموی پێکەوە) رێنماییەکی قورئانیانەیە و لە کتێب و سوننەتی پێغەمبەری خوادا وەها هاتوە ، ئەو کات و بەم جۆرەش هەموو موسوڵمانێك باوەڕی هەیە پێیان و چۆن هاتووە ئاوا دەیسەلمێنیٚ و ئیسباتی دەکا.

بەلاٌم کۆکردنەوەو باسکردنیان بەیەك پێودانگ(نسق) کە مرۆڤ خەیاڵی بۆ وێنایەك بچێت کە شیاوو شایستە نییە بە خوای گەورە ، ئەمە پێچەوانەی کیتاب و سوننەیە ، هەروەك چۆن هەندیٚ لەوانە دەڵێن: پێویستە باوەڕت بەوە هەبێت خوای گەورە روو ، چاو ، دەست ، پەنجە ، لاق ... هتدی هەیە ، کۆکردنەوە لە ئاوا سیاقێکدا لەوانەیە ئەوە بە خەیاڵی مرۆڤدا بهێنیٚ کە خوای گەورە و پاك و بیٚ گەرد گشتێکی پێکهاتوو لەبەشە ، یا جەستەیەکی خاوەن ئەندامە. بەلاٌم نە قورئانی پیرۆز و نە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا بەم شێوەیە نەیانخستووەتە روو ، پێغەمبەریش مەرجی ئەوەی دانەناوە بۆ هەرکەسیٚ کە دێتە ناو ئیسلامەوە و موسوڵمان دەبێت ئەبێت بەو شێوەی باسکرا باوەڕی بەخوا هەبێت. هاوەڵان و تابعینیش شتی وایان لێوە باس نەکراوە کە بەو

شێوەیە خەڵکیان فێری بیروباوەڕو عەقیدە کردبێ ، هەروەك لە هەندێ گتێبدا دەیبینین.

## باسکردنی ئەم بابەتە لەئاستی گشتیدا

سەبارەت بە هەڵوێستی قەرزاوی لە باسکردنی ئەم بابەتە بۆ خەڵکی بە گشتی یان ئەوەی پێی دەوترێت رەشە خەڵك(عوام الناس) ، بەو پێیەی ئەم بابەتە بابەتێکی ئاڵۆزە ، لەوانەیە قورس و ئەستەم بێت بۆ عەوامی خەڵك و ناتوانن بچنە قوڵایی زانست و زانیارییەوە ، هەربۆیە هەمان ئەو هەڵوێست و بۆچونەی ئیبنولجەوزی و ئیمامی حەرەمەین و غەزالی گرتووەتە بەر و لەگەڵ ئەوەدایە کەچوار خاڵی گرنگ لەم بارەوە گرنگە رەچاو بکرێ:

1- هەرشتێ خوای گەورە بۆخۆیی جێگیر و ئیسبات کردووە لە کتێبەکەیدا ، لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ، ئێمەش بەو وەسفانە وەسفی دەکەین ، هەموو ئەو وەسف و کردارانەی وەك ستایشێك بۆ خۆی بۆی باس کردوین دەیدەینە پاڵی ، هیچ ترسێکمان لەو بارەیەوە نابێت ، بەو پێیەی قورئان داوێتییە پاڵی ، پێغەمبەری خوا باسیکردووە ، ئێمە لە پەروەرگار خۆی و لە پێغەمبەرەکەی بەپەرۆش تر نین بۆ ناسینی ، هەروەك لەوان سورتر نین بۆ تەقدیس و پاك و پیرۆز راگرتنی خوای گەورە.

2- نابێت لەلای خۆمانەوە هیچ شتێك زیادکەین لەو وەسفانەی باسیی خۆیی پیێ کردووە ، یاخود بچین دەربڕینێکی قورئان یا سوننە لەلایەن خۆمانەوە بگۆڕین ، ئەمە لەوانەیە توشیی تەنگو چەڵەمە و ناهەمواریمان بکات ، یان هەڵمان خزێنیێ ، لەبەر ئەوە پابەند دەبین بە دەربڕینە شەرعییەکانەوە بەو شێوەیەی کە هاتووە.

3- نابێت ئەو سیفات و کردارانەی خەیاڵی لێچونی دروستکراوەکانی لیێ دەکرێت لە یەك پیێ و دانگ و نەسەق و ناوکۆ(سیاق) دا کۆبکرێنەوە ، بەڵکو وەکو قورئان و سوننەت لەبۆنە و موناسەبەی خۆیاندا دەیانهێنین و باسیان دەکەین، بەپێی ناوکۆ جیاواز و جۆراوجۆرەکان.

4- ئەبیێ بەردەوام جەخت بکەینەوە لەو واتایانەی لە دەققە قەتعییەکاندا هاتووە و هەموو ئومەت بە جیاوازی قوتابخانەو بیروبۆچونەکانیەوە کۆکن لە سەری بە سەلەف و خەلەفییەوە ، ئەویش ئەوەیە بەهەموو شێوەیەك خوای گەورە دوورە لەوەی بچوێت بە شتێك لە دروستکراوەکانی ، هەموو ئەوەی خوای گەورە وەسفیی خۆیی پیێ کردووە ، لە کتێبەکەیدا یا لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی ، کە هاوبەشی هەیە لەگەڵ دروستکراوەکانیدا ، هەموو ئەوانە سابتن بۆ خوای گەورە بەو شێوە و چۆنێتییەی شیاوو شایستەیە بەتەواوێتی و بەرزو شکۆیی و گەورەیی خوای بەتوانا، بەهەموو شێوەیەکیش دوورە لەوەی بە دروستکراوەکانی بچێت.

## قەرزاوی و جیاوازیی نێوان شوێنكەوتووانی پێشین و دوایین

قەرزاوی تورەیە لەو هەڵوێستەی جێكیركاران(المثبتین) بەرامبەر بە تەئویل كاران و تەئویل كاران بەرامبەر بە جێگیر كاران هەیانە ، چونكە وا دەبینێ جیاوازییەكان ئەوەندە گەورە نین هەروەك هەندێ بۆی چوون ، لەهەمان كاتدا شایستەی ئەوە نییە یەكێكیان ئەوی تر بەكافر دابنێ و تەكفیری بكات تەنانەت بایی ئەوەش نییە بەتاوانبار وگوناهبار و سەرلێشێواوو بیدعەچیشی دابنێ .

قەرزاوی بڕوای وایە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو مەنهەجە یا مەزهەبە ئەوە هەڵناگرێ یەكێكیان ئەوی تر تەكفیر بكا ، بەواتای ئەوەی حوكم و بڕیاری ئەوە بدرێ ئەو كەسانە كوفری گەورەیان كردووە و پێی لە ئومەت دەچنە دەرەوە!! كارێكی وەها مایەی ئاسودەیی دڵی هیچ موسوڵمانێك نییە و عەقڵی هیچ زانایەك پەسەندی ناكا ، بەڵكو ئەو بڕوای وایە جیاوازی سەبارەت بەم كێشەیە ئیحتیمالی گوناهباركردن و بە فاسق دانان و بە بیدعە حسێب كردنیش ناكات ، بەڵكو ئەوپەڕەكەی بریتییە لە ناكۆكی لە نێوان كەسێك كە پێكاوێتی یان هەڵەی كردووە، یان پێكان و باشترپێكاندایە (بین مصیب ومخطئ، أو مصیب وأصوب منه).

چ زانایەكی بەتوانا ئەوبوێرییەی هەیە: زانایانی هەرە بەرزو كۆڵەكەكانی ئەم ئایینە بە فاسق یا تاوانبار وبیدعەچی دابنێ ، كە ئەم

شـەریعەتەیان گەیانـدووە و بـەرگرییان لـە بیروباوەڕەکـانی کـردووە و بەرهەڵسـتی نـەیارانی بانگەوازەکـەیان کـردووە ، هـەموو تەمـەنیان بەبانگخوازی و چاکسازیی بەسەر بردووە ، کارو کردەوەی بێ وچانیان ئەنجام داوە ، هاو وێنەی (الباقلاني) و (الاسفرايني) و(الماتريدي) و (الغزالـي) و (الـرازي) و (ابـن عبـد السـلام) و (ابـن دقيـق العيـد) و (الرافعي) و (النـووي) و (ابـن الهمـام) و (الزركشـي) و (العراقـي) و (ابـن حجـر) و (السـيوطي) چـەندانی تـر کـە کەڵـەزانا و زۆر رۆچـوو بـوون لـە زانستەکانی عەقیدە و شەریعەدا؟!!

ئەوان لەوەندە تەئویلەی کردویانە لە یاسا و رێساکانی زمـانی عـەرەبی دەرنەچـوون و پێشینەشـیان هەیـە لـە نێـو هاوەڵانـدا کـە تـەئویلیان لـێ گێڕراوەتەوە ، هەروەك چۆن (تفويض) و (اثبات)یشیان لێوە گێڕراوەتـەوە ، هـەروەك لـە ئیبنـو مەسـعود وئیبنـو عـەباس و جگـە لەوانیشـەوە گێڕراوەتـەوە. هـەروەها ئـەوان بـەو کارەیـان تـەنها مەبەسـتیان ئـەوە بـووە خەڵکی تێ بگەیەنن لە واتاکانی کیتێبی خـوای گـەورە و بەرهەڵسـتی ئـەو کەسانە بکەن دەیانەوێت بیشێوێننن و بە پڕوپوچ دابنێن.

قەرزاوی رەخنە ئاراستەی هەندێ لە سەلەف و بەشێك لە تـەئویلکاران دەکـات ، بیرو ڕای وایـە هەنـدێ لـە سـەلەفییەکان بـەو زیادەڕەوییـەی لـە تەکفیرکردن یان فاسق و تاوانبارکردنی هەندێ لەموسوڵمانی تـەئویلکار و جگە لەمانیشدا کردویانە کارێکی نەشیاوو ناشایستە دەکەن ، بەهـەمان شێوە رەخنـە دەگـرێ لـە زیـادەڕەویی هەنـدێ لـە موخالیفـەکانیان بـەوەی سـەلەفییەکان بـەڵکو پێشـەوا و زاناکانیشـیان بـە گـومڕا و لـە رێ دەرچـوو

تۆمەتبار دەکەن و قسەیەکیان دەدەنە پاڵ کە سەبارەت بە ئایینی خوا نەیان وتووە.

هەربۆیە داوا دەکات لە برا سەلەفییەکان دەست هەڵگرن لە تەکفیرکردنی موخالیفەکانیان ئەگەر وەکو ئەوان ئیسباتی رەهایان نەدەکرد ، وە تەئویلێ کە هاوەڵ بەڵگەکان(القرائن) پشتگیری دەکات بە گومڕایی و لادان ئەژماری نەکەن ، چ جای ئەوەی بە کوفر و دەرچون لە ئایینی دابنێن.

بە کورتی قەرزاوی تەرجیحی بۆچونی سەلەف دەدات لە بابەتەکانی خوایەتی و غەیبدا ، لەگەڵ ئەوەدایە تەئویل نەکرێ ، مەگەر زەرورەتی شەرع و عەقڵ و هەست بی خوازێ و لە یاساکانی زمان دەرنەچێت ، چونکە ئەمە سەلامەت ترە ، بەڵام کەڵە زانایانی تەئویلکاری ئەم ئومەتەش بە گومڕا و تاوانبار دانانێ ، خراپترین گریمانە و بۆچون لای ئەو سەبارەت بەو زانایانە ئەوەیە نەیان پێکاوە و هەڵەیان لە ئیجتیهادیاندا کردووە ، ئەم بۆچونانەی قەرزاوی لە زۆر کتێبیدا دەبینرێ (بۆ نمونە- الاخوان السلمون 70عاما في الدعوة والتربية والجهاد، ص327-344) و زۆرجار دووبارەی کردووەتەوە و لە سایتەکانی ئەنتەرنێتیشدا بەردەستە کە ئێمە بۆ ئەم پوختەیە سودمان لێی بینی... بەڵام قەرزاوی بۆچونێکی نوێی هەیە لەم بارەیەوە کە لە کتێبی (فصول في العقيدة بين السلف والخلف) دەری بڕیوە و دەڵێ:

ئەمەوێ نهێنییەك بۆ خوێنەر ئاشکرا بکەم( قسەکە هی قەرزاوییە) ، چەند ساڵێکە سەبارەت بەم بابەتە بۆچونێکم بۆ دروست بووبوو ،

پەیوەست بەو بابەتەی ناویان ناوە بە: ئایەتەکانی سیفات(یان) فەرمودەکانی سیفات پوختەی ئەم دید و بۆچونە یان ئەم هەڵوێستە سەبارەت بە بەبەهێزتر دانان(ترجيح)ی ئەو مەزهەبە بەناوبانگەی سەلەفە خوایان لێ رازی بێت کە بریتییە لە: بێ دەنگ بون(السكوت) نەچونە بنج و بنەوان–(عدم الخوض) یان سپاردنە خوا(تفويض)ە. بەڵام دوای ئەوەی بۆ چەند ساڵێك لەگەڵ ئەو بابەتەدا ژیام ، پاشان لەم دووساڵەی دواییدا(دیارە پێش تەواوکردن و چاپکردنی کتێبەکەیە) بەتایبەتی بۆی دانیشتم و بە فراوانی سەبارەت بەو بابەتە دەستم کرد بەخوێندنەوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری لە نێوان قسە و بۆچونی قوتابخانە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی زانایانی کەلام و ئەسەر ، یا سەلەف و خەلەف ، یا حەنبەلییەکان و ئەوانی تر لەوانەی جێگیرکار(مثبتون) وسپاردەکار(مفوضون) و تەئویلکار(مؤولون)ن ، بە زیادەڕۆ(مبالغ) و میانەڕەو(معتدل)ەکانی هەموودەستە و کۆمەڵەکان: پاشان چەندین شتم بۆ دەرکەوت کە پێشتر بەو ئەندازە پێویستە بۆم دەرنەکەوتبوو ، ئەو دید و بۆچونەشم بۆ دروست بوو کە سادەکردنەوەیەکی کەلێن دار (تبسيط مخل) ە گەر وابزانین: پێویستە بێ دەنگ بین و دەممان داخەین لەوە ی قسە بکەین سەبارەت بەم بابەتە ، وەهاش دابنێین بەم کارو هەڵوێستەمان ئەم کێشە(قضية)مان یەکلا کردووەتەوە.

لەراستیدا ئەو دەقانەی سەبارەت بەم بابەتە هاتوون هەمویان لە یەك ئاستدا نین ، نە لە رووی جێگیربون(ثبوت) و نە لەرووی واتا و دەلالەتەوە

، هەروەها ئەوەی لەم بارەیەوە لە سەلەفیشەوە گێڕراوەتەوە هەموویان یەك واتا و مەفهومیان نییە یان لەسەر یەك پێودانگ نین.

پوختەی ئەم بابەتە و هەڵوێست لەم قەزیەیەی مشتومڕێکی دورودرێژی لەبارەوە کراوە و سەری کێشاوە بۆ زۆر ململانێ و کێ بەرکێ و مەیدانخوازی و جەنگ و هەرایەکی زۆر ، بریتییە لە:

یەکەم: ئەو دەقانەی هەندی سیفات دەدەنە پاڵ خوای گەورە ، کە ئەو سیفەتانە لە مرۆڤدا هەڵچونی دەرونین(انفعالات نفسية) ، وەکو : بەزەیی(الرحمة) و رەزامەندی(الرضا) و توڕەبون(الغضب) وخۆشەویستی(المحبة) و پێ ناخۆشی(الكراهية) و شادومانی(الفرح) و پەرۆشی و جۆش و خرۆش(الغيرة) و سەرسام بون(العجب) و هاوشێوەکانی کە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یا بە سوننەی دروست سەلماوو چەسپاون: ئێمەش ئەو سیفاتانە دەسەلمێنین و جێگیریان دەکەین بۆ خوای بڵند و پایە بەرز ، هەروەك چۆن بۆخۆیی سەلماندووە و ئیسباتی کردووە لە کتێبەکەیدا یان لەسەر زمانی پەیامبەرەکەیەوە درودی خوای لەسەر ، لەو بارەیەوە بەتەواوی دڵ ئارامین ، بەدوای هیچ تەئویل و لێك دانەوەیەکدا ناگەڕێین ، چونکە پێویستمان پێیی نییە ، لەسەری هەڵوێستە و وەستان ناکەین ، چونکە ئاشکران و واتا رونن ، هەر ئەمەش بۆچون و مەزهەبی سەلەفە سەبارەت بەم سیفاتانە. پێویستمان بەوە نییە بڵێین: مەبەست لە (الرضا) ویستی ناز و نیعمەت پێ دان(إرادة الإنعام)ە ، یان خودی ناز و نیعمەتەکەیە (الإنعام نفسه) ، یا مەبەست لە توڕەبون(الغضب) ویستی تۆڵەسەندنەوەیە(إرادة الانتقام) یا خودی

تۆڵەســــەندنەوەیە (الانتقـــام ذاتـــه) ، یـــاخود مەبەســـت لـــه خۆشەویستی(المحبة) ویستی پاداشت دانەوەیە(إرادة الثواب) یا خودی پاداشـت دانەوەیـە(الثـواب نفسـه) ، یـاخود بـا هـەموو ئـەو سـیفاتانە بگەڕێنینەوە بۆ سیفەتی ویست(الإرادة) یا سیفەتی توانا(القدرة) هەروەك زۆر لە زانایانی کەلام دەیکەن.

دووەم: ئەو دەققانـەی سـەرویەتی و بڵنـدێتی(الفوقیـة والعلـو)ی خـوای گـەورە دەسـەلمێنن و ئیسـباتی دەکـەن ، بـەو شـێوەیەی خـوای گـەورە سەلماندوێتی و ئیسبات کردووە بۆ خۆی ئێمەش وەها دەکەین ، چونکە دەقێکـی زۆر و زەوەنـدەی لـەبارەوە هـاتووە لـە قورئـان و سـوننەدا هاوشـێوەی:"أأمنـتم مـن في السـماء" و "بـل رفعـه الله إليـه" و چـەندین فەرمودەی زۆر کە باس لەوە دەکەن خوای گەورە لە ئاسمانە یا لەسەرووی حەوت ئاسمانەکانەوەیە وەکو "یرحمکم من في السماء"... هەموو ئەو دەققانـە ئـەو وەسـفانە ئەسـەلمێنن کـە لـە واتاکانیانـدا هـاتووە ، بـەڵام ئـەم سـەلماندن و جێگیرکـردن و ئیسـباتە بـە پێـی لێکدانـەوە و تەفسـیری زانـا بەتوانا و موحەقیقەکانی مەنهـەجی سـەلەفی دەکرێـت ، نـەك بـەو شێوەیەی روکاربینەکان لە (الحشوية الظاهرية)* و هەندێ لـە غـولاتی حەنبەلییـەکان بۆی چوون.

* الحشـویە زۆر پێناسـەی بـۆ کـراوە یـەك لـە پێناسـەکانی کـە پەیوەسـت بێن بەبابەتەکـەی خۆمانـەوە ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە لـە پابەنـدبون بـە دەقەکانـەوە و بەرادەیـەك روکـار بین بـوون کەسـەری کێشـاوە بـۆ بەرجەستەکرد(التجسـیم) و باوەڕیشـیان وابـووە زاهیرەکـەی مەبەستە... حشوي لـە زمانـدا ، بـە قسـەی واتـادار و تویکڵدار و پـەراوێزیش دێـت . بروانـە موسوعة الفرق والجماعات ، ص314-315.

سێیەم: ئەو دەقانەی روکارەکەی ئاماژە بە جەستە و پێکهاتە دەکات بۆ خوای گەورە ، وەك ئەو دەقانەی روو(الوجه) و دەست(اليد) و دوو دەست(اليدين) و چاوو(العين) و دووچاو(العينين) وپێ(القدم) و قاچ(الرجل) و لاق(الساق) پەنجەکان(الأصابع) و سەری پەنجەکان(الأنامل) و بازوو(الساعد) و باسك(الذراع) و لاتەنیشت(الجنب) و هی تر ، کە لە دروستکراواندا ئەندام و پەلوپۆن لە جەستەدا ، ئەم دەقانە باشتر و بەهێزترە لێك بدرێنەوە و تەئویل بکرێن ئەگەر تەئویلەکە نزیك (قريب)بوو نەك دوور ، پەسەندبوو نەك زۆرلەخۆکردن ، بەپێی رێسا و یاسای زمانی عەرەبی و گوتاری ئەوان بوو ، ئەم تەئویلەش پێویست و واجب نییە ، بەلاّم رەواتر و لە پێشترە وەك لەو جێگیر و سەلماندن(الاثبات)ەی وەسفێکی ئەستەم و نەشیاو دەخاتە خەیاڵ دانی مرۆڤەوە سەبارەت بەخوای گەورە ، هەروەها باشترە لە بێ دەنگی و وەستان و تەئویلی دورو نەگونجاو.ئەم تەئویل کردنە پێویست نییە ، هەرکەس دڵی پێی ئارام نەدەبوو ئەوا دەتوانێ واتای ئەم دەقانە بسپێرێ بەخوا و هیچیان نەڵێ(التفويض) هەروەك زۆرێك لە سەلەف و خەلەف کردویانە یاخود جێگیرو سەلماندنی بێ چۆنێتی بکات (أن يثبت بلا كيف) ، بەپێی دید و بۆچونی ئیبنو تەیمییە سەرەڕای ئەو تێبینییانەی هەمانە سەبارەت بە مەنهەجی ئیبنو تەیمییە لە بواری ناوو سیفاتەکاندا ، سەرەڕای رێزی زۆرمان بۆی وەك پێشەوایەکی گەورە ، کە قوتابخانەکەی ئەو پابەندبونە بە سەلماندن و جێگیرکردنەوە بێ چۆنێتی و لەکارخستن و بێ چواندن و هاوشێوە بون(لزوم الإثبات بلا تكييف ولا تعطيل ولا تشبيه ولا تمثيل).

هەڵبژاردنی ئەم هەڵوێستە سەبارەت بە تەئویل ئەگەر هاتوو نزیك و پەسەند بوو ، هەروەك (ابن عبد السلام وابن دقيق العيد) دەیڵێن ، یا هەڵبژاردنی بۆچونی سەلەف ئەگەر تەئویلەکە دوور و نەشیاو نەبوو ، جا ئیتر بۆچون و مەزهەبی سەلەف بە بێ دەنگی و پێ سپاردن یا جێگیرکردن و سەلماندنی بێ چۆنێتی لێك بدەینەوە ، ئەمە هەڵبژاردەی ئەو پێشەوا میانڕەوانەیە کە جێگەی ڕەزامەندی جەماوەری ئومەتن ، نمونەی پێشەوایانی وەك(أبوسليمان الخطابي) و (أبوبكر البيهقي) و (أبو زكريا النووي) و (ابن كثير) و (الحافظ ابن حجر) و زانایانی تریش.

# کــۆتایـــی

خوێنـەرانی بەڕێز، ئـەوەی ڕابـورد هـەوڵێکی بەنـدە بـوو لەخسـتنە ڕووی ئـەم بابەتـەدا، بـەپێی تواناش هـەوڵم داوە زۆر لایـەنی بخەمـە ڕوو ، مەبەسـتم بـوو بـەم کـارەم خزمـەتێك بـەئێوەی بـەڕێز پێشـکەش بکـەم... هیوادارم تـوانیبێتم ڕاستیەکان بپێکم ... گەر توشی هەڵە و نـەپێکانیش بـووبم داواکـارم خـوای گـەورە بم بەخشـێی ، و تێبینـی و ڕەخنـە و ئامۆژگاری ئێوەی بەڕێزیش بەهەند وەردەگرم .

سـبحانك اللّهُـمَ وبحمـدك نشـهد ان لا إلـه الاّ أنـت نسـتغفرك ونتـوب اليك ، سبحان ربك ربِّ العزة عمّا يصـفون والسـلام علـى المرسـلين والحمـد لله ربِّ العالمين.

# سەرچاوەکان

1- الإبانة في أصول الديانة، للامام أبي الحسن الأشعري ، ت: محمود ابن الجميل ، مكتبة الأنصار، ط2 ، 2006.

2- أسماء الله وصفاته في معتقد أهل السنة والجماعة ، د.سليمان الأشقر ، الأردن ، دارالنفائس، ط3 ، 1418-1997.

3- اسماء الله وعلاقتها بمخلوقاته ، شاكر عبدالجبار.

4- أصول العقيدة الاسلامية ، عبد المنعم صالح العلي العزي.

5- القواعد المثلى في صفات الله وأسماءه الحسنى ، محمد صالح العثيمين ، ط1، 1413هـ.

6- أصول الدين الإسلامي ، د. رشدي عليان ، د.قحطان عبدالرحمن الدوري.

7- أعلام السنة المشهورة ، حافظ الحكمي ، ط/5 ، 1405 هـ /1995م.

8-العقيدة في الله-د.عمر سليمان الأشقر ، ط/7، 1410 هـ /1990م.

9-العقيدة في صفحات لمن أراد الجنات ، ابوبكر الحنبلي ط1 ، 1409 هـ.

10-إيماننا الحق بين النظر والدليل، إبراهيم النعمة ، ط2 ، 1405 هـ.

11-الجداول الجامعة في العلوم النافعة -العقيدة- جاسم مهلهل وآخرون.

11-العقيدة وأثرها في بناء الجيل ، د. عبدالله عزام /مكتبة الجيل الجديد.

12- العقائد الإسلامية ، سيد سابق ، منشورات مكتبة تحرير.

13-تحفة الذاكرين ، الشوكاني، دار العلوم ، شرق الجديد ، 1983م.

14-تهذيب مدارج السالكين ، عبدالمنعم صالح العلي العزي.

15–**تفسير آيات الصفات بين المثبتة والمؤولة ، مراجعة وتقديم د.محسن عبدالمجيد.**

16–**چەند وانەیەك لە عەقیدە ، محمد نعيم ياسين.**

17–**خودا جلّ جلاله– عەلی باپیر ، چ،** 2/1410–1990.

18–**شرح النسفية في العقيدة الإسلامية – د.عبدالملك السعدي ط**1، 1408–1988.

19–**عقيدة المؤمن ، أبو بكر جابر الجزائري.**

20–**العقيدة الأسلامية وأسسها ، د.حسن حنبكه الميداني.**

21–**عەقائید ، وەرگێرانی حەسەن پێنجوێنی.**

22–**فتح المجيد شرح كتاب التوحيد ، عبدالرحمن حسن آل الشيخ.**

23–**كيف نتعامل مع القرآن العظيم ، د.يوسف القرضاوي ط**1/1419**هـ** 1999**م.**

24–**متن العقيدة الطحاوية ، أبو جعفر الطحاوي.**

25–**معالم التوحيد، د. مروان ابراهيم القيسي .**

26– **مناهج الأدلة في بحث أسماءالله وصفاته ، عز الدين هشام بن عبدالكريم البدراني ، إربد ، الأردن ، دار الكتاب الثقافي ، دار المتنبي ،** 1429**هـ**–2008 **م.**

27– **منهج الأشاعرة في العقيدة الاسلامية ، د.سفر بن عبد الرحمن الحوالي.**

28–**نبذة مختصرة حول أهم الفرق الإسلامية ، صباح برزنجي.**

28–**هەندێ سەرچاوەی تر کە لە پەراوێزدا ئاماژەی پێکراوە**

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دووەم پێشەکی | 4 |
| پێشەکی | 8 |
| سەرەتایەك سەبارەت بەناوو سیفاتەکانی خوای گەورە | 12 |
| چۆن ئاشنای ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە دەبین | 23 |
| ناساندنێك بە یەکتاپەرستی لە ناوو سیـــفاتەکاندا | 28 |
| ناوەکانی خوای گەورە و چەند نموونەیەك لە قورئان وسوننەت | 35 |
| ژمـــــــاردنی ناوەکانی خوا | 38 |
| نەوەد و نۆ ناو لە ناوەکانی خوا | 46 |
| چەند بنەماو ڕێسایەك بۆ ناسینەوەی ناوەکانی پەروەردگار | 60 |
| مــــەزنترین نـــــاوی خـــوا | 74 |
| ناوەکانی خوا سەرناو و ئاوەڵناون | 80 |
| چەند تێبینی یەك | 82 |
| لادان (الحاد) لە ناوەکانی خوادا چی دەگەیەنێ | 86 |
| بە گەورە سەیر کردنی ناوو سیفاتەکانی خوا جل جلالە | 89 |
| بواری سیفات فراوانترە لە بواری ناوەکان | 92 |
| پۆلێن ودابەشکردنی سیــــــــفاتەکان | 94 |
| سیفاتە جێگیر و بەردەوامەکان و سیفاتە نەرێیيەکان | 107 |

| | |
|---|---|
| سیفاتە زاتی وفیعلییەکان | 112 |
| تێبینی | 115 |
| نەخشەکاریەکی سیفاتەکانی خوای گەورە | 117 |
| سیفەتی بڵندی و پایە بەرزی خوای گەورە | 118 |
| لەگـــــــەڵ بوونـــــــی خـــوا | 123 |
| بەئاگایی لەکاتی (اثبات) ی سیفاتدا | 126 |
| پرۆگرام (منهج) ێك بۆ تێگەیشتن لەسیـــفاتەکان | 130 |
| عەقیدەی (طحاوي) و لاباسێك لەناو و سیفاتەکان | 142 |
| وەڵامێك سەبارەت بە ئایەت و فەرموودەکانی ســـیفات | 143 |
| ناوو سیفاتەکان و هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان | 147 |
| یەکەم : فەیلە سوفەکان | 153 |
| دووەم : جەهمییـــەکان | 156 |
| سێ یەم : موعتەزیلە | 159 |
| تێبینی | 163 |
| ڕێڕەوی پێشینان و دواینان یا قوتابخانەی (الأثبات والتأویل) | 165 |
| قوتابخانەی (اثبات) یا ڕێڕەوی پێشینان | 172 |
| قوتابخانەی (تأویل) یا ڕێڕەوی دواینان | 178 |
| تەئویل | 179 |
| تەئویلی پەسەند | 209 |
| ڕاڤە و تەئویلی ئایەتەکانی سیفات لەچەرخی هاوەڵاندا | 212 |
| ڕاڤە و تەئویلی ئایەتەکانی سیفات لەچەرخی تابعین دا | 218 |

| | |
|---|---|
| ڕاڤەی ئایەتەکانی سیفات لە چەرخی نووسینی تەفسیرە گەورەکاندا | 222 |
| چەند سەرنج وتێبینیەك | 238 |
| یوسف قەرزاوی و بیروبۆچوونی سەبارەت بەم بابەتە | 247 |
| باسکردنی ئەم بابەتە لە ئاستی بەگشـتیدا | 250 |
| قەرزاوی و جیاوازی نێوان شوێنکەوتووانی پێشین و دوایین | 252 |
| کۆتایی | 260 |
| ســـــەرچاوەکان | 261 |
| پێرستی بابەتەکان | 263 |